خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا

## «ئیسلامیزم، کۆمەڵگەی مزگەوت، داعشناسی»

نەوزاد جەمال

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (116)

ناوی کتێب: کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا
بابەت: ئیسلامی سیاسی
ناوی نووسەر: نەوزاد جەمال
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1395 )ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

# کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا

«ئیسلامیزم، کۆمەڵگەی مزگەوت، داعشناسی»

نەوزاد جەمال

2016

## ناوەڕۆك


دەستپێك.................................................... 7
بەشی یەکەم: کورد و ئیسلام لە هەزارەی سێیەمدا.................. 11
بەشی دووەم: ئیسلامگەرا: بەئایینیکردن و بەمزگەوتکردنی کۆمەڵگە...... 23
بەشی سێیەم: دۆخی ئایین و ئاییندارى لە کوردستان.............. 43
بەشی چوارەم: پرۆژەی ئیسلامیزم و ئاکامەکانی.................. 53
بەشی پێنجەم: پۆپۆلیزمی ئایینی و دەرکەوتەکانی................ 85
بەشی شەشەم: رۆژی جیهانیی ئازادیی ئایین و یاسای پیرۆزییەکان لە کوردستان...... 107
بەشی حەوتەم: ئیسلامیزەکردنی گوتاری مافی مرۆڤ و زانست............ 123

بەشی هەشتەم: ئیسلامگەری، کێشەی دروشم یا پرۆژەسازی؟.............. 153
بەشی نۆهەم: ڕەهەند و بەرجەستەبوونەکانی ئاییندارى.............. 173
بەشی کۆتایی: داعش، دیاردە و هەڕەشە.......................... 193
تەوەری یەکەم: ‹داعشناسی›، بەربەرەکانییەکی تیۆریی.............. 195
تەوەری دووەم: ‹داعش› لەکۆنتێکستی ئیسلامدا.................... 219
تەوەری سێهەم: سیمبول و تیرۆروتوندیژی........................ 244
تەوەری چوارەم: تیۆلۆجیای تیرۆر............................. 261
دوابەش و کۆتایی........................................... 275
1- چۆن قسە لەسەر ئیسلام بکەین................................ 275
2- چۆن لە پەیوەندی کورد بەئیسلامەوە بگەین؟.................... 277
وتەی کۆتایی................................................ 281
ژێدەری سەرچاوەکان.......................................... 286

## دەستپێك

سەرەتا دەبێت دان بەو راستییەدا بنرێت، کە ناونیشانی کتێبەکە بە جۆرێك فراوان و گشتییە، چونکە بابەتی جۆراجۆر لەخۆدەگرێت و چەندین رەهەندی تر و جیاوازیش، سەبارەت بە کورد و ئیسلام دەگرێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی بابەتگەلێکی وەها و بەو ناونیشانەوە بیرلێکراوەیە، خودی پەیامی کتێبەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە: بیری کورد و رووناکبیری کەی دەگاتە ئاستی بیرکردنەوە لە ئایین و تاوتوێکردنی؟ لە شوێنکەوتەیەکی بێ پرسیارەوە، ببێتە بکەرێکی بیرکەرەوە و رەخنەگر. ئەمە کاری نەکردە نییە، بەڵکو خۆڕزگارکردنیشە لەو راڤە و تێگەیشتنە باوانەی، کە چەندیین سەدەیە هۆش و ئاگایی مرۆڤی ئێمەی داگیرکردووە. لەباتی پرسیار و بەدواچوون، وەڵامی لەقاڵبدراوی پێشکەشکردووە.

لەم ساتەوەختەدا، کە ئێمە بەرەوڕووی توندوتیژییەکی سەرتاپاگیر و هەمەلایەن دەبینەوە، بە تایبەت لە کاتێکدا ئاسۆکانی سەربەخۆیی و ئازادیی تاك و کرانەوەی کولتوری لە ڕێدایە، ئایدیۆلۆجیای ئایینی دەیەوێت لەسەر پشتی تەکنەلۆجیای نوێ بە ڕەقترین و توندوتیژترین شێواز خۆی بەرهەمبهێنێتەوە، لەبەرئەوە مرۆڤی ئێمە ئێستا لە بەردەم یەکتربڕێکدایە: مێژوویەکی خوێناوی کە دەیەوێت خۆی دووبارەبکاتەوە، داهاتوویەکی نادیار و ئێستایەك پڕتەنگوچەڵەمە و لێوانلێو لە قەیران.

بێگومان پەیوەندیی کورد بە ئیسلامەوە چەندین ڕەهەندی جیاواز و لێکدانەوەی شرۆڤەیی هەڵدەگرێت. لەم سۆنگەوە، دەمەوێت لە دەرگـای ئەو پەیوەندییە بەیەکداچووەوە هەندێک پرسیارو بابەت، سەبارەت بەکاریگەریی ئایین و ڕەنگدانەوەی لە ناو کورددا بورووژێنم. دیارە کاریگەریی ئایین لەسەر کۆمەڵگەی ئێمە لەو ساتەدا دەردەکەوێت، کە جیاکردنەوەی کولتور و کۆمەڵگەی ئێمە (هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی هەندێك حاڵەت) لە پێوەر و بەهاکانی ئەگەر ئەستەم نەبێت، ئەوا تەواو سەخت و پڕگرفتە.

بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو پەیوەندییە بە ناچاری بۆ چەندین بابەتی جیاواز و تێکچڕژاو پەلکێشمان دەکات. لێرەوە، ئەم کتێبە کە لە چەند بەش پێکهاتووە، هەنگاو بەهەنگاو باس لەو پەیوەندییە مێژوویی و «دیالێکتیکەی» نێوان کورد و ئیسلام دەکات. دیارە هەندێك بابەت پێشتر لە چەند بەرهەمێکی وەك ‹فەلسەفەی ئایین› و ‹فەلسەفە و قەیران›دا هێنراونەتە بەر باسوخواس، بەڵام لەگەڵ هەندێکی

پرسیار و بابەتی تردا و بە دەستکارییەوە لێرەدا شێلگیرانە تاوتوێکراون، لەبەرئەوە هەوڵدەدەم لە چەند تەوەرێکدا هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیانی خۆمان باسبکەم، کە تاچەند دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەویی ئایینەوە.

هەڵبەت ئامانج لەم کتێبە کردنەوەی دەرگای کڵۆمکراوی پرسیار و سەرنجە لەسەر ئایین و باوەڕ و ڕۆڵی گوتاری ئایین لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئەمەش بوێری و لێزانی و وردبینیی دەوێت. هاوکات قسەکردن لەسەر دەرکەوتێکی تری خۆسەپێنێك، کە ئەویش دیاردەی ‹داعش›ە. هێزێك، کە بە هەموو توانا و دڕندەیی خۆیەوە، دەیەوێت نەك هەر ببێتە بەشێك لە ژیان و کولتوری ئێمە، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی توندوتیژییەوە سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیانی ئێمە دابڕێژێتەوە و دواجار بیخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی.

وەك چۆن چیتر ناتوانین خۆمان لەو توندوتیژییەی لەژێر پەردەی ئاییندا جێبەجێدەکرێتت، ببوێرین، ئاوەهاش ناکرێتت شرۆڤەکردنی دیاردەی ئایین و ئاینداری بخەینە لاوە. دیاردەی توندوتیژی کە دەرکەوتێکی ئایینیی هەیە، دەبێت ببێتەوە دەروازەی پرسیار و توێژینەوە لە چییەتیی ئایین و باوەڕ و جێبەجێکردنی دەقەکانی لە نێو ژیانی مرۆڤی ئێمەدا. ئەگەرچی قسەکردن لەسەر ئایین لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکانی وەك ئەوەی ئێمەدا یەکێکە لە سێ قەدەغەکراوەکە (تابووەکان کە پرسی ئایین، سیاسەت و سێکسە). هاوکات باسکردنی دەبێتتە هۆی توڕەبوون و نیگەرانیی ئاینداران، بەڵام دەبێت ئەو لایەن و کەسە ئاینداارانە ڕاستییەك بزانن، کە کردەوە و شێوازی

بەجێگەیاندن و تێگەیشتنیان لە ئایین، کاریگەریی لەسەر کۆی کۆمەڵگەی ئێمە هەیە.

بەرکەوت و لێکەوتەکانی ئایین جا بە باش یان خراپ بێت، فاکتێکە لە بوارەکانی ژیانماندا هەڵدەسوڕێت. بۆیە بە تەنها ماف و تایبەت نییە بە هەڵگرەکانی، چونکە تا ئێستاش ئایینداری، باوەڕداری نەبۆتە پرسێکی تاکەکەسی و ژیانی تایبەتی هەڵگرانی، بەڵکو وەك دیاردە و پرۆسەیەکی گشتگیری سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی بەکاردێت و کاری تێدادەکرێتت.

گرفتێك کە لەنوسینی ئەم بابەتانەدا هاتەبەردەمم، ئەوەبوو هەمیشە هەستمدەکرد پرسەکە تەواونابێتت و نابڕێتەوە. ئەگەرچی نزیکەی دووساڵە خەریکی تاوتوێکردنیم، بەڵام بەشێکی ئەم هەستە دەگەڕێتەوە بۆخۆم و هاوکاتیش خودی بابەتەکە. ئەمڕۆ ئایینی ئیسلام زۆربەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی جیهانی داپۆشیوە. جگەلەوەی دینامیکیەتی گرفتوکێشەکان لەژێرکاریگەری ئاییندا وایکرد، بەردەوام بیربکەمەوەو پرسیاربکەم و بنووسم.

نەوزاد جەمال

کوردستان 2015

## بەشی یەکەم
## کورد و ئیسلام لە هەزارەی سێیەمدا

پرسیار و تاوتوێکردنی پەیوەندیی کورد بە ئیسلامەوە ، کە لە ئێستادا پێی ناوەتە ‹هەزارەی سێهەم›ەوە، هەر بابەتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو ڕابوونە لە مێژوویەکی کەڵەکەبووی پڕ لە هەوراز و نشێو. دیارە مەبەست لە دەستەواژەی ‹هەزارەی سێهەم› ئاماژەیە بۆ سەدەی زاڵبوونی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندی. سەردەمێك کە دەستڕاگەیشتن بە زانست و زانیاری هێندە بەردەستدەبێتت، کە مرۆڤ دەگاتە باوەڕێك، کە ئیتر نهێنی و مەتەڵی ژیان و پرسیارە نەمرەکانی لێ عاسی نابێت. جگە لەوە، مانەوە و کاریگەریی ئایین لەم سەردەمەدا بۆ خۆی جێگەی پرسیارە، ئاخۆ: چۆن دەکرێت ئیتر مرۆڤ قۆناغی پەیوەستیی ڕۆحی و دەروونی بە باوەڕ و ئایینەوە تێنەپەڕاندبێت؟

لە کاتێکدا کە مرۆڤ لە بەرایی مێژوودا، کە هێشتا بیر و زمان و زانستەکان سەریان هەڵنەدابوو، دەربڕین لە ترس و تاسە ناخەکییەکان و دیاردە سروشتی و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی ئەفسانە دەکرد. دواتر ئەو زمانە گۆڕا بۆ زمانی باوەڕی ئایینی، پاشان هاتنەمەیدانی جیهانبینیی فەلسەفی، کە بووە سەرەداوی پێشکەوتن و هۆشیاربوونەوەی مرۆڤ و لێوەی سەرهەڵدانی زانستەکان. ئێستاش پاش بڕینی ئەو قۆناغانە و کارابوونی زانست لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، مرۆڤ بە جۆرێکی تر تەماشای ڕۆڵی خۆی لە جیهان و گەردووندا دەکات.

چیتر مرۆڤ خۆی بەو بوونەوەرە بێدەسەڵات و زەبوونە نابینێ، کە ژیانی تەنها لەپێناو مانەوەدا بوو. هەرگیز ئەو مرۆڤە نییە، کە پشتی بە ئایین و باوەڕەکان دەبەست بۆ دۆزینەوەی نادیار و کێشەی بوونەکی و بڕانەوەی ژیان و چۆکدادان لە بەردەم هێرش و پەلامارەکانی سروشت و دڕندە و دێوودرنج و هاومرۆڤەکانی. مرۆڤ ئێستا لە چاخی زانیاریدا، کە دەکرێت بە سەدەی سەرڕێژبوونی زانیاری و زانین ناو ببرێت، دەستەوسان و حەپەساو و تاساو نییە لە بەردەم قانونە سروشتییەکانی ژینگە و بارە بایۆلۆجییەکەی خۆی. ئیدی ئەو لەو قۆزاخە سەری دەرهێنا و نەك توانی تەنها خۆی و ژینگە و دەووروبەری بدۆزێتەوە و مەتەڵەکانیشی لێکبداتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بیری لە گەشت بۆ ئەو ئاسمانە کردەوە، کە هەزارەها داستان و چیرۆکی ئەفسانەیی و ئایینیی لەسەر دانراوە و بە خێرایی تیشکی خۆر تەیبکات.

مرۆڤێك کە چیدی خۆی بە نیشتەجێی سەرزەوی هەژمار

ناکات، بەڵکو بە بوونەوەرێکی هۆشمەند و زانا و بلیمەت، کە لە هەموو گێتی دەکۆڵێتەوە و بەرەوڕوویان دەڕوات. لێرەوە، هەزارەی سێهەم، ڕەهەندێکی تری مێژوویی مرۆڤ و هاوکات دیوێکی تری پێشکەوتنی زانست و گەشەکردنی بیر و تێگەیشتنی مرۆڤە. بۆیە پرسیار لەوەدایە کە ئاخۆ مرۆڤێك ئەوەندە خاوەنی ئامراز و تەکنۆلۆجیای زانیاری و تیۆرە زانستییەکان بێت، چما پێویستی بە ئایین هەیە بۆ ڕاڤەکردنی جیهان و چارەنووسی؟

**1- بۆچی پەیوەندیی کورد و ئیسلام پرسیارە؟**

سەرەتا دەبێت لەوێوە دەستپێبکەین، کە هیچ کات وەك ئەمڕۆ ئایین پرسێکی گەرم و باسوخواسی جیاواز و مشتومڕی زیندووی هەڵنەگرتووە، لەبەرئەوە ئایین هەم پرسێکی مەترسیدار و هەم گرنگە، کە ناکرێت تەنها وەك ڕێورەسم و پەرستش و بۆنە و کتێبی پیرۆز تەماشا بکرێت. لەبەر ئەوەی ‹ئایین› ئەو دیوە نەبینراو و هەمیشە ئامادەیەیە، کە لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و تاکی ئێـمەدا بە زەقی کاری خۆی کردووە. جگە لەوەی ئەو پرسە ترسناك و هاوکات گرنگەیە، کە بە خشکەیی و بە ئەسپایی ڕۆڵی لە هەناوی کۆمەڵگە و لە ناخ و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی تاکدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ئەم کاریگەری و ڕۆڵەی ئایین بەسەر زۆربەماندا تێدەپەڕێ و پرسیاری وردی لێناکرێت.

لە هەمووشی ترسناکتر ئەوەیە، ئەو هەژموونە ڕۆحیی و دەروونی و سیاسییەی کە هەیەتی، نەکەوتۆتە بەرباس و لێتوێژینەوەی ئەکادیمی. ڕاستە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرترین

باسی بابەتە ئایینییەکان دەکرێت، بەڵام بە دەگمەن قسە لەسەر خودی «ئایین» وەك بابەتێکی تیۆری دەکرێت. واتە ئایین وەك پراکتیزە لە بۆنە و ڕێورەسمەکاندا کە دەکرێت ناوی ئاییندارییی لێبنرێ، تەواو جیاوازە لەگەڵ ئایین وەك بیرباوەر و بنەماکان و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی. بێگومان، شاراوە نییە کە هەردەم ئایین لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا ئامادەیی هەیە، واتە بایەخی کولتوریی ئایین لە ڕۆحی مرۆڤی ئێمەدا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت بەڕواڵەت وا دەردەکەوێ، کە مرۆڤی کورد بەبێ ئایین شتێکی تری نەبێ و هزری کورد هیچی تری پێنەوترێ ، تەنانەت پێشی نەکرێ جگە لەوەی لە ئاییندا هاتووە.

لەبەر ئەوە جێگەی پرسیارە، کە ئاخۆ تاکەی هەژموونی سەرتاپاگیری ئایین لە کوردستاندا هێز و گوڕوتینی بەردەوام دەبێت؟ ئایا ناکرێت قۆناغێکی تر بێتە پێشەوە هەژموونی ئایین کز و لاواز بێ و بکەوێتە گۆشەیەکی بەرتەسکی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکەسەوە؟ ئەی ئەگەر ئەم قۆناغە هات، ئەوسا مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئێمە چییان بەسەردێ؟ باشە کامەیە ئەو سیستمە بەهایی و پێوەر و دید و جیهانبینییەی، کە جێگەی بیروباوەڕی ئایینی دەگرێتەوە؟

بێگومان، ئەمانە چەند پرسیارێکن، کە هەر ‹بەڵی› و ‹نەخێر› وەڵام نادرێنەوە، بەڵکو کۆمەڵە پرسێکە، کە لە خۆیدا جۆرێك بەربەرەکانێیە بۆ پیشکەوتنی کۆمەڵگەی ئێمە. لێرەوە قسەکردن و تاوتوێکردنی ئایین بە هەموو دیوێکدا ترسناك و گیرۆدەکەرە، چونکە بۆ خۆی گەنجینەیەکی کولتوری و مێژوویی و ڕۆحییە، کە بە داخەوە هێشتا دەستی بۆ نەبراوە

و وەك پێویست قسەی لەسەر نەکراوە، جگە لەوەی هەمیشە دوو هەڵوێستی لێکدژ و توندڕەو هەبوون سەبارەت بە تێگەیشتن و قسەکردن لە ئایین: ڕەتکردنەوە، یان پێداگیریی بێ پرسیار.

بۆیە هەمیشە باسکردنی ئایین هەڕەشە بووە بۆ گیانی مرۆڤەکان، بەتایبەت ئەوانەی توێژینەوەی دەربارە دەکەن. هەم لە پراکتیزە و درێژە پێدانیشیدا، ئایین بەبێ پرسیار و بیرلێکردنەوە بەڕێ کراوە. دیارە ئەمەش بۆ خۆی مەترسییەکی ترە. دەکرێت ئێمە بە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و پێشهات و ئەزموونەکان، هاوکات بە سەرنجدان و تێبینیکردنی ڕەوشی ئایین و کاریگەرییەکان لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا زۆر ڕاستی لەو بارەوە هەڵبگۆزین.

ئاشکرایە هۆش و بیری ئێمە، هەرگیز بەدەر نەبووە لە کارتێکردنی «ئایین». تەنانەت بەبێ تاوتوێکردنی «ئایین»، ناتوانین بیر لە مێژوو و بـارودۆخـی کولتوریی خۆمان بکەینەوە، لەبەرئەوەی ئایین ئەو چەقە ڕۆحی و دەروونییەیە، کە دواجار کەسێتی و کاراکتەری مرۆڤی کوردی بە دەوریدا دەسووڕێتەوە. هاوکات جەمسەرێکی ترە، کە ڕۆحی مرۆڤی کورد بەبێ پرسیار و بیرلێکردنەوە لەسەری بەندە. جگە لەوەی ئایین گەیەنەرێکی یا نێوانبەرێکی تری پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەو پەیژە دەروونییەیە کە بیرکردنەوە لە «ئاسمان» و «بوونی» خۆی لەسەر ئەم زەوییەدا بەسەریدا هەڵدەکشێ.

دیارە ڕووداوگەلە ترسناکەکانی ئەم دواییە جگە لەوەی نیهادی خراپ و پێشینەی کارەساتی ترن، بە دیوێکی تردا

ئەو ڕووداوانە لە هەموو ڕوویەکەوە ژێدەرێکی زەقن، کە ئایین و ئاییندارى چ وەك گۆڕاو و پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی، دەکرێت بە ئاسانی ببێتە هێزێکی شەڕەنگێز و تێکدەر. بۆیە ئەو گریمانەم دووپات دەکەمەوە، کە لە چەندین جێگەی کتێبەکەدا وتومە: بەبێ تێگەیشتن و شرووڤەکردنی ئایین و دیاردەی ئاییندارى لە کوردستان، ئاسۆی هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێك چاوەڕوان ناکرێت، تەنانەت ئاسۆی زانست و فەلسەفە و بوون بە دەوڵەتیش، بەبێ توێژینەوە و چارەسەرکردنی پرس و کێشەی ئایین و ئاییندارى ئەستەمە.

ئەوەش زۆر ئاشکرایە کە ئایین بە تەنها ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر تاك نییە، بەڵکو بۆیە پێیدەوترێ ئایین، چونکە سیفەتێکی گشتی و کۆمەڵایەتیی هەیە. هاوکات دەبێتە پرۆسەیەك یا پرۆژەیەکی تەسکبیر و لە ڕێی کۆمەڵێ ڕێورەسم و سروتەوە تاکەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، پاشان دەبێتە یەکخەری کردەیەکی دەستەجەمعی و کۆڕەفتارێکی ناقۆڵا.

شایەنی جەختلێکردنەوەشە، ئایین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێندە ڕەگی داکوتاوە، بە ئاسانی گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بۆیە پێویستە شرۆڤەی ڕۆڵ و پێگەی ئایین بکرێت لە ژیانی مرۆڤی کوردا. جێی داخە کە ئایین، یاخود با باشتر بڵێین هەڵگرانی ئایین کۆمەڵێ پرسیاری نەکراو و بەجێهێڵراویان کردۆتە قوربانیی بێدەنگی خۆیان. چیدیکە کاتی بێدەنگی و شاردنەوەی وتوێژو ڕاڤەکردن دەربارەی ئایین نییە. ئەگەرچی هەمووشمان دەزانین، کە ئایین و باوەڕ بەشێکن لە کولتوور و هەستونەستی کۆمەڵگەی کوردی و هەروا بە سانایی ناتوانین لە ژیانی ڕۆژانەماندا فەرامۆشی بکەین.

چیدیکە ناکرێت هاوڵاتیانی کوردستان لە ئەمڕۆدا ئایین و ئایینزاکان بخەنە ژێر ڕکێفی «سیستەمی بێدەنگییەوە» کە داهێنراوی هەڵگرانی دۆگمای ئایینەکانە، بۆیە دەبێت لەسەر ئایین و باوەڕەکانی کوردستان بەتایبەت بدوێین و توێژینەوەی سیستماتیکییان لەبارەوە بکرێت، چونکە کوردستان مەڵبەند و کانگای چەندین باوەڕ و ئایین و ئایینزای جیاوازە. دیارە ئەمە، هەم مایەی دەوڵەمەندیی گەنجینەی فەرهەنگی و هاوکات مایەی نیگەرانی و ترسە. لەبەر ئەوەی دەشێ ئەم پێدراوە هەڕەشە بێ لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و کولتوری.

**2- کوردو ئیسلام لە یەکتربڕی مێژوودا**

تاوتوێکردن و پرسیارکردن لەسەر باوەڕ و ئایین بە جۆرێك، دواندنی هەست و ڕۆح و کولتوری کۆمەڵایەتییە. بە دیوێکدا باسکردنی ئەو توێژاڵە نەبینراو و هەمیشە ئامادەیەیە، کە لە مێژوودا زۆرجار ئاڕاستەی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی ئێمەی کـردووە. بەگشتی، ئایینداری ئەو شوێنە ناجوگرافییە، کە مرۆڤی کوردی خزاندۆتە ئاست و پێگەیەکی تایبەت لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا. جگە لەوەی پەیوەستکردن و وابەستەکردنی مرۆڤی کوردە بە کۆمەڵێك بەهاو سیمبول و پێوەرەوە، کە ئێستاشی لەگەڵدابێ، وەلێ بە جۆرێکیش «ئەوی» کوردی لە خۆیدا تا ڕادەی شاردنەوە و خەفەکردن حەشار داوە.

ڕەنگە وتەیەکی گشتی و سادەش بێ ئەگەر بڵێین کەم جار بۆ ئەم مرۆڤگەلە هەڵکەوتووە، بوێرانە و شانبەشان بەرامبەر ئایینەکەی بێتە دەنگ و پرسیاری ئاڕاستە بکات. لەبەر ئەوە،

‹ئایین› وەك سیستمێکی میتافیزیکی و ڕەوشتی و کولتوری ئابڵوقەی بیر و داگیرکاری ناخی بووە و چەندان سەدە لەژێر ڕکێفیدا ژیان و بیرکردنەوەی ڕێکخستووە. هیچ ساتێکی بۆ نەڕەخساوە پرسیار بکات: ئاخۆ بۆ ئەم ئایینەی کردۆتە ڕێبازی ژیان؟ بۆچی ئەو زمانەی کردۆتە پردی پەیوەندی لەگەڵ خودا؟ تا چەندە ئەو ئایینە شیاوە و لەگەڵ ژیان و کولتوریدا دەگونجێ؟ چەندان پرسیاری تر کە دەبوو ئەقڵی کوردی یان باشتر بڵێین بیرکردنەوەی کوردی، لە خۆی و ئایینەکەی بکردایە.

ئاشکرایە کە نەکردنی ئەو پرسیارانە بە ڕاشکاوی و ئاشکرا، مانای نەبوون و ناهۆشیاریی هەموو باوەڕدارانی کورد نییە، بەڵکو لە ناو کورددا و بەگشتی و بەتایبەتتر لە ئاستی چینی خوێندەوار و زانای ئایینیدا، لەو جۆرە پرسیارانە بە خەفەکراوی لە نێو بیرەوەری و خەیاڵدان و سینەیاندا هەبوون. ناشێ و ناچێتە ئەقڵەوە ئەو هەموو زانا ئایینییە کە بلیمەتیان تێدا بووە و کەسانی شارەزا و ناودار بوون و لە چەندین زانستی نەریتیدا دەستی باڵایان هەبووە، بێگومان ناشێ پرسیاری ڕەخنەییان لەبارەی ئایینەوە نەبووبێ.

دەکرێت بپرسین: ئەگەر خوێندەوارە ئایینییەکان و موسوڵمانان گومان و پرسیاری ڕەخنەییان هەبووە، بۆ نەهاتوونەتە دەنـگ؟ ڕەنگە ئاسانترین وەڵام ئـەوە بێ کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسی لەبار نەبووە، بەتایبەت کورد بە درێژایی تەمەنی باوەڕداری لەژێر قەڵەمڕەوی ئیسلامدا کەمینەیەك بووە، جگە لەوەی ئاستی خوێندەواری و هەژاری و نەبوونی ژیانی شار وەك سەنتەرێکی

ڕۆشنبیری و ڕوناکبیری هاوکار نەبووە لەوەدا گەنگەشەی شێلگیر و ڕێکوپێك سەریهەڵنەداوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئایین هەمیشە ئامرازێکی سیاسی بووە، کە هەرکەس دژ بە دەسەڵاتی سیاسی و ئایین بووەستایەتەوە، یەکسەر مۆرکی لە باوەڕدەرچوونی لێدەنرا، بۆیە ئەو ساتەوەختە پرسیارسازە کە لەمێژەوە سڕ کراوە، دواخراوە.

بەڵام ئێستا و بەتایبەت لە ئەنجامی هێرش و پەلامارەکانی هێزەکانی ‹داعش› (دەوڵەتی خەلافەی ئیسلامی) بۆ سەر کوردستان، ئەو پرسیار و هاتنەدەنگە بۆتە کارتێکی فشار و چارەنووسساز. چونکە هێرشەکان دەرگای دەیەها پرسیار و گومانیان خستە سەر پشت، کە ناکرێت بۆ داهاتووی نادیار بەجێ بەهێڵدرێن.

### 3- مەترسی ئایین

هەڵبەت دەکرێت بڵێین مەترسیی ئایین لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئاییندارێی هیچ هەڕەشە و لەبەر مەترسیدا نییە، بۆیە دەستوالآبوونی لە کایەجیاکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا وای کردووە ئاییندارێی سەربکێشێت بۆ پاوانخوازی و ببێتە جێگەی مەترسی بۆ سەر کایەکانی تری ژیان، لەبەرئەوەی دەکرێت بڵێین، ئایین بە دوو باردا مەترسی و هەڕەشەیە: جارێك لە تێنەگەیشتن و لێکدانەوەی نادروستدا بۆ سەر هەڵگرانی. جارێکیش لە بەکارهێنانی نادروست و نەشیاو وەك ئامرازێکی ئابوری و سیاسی دژ بە ئەوانی تر، یان لەپێناو بەرژەوەندیی کەسان و گروپێکدا. لە کاتێکدا جیاوازی

و نابەرکێی ‹ئایین› و ‹دنیا› شتێك نییە گومانی لێبکرێت. بە درێژایی مێژوو ئایین وەك دیوێکی تری گەمەی ژیان تەماشا کراوە و دەربڕین بووە لە پێداویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ. لەم ڕووەوە ئایین توخمێکی دێرینی ڕۆحی ژیانی مرۆڤە، جیاوازییەکی دیاری هەیە لە بواری دنیا. هەر ئەمەش وای کردووە، کە ئێمە بتوانین جیاکارییەك لە نێوان پێداویستی و هەلومەرجەکانی دینداری و پێویستییەکانی ڕۆژگار بکەین.

لێرەوە لایەنی ڕۆحی بۆتە ڕەهەندێکی گرنگی ئایین و بەرامبەر لایەنێکی مادیی، کە چەمکی دنیا دەگرێتەوە. دیـارە ئەم جیاکارییەی دین و دنیا، چۆتە خـودی ڕێنما ئایینییەکانیشەوە و جێگەی ڕەتکردنەوە نییە، لەبەرئەوەی لە ئاییندا پێشەنگی -ئەوەلیەت (priority) دراوە بە فەرمانە ئایینییەکان، واتە سروتە ڕۆحییەکان و باسوخواسی ڕۆژی دوایی، پاداشتی خودایی. لە بەرامبەردا پێگەی دنیا لە پلەیەکی نزمدایە ئەگەر هەردەم فەرامۆشیش نەکرێ. مەملەکەتی خودایی نا-زەمینیە و بوونێکی ئامادەی لێرە (جیهانی مـادی) نییە، بەڵکو لە سـەروو بوونی مادیی بەرجەستەوەیە. لێرەوە ئەم دیدە بۆ بوون ڕەهەندێکی میتافیزیکیی هەیە، کە تێیدا باس لە بەسەرچوون و کاتێتیی دنیا دەکات. دنیای مادی شتێکە شایەنی دەربەستهاتن نییە، چونکە ئەگەری لەناوچوون و تێداچوون تێیدا جەوهەرە. بۆیە دینداری وەك ڕێگایەك بۆ درێژەدان بە ژیانێکی هەتاهەتایی، بەڵام لە شوێنێکی تر کاریگەرە.

دیارە دەشتوانین هەمان جیاکاری بکەینە تەوەرێك بۆ جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت. چونکە سیاسەت خەسڵەتێکی گۆڕاو و دنیایی هەیە، واتە نەچەسپاو و کاتییە، وەك چۆن ژیان و دنیاش ئاوەهان. لە کاتێکدا ئاخوند و مەلا و زانای ئایینی بە پلەی یەکەم خۆیان بە ئاییندارى ، پاشان کاری زانستی ئایینییەوە خەریك کردووە، نەك سیاسەت، بەڵام لە ناو بڕواداراندا دەسەڵاتی ئایینی لە هی سیاسەت بەهێزتر بووە. لێرەوە دەسەڵاتێك هەیە کە ئایینزایە و ئەوی تریش دەسەڵاتی خەلیفەیە.

ئەگەرچی خەلیفە پێویستی بە ئاخوند و زانایی ئایینی هەبووە، یان خۆشی شارەزایی باشی هەبووە، بەڵام دواجار وەك زانا و پێشەوایەکی دینی حوکمی نەکردووە، بەڵکو زاناکانی کردۆتە ئامێر و بەکارهێنراون بۆ پشتگیریی سوڵتان. ئیدی خەلیفە کەسێك بووە کە شارەزایی یاخود ئامادەیی تەواوی هەبووە، کە لە دەروازەی بەرژەوەندیی سیاسییەوە هەڵسوڕێت و لە هەمان کاتدا بە ناوی باوەڕدارانەوە بدوێت. لێرەوە، پیاوانی ئایینی و زاناکان نزیك و هاوەڵی دەسەڵات بوون چ وەك «بتساز»و موفتییەك چ وەك کەسانێك ئامۆژگاری و ڕێنماییان کردبێت، بەڵام ئەم ئاشنایەتییەی نێوان دەسەڵات و سیاسەت هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە دەسەڵات کایەکی سەربەخۆ و جیاواز بووە لە ئاییندارى.

بەڵام دەکرێت بپرسین مەترسی و هەڕەشەی ئایین لە کوێدایە؟ دیارە لە دابەشکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی

لەسەر پێوەری بــاوەڕدار و قوڵکردنەوەی جیاوازییەکان، یان باشتر بڵێین کەلێنەکان تا ڕادەی دووبەرەکی و ناکۆکی. جگە لــەوەی کە دەبێتتە ئامرازی ململانێی دەســەڵات و قۆرخکاریی ستەمکارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەشکردنی ‹شەرع› وەك ئەلتەرناتیڤێکی قانونی سیڤیل و سەردەمی بۆ کۆمەڵگە و تاکەکان. هاوکات دەبێتتە جۆرێك سانسۆری کۆمەڵایەتی، چونکە پیرۆزی بە دیوێکدا دەبێتتە ڕێخۆشکەر بۆ دەمکوتکردنی ڕای جیاواز و ڕەخنەگرتن و مشتومڕ. بەمەش دەستەمۆکردن و ترساندنی تاکەکان، کە نەتوانن ڕزگار بن لە ئازاری ویژدان و توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانیان لەسەر چارەنووسی خۆیان هەبێت. کەواتە باوەڕ بە مانایەك تواندنەوەی تاکە لە بۆتەی باوەڕێکی گشتیی سەرتاپاگیردا.

# بەشی دووەم
# ئیسلامگەرا بەئاییینیکردن و بەمزگەوتکردنی کۆمەڵگە

## بەمزگەوتکردنی کۆمەڵگە

هەوڵدەدەم لەم بەشەدا لەبارەی پرۆسەی «ئیسلامیزەکردن»ی کۆمەڵگەی کوردییەوە بدوێم. پرۆسەیەك کە خۆی لە «بەمزگەوتکردنی» کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە لەبەرئەوە پێویستە لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە، سەرەداوەکانی شرۆڤە بکرێت. لێرەوە، دەپرسین مەبەست لە کۆمەڵگەی مزگەوت چییە، چ پەیوەندییەکی بە پرۆژەی ئیسلامیزەکردنەوە هەیە؟

### 1- کۆمەڵگەی مزگەوت، لێکەوتەیەکی ئیسلامیزم

دیارە مەبەست لە«ئیسلامیزەکردن» ئەو هەڵمەت و

کۆششە سەرتاپاگیرەیە، کە لەسەر چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و سیاسی کاردەکات. هاوکات پەلهاویشتنە نێو زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خستنەنێو چێوەیەکی ئایدیۆلۆجیی گشتگیرەوە، پاشان مەبەستم لە «کۆمەڵگەی مزگەوت» ئەو کۆمەڵگە باوە نییە، کە هەر مزگەوتی تێدایە، بەڵکو ئەو پرۆسە خشکەیی و بەرنامەڕێژکراوەیە، کە هەوڵدەدات تانوپۆی کۆمەڵگە بکاتە مزگەوتێکی گەورە لە ڕێی شۆردنەوەی هەست و دەروونی خەڵك، بە جۆرێك، وەك ئەوەی لە ناو مزگەوتێکدا ڕەفتار بکات.

هەڵبەت من لێرەدا هیچ قسەم لەسەر ئەوە نییە، کە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی هەڵگری ئایینی ئیسلامە، بەڵکو مەبەست لە دیاردەیەك یا باشتر بڵێم ڕەوشێکی سەرتاپاگیرە، کە بەردەوام لە ماوەی دوو دەیەدا، هەرێمی کوردستانی بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بردووە. دواجار لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی بۆ باوەڕ و ئایین، کاریگەری و بڕیاری چارەنوسازی دەبێت لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا. لێرەوە ئەم کۆمەڵگە ئاڕاستەکراوە دەبێت وەك تاکێك لە بەردەستی مامۆستایەکی ئایینیدا هەڵسوکەوت بکات و بیربکاتەوە. باشترین نموونەی بەرجەستەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە مانگی ڕەمەزانە.

### 2- ڕەمەزان لە کۆمەڵگەی مزگەوتدا

چیتر لە ئێستادا مزگەوت تاکە شوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، وەك ئەوەی لە لادێ و شارەکانی سەدەکانی ڕابردوودا باو بووە، بەڵکو ئیسلامیزم توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش کۆمەڵگە بخزێنێتە نێو گوتارێکەوە، کە مزگەوت ڕێبەریی دەکات، بۆیە یەکێك لە

دەرکەوتەکانی ئەو پرۆسەیە، دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە، کە بە ڕوخسار پابەند و ملکەچی پێوەر و بنەما ئیسلامییەکانە، بەڵام لەژێرەوەڕا کۆمەڵگەیەکی تەریب و لە سێبەردا پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەیە. لێرەوە بۆ ئەو هێزە «مزگەوتییانەی» کە هەوڵ دەدەن سەرلەبەری کۆمەڵگە وەك مزگەوتێکی لێبێت و لەژێر فەرمانی یەك نەزم و ڕەفتاردا هەڵسوکەوت بکات، بەتایبەت لە ڕەمەزاندا، ئەم ئامانجە دێتە دی.

ئاشکرایە لە دیدی ئیسلامگەراوە، مزگەوت تەنها وەك شوێنکی دیاریکراو بۆ پەرستش و نزیکبوونەوە لە خودا بەکارناهێنرێ، بەڵکو دەکرێتتە چەقی کۆمەڵگە. دیارە ئەوەش تەنها بە یەك ئامانجە: کۆمەڵگە وەك مزگەوت، بە یەك نۆرم بەڕێوە ببردرێ. دواجار مزگەوت بگەڕێنرێتەوە نێو ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکی، بەڵام لە گۆشەنیکایەکی ترەوە، واتە ئەگەر تاکەکان لە مزگەوتیش دوور بکەونەوە، ئەوا مزگەوت لەوان نزیك دەبێتتەوە و بە پەلەقاژە دێتە ناوییانەوە! ئیدی ئەرك و ڕۆڵی مزگەوت هەر ئەوە نییە کە خەڵکی لەبەر بێکاری یا کەسێك کەتنێکی کردبایە، پەنای بۆ دەبرد. یا وەك سەردەمانێکیش نییە کە دالْدەی خەڵکی هەژار و نەدار و ڕێبواری دەدا و شوێنی خۆپاڵفتەکردنەوەی دەروونی بوو لە پۆخڵەواتی دنیا!

دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ڕەوتی ئیسلامگەرا درکی بەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە کرد، کە لە ئەنجامدا بۆشایی و دابڕان هاتە دی. ئەمەشی بە هەل زانیی، کە جارێکی تر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بگوێزێتەوە ناو مزگەوتەکان، واتە بەمزگەوتکردنی کۆمەڵ وەك پرۆسەیەك، دواجار بە فیلتەری

ئەقڵیەتی نێو مزگەوتدا تێدەپەڕێ. لێرەوە، ئەم ڕەوشە هۆکارێکی ترە لە کوشتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە زۆری ئەو پەیوەندییانە بە شێوەیەکی ڕەمەکی و بە هۆی سۆز و خۆویستی و بەرژەوەندی دەڕوات بەڕێوە، بەڵام بە هۆی ئەو ئەقڵیەتە پاکخوازە ئاسمانییەی ئیسلامییەکانەوە، جارێکی تر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سروشتی خۆیان و باری ئاسایی دەردەچن. دیارە لەمەدا جۆرێك لە بەمزگەوتکردنی کۆمەڵگە و خزاندنی بۆ نێو تەلبەندێك و تەوقکردنی بە سیستمی حەڵاڵ و حەرام ئامادەیە. دواجار هۆکاری کوشتنی پەیوەندییەکان و جموجوڵەکانی تاکەکانە.

لێرەوە، ئەو ڕەوشەی کە زۆربەی ڕەوتە ئیسلامییەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە کاری لەسەر دەکەن، ئەوەیە کە لە ڕێی بەها ڕەوشتی و بۆنە ئایینییەکانەوە، کۆمەڵگە لە نێو جوغزی ئاییندا لە قاڵب بدەن. هەڵبەت بۆ نموونە، ڕەمەزان وەك دەرکەوت و بۆنە لە ڕاگەیاندنەکاندا دەبێتتە بۆنەیەکی گشتی. هاوکات میدیاکانیش دەبنە بڵندگۆی مزگەوتێکی گەورە و بە هەموو شێوەیەك لە گوتار و ئامۆژگاری و تۆقاندن و هەڕەشە و گوڕەشەوە بە ناوی ئایینەوە گوزەر دەکات و دواجار کردنی بە بینەرێکی گوێڕایەڵ و ناچالاك (پاسیڤ). بۆ نموونە، هاندان بۆ ڕۆژووگرتن و ڕێزگرتنی مانگەکە و ترساندن و هەڕەشە لەوانەی لەبەر هەر هۆیەك بێ، بەڕۆژوو نین، تەنانەت نەشتوانن سەردەربەێنن لەبەر خاتریی چاوی کۆمەڵ! هاوکات واش لە خەڵك دەگەیەنن، کە ڕەمەزان مانگێکی نموونەییە، هەر کەس بەڕۆژوو بێ، دەبێتتە مرۆڤێکی باڵاو ڕۆحبەرز و پاڵفتە!

بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆژانە، ڕۆژووەوان بەگشتی ئارەزووی خواردنی زیاد دەکات و لە ئەنجامی نەخواردن و نەخواردنەوەوە کەمحەوسەڵە و تووڕە و شەڕەنگێز (ئەگرەسیڤ) دەبێت! هاوکات شارەکانیش لە کاتی بەیانیان و ئێواراندا ژیان تیایاندا سست و لاوازە، بەتایبەت لە ڕاپەڕاندنی کار و فەرمانەکان تا ڕادەی پاڵدانەوە، لەبەرئەوەی ڕیتمی ژیان و کۆمەڵگە تەواو وەك مزگەوتێکی لێدێ و ژیان و بازاڕ یەك ڕەنگ (تۆن) و خاو دەبێتەوە. ئەوەی کارا و گورجە، ئەوەیە کە کۆمەڵگە هەر بۆنی خۆراکی لێدێ! سەرباری هەڵئاوسانی نرخی کاڵا و شمەك و داتەپینی ئابوری بە هۆی سستی و خاوی لە ئیشکردندا. جگە لەوەی ڕەمەزان دەبێتە بەهانەی خۆدزینەوە لە کار و ئەرکەکان بە بیانووی گەرما و تینوێتی و برسێتی، کە ئەمە ڕاستە، بۆیە ئاخۆ چەندە ئەمە زیانی لەسەر تەندروستی دەبێت! تەنانەت دکتۆرەکانیش، لە پەنای پسپۆریدا نازانستییانە دەبنە دەمڕاستی ئایین و دەکەونە هۆنینەوەی پاساو بۆ سوودەکانی ڕۆژوو و کاریگەرییە باشەکانی لەسەر تەندروستی، کەدواجار دەبنە مەلایەك!

لەوەش بگەڕێ کە ڕەمەزان هەردوو دیوی باش و خراپی هەیە، بەتایبەت لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، وەك دیاردەی تفکردنەوە، بەڵغەم فڕێدان و قرخەقرخ، هەروەها زۆریك لە ڕۆژووەوانەکان ماندوویەتی و برسێتی و تینوییەتی خۆی دەخاتە ئەستۆی ئەویتر، واتە گیانی لێبوردەیی کەمتر دەبێتەوە و بەرامبەر بەوەی کە ئاو دەخواتەوە یان دیمەنی ئافرەتێکی سەرڕووت دەبینێ. هەموو ئەمانە بە پاساوی

پیرۆزیی مانگەکە، کە دەبێتت مانگێك بۆ خوا بێت، چونکە یانزەی بۆ دنیایە! ئاخر، مانای چییە ئەگەر وەك ڕۆژووەوانێك بە خـواردنـەوەی ئاوی کەسێ سەخڵەت بێ؟ ئایا ڕۆژوو تاقیکردنەوەی خۆڕاگریی باوەڕدارە؟ ئەگەر وایە، بۆ دەبێت ئازادی لە کەسێ کە بە ڕۆژوو نییە، زەوت بکەی؟ دیارە ئەرك و سەختیی ئەو مانگە، هەر دەکەوێتە سەر شانی ڕۆژووەوان خۆی، وەك چۆن پاداشتەکەشی مافی خۆیەتی نەك کۆی هاووڵاتیان.

هەڵبەت باوەڕم بەپرەنسیپی ڕێزی بەرامبەرە، بەڵام کاتێ ئەمە دوولایەنە بێ. دیارە مەبەست لەم نموونانە ئەوە نییە، کە ڕۆژو و نوێژ بۆ خۆیان کردەیەکی خراپن، بەڵکو کاریگەری و شوێنەواریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی چەندە. لێرەوە، ناکرێت کۆمەڵگەیەك کورت بکەینەوە لە چێوەیەکدا، کە یەك نۆرم و پێوەری ڕەمەزانی بەکار بێ. واتە هەموو شتێك بەو خواست و پێوەرانە بێ و هەرچییەك لەو ڕێورەسمە بەدوور بێ، نامرۆڤانە و بەد بێ! ڕەوشت و کۆمەڵگە لە مزگەوت فراوانتر و گشتگیرترە. مزگەوت دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەیە، نەك ئەوەی هەموو کۆمەڵگە بە پێوەرەکانی هەڵبسەنگێنرێ، کەواتە ئامانجەکە (پاککردنەوەی دەروون) دەبێتتە ئامرازی بانگەوازێکی سیاسەتخواز و پرۆژەیەك بۆ لەقاودانی کەسانی تر. ئیدی ئەو هەڵوێستانە، دەکرێت جێگەی ڕەتکردنەوە و مشتومڕ بن.

### 3- راگەیاندنی پارتە ئیسلامییەکان

ڕاگەیاندنی ئیسلامییەکان بۆ خۆی لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و ڕوخسار و هۆنراوەکانیشدا ئەو گوتارە ئایینییەیان پەخشدەکەن، وەك ئـەوەی خـودی ئایینی ئیسلام بێ، بۆیە تەلەفزیۆن وەك مزگەوتێکی گەڕۆك بەکاردەیهێنن، کە دەچێتە ماڵی هەموو یەکێکەوە بەبێ ئـەوەی لە دەرگا بدات. لەوێوە ڕاستەوخۆ دەرسی خەڵکی دەدەن و هۆش و بیریان داگیردەکەن، بۆیە لە ماڵەکەی خۆشتدا ئازادیی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتت لێدەسێنرێتەوە، چونکە مەلا و بانگەوازخوازێ پێتدەڵێ: دەبێت لە ماڵ وا ڕەفتار بکەیت. لێرەوە، دەنگوڕەنگی ئایدیۆلۆجی بەسەر ئەو بیستراو و بینراوانەدا زالە. هەموو بابەتێکیش وەك سروتێکی (ڕێوڕەسمی) تایبەت تەنها بۆ داگرتنەوە (تعبئە) ی هەستوهۆشی خەڵك و کارکردن لەسەر هزر بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێ، ئەنجامدەدرێ.

بۆیە بەرنامەکانیان زێدەڕەویی تا ڕادەی توندڕەوی تێدایە، چونکە دەیانەوێ خەڵکی بەو شێوە بیر بکاتەوە، کە حزبەکەی پێی باشە. بەگشتی، بەرنامەی ئەم ڕەوتە ئیسلامییانە دەری دەخەن کە هیچ شتێکی ئەوتۆیان پێنییە، جگە لەوەی خەڵکی بخەنە سەر بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی خۆیان. هەموو ببنە گوێڕایەڵ، بەڵام دواجار ئەم جەماوەرە تا کوێ گوێڕایەڵ و ملکەچ دەبن؟ بۆچی و چارەنووسیان چی دەبێت؟ هەڵبەت ئەمانە پرسیارێکن کە دەبێت زیاتر لەسەری ڕاوەستین.

## 4- ڕۆڵی دەزگاکانی هەرێم لەو مانگەدا

ئەوەی جێی سەرنجە، ئێمە لە حکومەتێکی ئیسلامییدا ناژین، بەڵام زۆر بڕیار و ڕێنمایی هەن، کە هیچ جیاوازیان نییە لە حکومەتی ڕژێمە ئیسلامییە داخراوەکان! لەم ساڵانەدا ‹پارێزگاری هەولێر› چەند ڕێنماییەکی بە نـاوی مانگی پیرۆزەوە بۆ دامەزراوەکان نارد. ڕێنماییەکە لە (5) خاڵ پێکهاتووە و ژمارەی نوسراوەکە (7200) کە لە (1-8-2010) دا دەرچووە! ئەوەی زۆر سەیرە، ئەوەیە کە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە توندی سەرپێچیکار (ئەوەی بەڕۆژوو نییە) بگرن و سزاکەشی (5) ڕۆژ دەستبەسەر دەکرێت! ئاخۆ بەڕۆژوو نەبوون لە ڕووی قانونییەوە لادانە و نایاساییە تا کەسێك لە لایەن «ئاسایش» و پۆلیسەوە ڕاپێچ بکرێت! باشە ئەمە ڕێنمایی دەزگایەکی شارستانییە یا دادگای باڵای دەوڵەت و قانون!

بە کورتییەکەی؛ لەژێر پێستی ئازادیی بیروباوەڕدا، زیاتر بەرەو کۆمەڵگایەکی داخراو و نەریتی دەڕۆین وەك لەوەی بەرەو کۆمەڵگەی سەردەمی، کە ئازادی و هاوڵاتیبوون تێیدا پێگەیەکی هەبێ. هاوکاری دەزگاکانی حکومەت بەو هێزە نەریتخوازانە لە ‹بۆنە ئایینییەکان›دا، دواجار بەکارهێنانی ئەو هێزانەیە وەك دەستکەلایەك بۆ قۆرخکردنی فەزای گشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی! واتە سانسۆرەکان لەباتی بە ناوی دەسەڵاتی سیاسیەوە بێ، ڕەنگی ئایینی لێدەدرێ. هەمیشە ئازادیی بیروڕا وەك مەترسی پیشان دەدرێ!

ئەگەرچی هەمیشە بڕوام بە ئازادی هەیە، بەڵام لە لای ئێمە هەبوونی فەزای ئازاد، واتە کەلێن و بۆشاییەکی ترسناك،

که دەبێتتە شەوەزەنگ بۆ تێکدانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمان بەدەستی بیر و ڕێکخراوی توندڕەو! بەهەرحاڵ، ئێمە نابێت گومان لە بەهای ئازادی و بیروبۆچوونی هاوڵاتی بکەین، بەڵام گەلەکۆمەی دامەزراوەکانی هەرێم دەرهەق بە تەسکردنەوەی ئـازادی لەژێر پـەردەی ئایندا هاتنی وەیشومی هێزێکی ناسەردەمییە، کە کۆمەڵ وەك مزگەوت سەیر دەکات! بۆیە کاتێك کە هەمان مامەڵە لەگەڵ زانکۆ و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەك خۆشەویستی دەکرێتت، ئیتر دەبێت بڵێین، بۆیە بایەخدان و جەختکردنەوەی بەردەوام لە بابەتگەلێکی ڕۆژانەیی و سەرپێی، وەك تێکڕای خەمە ئایینی و پرسە گەرم و گرنگەکان، وای کرد کە گوێگر و شوێنکەوتووانیش بێزار و وەڕەس بن، بەڵام لەبەر ترسی سزای کۆمەڵایەتی و لێپرسینەوە، دەنگە ناڕازییەکان بوێریی هەڵوێست نواندنیان نەبووە.

**5- حەرامکردنی خۆشەویستی لە زانکۆکانی کوردستاندا**

یەکێکی تر لە بەرکەوتەکانی ئیسلامگەرای کوردی پرسی خۆشەویستییە. ئەمەش لە ڕێی کنەکردنە نێو دامـەزراوە پەروەردەیی و زانستییەکانەوە، بۆیە دامەزراوەکان بەگشتی و زانکۆ بەتایبەت کەوتە بەر شەپۆلی ئیسلامیزەکردن. کە زێدەکارکردن لەسەر ئەو بابەتانە، تا ڕادەی ئەوەی باوەڕ ببێتە بنەمای ڕەوشتی و ڕۆحی و هاوکات زانست و خوێندنەوە ببنە بابەتی لاوەکی و پشتگوێخراو. ئاشکرایە کە وشەی خۆشەویستی لە بەرگوێی زۆربەی گەنج و لاوەکانی ئێمە نامۆ نییە. هەموومان لە ڕێی ئەدەب، بەتایبەت گۆرانییە کوردییەکانەوە بەو بەها

ڕۆحییەی کە بەشێکە لە کولتوری کوردی، ئاشنایین.

بەڵام ئەمڕۆ خۆشەویستی کەوتۆتە بەر هورژمی خێرای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و بەتایبەت بیری نەریتخوازیی ئایینی. هەڵبەت ئەمڕۆ خۆشەویستی وەك بەهایەكی کولتوری بە هۆی ئەو گوشارانەوە لە بەردەم قەیراندایە، بەتایبەت لای چینی گەنجان و بەتایبەتتریش لە نێو زانکۆکاندا. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە سەرپێیانەی کە لە نێو خەڵکیدا باوە، گوایا زانکۆ شوێنی بەیەکگەیشتنی کوڕ و کچانە، چەندین لەمپەڕ و ڕێگری دەروونی (وەك شەرم) و کۆمەڵایەتی (وەك کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) و ئایینی لە نێو زانکۆکاندا ڕێگرن لە بەردەم ئاوەڵابوون و گۆڕینەوەی هەستی خۆشەویستی.

گریمان زانکۆکان تاکە دەروو و دەروازەن، کە ڕەگەزێك لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر تێکەڵ بێت، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لە ڕێگەی پرسی باوەڕەوە دەیانەوێ ئەو مەودایەش بکوژن، بۆیە ئەو بۆنە و ڕووداوانـەی کە هەستی بەیەکگەیشتن و لێکنزیکبوونەوە دروستدەکات، دەبێت لێیان بدرێ و قێزەوەن بکرێتت و ببێزرێ. یەکێکیش لەو بابەتە سەرنجڕاکێش و بەناوبانگانەی لای گەنجان ناسراوە، ڕۆژی خۆشەویستییە کە بە ڤالانتاین دەناسرێ.

**6- ڤالانتاین حەرامدەکرێت؟**

زۆربەی گەنجان و لاوان بە ناوی «ڤالانتاین» یا ڕۆژی خۆشەویستی ئاشنان. بەڵام چەندیان دەتوانن لەو ڕۆژەدا نمایشی هەست و سۆزیان بکەن؟ ئایا ئەو ڕێگرانە چین، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وادەکەن خۆشەویستی هێندە بێڕێز و

جێی گومان بێ تا ئەو ڕادەی ڕۆژێکی پێنەبڕێ؟ لەو ڕوانگەوە، دەمەوێت تیشکێك بخەمە سەر بڵاوکراوەیەك، کە لایەن هەندێ ڕێکخراوی ئیسلامییەوە کە لە ‹زانکۆکانی هەولێر›، هەموو ساڵێك پێش (14-2) بڵاو کراوەتەوە. لەوێدا گێڕانی ئەو ڕۆژە بە دەرچوون لە ئایین و باوەڕ دادەنرێ و هەڕەشە لە گەنج و لاو و ئەوانەی بایەخی پێدەدەن، دەکرێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە هۆی گۆڕانە خێراکانی نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە، خۆشەویستی بەرە و بێڕێزی و گومان تا ڕادەی سڵڵێکردنەوە دەچێ. جێی پرسیارە کە ئاخۆ ئەو هۆکارانە چین کە وا دەکەن خۆشەویستی لە قەیراندا بێ. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە بڵاوکراوەیەك کە ناوی «هەقیقەتی جەژنی ڤالانتاین»ە، بدەم. لە ڕاستیدا ئەو بڵاوکراوەیە هۆکاری ئایینی وەك گوشارێك بۆ سەر بەهای خۆشەویستی بەکار دەهێنێ لە ڕێی حەرامکردنی ڕۆژی خۆشەویستییەوە. پاش گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی بڵاوکراوەکە، دەرکەوت کە ‹وێبسایتێ› کە بۆچوونی ڕادیکاڵی تێدا بڵاو کراوەتەوە، بەم جۆرە توانیویانە لە ڕێی هەوادارانی خۆیانەوە دزە بکەنە نێو قوتابیانی زانکۆ و ئایدیۆلۆجیا توندڕەوەکانیان تەشەنە پێبدەن.

جگە لەو ڕۆژە، وەك دەرفەتێك بۆ خۆڕاگەیاندن و ناساندنی چالاکی و بیر و بەرنامەیان، هاوکات جۆریك لە فشار و تۆقاندنی قوتابیانی زانکۆ و داگیرکردنی فەزای خوێندن و زانست، بەڵام با بزانین چۆن ئەم ڕێکخراوە توندڕەوانە توانییان کۆنترۆڵی کەش و ڕەوشی زانکۆکان بکەن؟ دیارە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت بزانین بارودۆخی زانکۆکانی کوردستان لە ئێستادا لە چیدایە.

### 7- بۆچی خۆشەویستی حەرامە؟

هەڵبەت، لە بڵاوکراوەکەدا هیچ بەڵگە و هۆیەکی لۆجیکی نابینی کە بۆ نابێت ڤالانتاین بگێڕدرێ و هەستی خۆشەویستی دەرببڕێ، تەنها بەهانەیەك ئەوەیە، کە بۆنەکە هی ئێمەی موسوڵمان نییە، چونکە لە کولتوور و گەلانی ئەورپاوە هاتووە! هاوکات ئەو سایتە هیچ بەڵگەی ئایینی ورد و ئاشکراشی نییە، کە چۆن هەستی خۆشەویستی حەرامە، بەڵکو هاتووە خۆشەویستیی وەك هەست لەگەڵ پەیوندیی سێکسیدا تێکەڵاوکردووە. لە دەقە ئایینییەکاندا سێکس لە دەرەوەی هاوسەرێتی حەرامە، بەڵام هەست و مەیلێکی خۆشەویستین کە بەندە بە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە، شتێك نییە کە حەرام بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەیاننامەیە بە پەنابردنە بەر مێژوو و گێڕانەوەی چیرۆکی بەسەرهاتی ڤالانتاین، دەیەوێ ئەو نەریتە بخاتەوە زەمەن و جوگرافیای خۆی.

بـەڵام، ئایا بۆ هەمان میتۆدی تێگەیشتنی نییە بۆ ئایین و دەقەکانی ئیسلام؟ واتە بۆچی ناکرێت ئێمە بە هەمان میتۆد بێین لەسەر خودی ئەو جوگرافیا تایبەت و بەستێنە کولتورییە کاربکەین؟ بۆ ناکرێت، بڵێین ئایین وەك دەرکەوت و دیاردە، شتێك نییە بە ئاسانی و ئاسایی لە جوگرافیا و مێژووی کولتوری کوردستاندا جێگەی بێتەوە. لەبەر دووری و مەودای نەریتی و کولتوری و جوگرافیای کوردستان لەو ئایینە. باشە، ئەگەر شتێك کە لە بنەڕەتدا هی ئێمە نییە، نابێت پەیڕەوی لێبکەین و شوێنی بکەوین. چونکە بەوە دوور دەکەوینەوە لە ڕەسەنایەتی و بیروباوەڕی خۆمان.

کەواتە تێگەیشتن لە چییەتیی کولتوور وەك سەرمایەکی کۆمەڵایەتی و شارستانی و ڕۆحی و زانستی، جا پێدراوە مادییەکان بێ یا نامادییەکان (مەعنەوی)، بۆ خۆی وەڵامێکی نەرێنیمان دەداتــەوە، چونکە لەو سۆنگەوە، هەر گەل و نەتەوەیەك ئەو سامانە کولتورییە بەرهەم دەهێنێت، کە لەگەڵ خۆیدا بگونجێ. بەم مانایەش، مادەم ئیسلام بەرهەمی کولتوور و مێژووی عەرەبە، نابێتتە کولتوری نەتەوەیەکی تر !

پاشان، دەبێت بپرسین: ئاخۆ باوباپیرانی ئێمە بەو جۆرە دۆگماییەی بڵاوکراوەکە بیریان کردۆتەوە و ئایینیان جێبەجێ کردووە؟ ئایا بەهانەی ڕێخۆشکەری حەرامکردنی خۆشەویستی، تا چەند هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی ڕەسەنی نەتەوەی کورد خۆیەتی؟ بۆیە، ئەو بیروباوەڕەی لە پشت حــەرامــەوە قسە دەکــات، بە هیچ شێوەیەك بەرهەم و هەڵقوڵاوی زەمینە و واقیعی کوردستان نییە، بەڵکو وەرگیراو و کۆپیی کولتوورە داخراوەکانی دەوروپشتمانە. ئاشکرایە، کولتوری عەرەبی تایبەتمەندی و ڕەگوڕیشەی خۆی هەیە، کە لە کورد و گەلانی تر جیای دەکاتەوە، بۆیە کولتوری کوردی، کولتوری عەرەبی نییە، کە پراکتیزەکردن و سەپاندنی هەندێك پێوەر و بەهای ڕەوشتی کۆمەڵایەتی نامۆیە پێی.

لەبەر ئەوە، بەهانەی ‹ئەو ڕۆژە هی ئێمە نییە› وەك پێوەری ناسنامەی کولتوری، بۆ خودی بۆنە ئایینییەکانیش ڕاستە، چونکە ئەگەرچی چەند سەدەیەکە ئایینی ئیسلام لە ناو ئێمەدایە، بەڵام دواجار دەریشکەوت کە بیروباوڕێکی

هاتووه و به جۆرێك خـۆی سەپاندووە. دیـارە جەبری بەندوباوەکانی ئەو ئایینە بەو جۆرە کار دەکەن، کە تا ئەو ڕادەی لە بیرمان چۆتەوە چۆن و لە کوێوە هاتوون، واتە میکانیزمەکانی سەپاندن و سانسۆر و دەمکوتکردنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، مەرج نییە تۆبز هەر تێڵا و کوتەك بێ، چونکە ترس و تۆقاندن باشترین ڕێگوزەرە. بۆیە ئەو بڕیارەی کە دەڵێ ڤالانتاین نامۆیە بە ئێمە، لە بەردەم ئەقڵی ساغدا خۆی ناگرێ.

پاشان ئەو بەهانەیە ئـەوەش دەسەلمێنێ، کە هزری حەرامکەر هیچ ئەلتەرناتیڤی نییە لە جێگەی ڤالانتاین. بۆیە حەرامکردنی لە گەنجان، بەبێ ئەوەی بیریان بخەینەوە کە خۆشەویستی پێدراو و بەهرە و توانستێکە لە مرۆڤدایە و پێوستی بە دەربڕین و نمایشکردن هەیە، نەبوونی ئەمە بۆ خۆی کارەساتە. چونکە خۆشەویستی پەیوەستە بە لایەنی گەشەی دەروونی مرۆڤەوە، کەچی ئەوان سەرکۆنە و بێزێزیی پێدەکەن! ئایا خۆشەویستی حەرامە؟ چ زیان و هەڕەشەیەکە ئەگەر بۆنەیەك بۆ ئەو هەستە بەرز و ناسکەی مرۆڤ هەبێ؟

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر سەرنجی زۆربەی ئەدەبیاتی شیعر و هۆنراوە و چیرۆك و داستانی فۆلکلۆری کوردی بدەیت، لێوانلێون لە باسی خۆشەویستی. بەم پێیە بێ، خاوەنی ئەدەبێتکی حەرامین، با فڕێی بدەین و بیانسوتێنین! وەك چۆن کولتوری کوردی ئێستاشی لەگەڵدابێ، کولتوورێکی زارەکییە،

ئاوەهاش خۆشەویستی بە زارەکی هەبووە. وەکی تریش جێگەی لە کەسێتیی کورددا نەکردۆتەوە. دیارە ئەنجامەکەشی چەکەرەکردنی کۆمەڵگەی زبرە! لەمەشدا، بیروباوەڕی ئایینی ڕێگر بووە. لەبەر ئەوە پرس و هەستوسۆزەکان، بە جۆرێك چەپێنران و بێزێنران، وەك شەرم و شوورەیی لێکدەدرێتەوە.

**8- حەڵاڵـکردنی توندوتیژی و حەرامکردنی خۆشەویستی**

حەرامکردنی ئەو ڕۆژە بە جۆرێك بەشداریکردنە لە بەرهەمێهنانی توندوتیژیی سیمبوڵی. چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە دەروازە هەن بۆ گوزارشکردن لە توندوتیژی و زەبروزەنگ، بەڵام هێندە کەناڵی دەربڕینی هەستەکانمان نییە. ئەوەشی ئێستا دژ بەهونەر و ئەدەب و شیعر دەکرێت، پرۆسەیەکە بۆ هەڵوەشانەوە و لەناوبردنی فۆلکلۆر و میراتی کولتوریی کوردی لەژێر گوشاری هزری حەرامکەردا. هاوکات دوابەدوای کرانەوە لە ڕێی تەکنەلۆجیای نوێ و کاریگەریی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێتەوە، ناوی خۆشەویستی لە کۆمەڵگاکەماندا کەوتە بەر گومان و ترس و سڵەمینەوە. لە ئەمڕۆشدا زانکۆکانی ئێمە سەرباری لاوازیی توانای ئەکادیمی و کێشەی دواکەوتن لە سیستمی خوێندن و پەڕپووتیی بینا و شوێندا، بە لێشاو گەنج و لاوان ڕووی تێدەکەن، چونکە بۆ زۆرێك زانکۆ تاقە قۆناغی خوێندنە، کە هەردوو ڕەگەزەکە پاش (18) ساڵ دابڕان لە یەکتری لە فەزایەکی نوێدا ئاشنایەتی پەیدادەکەن.

لێرەوە ئێمە دەبێت پرسیار بکەین ئاخۆ ڕۆڵی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا چییە. ئایا درێژەدانە بە هزری ئایینیی ڕادیکاڵ لە ڕێی میکانیزمەکانی حەرامکردنەوە تەنانەت بەرامبەر بە گرنگترین و ناسکترین بەها کە خۆشەویستییە، یان ڕێوشوێن دیاریکردنە بۆ نۆژەنکردنەوەی کولتوور لە ڕێی زانستەوە؟ بێگومان ئەگەر کاربەدەستە باڵاکانی زانکۆ جڵەو بۆ هەڵگرانی بیری ڕادیکاڵ شل بکەن، ئەوا زانکۆ بۆ مزگەوت بچووك دەبێتەوە. دواتر ئەوەی لەوێدا کار دەکات، پێوەری ئەکادیمی و زانستی نییە، بەڵکو پێوەری حەڵاڵ و حەرامە! ئەم پێوەرەش هەق و پەیوەندیی بەسەر زانست و دنیای توێژینەوەوە نییە.

**9- پەیوەندیی خۆشەویستی وەك کردەیەکی دژەرەوشتی**

شەڕی زۆربەی لایەنە ئیسلامییەکان و زۆرینەی بڕوا ئایینییەکانیش لەم سەردەمەدا؛ ئەوەیە کە تەنها ئایین بە کانگای ڕۆحی و ڕێنمایی ڕەوشتیی لە ژیانی مرۆڤدا هەژمار بکەن. ئەوان دەخوازن لەوەدا زیاتر بیسەلمێنن کە هەگبەی ئایین زیاتری پێیە بۆ خەڵك، لەوەی کە هەر پەرستن و نوێژ بێت. بەڵام ئێمە لێرەدا قسە لەسەر ڕەوشت دەکەین و ئەپرسین: ئاخۆ ئەو خوێندنەوە ئایینییە بۆ ڕەوشت هیچی ئەوتۆی پێیە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە؟

یەکەم شتێ کە ئەو ڕەوتە ئایینییانە پێداگیریی لێدەکەن، ئەوەیە دەبێت بنەماکانی ڕەوشت لەسەر پێوەرەکانی ئایین

دامــەزرێ. لە لایەکی تــرەوە، هەمیشە گوتاری ئایینی لە ڕەخنەکانی بە ناوی ڕەوشتبەرزییەوە، هێرشێکی توند دەکاتە سەر مرۆڤی ئەم سەردەمە و دواجار بە لادەر و بێڕەوشت وەسفی دەکات. باشترین شوێنیش کە ئەم بێڕەوشتییەی تێیدا چڕ دەبێتەوە، زانکۆکانە. چونکە دوو ڕەگەزەکە تێکەڵاون پێکەوە! بۆیە پرسێکی تری مەترسیدار لێرەدا ئەوەیە، کە ڕەوشت بە سێکس و پەیوەندیی خۆشەویشتی و هەستی ئەویندارییەوە دەبەسترێتەوە. بەپێی ئەم گوتارە، ئافرەت، دەبێتە جێگەی رەخنە و هەڕەشە بۆ ڕەوشتی گشتی کۆمەڵ. بەتایبەتتر، جەستەی ئافرەت بە هۆیەوە دەبێتە خاڵی لێدان و سوکایەتیپێکردن. هەڵبەت بەمە ڕەوشت لە مانای خۆی دەشوێنرێ و دەکرێتە هاوواتای مێینە، نەك ڕەفتارێکی گشتی مرۆڤ!

بۆیە پەرچەکرداری ئیسلامیستەکان، بریتییە لە زیادکردنی ڕێژەی داپۆشینی ئافرەت و هەڕەشەکردنی سیمبولی و ئاشکرا لەسەر «ڕووتی»، کە بە زمانی خۆیان باوە! واتە ئەمان دێن ڕەوشتبەرزی و شەرەف و ئاینداری و ‹باشە›، دەبەستنەوە بە داپۆشینی جەستەوە. لێرەشەوە جۆرێك ناهاوسەنگی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان کوڕ و کچدا دێتە ئاراوە. بۆیە هەر نزیکییەك لە یەکتری و هەڵسوکەوتێکی کراوە، دەبێتە مۆرکی بێڕەوشتی بەبۆچوونی ڕادیکاڵەکان. لە ئەنجامدا حەرامکردنی خۆشەویستی و تەنانەت هاوڕێیەتی ئاسایی نێوان کوڕ و کچیش دەبیتە لادانی ڕەوشتی!

## ئەنجام

ئەوەی سەیرە، بڵاوکراوەکە ناوی ‹سایتی بەهەشتی› لەخۆ ناوە، وەك ئەوەی ئەم دنیایە دۆزەخ بێ. وەلێ دەبوا باسی خراپی قۆپیەکردن و پاکوخاوێنیی فەزای زانکۆ و هاندانی گیانی لێبوردەیی کردبا، لەباتی چاندنی ڕکوکینە بە ناوی ڕەوشت و باوەڕی ئایینییەوە. خۆشەویستیش ڕەوشتبەرزییە، نەك بەرەڵایی، بۆیە کە سەیری فەزای زانکۆ دەکەین، هەست بە دڵتەنگی دەکەین. جێی داخە کە ڕەفتار و ئاخاوتنی گەنجان، هی تەمەنی خۆیان نییە، وەك ئەوەی لە سەردەمی ئێستادا نەژین تا ئەو ڕادەیەی خۆشەویستیان پێ شەرم و بێنرخ بێ، چونکە حەرامە!

هەر بۆیە لەپێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو تابویانەی (حەرام) ئایین بۆ خۆشەویستی دەربڕین دایڕشتوون، لاوان بەگشی و هی زانکۆکانیش پەنا دەبنە بەر مۆبایل بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، یا پۆشینی جلوبەرگی ئاڵوواڵا تا فشاری دەروونیی خۆیانی پێبشارنەوە تا ڕادەی چەپاندنی هەستەکانیان و خۆخاڵیکردنەوە بە شێوازی سەیروسەمەرە. ڕاستە فیلمەکان و چیرۆکەکانی تۆڕی ئینتەرنێت نموونەی ناشیاوی خۆشەویستی دەرئەخەن، بەڵام نابێت ئەمانە هۆکار بن بۆ حەرامکردنی خۆشەویستی خۆی، چونکە ئەوانە بۆ خۆیان هۆکاری تریان لە پشتەوەیە.

هەڵبەت، هزری حەرامکردن تەنها باس لەوە دەکات، کە دەبێت مرۆڤ چی بکات، نەك مافەکانی چین، بۆیە داسەپاندنی فەرمانەکان و ئەرکەکان فۆرمێکی ترە لە بەندایەتی و کۆیلەکردنی مـرۆڤ، بەتایبەت کاتێ ئـازادی کەسێتی

دەسەنرێتەوە لەپێناو باوەڕێکدا کە هەزارەها لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ! لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هێشتا هزری حەرامکردن توانایەکی بەهێزی هەیە لە بەرتەسکردنەوە و چێوەدارکردنی توانای مرۆڤ تا دروستکردنی دیوار و لەمپەڕ بۆ پەیوەندییەکان. داواجار سنووردارکردنی هەڵسوکەوت و ئازادییەکانی مرۆڤ لە بازنەی حەڵاڵ و حەرامدا دەمانخاتە بـەردەم پرسیارێك: ئایا چیدی بوار بۆ جوڵەکانی مرۆڤ دەمێنێتەوە؟!

بۆچی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران، توانای گەشەپێدان و ڕۆحیەتی نزیککردنەوەی لاوان بە هەردوو ڕەگەزەکانیانەوە نییە، لە کاتێکدا هەمیشە گوێڕایەڵی حزبن هەڵبەت لەبەر ئـەوەی حزبەکانیان وەك ئایین و ئایدیۆلۆجیا دەمارگیر و هەڵگری قانونە باوکسالار و خو و نەریتە چەپێنەرەکانن، دەستیان ناوەتە بینی ئازادیی لاوان و گەنجی ئەمڕۆ، هەریەك بە بەهانە و پاساوێ! بۆیە دەبێت ئیتر بپرسین: ئاخۆ چ مانایەك بۆ لاوێتی و گەنجێتی لەم کۆمەڵگەیەدا، کە زانکۆکانی لەژێر ڕکێفی هزری ڕادیکاڵدایە، ماوەتەوە؟

چونکە ئـەو بـیـرەی لـە پشت قـەدەغـەکـردنـی ڕۆژی خۆشەویستیەوەیە، هێزێکی ژیانکوژ و هیواڕوخێنەرە. هاوکات هێزێکە چەندە خۆشەویستی قەدەغە دەکات، ئەوەندەش توندوتیژی و زەبروزەنگ حەڵاڵ دەکـات، بۆیە هێزێکی پوچگەرا و دۆزەخپەرستە بە ناوی باشە و ڕەوشتبەرزییەوە! پێویستە خۆشەویستی وەك هەست و مافێکی سەرەتایی مـرۆڤ ڕێگەپێدراو بێ. هەڵبەت، ناڵێم مـرۆڤ تەنها لە

ڕۆژێکدا یا هەر بۆ یەك جار هەستی خۆشەویستی دەربڕێ، بەڵکو تەرخانکردنی ئەو ڕۆژە، بیرخستنەوەی یادەوەرییەکە وەك بۆنەیەکی ئەویندارانە، بۆیە دەبێت ئەوەش وەك مافێ بدرێتەوە دەست گەنجان خۆیان و بەدوور لە قەڵەمڕەویی ئایین و خوو و نەریتی باوکسالاری! هاوکات گێڕانەوەی حورمەت و بەهای زانستی بۆ زانکۆکانی کوردستان بەدوور لە دەستێوەردانی ئایین و حزب مەرجی پێشکەوتنیانە.

# بەشی سێیەم
# دۆخی ئایین و ئایینداری لە کوردستان

## دۆخی ئایین و ئایینداری لە کوردستان

دۆخی ئایینداری لە کوردستاندا لە ڕوانگە مێژووییەکەیەوە، مەترسیی لەسەر نەبووە. واتە ئایین بابەتێکی هەڕەشە لەسەرکراو نەبووە، بەڵکو هەموو دەرگاو دەرفەتێکی گەشەکردن و خۆسەپاندنی لە بەردەمدا واڵا بووە. لە کاتێکدا هەل و دەرفەت لە بەرامبەر زۆر بابەت و بیروباوەڕ داخراو بووە. هەر ئەمەش وای کردووە، کە پێگەی ئایین لە بەرامبەر بیروباوەڕ و بوارە کولتورییەکاندا لە هاوکێشەیەکی لاسەنگدا بووبێ. تاکڕەوانە هەژموونی خۆی لەسەر زۆربەی کایە و بوارەکانی تری کۆمەڵگەی ئێمەی پیادە کردبێ. لەبەرئەوە، جێی خۆیەتی قسە لەسەر ئەم لایەنە بکەین و هەڵوێستە لەسەر ڕاستییە بکەین کە بەبێ ئەوەی ئایین هەڕەشەی لەسەر بووبێ، کەچی بە جۆرێك هەڕەشە بووە بۆسەر بوارەکانی تر.

**1- ئایین هەژموونە نەك باوەڕداریی**

لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا، ئێمە لە حاڵەتی دەرچـوون لە هەژموونی ئایین و هاوکات گەڕانەوەی دەژین. ڕاستە کە قۆناغی پاش-ڕاپەڕین بە هەموو دەرکەوتە سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانیەوە، ململانێی تری خستە نێو ماڵی کوردەوە، بۆیە ئەم قۆناغە، دۆخیکی ڕاگوزەر و ناجێگیرە، کە بەهاکان و پێوەرەکان جێگۆڕکێ و لەرزەیان تێدەکەوێت، کە دواتر خەڵکی لە دۆزینەوەی ئاییندا وەك بەهایەك دەیەوێ ئارامی بۆ خۆی بپچڕێ.

هەڵبەت، وەك چۆن قسەکردن لەسەر پەیوەندیی ئایین و سیاسەت و دەوڵەت دەرکەوتێکی نوێی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە، ئاوەهاش باسکردنی ئەو پەیوەندی و ئیشکالیەتە لە کوردستان نوێیە، چونکە ئایین درێژبوونەوەیەکی ‹ستاتیکی›، واتە نەگۆڕ و چەسپاوی لە کایەکانی ژیان و هەستەوەریی کوردەواریدا هەبووە. تا ئێستاش نەبۆتە جێگەی پرسیاری تێوری و زانستی لە دەرەوەی هەستوسۆزی کەفوکوڵدار. لە شوێنی تردا بە نموونەوە ئەو ڕاوبۆچوونە پەرچەکردارییانە و بەرگریگەرییانەم باس کردووە.

لەبەرئەوەی کورد دامەزراوەیەکی وەك دەوڵەتی نەبووە کە لە بەرامبەریدا پەیوەندیی نێوانیان ڕێکبخات، بەڵام هێشتا ‹حکومەتی هەرێم› و ‹پەرلەمان› لە بەرامبەر هەژموونی ڕێکنەخراوەیی ئاییندariدا، دووچاری ململانێ و قەیرانی سیاسی دەبێت. دواتـر ئـەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێتت لە سستکردنی دیموکراسی و هزری لیبراڵ و مافی مەدەنی و هاوڵاتیبووندا. دەبێت بپرسین: چۆن پیاوانی

ئایینی بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە فێری بەهای دیموکراسی بکەین وەك تاکە گرەنتیەك بۆ مانەوەی پێکەوەژیان و ئاییندارى؟ پێویستە حکومەت ڕێگەچارەی دوورمەودا و نزیك بخاتە بەرنامەیەوە، بەتایبەت لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ پێگە و کاریگەریی ‹ئایین›. هەڵبەت ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە دەکرێت:

- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی -مەرجەعێکی- لیژنەیەکی ئایینی بۆ کاری فتوا و ئاییندارى.

- گفتوگۆ و مێزگردی بــەردەوام لەنێوان ئایینداران و ڕۆشنبیران.

- بەدامەزراوەکردنی مزگەوت و شوێن و بۆنە ئانییەکان.

- کەمکردنەوەی دروستکردنی مزگەوت، لە ڕێی هەڵگرتنی مافی باجنەدانی دەوڵەمەندانەوە، کە ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ زیادبوونی بێبەرنامەیی مزگەوتەکان. لە بەرامبەردا هاندانی کاری خێرخوازی بە دروستکردنی قوتابخانە، نەخۆشخانە، باخچە و شوێنی خزمەتگوزاریی پێویستتر.

- یەکخستنی وتارەکان و کەمکردنەوەی وتاری هەینی لە یەك دوو مزگەوتدا، کە لە نێو شارەکاندایە.

- دانانی چێوەی گشتی لە قانوندا بۆ کاروباری ئایینی و وتارخوێندن، بەرز و نزمیی دەنگی بڵندگۆکانی بانگدان و کاتی کردنەوەیان.

شایانی وتنە، تەنها قانون چارەی کێشەی ئایین و ڕۆشنبیران ناکات وەك لە چەند مانگی داهاتوو هەڕەشە و هەوڵی کوشتنی سیمبولی درا، بۆیە دەبێتت:

1- حەسانەی ژیان و ماڵ و پێگە و حورمەتی نوسەران

هەبێ بەرامبەر هێرش و بریندارکردنی کەسێتی و ڕۆحی ڕۆشنبیر و نوسەران.

2- مافی ئازادیی دەربڕین نەچێتە نێو پێوەری حەڵاڵ و حەرام.

دیارە تەنها قانون چارەسەر نییە، چونکە قانون بە تەنها تاقە ڕێکخەر نییە بۆ کێشەکان. ئەگەرچی دیموکراسی بێ «Regulation» ڕێسای ڕێکخەر بۆ چۆنیەتیی هەڵکردنی بیروباوەڕە جیاوازەکان لە کەشێکی ململانێدا ئەستەمە. هەربۆیە ئەبێ دەسەڵات لە کێشمەکێش و ململانێی نێوان و ڕۆشنبیر و نوسەر و مەلاکاندا هەڵوێستی قانونی بگرێتە بەر لەپێناو پاراستنی فەزای گشتیدا. واتە چۆنیەتیی یەکلاییکردنەوەی ململانیی ئاسایی بیروبۆچونەکان، بەجۆرێك، کە نەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی. ململانێ و کیبەرکێی ئاشتییانە ڕۆحی دیموکراسییە، بەتایبەت ململانێی نێوان هێز و ناوەند و ڕۆشنبیر و چین و لایەنەکان.

هەڵبەت لە کەشێکی وەك کوردستان، دەبێت ململانێی ڕۆشنبیر و ئاییندارەکان هەبێ، بەڵام نابێت بگۆڕدرێ بۆ شەڕی سڕینەوەی یەکتری و جیهاد! پێویستە مەلاکان فێری مافی مەدەنی و چۆنیەتیی هەڵوێست نواندن و بەرگری لە بارودۆخی خۆیان بکەن و بە چ ڕێگەیەکی مەدەنی و شیاو. دیمۆکراتیزەکردن و ئاڕاستەکردنی دۆخی ململانێکە، پێشمەرجی ئارامی ڕەوشی دیموکراسییە، بەڵام دەبێت مانای جیاوازیی بیروباوەر لە ئازادی دەربڕیندا بپارێزرێ و پلورالیزمی هزر و بیروباوەڕ گرەنتیی هەبێ.

### 2- له ئاییندارییەوە بۆ ئایینپەرستی

زێدەڕەویمان نەکردووە، ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی ئێمە لەبەر لێشاوی ئایینگەرادا کەوتۆتە قۆناغێکی تر لە ئایینداری، کە من بە «ئایینپەرستی» ناوی دەبەم. ئەمەش بە ڕای من دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە گوزەران و بژێویی ژیاندا، هەم هەندێ گۆڕانکاریی ڕووکەشییش لە شێوە و چۆنیەتیی پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی ئاییندا. دیارە ئەمەش بە دیوێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، ئەمڕۆ ئایین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە هەموو ڕوویەکەوە ماناکانی خۆی ون کردووە. نەك هەر لە ئاستی جێبەجێکردن لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵکو کەوتۆتە بەر پرۆسەیەکی ترسناك: کە ئەویش پێداگیرییە لە «پابەندیی ئایینی». دواجار ئەم پرۆسەیە، بۆتە ڕێگر لە بەردەم ناسین و پراکتیزەکردنی ئایین خۆیدا.

لێرەوە من پرۆسەکە بە گۆڕان لە «ئایینداری» یا «ئایینپەروەری»ەوە بۆ «ئایینپەرستی» دادەنێم. کاتێك ‹ئایینپەرستی› جێگەی ئایینداری دەگرێتەوە، ئایین دەبێتتە مانفێستی سروت و ڕێوەڕسمێك. واتە، ئایین لە ناوەڕۆکەوە بۆ توێکڵ و ڕواڵەتکاری، لە پەرستنەوە بۆ خۆنمایشکردن و پەرچەکرداری توندڕەوانە دەگۆڕێ. دواجار ئەمە لە مانا و ئامانجە بان-مرۆیی و ڕەهەندە ڕۆحییەکانی خاڵیی دەکاتەوە، بۆیە ئاکامێکی چاوەڕوانکراوی بریتییە لە لەوەی ئایین دەبێتتە نەریت و خوویەکی دووبارە و ڕۆتینئاسا. هاوکات هێزی باوەڕی ئایینی لە وزەیەکی ڕۆحییەوە دەگۆڕێ بۆ هێزێکی شەڕەنگێز و تێکدەر.

شایانی وتنە، ئەوەی بە هۆی فەرمانەکانی ئایینەوە لە ڕەفتاری خەڵکی شوێنکەوتووی ئاییندا جێبەجێ دەکرێت، تەنها نیشاندانی کردەکەیە وەك خۆی، نەك ئەو پەیام و ئامانجەی لە پشت کردەکەیە. ئەنجامدانی سروت و ڕێوڕەسم و پەرستشەکان وەك خۆیان دەبنە ئامانج، بێگەڕانەوە بۆ مەبەستە باڵاکان. بە واتایەکی تر، نوێژ و ڕۆژوو لەبەرئەوە نییە، کە مرۆڤ لە ڕووی ڕۆحییەوە پێی دەگاتە ئاستێ، بەڵکو نیشاندانی ئەوەی کە هەرکەسێ نوێژ بکات و مەی نەخواتەوە، باشە و پێچەوانەکەشی خراپە! لە کاتێکدا ئەقڵی ساغ و ئاگامەند دەیسەلمێنێ کە هەزاران نوێژکەر و مەینەخۆر هەن، بە هیچ پێوەرێ مرۆڤی باش و چاکەکار نین!

بۆیە ئەو بەدگۆڕانەی ئاییندارى بە ئایینپەرستی وەك دیاردەیەکی شەڕەنگێز و دژەمرۆڤانە لە پەرچەکرداری توندڕەوی جەماوەرییدا خۆی دەنوێنێ. بەتایبەت کاتێك جیاوازییەکان قبوڵ ناکات. چونکە لەباتیی ڕێنمایی بۆ ژیانی ئاسوودەیی ڕۆحی و چاکەکاری بێ، باوەڕەکە دەگۆڕێ بۆ هەڵکوتانەسەر کەسێ، کە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتی جیاواز بێ، وەك ئەوەی دەرچوون لە ئایین گەورەترین هەڕەشەبێ ، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەڵگرانی بیروباوەڕی دۆگماتیکی ئایینی لە ڕەوشی ئاسایش و هێمنی و تەبایی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی هەڕەشەن.

بۆیە شرۆڤەکرنی ڕووداوگەلێکی توندڕەوانەی ئایینی

دەرکەوتێکی نوێی کۆمەڵگەی ئێمەیە، کە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بەدگۆڕانێك لە ڕەوشی ئاییندariیدا هەیە. باشترین ڕێگەش گەڕانەوەیە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکانی «زاخۆ» و «سلێمانی». هەڵبەت وەك چۆن هەموو ڕووداوێك لێکدانەوە و ڕای جیاواز هەڵدەگرێ، ئاوەهاش مەرج نییە هەموو لێکدانەوەیەك بە تەنها ڕاستی بپێکێ، بەڵام دەشێ شیاو بێت و لۆجێکی تێدابێ. وەلێ نابێت خێرایی ڕووداوەکان ئەقڵی ڕەخنەیی و شرۆڤەیمان لە بڕیاردان و شرۆڤەکارییاندا پەك بخات.

لەم سۆنگەوە ئەوەی ڕوویدا، کە بە سووتاندنی دوکانی مەیفرۆش و مەساج دەستی پێکرد، کارێ نییە پێشبینی نەکرێ و ئەگەری چەندبارەبوونەوەشی نەبێ، بۆیە دەبێت قسە لەسەر ڕووداوەکـە خۆی، هێندەی قسەکردن بێ لەو زەمینە لەبارەی کە سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانــە ئاسان دەکات. من قسەم لەوە نییە کێ بە دیاریکراوی لە پشت ئەو ڕووداوەیە، بەڵکو دەرکەوتنی «باوەڕ» لەو کردەوانەدا وەك نموونەیەکی زەقی ئایینپەرستی، ڕاستییەك نیشان دەدات، کە باوەڕی ئایینی لە ئامانج و مەبەستە باڵاکانی پەیوەندیی مرۆڤ بە یـەزدان، چاکە و باشەی ژیانەوە دەگـۆڕدرێ بە هەڵسوکەوتێکی وشکەئایینیی توندوتیژ، تۆڵەسێن و ڕقاوی، واتە باوەڕ دەگۆڕێت بە کردەیەك، کە بەزەبروەشاندن مامەڵە لەگەڵ دیاردەکانی کۆمەڵگەی ئێستاماندا دەکات.

بۆیە ئەم وەرچەرخانە توندڕەوە دەگەڕێنمەوە بۆ چەند هۆکارێ، کە بەندن بە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی

کوردییەوە. لە ڕاستییدا کۆمەڵگەی ئێمە لە مێژووی خۆیدا ئایینپەروەر بووە و هەمیشە هەست و خواستی ئایینی هاندەر و ڕێگر بووە لە کردەوە و بیروبۆچوونەکانیدا، بەڵام ئێمە کە ئێستا لە چەرخێکی گۆڕاوداین، ئایین بە مانایەك لە ژیانماندا ئاوا دەبێتت و بە مانایەکش زۆر بە تیژڕەویی زەبروزەنگەوە دەگەڕێتەوە نێو فەزای کۆمەڵایەتی و ژیانی تاکەکەسی، تا ئەو شوێنەی کە لە ڕووداوگەلی جیادا بە گوشارێکەوە بەرجەستە دەبێت.

بەشێکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی «ڕێفۆرمی ئایینی» لە ئایینی ئیسلامدا تا ڕادەی پەککەوتن، ئەگەر بڵێین بە جۆرێك لە مێژوودا هەبووبێ، ئەوا دواکـەوت. دواجار، ئایینەکە نەیتوانی لەگەڵ سـەردەم و گۆڕانکارییەکاندا هاوتەریب و دەقەکان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە «باوەڕی ئایینی» بۆ خۆی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە، کە دەکرێت بە ئاڕاستەی جیاواز و مەرامی سیاسی و بازرگانی بەکار ببرێ. واتە ئایین لە ئامرازێکەوە، ڕێگەیەکی باشە لە ژیاندا، دەبێتتە ئامانجێکی کولتوری-سیاسی و لە سەرووی هەموو «بوون» ، تەنانەت مرۆڤبوونی ئێمەشەوە دەوەستێ و هەموومان وەك مرۆڤ دەکەوینە پەراوێزیەوە.

ئیدی ژیان و کۆمەڵگە و مرۆڤەکان دەبنە قوربانی، چونکە وەك ئامرازێ سەیر دەکرێتن، بەڵام دەبێت بپرسیین: ئاخۆ ئایین ئەگەر باشە، لەبەر ئەوەیە کە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، یان دەبێت هەموو مرۆڤایەتی لەپێناویدا بژین و بمرن؟ من پێموایە پیرۆزیی ئایین لە پیرۆزیی ژیان و بەرزیی

ڕۆحی مرۆڤەوەیە، دەنا دەبێت سوود و کەڵکی ئایین چی بێ، ئەگەر دژ بە گیان و ویژدانی مرۆڤ بێ؟

بۆیە ئەو ڕووداوانــە نموونە و شایەتحاڵی ڕاستییەکن: ئاییننداری بە جۆرێك لای ئێمە بەرەو نەمان و ئاوابوون دەچێ و ئایینپەرستی جێگەی دەگرێتەوە. واتە، ئەوەی کە هەیە، لە بەرگ و لەژێر دروشمی ئاییندایە، پەیامی ڕاستەقینە و خودی ئایین نییە، بەڵکو دیاردەپەرستییە، کە لێوەی ڕێوڕەسمەکانی ئایین کورت دەبنەوە بۆ تەنها نمایشێکی جەماوەری، کە واتای خۆی لە دەست دەدات. هاوکات لە ئەوپەڕی تووڕەیی و توندوتیژیی خۆیدا پێداگیری لە بەجێهێنانی ئەرکێك دەکات، کە وەك تاقە ئامانجێ لە ژیاندا پێناسە دەکرێت.

ئیدی هەندێک ڕەفتاری بـاوەڕدارانێـك کە لە سووتاندن و توندوتیژی و ئاگرتێبەردان، بەردبارانکردن، هــاوار و بانگەوازکردندایە، ئەمە بۆ خۆی دەبێتتە ڕێوڕەسمێکی شێوەئایینی و پیرۆز دەکرێت، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە، کە هەندێ جـار بە کوشتن و هەندێ جـار بەربەرییانە ئەنجامدەدرێت! ناشاردرێتەوە کە هێزگەلی باوەڕیی ئایینی بەشداری لە فەوزا و هەڵوەشانەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەکات، کە ئەوسەری دیار نییە و نازانیین چی چاوەڕوانمانە . ئەوەی کە ئێمە لەو ڕووداوانەدا بەرچاومان کەوت، ئەوەیە کە خەڵکێ لە بڕوایەکی ئایینیی سادەوە بە بزواندن و هاندانی لایەنی تر دێتە سەرشەقام و هێرش دەکات لەپێناوی دروشمێ، کە ناوی «پارێزگاریکردنە لە ئایین و دژایەتیکردنی خراپە!

# بەشی چوارەم
# پرۆژەی ئیسلامیزم و ئاکامەکانی

**پرۆژەی ئیسلامیزم و ئاکامەکانی**

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئایین لەژێر مەترسی و تیاچووندا نەبووە، بەڵام ‹سێ دەیە› زیاترە بەرەو ڕووی دیاردەی ئیسلامیزم دەبینەوە. خۆمان لە بەردەم گوتارێکی سیاسی بەئایین جۆشدراودا دەبینەوە، بۆیە ئەو پرۆسە نوێیە لە ژیانی سیاسی و ئایینی ئێمەدا خستینیە بەردەم پرسیارێك: ئەم گوتارە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و هەڵقوڵاوە؟ هۆکارە بابەتی و خۆییەکانی ئەم پرۆسە تازەیە چییە؟ ئایا شکستی سێکۆلاریزەکردنی ئایینە؟ ئایا کاریگەریی کولتوور و ڕێکخراوە ئایینییەکانی دەوروبەری کوردستانە؟ چەندان پرسیاری تر.

## 1- سیکۆلاریزەکردنی ئایین

شاراوە نییە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە جۆرێك لەگەڵ باوەڕی ئایینیدا ڕەفتاردەکەن، کە دوورە لە کەنارخستن و بێبەهاکردنی ئایین و هاوکات بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی سیاسی و بازرگانی. جگە لەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە تا ڕادەیەکی باش چارەسەری پرسی ئایین و هەژموونەکانی ئایینیان لەسەر فەزای گشتی و کۆمەڵایەتی کردووە. ڕێکخستن و جێخستنی ئایین لە نێو ژیانی تاك و فەزای گشتی و سیاسیدا بەرئەنجامی مێژوویەك لە جەنگ و شەڕوشۆڕی ئایینییە. هاوکات ئاکامی کرانەوە و دیموکراسییە، کە پێگە و جێگەی ئایین لە شوێن و کاتی خۆیدا دەستەبەر دەکـات. هەر بۆیە ئایین لەو کۆمەڵگەیانەدا گرفت و کێشەیەك بووە، چونکە کە ئایین دەبێتە دەسەڵاتێك و هەژموونی بەسەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانەوە دەبێت، ئیتر دەبێتە ئامرازی دەستی هێز و تەنانەت حکومەتەکان.

لەم سۆنگەوە، دەبێت بپرسین ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە سیستمێك و ڕێسایەکی سێکۆلاریست لە هەرێمی کوردستان ببێتە ڕێکخەر و پێوەری ژیانی ئایین و باوەڕداری؟ بێگومان پێش وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەمەوێت لەوێوە دەست پێبکەم، کە مەبەست لە ‹سیکۆلاریزەکردن› ئەوەیە ئایین و باوەڕەکان (بەتایبەت ئایدیۆلۆجیا سیاسی و حزبییەکانیش کە بوونەتە دۆگمایەکی ئایینی) ببنە بابەتێکی پەیوەستدار بە تاکەوە لە نێو فەزای گشتیدا، نەك پرۆسەیەکی سیاسی و پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆجیی گشتیی سەرتاپاگیر. بە دەربرینێکی

تر: «بەتاك-بوونی» (شەخسیبوونی) بڕوای ئایین و شێوازی پراکتیزەکردنیەتی لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

لێرەوە، پێویستە ئێمە پرس و خواستی ئایین لە ناو کوردستاندا بۆ کایەی تاکەکەسی «Privet Sphere» بگوێزرێتەوە. واتـە؛ ئایین ببێتە مەسەلەیەکی کەسی و چیتر ئەو لەژێر باری ئەو پرۆسە هەژموونگەرە کۆمەڵییەدا نەبێ، کە فەزای گشتی و کولتوریمان دادەپۆشێ و بە ناوی بیروباوەڕی گشتەوە دواجار ئازادیی تاکەکەس زەوت بکات. بۆیە بەئەقڵانیکردنی بیرکردنەوە و باوەڕی ئایینی لێرەوە دەست پێدەکات، کە ئایین لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە سەردەمێکی بزۆز و ئاڵۆزدا دەبێتە هۆی ململانێی نێوان بیروباوەڕە جیاکان و هەڕەشەیەکە لە ئاسایش و هێمنیی نیشتمانی، چۆن تێبگەین و لێکی بدەینەوە؟

دیارە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەقڵانی و سەردەمییانە بۆ پێگەی ئایین و پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە هەنگاوێکی پێشمەرجە بۆ سێکۆلاریزەکردنی حوکمرانی. کاتێ ئایینداری دەبێتە ئیختیارێکی شەخسی وەك مافی هاووڵاتیبوون لە دیموکراسیدا، هاوکات گەیشتنە قۆناغێ کە مامەڵەکردنی ئەقڵانی پەیوەندیی ئایینی و باوەڕ لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا ڕێکدەخات. لەبەر ئەمە، سیکۆلاریزەکردن هەنگاوێکە بۆ لەبنجداکوتینی دیموکراسی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تێپەراندنی ئەو ئاستەنگ و ڕێگرانەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی هەبوون.

هەڵبەت یەکێك لەو بیرمەندانەی کە باسیان لەو پرسە کـردووە، ‹ماکس ڤێبەر›ە. ئـەو پێی وایـە «سیکۆلاریزم»

پرۆسەیەکی بەئەقڵانیکردنی ئایینە و وەرگێڕانیەتی لە هەستوسۆز و ویژدانەوە، بۆ ئاستی بڕوایەکی ئەقڵانی، واتە بروای ئایینی لە چوارچێوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی ئەقڵانیدا بێ. ئەگەرچی ئەم بۆچوونە گرنگ و مایەی بیرلێکردنەوەیە، بەڵام تا ڕادەیەکیش جێی ڕەخنەیە، چونکە ئەو باس لە گۆڕانی پێکهاتەی دامەزراوەکانی کڵێسا دەکات، کە دواجار هەژموونیان لەسەر فەزای گشتی نامێنێ.

لە کاتێکدا «فەزای گشتی» و بیرکردنەوەی تاکەکان لە خۆیاندا گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە، کە ئەمەش بەسەر ‹ڤێبەر›دا تێپەڕیووە، لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی ئایینداریدا «تاك» لە نێو فەزای گشتیدا وەك خۆی ماوەتەوە. بەمانایەکی تر، سێکۆلاریزم گۆڕانکاری نییە لە خودی باوەڕدا، بەڵکو چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی باوەڕدارانە لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگە و حکومەتەکاندا. ئیدی دەکرێت دۆخی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا بە ‹پۆست سێکۆلار› دابنرێ، کە تێیدا هێشتا پێوستی بە ڕێکخستنی گروپ و جڤاتە ئایینییەکانە لە کۆی ژینگەیەکی سێکۆلاردا.

### 2- ئیسلامگەریی چ پرۆژەیەکە

بۆ تێگەیشتن لە پرۆژەی ئیسلامگەری، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پاشخانە مێژووییەکەی. دیارە نزیکەی نیوسەدە زیاترە بزاڤە ئیسلامییەکان بە ناوی پرۆژەیەکەوە کە ناوی پرۆژەی چارەسەری ئیسلامییە، گوتارێکی سیاسی و کولتورییان داڕشتووە و لەسەر بنەمای ئەوەش ململانێ و بەرەنگاریی سیاسی و چەکداری دەکەن، لەپێناو تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و ئامانجەکانی ئەو گوتارە، دەبێت لە چییەتی و ئامرازەکانی

ئەو بە ناو پرۆژەیە بکۆڵینەوە. دیارە پرۆژەی ئیسلامگەریی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی پێشتر، کە لە دایکبووی سەردەمی قەیرانە و لە داگیرکردنی نیشتمان و خاکی موسوڵمانانەوە دەستی پێکردووە.

هەڵبەت داگیرکردنی ئەو خاکە لە دیدی ئیسلامگەرەوە، واتە پیسکردنی پیرۆزیی سەرزەمینی موسوڵمانان. لە سەرووی هەموویەوە، لەدەستدانی «قودس» و پێشتریش ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، سەرەداوی ئەو پرسەیە، بۆیە لە ئەنجامی ڕوخاندنی خەلافەی «ئیسلامی» میللی و دارمانی ئیمپراتۆریەتی مێژوویی ئایینی، پرۆژەی گەڕانەوە و زیندووکردنەوە سەریهەڵدایەوە. پرۆژەیەك کە لە ویژدانێکی بریندار و تووڕەوە باس لەماڵوێرانی و هەڵسانەوە دەکات. پرۆژەیەکە کە ئەمڕۆ لە جیهانی موسوڵماناندا ڕەگی داکوتاوە. هاوکات دابڕان و پەرتەوازەیی بارودۆخ و وەسفی خاکی باوەڕداران دەبەستێتەوە بە سەدەهایەك لەمەوبەرەوە!

ئیدی پرۆژەیەکە باس لە بەرهەم و بەگژاچوونەوە و داگیرکردن و دوژمنکاری دەکات، نەك پرۆژەیەکە بۆ ژیانی پێکەوەبوون و هاوبەشێتی لە ئێستادا، کە بایەخ بە ئاسایش و هێمنی و کۆمەڵگەی مەدەنی بدات، واتە پرۆژەیەکە هەر لە یەکەم سەرنجدا بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەیە، بۆیە لەو هەلومەرجەدا خۆی دەبینێتەوە، نەك توانا و دامەزراندنی و بەڕێوەبەری و چارەسەری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لەم سەردەمەدا.

لەبەر ئەوە، پرۆژەیەك نییە بۆ هەڵکردن لەگەڵ جیاوازییەکان لە ناو خۆیدا، بەڵکو بۆ بەربەرەکانیکردنی جیاوازییەکان لەسەر

ئاستی دەرەوە و ناوەوە. کەواتە؛ مەبەستمان لە پرۆژەیەك نییە، کە شارستانی و کولتوری بێ، بەڵکو سەراپاگیری و ئایدیۆلۆجیای ئایینییە، بۆیە ئەگەر پـرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە دەرگای سیاسیی دەوڵەتدا بچێتە دەرەوە، ئەوا ڕێگەی خواپەرستی و ڕەوشتی ئیسلامی لەسەر دۆگمای ئایینی و بیروباوەڕی کۆمەڵگە درێژە بە خۆی دەدات. لێرەوە، دەکرێت دەستنیشانی هەندێ لە نیشانەکانی پرۆژەی ئیسلامگەرا بکەین:

**3- ترسگەری گەنجینەی وورەو بەربەرەکانی و پارێزگاری**

گومانی تێدا نییە کە ترس پێدراوێکی مرۆیی و دۆخێکی سروشتییە، بـەڵام کاتێك بۆ پرۆژەیەکی سیاسی و ئایینی دەگۆڕدرێ، بەتایبەت پرۆژەیەکی توندڕەو «فەندەمینتالیزم»، ئەوە ناکرێت ئێمە تەنها لەسەر ئاستە دەروونییەکەی بوەستین، چونکە دەبێتتە بنەمایەکی پیادەکردنی سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن. ئەمەش وەك پەرچەکردار و میکانیزمێکی کارای تەشەنەسەندنی خێرا. ترس لە گۆڕانەکان و هاتنی نەریت و بیروبۆچوونی نوێ، دەگۆڕێ بە خەمی لەدەستنەدانی بەها ئایینییەکان. هاتنی بەها جیهانییەکانی وەك دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ بۆ ناو کۆمەڵگە داخراو و کۆنەپارێزەکان لە فۆرمی پەلامار و هێرشبردنە سەر ئایین و کولتووردا بوو.

هاوکات ئەم بەها نوێیانە دەرگای ڕژێمی تۆتالێتارێتی و هزری نادیموکراسییان لە نێو دەسەڵات و حکومەتەکاندا خستە سەر پشت، چونکە ئەو حکومەتە سەرکوتکەرانە وایان نیشاندا کە ئەو بەها مۆدێرنانەی کە باس لە ئازادی و مافی مرۆڤ دەکات، دژ بە بیروباوەڕی کۆمەڵگە و بیروباوەڕی

هاوردەیە. بەمەش جارێکی تر ویستی هێز لە ڕێی برەودان بەو پڕوپاگەندانە، بووە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی ئەو گروپە توندڕەوانە بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵدا. ئەوەشی ڕێخۆشکەر بوو لەمەدا، نەبوونی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بوو. جگە لەوەی خەڵکی ئامادەباشی و توانست و مەیلی وەرگرتنی چەمك و بەهای نوێی هەبووە. لە کاتێکدا لەژێر باری ئابوری و گرانی و نەخوێندەواری و چەوسانەوەدا دەناڵێنن.

لەم بارودۆخەدا پێداگرتن لەسەر بەها ڕۆحییەکان تەنها پردێکە، کە کێشەکانی مرۆڤ بە ڕابـردووەوە گرێ دەدات و ڕاگرتنی شیرازەی کۆمەڵ و هیوابەخشین بە مرۆڤ دەبێتتە دەروازەیەك بۆ کۆنترۆڵکردن. بۆیە مرۆڤ ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی بە چەمکێکی نامۆ و ناڕەوشتی تێدەگات، کە بەرەو بەرەڵڵایی و پشێوی دەڕوات. هاوکات زانست بە هۆکاری داگیرکردن و لەناوبردنی ئایین و باوەڕ دەزانرێت. لە کاتێکدا خەڵکی دەترسن بەها جیهانییەکان کە لە ڕۆژئاوادا باوە، جێگە بە هی خۆیان لێژ بکات. بۆیە جێگەی پرسیارە کە چۆن ئەو وێنانە دروستبوون و چۆن بەو چاوە دژخوازییە سەیری جیهان دەکرێت؟

هەڵبەت تەکنەلۆجیا و هەندێ ڕۆشنبیر ڕۆڵی گەورەیان لە دروستکردنی ترس و سڵەمینەوە هەیە، لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆسەپێنەر درێـژکـراوەی سیاسەتی دەرەکییە و ڕەوایەتیی قەڵەمڕەوی لە ناوخۆدا جێگەی متمانەی خەڵك نییە، چونکە سەر بە خۆرئاوایە و وەك پرۆژەیەکی سیاسیی درێژکردنەوەی بەرژەوەندیی خۆرئاوا دەبینرێ. دەسەڵاتێکی گەندەڵە و خەڵك لە دوورەوە ئەو دوو نموونەی لە بەردەمدایە، کە لافی مۆدیرنە لێدەدات و

پیادەشی دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە زۆرتر پەرچەکرداری توندتر دژ بە گۆڕان و مۆدێرنە دەبێت، لە کاتێکدا لە ڕێی تەکنەلۆجیا و گلۆباڵەوە گۆڕان زۆر بە خێرایی خۆی بەسەر هەموو دنیادا دەسەپێنێ. پاشان پیادەکردنی ترسێك کە خۆی لە لەدەستدانی ناسنامە و ئایین و باوەڕدا دەبینێتەوە، وەك تاقە ڕێخۆشکەر بۆ بەرەنگاربوونەوە سەهەڵدەدات.

کەواتە فەندەمێنتالیزم لەمەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوە و خۆقوتارکردن لە سیستمی جیهانیی نوێ، بەڵام بێپەرواشە لەوەی کە ئایا بەو جۆرە ڕزگاری بێ، لەبەرئەوە گەورەترین کاری تیرۆر و تەقاندنەوە ئەنجام دەدات. واتە ئەوەندە کار لەسەر ڕووخاندن و تێکدان دەکات، ئەوەندە کار لەسەر دروستکردن و پرۆژەی بنیاتنان نییە. هاوکات هێندەی ئەو پرۆژە ئیسلامگەرییە خۆی وەك بەرنامە و پلانێکی ساخ و ئامادەکراو دەبینێ و هیچی ناوێ جگە لە پیادەکردن و جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی لە واقیعدا، ئەوەندە گەڕان نییە بۆ بنجوبناوانی کێشە و قەیرانەکانی جیهانی ئیسلامی.

لێرەوە پرسیار دەکەین: ئایا ڕووداوەکان و پێکدادانەکانی سیاسەت، جەنگ و شەڕوشۆڕەکان بە جەنگی کولتوری دابنرێن؟ جەنگی پرۆژەی ئایینیی نوێ بە جەنگی نەتەوە و ناسنامەی نەگۆڕ بژمێرین؟ بە ڕای من نەخێر، چونکە جەنگێ نییە لە نێوان موسوڵمانان و ناموسوڵمان، گەرچی هەردوولا بەشداریشن لە جەنگی ئابوری و هتد... بەڵکو جەنگی وێنای کولتوریی ئەو باوەڕدارانەیە، کە لەسەر بنەمای کولتوری و باردووۆخی سیاسی ئابوری بەرامبەر یەکدی هەیانە.

**ناسەردەمیی:**

یەکێك لەو نیشانانەی کە ئەمڕۆ ئیسلامگەر تێی کەوتووە، شێوانی هزری زەمەن و تێنەگەیشتنە لە سەردەم و وەختەکان لە ژیانی کۆمەڵدا. دەتوانین ئەو دیاردەیە بە ئەناکرۆنیزم (Anachronism) ناو ببەین، واتە؛ وێناکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی ڕووداو و کەسگەلێك لە کۆنتێکستێکی مێژووییدا، کە هەرگیز نەبووە و نەهاتۆتە ئاراوە. بۆیە، ئەو وێناکردنەی ئیسلامگەرەکان بۆ کۆمەڵگە و کێشە و خواستەکانی مرۆڤ، بە شێوەیەکە، کە بەردەوام دەبردرێتەوە بۆ سەردەمێکی تر. واتە سەردەمێك کە لایان ڕەسەن و زێڕینە.

هەر بۆیە تێگەیشتنیان بۆ ئێستا تەنها بەنزیکخستنەوەیە لە ڕابردوو و ئەزموونە مێژووییەکان. لەبەر ئەوە، ڕاستترە بوترێ پرۆژەی ئیسلامی بۆ خۆی پڕۆژەیەك نییە، بەڵکو زیاتر خۆپاڵدانە بۆ دەستکەوتەکانی ڕابردوو، نەك لەوەی کارکردنە لە ئێستادا و بە ڕوانگەیەکی ئەمڕۆیی. پڕۆژە، دەبێت ڕەهەندی ئێستایی و داهاتوویی و پاشەڕۆژیی هەبێ، نەك چەمکی «ڕۆژی دوایی» کە بیری ئایینی وەك ئامانجێك بۆ ژیان چاوی تێبڕیوە! بۆیە، کاتێك لە ڕێی باوەڕ بە بەهەشتەوە و ترسان لە دۆزەخ خەڵك گۆش دەکرێت، لە ئێستای زەمینی دادەبڕدرێ.

پاشان ئەگەر بارودۆخیش کە بەردەوام وەك ‹دۆزەخێك› وێنا دەکرێت، ئیسلامگەرەکان نایەن ئەو هۆکار و گرفتانەی ئەو دۆزەخەی دروست کردووە، بگێڕێنەوە بۆ چارەسەرێکی مرۆیی، بەڵکو بە تۆڵەیەکی یەزدانی لە خەڵك و مرۆڤەکانی دەزانن. بە داخەوە لەوەدا کە هەندێ

نوسەر و ڕۆشنبیر درك بەوە ناکەن، کە بەشداریکردن لە بێزاندنی ئەو واقیعە ناجۆرەی ئێمە تێیدا ئەژیین، هاوکاری تەماویکردنی دید و جیهانبیی دروست و هیوابەخشە. سەیر نەبێ کە دیدی ‹نیهلیستی› داڕوخێنەر لای زۆرێ لە ڕۆشنبیرو نوسەران ڕەگێکی ئایینیی هەیە، کە ئەویش دەکرێت بە»بێزاندنی ژیانی زەمینی» ناو ببرێ. چونکە قێزەوەنکردنی دنیا و ئەم جیهانە، ئەو شرینقە سڕکەرەیە، کە لە ڕێی ئایینەوە دەکرێتە هەستی خەڵکەوە!

**1- پرۆژەیەکی «خوداگیره»:**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بەناو پرۆژەیە ئەوەیە، کە بە ناوی خودا و پیرۆزیی ئەوەوە، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی خودایی دەدات. دەوڵەتێ کە هەڵگری بیروباوەڕێکی سەنتەرخواز و چەقگەرایە و هەر لە سەرەوە فەرمانڕەوایەتیی جیهانی خوارەوە دەکات! بەڵام ئەوە پرسیارێکە کە ئەگەر دابڕان لە نێوان جیهان و دنیای سەر و باڵا لەگەڵ دنیای نزمی مادیدا هەبێ، ئیتر بۆ دەبێت لە جیهانی باڵاوە، دەستوور و ڕێنمایی جیهانی خوارەوە بکات؟

**2- دەمڕاستیکردنی خەڵکی بە ناوی ئامۆژگارییەوە:**

نیشانەیەکی ئەم ڕەوتە باوکسالارییە لە مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ حەز و ویستی تاکەکاندایە، واتە بە شێوەیەك ڕەفتاریان لە تەکدا دەکرێت، کە مافی کەسیان پێشێل ناکا، چونکە لەجیاتیی خۆیان بڕیار و بیرکردنەوەیان بۆ دەکرێت! دیارە

پەیامی ئایینی دەستکاریکردنی لە لایەن ئیسلامگەراکانەوە لە پەیامێکی ڕۆحییەوە کراوەتە ‹ڕەچەتەی ژیان›. بەمەش ڕێخۆشکردن بۆ دەمڕاستی و مامۆستاییکردنی خەڵکی کراوە.

لە کاتێکدا پەیامی› قورئان› یادخستنەوەیە، واتـە وا لە مرۆڤ بکات ئامانج لە ژیانی یاد بێتەوە، نەك ئەوەی پەیامێکی سیاسی بخرێتە مێشکیانەوە. لە سۆفیگەری و عیرفاندا ئەم شێوازی کارکردنە ڕۆحییە و یادخستنەوەی مرۆڤە کە خۆی دەبێت بڕیاردەر و بەدواچوونی هەڵسوکەوتەکانی ئەگەرچی ڕێنیشاندەری دەبێت، بەڵام دواجار دەبێت هەر خۆی لەسەری بڕوات.

### 3- سیاسەتکاری یا ئاینداری؟

لێرەدا، دەمەوێت کێشەی بەسیاسەتکردنی ئایین و بەئایینکردنی سیاسەت بخەمە ژێر پرسیار و توێژینەوەوە، کە تا چ ڕادەیەك ئەم دیاردەیە «نوێیە» لە کوردستاندا و لە بواری سیاسی و بەڕێوەبردندا چەندین گرفتی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناو سیاسەتی کـوردی و بیرکردنەوە بەگشتی. لەلایەکی ترەوە چۆن ئەم ڕەوشە بۆتە هۆی بارگرانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی ئێمە، بەتایبەتی لەم ساتەوەختەدا! ئەمڕۆ چ لە دنیای سیاسەت و چ لە ئایینداً، تێکەڵاوخوازییەکی بێسەروبەر لە نێوان دیدی سیاسی و ئایینیدا دەبینرێت. ئەم دوو کایەیە بۆ خۆیان بوونەتە تەمومژێك لە بـەردەم هەموو ئاسۆی جیهانبینییەکی ڕووندا.

کاتێك بابایەکی سیاسی بەرگی ئایینی و پیرۆزی دەکاتە بەر کار و هەڵسوکەوت و گوتارە سیاسیەکانی، چیتر سیاسەت یەك مانای هەیە، چونکە جەماوەر توانای جیاکردنەوە و تێگەیشتن لە ئامانج و بەرنامە سیاسیەکانی نامێنێ. بە هەمان شێوەش ئاییندارێك شێوان و تێکەڵکردنێك لە نێوان ئەرکی پەرستن و ئەرکە سیاسییەکاندا دەکات، ئیتر سنوورێك نامێنێتەوە کە لێوەی بزانرێت ئایا کە ئەم ڕەوتە سیاسییە یان ئایینییە یاخود ئەم مرۆڤە ئاسمانییە، لە لیتاوی سیاسەتبازیدا گیری خواردووە!؟

ئەگەر سەرنجێکی خێرایی چەمکی سیکۆلاریزم بدەین، دەبینین گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی پێشکەوتنخواز و نوێخوازە. پێداگرتنە لە جیاوازیخستنە نێوان دەوڵەت - ئایینەوە کە ئەمە سەرەکیترین بنەمای سیاسی بەرجەستە دەکات. بەڵام ئەم شێوازە بیرکردنەوە و تیۆرە لە دنیای سیاسیی کوردیدا بە پێچەوانەوە پراکتیزە دەکرێت. هەڵگرانی ئەم تەرز و نەریتە دروشم و گوتارەکانیان لەگەڵ ئایین و نەریتە باوەکاندا تێکەڵ دەکەن. نەك ئەوەندەش، بەڵکو خۆیان دەبنە بڵندگۆیەکی ئایینی - سیاسی. تەنانەت گوتاری سیکۆلاریزمیش دەکرێتە ئایینێکی نوێ! ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکی ترە.

ئەگەر ئاوێتەکردنی ئایین سیاسەت وەك شێوازێکی ساکار و سەرلێشێواو بە مۆدێلێکی سیاسی دابنرێت، کە زۆر تا کەم لە خۆرهەڵاتدا (وڵاتانی هەرێمی و نزیك) باوە، چونکە سیاسەت (دەوڵەت) لەم ناوچانەدا تۆتالیتاریزمییانەیە لە بیرکردنەوەدا، بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ پەلدەهاوێژێت. ئەنگیزەی کۆنترۆڵکردنی سەرتاسەری و هەر پانتاییەکە لە دەرەوەی

خۆی. دەبێتت هەموو بیرکردنەوە و دیدێك لە کارگەی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی خۆیەوە سەرچاوە بگرێت. لەبەر ئەوە، ئەگەرچی ئایینیش کایەکی کۆمەڵایەتیی جەماوەرییە، لەم شاڵاوە بەدوور نابێت. پەلکێشکردنی سیاسەت و دەوڵەت بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگە درێژ دەبێتتەوە، تەنانەت تاکەکانیش دەبنە قوربانیی ئەم ڕەوش و ستراتیژیەتە و دەخرێنە ناو پاوانەی چاودێری و ڕکێفییەوە.

بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی تێکەڵخوازی گەر لە دەم و زوبانی سیاسەتمەدارەکانەوە وەربگیرێت، تەنیا بیانوویەکی جوانە؛ ئەویش لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕی جەماوەر و کۆمەڵگەیە و ڕێزگرتنە لەو سامانە کولتوری و ئایینییە!؟ لێرەدا دەرفەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم قسەڵۆکە نییە، تەنیا ئەوەندە بوترێ کە سیاسەتی کوردی (پارتەکان) هێندەی بلێیت لە هەموو ڕوویـەکـەوە، بەتایبەت لەگەڵ ئایین خۆگونجێنەرن (کۆمپرۆمیست). چونکە زۆربەی حزبەکان خاوەنی ئایدیۆلۆجیا و دیدو ڕوانینێکی فەلسەفیی نین بۆ خوێندنەوەی پێکەاتەی کولتوریی کۆمەڵگە و دنیابینیی مرۆڤی کورد.

بێگومان جەماوەر و ڕای گشتی بۆ خۆی تابلۆیەکی سپیی پڕنەکراوەیە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی پێکەێنان و ئاڕاستەکردنی دەدرێـت. وامـان حاڵی دەکـەن بەشێکی ڕێزی ڕای گشتی لە ڕێی ئەم تێکەڵاوخوازییەوە، کە بۆ خۆی لە سەروو هەموو بنەما و بیرێکی پێشکەوتنخوازانەوە دەوەستێت! بەڵام خودی ئەم لەبەرچاوگرتن و ڕێزدارییە بۆ (جەماوەر) لە واقیعدا ڕەفتار و کردەوەی ڕۆژانەی سیاسەتە

و هەڵتەکێنەری ئەم ڕستە پیرۆزەیە. مەگەر، تەنها مەسەلەکە کێشکردنی هەستوسۆزی زۆرینە بێ لەپێناوی دەسەڵاتخوازیدا. گرفتەکە لەوەدایە کە لاف بە باڵای مۆدێرنێتە و ناوەکانی تردا لێدەدرێت و کاری پێناکرێت، لە هەمانکاتدا داوا یان چاوەڕوان دەکرێتن لە دەرەوەی ئەم پارت و ڕێکخراوانەوە کە بە هیچ جۆرێك مامەڵەی سیاسی بە ئایینەوە نەکرێت. لە کاتێکدا خۆی پێشەنگی تێکەڵاوخوازیەتی چەواشەیە.

شایەنی باسە، ئەم دیاردەیە تەنیا دنیای سیاسیی ئێمەی نەتەنیوە، بەڵکو پەراوێزێکی پانوبەرینی لە هەرێمەکانی دەوروپشتماندا هەیە. ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکی ترە لە تەنینەوەی ئەم درمە بۆ ناو بیری سیاسیی کوردی. بێگومان جیاکردنەوەی ئایین - سیاسەت لەمڕۆدا هەروا کارێکی سانا نییە، چونکە دیاردەکە هۆکاری مێژوویی و کولتوریی لە پشتەوەیە، بەڵام لە مێژووی بیری سیاسی و حوکمڕانیدا هەنگاوێکی نوێ و گرنگ دەبێتت. ئاشکرایە دۆخی سیاسیی ئێمە درێژبوونەوەیەکی مێژوویی خۆی لە ناوچەکەدا هەیە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی باڵادەستبوونی ئایین و حوکمڕانی ئایینی.

پاشان بانگهێشتن بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و باوەڕ، ئەگەر بناغەیەکی یاسایی و زانستی داڕێژراو نەبێت و دەسەڵاتە لۆکاڵەکانیش بۆ خۆیان جوداکردنەوەی کایەکان پێشێل بکەن، ئەوسا هەر بانگەوازێك کە دەکرێتت، مایەپووچیی بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر هەر پارتێك لە ڕاست بۆ چەپ بە دەستێك دەستنوێژ بشوات و شایەتمان بەێنن و بە دەستێکی تر هەڵگری ئاڵای مۆدێرنێتە و... هتد بێت،

بۆ دەبێتت پارتەکان دەزگای فتوای ئایینی و پیاوانی خۆیان هەبێت بەو کارانە هەڵبستن؟

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: کێ باوەڕ بەکێ بهێنێت؟ ئەمە جگە لە کۆمیدیای سیاسی نەبێت، چیدیکە ناگەیەنێت، کاتێك سەرکردەیەکی سیاسی، نەك سەرکردەی پارت و ناوچەیەك بێت، بەڵکو خۆشی وەك پێشەوایەکی ئایینی و ئیمامئاسا بنوێنێت! لەبەرئەمە جارێکی تر، گومان لە سەرکردەی سیاسی دەکرێتت، کە تا ئەم ساتەش لە بەرگە کلاسیکی و کۆنەکان دەرنەچووە و توانای خۆگۆڕینی نییە. گومانی تێدا نییە سەرکردەی کوردی سەردەمی ڕابـردوو یان نیوسەدە لەمەوبەر کەسانێك بوون، یا ئاوێتەیەك بوون لە سیاسەت و ئایین، کە ئەوەش وەك باسکرا، هۆکاری مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی لە پشتەوە هەبوون. لەمڕۆدا ناکرێتت چاو لەم ڕاستییە بپۆشرێت کە تێکەڵاوکردن و نەبوونی ستراتیژیەتی ڕوونی سیاسی و کارکردن و هۆشیاریی سەرکردە و سیاسەتمەدار کەم دەکاتەوە.

هەمان تێکەڵخوازیش بۆ هەڵگرانی ئایین ڕاستە، کە تەنیا بە پۆستی پێشەوایەتی ڕۆحی و ئایینی قایل نابن، بەڵکو بە هەموو ڕێگایەك هەوڵ دەدەن ببنە سەرکردەیەکی سیاسی و دەوڵەت! نەك تەنیا دواڕۆژ مسۆگەر بکەن، بەڵکو لە پێشدا دنیاش قوت بدرێت. دیارە چەمکی کۆمەڵگە - دەوڵەتی نوێ لەم سەردەمەدا بە ئاشکرا و ڕوونی توانیوێتی سنوورێکی جیا لە نێوان پەرستگە/ دەوڵەتدا دابنێت، کە نە دەوڵەت توخنی کاروباری ئایینی بکەوێت و بەکار بەێنرێت لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکاندا، نە نوێنەرانی ئایینیش خۆیان لە کاروباری

دەوڵەت و یاسا هەڵبقۆرتێنن. ئەم سنووره یاساییە دەوڵەت وەك دەزگایەکی سیاسیی ڕەوایەتی (لێگێستیم) لە دەستتێوەردان دەپارێزرێ و دەچێتە کایەی ژیانی تاکەکەسەوە.

ئەم خاڵە گرنگە کاتێك باس لە دەوڵەتی سێکۆلاریزم دەکرێت. کەچی لە زۆرێك لە باس و لێکۆڵینەوەکاندا لە بیردەکرێتن، هەروەها وەك ڕەوشێك لە یاساناسی و ڕۆشنبیری سیاسیی کۆمەڵگەی مۆدێرندا نەڕسکاوە. ئاوێتەکردنی ئایین بە سیاسەت چ وەك تاکتیك بێت، یان شێواندنی سیاسی و ئایینی، پێش هەموو شتێکسەرگەردانیی سیاسەت و ئایین دەگەیەنێ. خۆساغنەکردنەوە لەو نێوانەدا جگە لە گەمەیەکی دێماگۆجی و دەمامك، چیتر نادا بە دەستەوە لە بەردەم ڕای گشتیدا. کاتێ بانگەشەی ئازادی و سەربەستیی بیروڕا دەکرێتت، دەبێتت ئەو ئازادییە ئەوپەڕی ڕوونی و هەڵماڵینی ڕوخسار و کات بکات و کەشێکی سیاسیی بێپەردە و بێپێچوپەنا بێت. هاوکات، ئەوە مسۆگەر بکات کە هەموو بیرکردنەوەیەك بە جیاوازییانەوە بوێریی ئەوەیان هەبێ کە چیتر مرۆڤ یا بیروڕایەك خواستە سیاسییەکانی پێشێل نەکات. هاوکات بسڵەمێتەوە لە بەردەم ئەو دادگایەی کە ناوی ‹ڕای گشتییە› و لە لایەن دوو دەسەڵاتەوە پیادە دەکرێتن و پەنا نەبردرێتە بەر ڕووکەشکردنی بەرنامەکانی بە باوەڕی ئایینی. ئیدی مەترسی لەوەدا نییە کە هەموو پارت و ڕێکخراوێك، ناسنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا بێت.

پێم وایە، کۆمەڵگە هیچ ئایدیایەك لەبەر هۆکاری بیروباوەڕ لە خۆیدا ڕەت ناکاتەوە. چونکە ڕای کۆمەڵ لە مێژووی ئێمەدا هیچ کاتێك، بڕیاردەر و خاوەنی بڕیاری سیاسیی مانەوە و

هەڵوەشاندنەوەی نەبووە. پاشان، خواست و داخوازییەکانی کۆمەڵ لە پێشدا داواکاریی ئایدیۆلۆژی نین. ئەوەی چاوی کۆمەڵگە دەیبینێ، خودی ئەو ئایدیۆلۆژیا دروستانە نین، کە لە پشت کارەکانەوە وەستاون، بەڵکو جەماوەر چاوی لە خزمەتگوزاری و کارکردنە، هەمیشە پرسیاری کۆمەڵ لە سیاسەت و پارتەکان لە چی ئەکەن و یا چییان بەجێهێناوە کۆ دەبێتتەوە، نەك لە ڕیزکردنی ڕستە جوان و بڵندئامێزەکان.

ئەگەر پارتێك، یا سیاسییەك بە ئاشکرا خۆی یەکلا بکاتەوە کە کاری ئەم باوەڕی و ئایینییە، بەڵکو سیاسەت و ئەو دنیایە کە پێوەی بەندە. ئەمە، هیچ ئاکامێکی ترسناکی نابێتت. ئاییندارێکیش ئەوە بخاتە بەرچاوی خۆی و خەڵکی کە خەریکی سیاسەت و چالاکیی پارتایەتییە، یا وەك هەر کەسێکی ئاسایی. بەڵام وەك هەر کەسێکی سیاسی و لە دەزگا و فەرمانگەکاندا ئەرکی تری لەسەرە: نابێت بە باوەڕ و ئایین و پارتەوە پەیوەست بێ. لادانی پەردە و دەمامك لە ڕوخسارەکان و تێکەڵاونەکردنی دروشم و باوەڕ و بەکار نەهێنانی هەست و سۆزی ئایینی کۆمەڵانی خەڵك ئەوپەڕی ڕاستگۆیی و جەربەزەییە.

سەرەڕای ئەوەش، تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت هۆیەکە بۆ دابەشکردنی خودی کەسی ئاییندار و دروستکردنی هەندێك کێشەی دەروونی بۆی. ئەستەمە مرۆڤ لە یەك کاتدا هەڵگری پەیامی ئایینی بێت و پابەند بێت بە ڕێوڕەسمەکانی، کە بۆ دنیایەکی تر بێت، خۆی لە ناو دنیای سیاسەت و تاکتیدا بگەوزێنێت. پرەنسیپەکانی سیاسەت بە هیچ شێوەیەك لە ئایین نزیك ناکەونەوە. لە پاش بڕینی چەندین سەدە لە دەست ململانێی نێوانیان و پاشان جەنگی خوێناوی درك داماڵین لە یەکتری.

ئەم جیاکردنەوەیەش لەسەر بناغەی چەمك و واتای (ئایین - سیاسەت) لە شێواز و ئەنجامدان و پاشان ئامانج و مەبەستەکانیاندا دێتە دی. بە پێی ئەم سێ تەوەرەیە، دەتوانین ئایین - سیاسەت لە یەکتری جیا بکەینەوە. ئاوێتەکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هـەردوو کایەکە دوو توخم یان ڕەگەزی جیاواز و سەربەخۆن، لە بنەڕەتدا تێڕوانینیان تەواو دوورە لە یەکەوە. چەمکی ئایین لە دەرەوەی کات (زەمەن) و شوێندا دەوەستێت و کاری پەرستش و پتەوکردنی پەیوەندیی خودە بە دەرەوە لە ڕێی ئەنجامدانی پەرستن بە ڕاستگۆیی، دوائامانجیش ڕەزامەندیی پەرستراوە. واتە تێرکردنی پێداویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤە لە پاکژی و هتدا... بەڵام سیاسەت بە هیچ شێوەیەك لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدار نابێتت، واتە کار بەم پرەنسپ و واتایانە ناکات. سیاسەت تا ئەوپەڕی دنیایی و هەنوکەییە و لەسەر بەرژەوەندی و قازانج ڕاوەستاوە. لە کاتێکدا ئایین چاو لەم بەرژەوەندی و قازانجە کورت و کاتییانە دەپۆشێت بۆ دواڕۆژێکی هەتاهەتایی.

ئایین ترانسێندێنتاڵە، لەبەر ئـەوەش دەبینین ڕەفتار و کارە سیاسییەکان پشت بە هیچ پێودانگێکی ئایینی نابەستن و سەرچاوەش نابن بۆیان. جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە، تەریککردنی ئایین لە کۆمەڵگەی مرۆڤ ناگەیەنێت. وەك ئاماژەم پێدا، ئایین بۆ خۆی ترانسێندێنتاڵە، لەبەر ئەوە هیچ ئەڵتەرناتیڤ و جێگرێکی تر نییە لە ژیاندا بۆی، چونکە باوەڕی ئایینی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ویژدان و نەستی مرۆڤەوە،

هەمیشە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی هەڵگری هەستێکی خۆڕسکی ئایینی و باوەڕ بووە و لە چەندین شێوازی جیاوازدا هەست و دیدی بەرجەستە کـردووە. وەك پێداویستییەکی دەروونی، کە بۆ خۆی مافێکی سروشتیی مرۆڤە بەگشتی.

**4- ئایین، دراوی گەمەی پیرۆز و گەمەی سیاسی**

هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت ئایین تەنها کاریگەریی لەسەر بارودۆخی سیاسی دەبێتت. نەخێر، ئەوەی سەرنجی وردی ڕەوشـی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگە موسوڵمانەکان بکات، دەبیتنێت ئایین لە گەمەی پیرۆزیی نێوان ئاییندارەکانەوە بۆ گەمەی سیاسیی نێو حزبە نائایینەکان ڕۆیشتووە. لەبەر ئەوە زێدەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین کە لە جیهانی ئیسلامی و کوردستاندا، ئەمڕۆ ئایین تا ئاستی خوێنڕشتن چۆتە چەقی ململانێ سیاسی و شەڕوشۆڕەکانەوە. بە دەربڕینێکی تر، گەمەی پیرۆزی ئایین دیوەکەی تری دراوەکەیە، کە ئەویش گەمەی سیاسییە.

ئاشکرایە، دەرکـەوتـنـی ئایین لە دنیای سیاسەت و دەستوەردانی سیاسییانەی ئایینیش دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام بەم فۆرمە گشتگیر و ڕێکخراو و گروپسازییە مایەی سەرنجە، چونکە ئەوە هەر ئاییندارەکان نین کە بەنوێنەرایەتیکردنی ئایین، پێگەی سیاسیش قایم دەکەن، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی و لەوەش زیاتر حزبە ئیسلامییەکانن. ڕەنگە ئیسلامییەکان لە لای خۆیانەوە بڵێن: مادام دەسەڵات و حزبەکان ئایین بەکار دەهێنن بۆ مەرامی خۆیان، ئەوا ئێمە ئەولاتر و لەپێشترین بەو بەکارهێنان و مافە. هەڵبەت ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی

ئەم ڕەوشە ئەوەیە، کە ئایین لە نێو دنیای سیاسەتدا لە پیرۆزیی خۆی دەکەوێت و کاراکتەر و پاڵەوان و نوێنەر و گێڕانەوەکانی دەبنەوە بە کاراکتەرێکی دنیایی ڕۆژانە. دواجار، ئەم نەك هەر لە پێگەو پایەی دەهێنیتە خوار، بەڵکو دەبێتتە ئامرازو دەستکەلای ململانێی سیاسی.

کاتێك ئایین دەکرێتتە ئەڵتەرناتیڤی سیاسەت یان بە پێچەوانەوەشەوە ئایین لە بەرگی ڕاستەقینەی خۆی دادەماڵرێت و دەبێتتە کەرەستەیەکی بازرگانی بۆ ململانێ و ڕامکردنی لەپێناو بەرژەوەندییەکاندا، لێرەدا ئایین لە کار و فەرمانە سروشتییەکانی دەکەوێت. چیتر توانای وەڵامی کێشە و گرفتەکانی ئێستای نابێتت. تەنانەت خۆشی دەبێتتە بەشێك لە گرفتەکان، لەبەرئەوەی ئایین لە دەرەوەی زەمەن بە ڕەهایی و سەربەخۆیەکی باڵاوە هەڵدەسووڕێت. هاوکات، ناتوانێت لە بەرامبەر پێداویستییەکانی ئەمڕۆدا خۆ بگرێ و لە بەرامبەر ئەو هەموو ئەڵتەرناتیڤ و ئەزموونانەی کە دەخرێتە بەردەم بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرسەختەکانی ڕۆژگـار، بوەستێت. واتە خۆی بکاتە یاسا و لە دەقێکی ئاشکرادا بۆ ساتێکی دیاریکراو کاری پێبکرێتت.

هـەر هەوڵێك لـەم ڕووەوە، تەنیا خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییە بۆ تێکستەکان، کە دەیەوێت ئایین بخزێنێتە ناو چوارچێوەیەکی تەسك و بیکاتە وەڵامێکی خێرا بۆ کێشەکان. لە کاتێکدا خودی تێکستەکان نووسراوێکن پەیوەندییان بە گرفت و کێشەکانی ڕۆژگارەوە نییە، بۆیە ئەم هەوڵدانە بۆ خۆنزیکخستنەوە و لێکچواندن و ڕاڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژییە لە پێناو گەڕان بە دوای چارەسەردا. ئەم کارە دژ بە ئایین

دەوەستێتەوە لەلایەك و دژ بە سیاسەتە لە هەموو ڕوویەکەوە و لە دەستدانی کێشەکانی ئێستایە، پاشان کوشتنی ئەم دوو جیهانەیە لە ژێر لێکدانەوەیەکی دۆگمایی و بەرژەوەندییە سەرسەختەکانی ئەمڕۆدا .

پێویستە پرسیارێك بکرێتت: لەجیاتیی ئەوەی ڕووناکبیری کـوردی لە گێژاوی ئەم باسانەدا بخولێتەوە، کە بە هیچ شێوەیەك سەر بە کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە نییە و گرفتی سەرەکیمان نییە. ئەگەرچی بەم شێوە دەکرێتتە کێشەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، ئاخۆ باشتر نییە سەرقاڵی بابەتی گرنگتر و چارەنووسساز بێت، کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە داهاتووی مرۆڤی کوردی پێوە بەندە. دیارە جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەیەك بەتایبەتی لەمەڕ مۆدێلی سیاسیی کوردی ئەنجامبدرێت، کە لە کام سەرچاوەوە هەڵدەقووڵێن و لەژێر کارتێکردنی کام مۆدێلی سیاسیدایە.

**5- ئیسلامگەریی ئاوێتەیەکی سیاسی/ ئایینی**

بۆ تێگەیشتن لە پرۆژەی ئیسلامگەرایی، سەرەتا دەبێت لەوەوە دەست پێکەین: ئەو جیاوازییە باوەی کە لە نێوان ئایین و سیاسەتدا کراوە، چیتر لێرەدا لای من بەکار نییە. لەبەرئەوەی ئەو جیاوازییە، زۆر تیۆرییە. ئەگەرچی خۆشم لە لاپەرەکانی پێشتری نووسینەکانمدا باسی ئەو جیاکارییەم کردووە! بەڵام لێرەدا ئێمە قسە لەسەر ئیسلامگەری دەکەین نەك خودی ئایینی ئیسلام. ئیدی کێشەکە هەر بۆ خۆی ئایین نییە، کە تێکەڵاو بە سیاسەت دەبێت، بەڵکو پراکتیزەکردنی سیاسەتە وەك سروتێکی ئایینی لە فۆرمێکی بەناو سیاسییدا.

سیاسەت لای ئێمە هێشتا جۆرێکە لە«ئاییندارى» وەك چۆن هەندێ بەگوێرەی کۆمەڵێك دەق و چەند دۆگمایەك دەیانەوێ ئاییندارى بکەنە سیاسەتبازیی پوخت.

وەك چۆن ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ئێمە بەدەر نییە لە سیاسەت و هەژموونە جیاکانی، ئاوەهاش خودی سیاسەت و سەرکردەکانی لە دەرەوەی ئاییندارى و کاریگەرییەکانی نین، چونکە هەڵسوکەوتی سەرکردە سیاسییەکان ڕەگوڕیشەی ئایینیی پێوە دیارە. پێموایە سیاسەت لە دەروازەی ئاییندارییدایە و پیادەکردن و پراکتیزەکردنیشی لە ڕێورەسم و کاروباری پەرستن ئەچێ. بێگومان لە ڕۆژهەڵاتدا هەموو چەمك و بۆچوونە نوێیەکان بە فیلتەری ئایین و لە دەرگـای سیاسەتەوە هاتوونەتە ژوورێ. لەو باوەڕەشدام ئەمڕۆ زۆربەی پارتە ئیسلامییەکان بانگەشەی ئایینی وەك شەرعیەتێك بۆ پلەوپایەی سیاسی و دەسەڵاتگرتنەدەست بەکار دەهێنن.

ئەمەش کارێکی ترسناکە، چونکە لـەو دەروازەیـــەوە دەکەویتە بازنەیەکی داخـــراوی سیاسەتەوە و هاوکات سیاسەت بە شەرع و ئیسلام دابنرێ. ئەمەش هەڕەشەیەکە بۆ سیستمێکی دیموکراسی، چونکە لە بنەڕەتدا دیموکراسی و هاوژیانی سیاسیی کۆمەڵ دەکاتە بەندێکی ئایینی - شەرعی، کە فتوای حەڵاڵ و حەرامی بەدواوە بێت و کۆمەڵی بنەمای ڕەوشتی بسەپێنرێ. لە سەروو هەموو شتێکەوە، دەسەڵاتی دەقـی پیرۆز دژ بە دەسـەڵاتـی یاسایی و بەڕێوەبردن ئەکەوێتەوە و دورمان دەخاتەوە لە سازش و دانوستان و نزیکبوونەوە لە بواری سیاسیدا.

ئەگەر ئیسلامییەکان بیانەوێ ئیسلام و سیاسەت لێك بدەن و خۆیان و کاریگەریی ئایین لە پشت هەموو شتێکەوە، نەك خوداناسین و خواپەرستی ئامانجە، دەبێت ئامادەباشی گەمەی سیاسەت بن. گەمەیەك کە هاوکێشەی هێز و سازش لەسەر هەندێ بنەما و بیرکردنەوە دەخوازێ، واتە دەستهەڵگرتن لە ڕەهاگەریی یەك بیروباوەڕ و پێوەرێك بۆ ڕەفتاری سیاسی. هاوکات قایلبوون بەوەی کە بەرنامەکانیان سیاسین و گۆڕاوێکن نەك خودی ئایینە. دیارە کە بۆچوونی سیاسی هەبوو، دەبێت پرەنسیپەکانی گەمەی سیاسی قبوڵ بکرێت، جا با ئەوە هەموو کات کۆکیش نەبێ لەگەڵ بنەما ئایینەکانی باوەڕیان. لێرەوە هەڵوێستەکان و داکۆکیی ئیسلامگەراکان لە پیرۆزییەکان، هەر لەپێناو داکۆکییە لە ماف و پایەی سیاسی و هێزەکانیان. واتە هەمیشە چەمکی پیرۆزی دەبێتە نۆرمێکی نوێ و نەگۆڕاو بۆ بەرگرتن لە گۆڕانکارییەکان، بۆیە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی پرۆژەیەکی ناکۆکە بە خۆی، چونکە لادانە لە بنەما ئایینییەکانی لەپێناو پاراستنی پێگەی خۆی!

**6- یەك گوتارو چەندیین ئیسلامگەرا**

بەگشتی، گوتاری «ئیسلامیزەکردن» پێی وایە، ئایینی ئیسلام تەنها سەرچاوەی ڕەوشت و پرەنسیپەکانە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. بۆیە ئاکاری دوور لە ئایینی ئیسلام بەبێ ڕەوشتی و بەرەڵایی لە قەڵەم ئەدرێ. هاوکات دەکرێتتە سەنگەرێك بۆ لێدان لە کولتوری گشتیی کۆمەڵگە. ئا لێرەوە جارێکی تر ئیسلامیزەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان دەبێتتە ئامراز بۆ دزەکردنێکی لەسەرخۆ بۆ نێو کایەی کولتوری و ژیانی

کۆمەڵایەتی. گوتارێك کە لە ڕێی پێوەرە ڕەوشتییەکانەوە، نەك لە ڕێی باوەڕ و تێگەیشتێنکی ئەقڵانییەوە دەیەوێت تاکەکان بخاتە ژێر ڕکێفی گوتار و ئامۆژگارییەکانی خۆیانەوە.

لە کاتێکدا، گوتاری ئایینی لەم چەرخەدا و دوای بەسەرچوونی، دەخوازێ جارێکی تر کۆمەڵگە و پێوەرەکانی بۆ ژیان ملکەچی گوتارێکی چەقبەستوو بێ. مایەی سەرنجە، چەمکی ڕەوشت (مۆراڵ) لای ئیسلامییەکان تەواو بە شێوازێکی دی لەوەی کە هەیە، بەکاردێ، چونکە هیچ گۆڕان و نوێبوونەوەیەکی پێویستی بەسەردا نەهاتووە. ئاخۆ کەی ڕەوایە هەر لەبەر گوتارێکی ئاوەها خەڵکی بەبێ ڕەوشت و لادەر دابنرێ؟ لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بە یاسا و دەستور دەستنیشانی پێوەرەکانی لادان و سەرپێچکردن دەکرێت، نەك بە گوتاری حەرام و حەڵاڵ، بۆیە ئەو گوتارە دۆگما و چەقبەستووە ئەگەر وەها بمێنێتەوە، بێگومان هەمیشە دژ بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەکەوێتەوە. مەترسییەکەش لەوەدایە کە گوتاری پیرۆزی دەبێتە چاوبەستی خەڵکی بە ناوی پەیوەستبوون بە داکۆکی لە بەهاکان.

### 7- ئەگەرە بەهێزەکانی ئیسلامگەرا لە کۆمەڵگەی کوردیدا

سەرەڕای زۆربوون و هاوکات کاڵبوونەوەی هەندێ دروشم و بانگەشەی ئایینی لەژێر فشاری گۆڕانی ژیان و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، هێشتا ئەگەری بەهێزبوون و سەرکەوتنی ئیسلامگەرا لە ئارادایە. مەبەست لە «سەرکەوتن» لێرەدا هەر دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو ئەو زەمینە کولتوری و کۆمەڵایەتییەیە لە کوردستان، کە لە ئاستێکی

ڕۆشنبیری و هۆشیاریی لاوازدایە و ناتوانێ بیرکردنەوەی مەدەنی و پێوەر و ئاکار و ڕەوشتی سەردەمی بە خۆی بەرهەم بەێنێ. بە واتایەکی تر: کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستاش لەم سەردەمە بزۆز و خێرا گۆڕاوەدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نییە بۆ ئەو سیستمە بەهاییەی کە ئایین لە مێژوودا دایڕشتووە.

بۆیە لە ئاست لاوازبوونی «سیستمی بەهای» ئایینی بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە، ئێمەی کورد نەمانتوانیوە سیستمێکی بەهایی و ڕەوشتیی سەردەمییانە بە خۆمان پێشکەش بکەین، بۆیە مانەوەی ئەو سیستمە باوەی ئیسلام لە دەرەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژگارە و تا ئێستا ژیان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتوریی ڕاگرتووە. بە دیوێکدا واتای سەرکەوتنی پرۆژەی ئیسلامییە. نەبوونی ئەڵتەرناتیڤ و پڕنەبوونەوەی ئەو کەلێنە ڕیخۆشکەرێکی هەمیشەیی بووە بۆ سەردەرکردنەوەی ئیسلامگەرا لە فۆرمی جیاوازدا.

ئیدی لەبەر ئەوەی هەست و هۆش و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کورد هەزاران ساڵە بە بیروباوەڕی ئایینی هەڵشێلراوە، ویستی دەستبەرداربوونی ئەو باوەڕە نەك هەر ئەستەمە، بەڵکو نەبوونی ئەڵتەرناتیڤ و گۆڕانی کۆمەڵایەتییش کارێکی هێجگار سەخت و ناوەختە، ئەگەرچی ئەم گۆڕانە لەم ساتەوەختەدا بۆ ئێمە زەروریشە. ترسێکی تریش ئەوەیە کە لە ئاست ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەی ئێستادا ناجێگیریی و نادیارییەك هەیە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتیدا. ئیدی لە «کۆمەڵگەیەکی ڕاگوزەر- transition society»ی وەك ئەوەی ئێمەدا، ئەگەری بەرەودواچوونەوە و بەهێزبوونی هێزە نەریتخواز

و ئیسلامگەراکان پەرچەکردارێکی دیارە. دۆخی نائارامی و پشێویی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەمیشە ژینگەیەکی لەبارە بۆ تۆران لە سەردەمەکە و هاوکات هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی تاکەکان، بەتایبەت گەنج و لاوان لە پێودانگە داسەپاوەکانی کۆمەڵگە.

**8- ئایین و ئیسلامگەرا : شێواندن و لادان**

ئەگەرچی پێشتر هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندیی هـزری ئیسلامگەرام باس کـرد، لێرە بە دواوە بە چەند تەوەرێکی جیاواز چییەتیی ئایین و پەیوەندیی بە کایە و ڕەهەندەکانی ژیانەوە شرۆڤە ئەکەم. تێگەیشتن لە دیاردەی «ئیسلامگەرایی» بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمك و چییەتیی ئایین، هیچ شتێکی ئەوتۆمان بۆ دەرناخات. لێرەوە پێویستە بزانیین چۆن ئیسلامگەرا مامەڵە بە ئایینەوە دەکات و لە کوێ و لە چیدا ئەو ڕەهەندە ڕۆحی و کولتوری و کۆمەڵایەتییە لە گوتار و ئیشکردندا بەکار دەخات.

**9- ئایین لە پەیوەندیی ڕۆحییەوە بۆ دەسەڵاتخوازی**

ئایین بە پێناسە باوەکەی؛ بریتییە لە «بـاوەڕکـردن و جێبەجێکردنی کۆمەڵێ بەند و ڕێسا و بنەما و ڕێوڕەسم، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤدا هەیە. هاوکات پرد و پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤ و کردگارێکی پەرستراوەوە دروست دەکات«، بۆیە باوەڕکردن بە هێزێکی بان-سروشتی خۆبەستنەوەیە بـەو ڕەهـەنـدە ڕۆحـی و

نەبینراوەی کە مرۆڤ چارەنووسی خۆی پێوە گرێ دەدات. واتە مانای جیاوازی لێوە هەڵدەهێنجێت. هەڵبەت ئایین یەکێکە لەو بزوێنەرە کارایانەی کە مرۆڤ وەك پەناگە و سەرچاوەی ڕۆحی و دەروونــی و بە وەڵامگۆی پرس و خەمەکانی بینیوە. ئەمەش بە دیوێکدا ترسناکیی ئەم کایەمان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بۆ دەردەخات.

تا ئێرە هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لەگەڵ پێناسە و گرنگیی ئایین. بۆیە ئایین وەك دیاردەیەکی سروشتی و مێژوویی هەمیشە ئـامـادە و هاولفی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بووە. وەلێ کێشەکە لەوەدایە ئایین لەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەی خۆی دادەماڵرێت. دیارە ئەمە بە دەستی نەیارەکانی نییە، بەڵکو لە لایەن هەڵگرانی خۆیەوە. ئاشکرایە ئێستا ئیسلامگەرا لە هەڵمەتێکی جیاواز و پەرچەکردارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەیـەوێ لە دەروازەی ئایینەوە بچێتە نێو گەمەی دەسەڵات و خۆشی وەك بیروباوەڕێکی سەرتاپاگیر و ئەڵتەرناتیڤ بەرجەستە بکات.

بۆیە هەر بەرگی ئایین و بۆیەی پیرۆزیی لە گوتار و داواکانی ئـەدات. لێرەوە ئەو لایەنە ڕۆحییەی ئایین کە پەیوەستیی بە بیروباوەڕی شەخسییەوە هەیە و هاوکات وەك ڕایەڵێکی کۆمەڵایەتی دەبنە مەسەلەیەکی لاوەکی و ئایین لە دیاردەیەکی سروشتی و مێژوویەوە دەبێتە ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ، کە ئامانج لێی سەرخستنی خواست و داوای گروپ و کەسانێکە بۆ دەسەڵات بە هەموو شێوەکانیەوە. بە واتایەکی تر: ئایین دەبێتە پـرۆژەی دەسەڵاتگرتنەدەست. بەمەش

هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤی باوەڕدار تەواو دەگۆڕێ بە جەنگاوەرێك کە هیچ مەبەستی ڕەزامەندیی پەروەردگار و پڕکردنەوەی کەلێن و پرسیارە ڕۆحییەکانی نییە، بەڵکو بەجێهێنانی ئەرکێکی ترە، کە دواجار لە بوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی دوور دەکەوێتەوە.

لێرەوە، لامـان سەیر نییە کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا ئیسلامگەرا بە چاوێکی نامۆ و دەستنێژ-دروستکراو- سەیر دەکرێت، چونکە هیچ کات ئایین بەو شێوە سەرتاپاگیرە و پرۆژە سیاسییەی نمایش نەکراوە و لای خەڵکی ئێمە بەم جۆرە نەناسراوە، واتە کورد بە دوو شێوە ئەزموونی ئایینی ئیسلامی کردووە: وەك خۆراکێکی ڕۆحی کە لە تەریقەت و ڕێبازی سۆفیگەری لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگی داوەتەوە. یا ئەو لایەنەی کە پەیوەندیی بە پرس و فەرمانە شەرعییەکانەوە بووە. بەدەر لەم دوو شێوازە، ئایین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مانایەکی تری نییە. بۆیە ئـەوەی ئیسلامگەرا پێشکەشی دەکات، نائاشنایە بە نەریتی ئایینی کوردەواری.

کەواتە؛ ئیسلامگەرا بە هیچ شێوەیە ناتوانێ جێگەی تەواوی خۆی لە هەست و دڵی خەڵکیدا بکاتەوە. هەڵبەت مەبەستمان لەوە نییە ئیسلامییەکان ئەندام و لایەنگریان نییە، بەڵکو نەبوونەتە ڕەوشێکی گشتیی جەماوەری بەرفراوان و وەك دیاردەیەکی سروشتی لە جەستەی ئایینی کوردەواریدا پەسەند نەکراون. ئەگەرچی ئەم ڕەوتـە ئیسلامییانە بە پاشخانێکی مێژوویی و دەقی پیرۆز کە هەمیشە کاری لە هزر و ڕەفتاری مرۆڤی کورد کردووە، پشتئەستورن.

**10- خودا لە پەرستراوێکەوە بۆ خەلیفە/ سوڵتان**

دەبێت جارێکی تر ئەو هەقیقەتە دووبـارە بکەینەوە، کە ئیسلامگەرا نەك هەر بە ئەنجامی ئامانجێکی سیاسی و بەرگرییە لە ئایین، بەڵکو خۆشی لە سەرهەڵدانیەوە تا ئێستاش شێواندنی ئایینە لە فۆرم و پەیامە سەرەکییەکەی، بۆیە ئیسلامگەرا پراکتیزەکردنی ئایین بە هۆی دروستکردنی شێوازیکی تر لێك دەشێوێنێ. دواجار چەمکی ئایین دەگۆڕێ بە پرۆژەیەکی دەسەڵاتخوازی و سیاسەتکردن بە نیوەچڵی و هەوڵی ڕامکردن دەبێتتە خەونێکی سەرشێتانەی.

ئیدی ئایین لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پەرستگاش (مزگەوت) لە دەزگـا و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕی بە مەڵبەند و مۆڵگەی کاری ڕێکخراوەیی داخراو. لێرەوە، ئایین وەك وەڵامدەرەوەی پرسیارە سادەکانی ژیانی مرۆڤ سەبارەت بە بوون و نەمان و ڕۆڵی مرۆڤ دەبێتتە خەونێکی ترسناك بۆ خڕکردنەوەی ئەندام و هەنگاو بەرەو دەوڵەت و کاری حزبی. . ڕاستە ئیسلامگەرا یا هەر بیر و ئایدیۆلۆجیەتێکی ئایینی بە ناوی خودا و پەرستراوێکی باڵادەستەوە ئەدوێ و ئەیکاتە سەنتەر و چەقی دەسەڵاتی ڕۆحی و دەروونی بەسەر مرۆڤەکانەوە، بەڵام دواجار هێز و توانا و ترس و شانوشکۆی ئەو هێزە دەخرێتە چێوەی دەسەڵاتیکی زەمینییەوە، کە لە کەسێتیی میر و خەلیفەدا بەرجەستە دەکرێت، واتە ئەو میرە خۆی دەکاتە شمشێری هەقیقەت و ڕەوایەتی دەسـەڵات و بەکارهێنانی هێزی بێسنوور کە لە مافێکی خوداییەوە هەڵدەگۆزێ.

ئیدی ئەم ڕەوتـە تـونـدەڕەوە وێنەیەکی نادروست و نەشیاوی خودایەکی مەزن نیشان ئـەدات، کە خۆی لە تۆڵە و هەڕەشە و توندوتیژیدا دەبینێ، بۆیە شێواندنی تێگەیشتن و چاوەڕوانی مرۆڤ لە خودا وەك هیوابەخش، پاڵپشت و ڕزگارکەری مرۆڤ، دەبێتتە هێزێکی تر. وەلێ چەمکی خودا وەك زەرورەت و پێداویستییەکی سروشتیی مرۆڤ، هەر لەمێژەوە ڕووگە و هانایەك بووە بۆ تەنهایی و بێدەرەتانیی مرۆڤ لەو گەردوونە زەبەلاحەدا، جارێکی تر دەبێتتەوە بە سیمای مرۆڤێکی دڵڕەق، ئیدی ئەو چەمکە دەستکاریکراوەی ئیسلامگەرا بۆ خـودا، مرۆڤی بچوك کـردەوە و کردی بە کۆیلەی هەندێ ڕاڤە و کۆتوبەند. ئەمەش بە دیوێکدا هاندەر و زەمینە خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ستەمکاریی و زۆرداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتدا.

شاراوە نییە کە بەردەوام لە فەرهەنگە خۆرهەڵاتییەکاندا مـرۆڤـی سـتـەمـکـار و تـاکـڕەو و خـۆسـەپـێـن وەك بەرجەستەکەری هێزێکی خودایی بێسنوور دەسەڵات پەیڕەو دەکـەن، واتـە ستەمکار نموونەی دەسـەڵات و شکۆی بەزەبری لە تێگە و چەمکی خوداوە وەرگرتووە. ئەمەش بە بەکارهێنانی دەسەڵات وەك مافێکی خودایی و دواتر زانا و پیاوە ئایینییەکانیش هاتوون ملکەچی بۆ فەرمانڕەوای بـاوەڕداران وەك بکەرێکی شەرعی بکەنە بەشێك لە فەرمانی ئایینی!

## 11- بەتەماکردنی مرۆڤ: لە واقیعەوە بۆ ئەودیو

یەکێك لەو پارادۆکسە (موفارقە) ترسناکانەی ئیسلامگەرا تێی کەوتووە، لە لایەکەوە هەوڵی دروستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی خوداییە لەسەر زەوی. هاوکات لە لایەکی ترەوە خەریکی لەبەرچاوخستنی واقیع و ژیانی زەمینییە لە پێشچاوانی باوەڕدارەکان! واتە؛ ژیانی دنیایی وەك جیهانێکی ناڕاست و پۆخڵ وەك دۆزەخێکی کوشندە و بە هاندان بۆ بیرکردنەوە لە بەهەشتێك لە ژیانێکی تردا. لێرەوە، ئەگەرچی ئیسلامگەرا وەك پرۆژەیەك بۆ ڕێکخستنی ژیان و کاروباری باوەڕداران لە سایەی دەوڵەتی خودادا خۆی نمایش ئەکات، بەڵێن و پەیمان بۆ ژیانیکی تر و باشتر لەو دنیا وەردەگرێ!

بەهەشت ناشوێنێکە کە لە ئێرە نییە، بەڵکو لەوێ، لەودیو ئەم واقیعە دنیاییەوە. دیارە ئەمەش بەتەماکردنی مرۆڤێکی کەم هۆشیار و بێچارەیە لە ژیان کە لەباتی زاڵبوون بەسەر کێشەکانی ژیانی و سازکرنی بارودۆخی ئابوری و سیاسی، بە ناچاری پشت لە دنیا هەڵبکات و هەموو خەمی بۆ ئەودنیا بێ! بە مانایەکی تر، کوشتنی ویستی گۆڕانکاری و چاکسازی و پێشکەوتن ئامرازێکی ترە، کە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی نامۆبوونێکی هەمیشەییەوە لە جیهاندا. هەڵبەت ئەمە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر گەنج و لاوەکان هەیە، کاتێك کە ناهومێدیی ئابوری و سیاسی تەنگیان پێهەڵدەچنێت، خۆکوژی دەبێتتە گوزەرنامەی خۆدەربازکردن لە «جەنگەڵستانی ژیان».

# بەشی پێنجەم
# پۆپۆلیزمی ئایینی و دەرکەوتەکانی

## پۆپۆلیزمی ئایینی و دەرکەوتەکانی

وەك بیرهێنانەوەیەك پێویستە سەرەتا بڵێم، ئەوەی لێرە و جێگەی تردا سەبارەت بە گوتاری ئیسلامگەرا و ئایینگەری نووسراوە، ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕ و مافی ئازادیی بڕوای هیچ کەسێك نییە بە ئەندازەی ئەوەی ئامانجی دروستکردنی دیالۆگە. هەر لەم سۆنگەوە، دەمەوێت دیاردەی پۆپۆلیزمی (ڕەشۆکی- باوەڕی) ئایینی لە سێ دیاردەی جیادا شرۆڤە بکەم. یەکەم دیاردەی ئەو ڕەوتە: دۆگمای هزری بانگەوازخوازییە. دووەمیش: گرفتی ڕاڤەکردن و نەخوێندەوەی سەردەمییانەی دەقەکانە. سێهەم دیـاردەش، توندبوونی گوتاری ئایینییە، کە لە ڕێنماییەوە بۆ پەلامار و هەڕەشە دەڕوات. هەڵبەت

هەقیقەتی پۆپۆلیزمی ئایینی تەنها لەو دەرکەوتانەدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو ئەو تاوتوێیە دەستپێکێکە بۆ بەدواچوونی دەرکەوتەکانی تر، کە دەشێ لە بۆنەی تر و ڕەهەندی تردا بەسەر بکرێتنەوە.

**1- پۆپۆلیزمی بانگەوازخوازی لە گەیاندنەوە بۆ لێپرسینەوە**

ئەم نووسینە شرۆڤەییە تیشك دەخاتە سەر بۆچوونێك، كە پێی وایە سەرلەبەری گوتاری بانگەوازخوازیی ئیسلامی لە قەیراندایە. دیارە بەشێکی قەیرانەکە لە سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پۆپۆلیستیدایە. گوتارگەری پۆپۆلیزمێك كە ئەمڕۆ لەژێر فشاری گرفتەکانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکاندا بەرەو سادەگۆیی و دروشمسشازیی ڕاگـوزەر داخـزاوە و زێتر، بۆتە هەڵا و هاواری تووڕە و تەوسن. هەر بۆیە پۆپۆلیزمی بانگەوازخوازی لە بانگهێشت و ڕێنیشاندانەوە وەك جۆرە پۆلیسێکی ڕەوشتی و ‹ڕەقیبێکی› باوەڕی جەماوەریی لێهاتووە.

دواجار ئەم گوتارە دەیەوێ لەباتی هەموو بڕیار بدات و بیربکاتەوە و کۆمەڵگەش بە سادەیی بۆ باشەکان و خراپەکاران دابەشبکات! هەڵبەت بەمە ئەرك و ڕۆڵێکی خستۆتە سەر خۆی، کە بریتییە لە نوێنەرایەتیکردن و هاوکات ویستی گوێڕایەڵی لە لایەن خەڵك و ملکەچکردنیان بە گوتارەکەیانەوە وەك جەوهەری ئاینداری و پێوەری باوەڕداری. واتە لادان لە گوتاری هێزە ئیسلامییەکان وەك دەرچوون لەخودی ئایین لێك دەدرێتەوە.

هەڵبەت هـزری بانگەوازخوازیی وەك دەرکەوتێکی زەقی پۆپۆلیزمی ئایینی، لە بنەڕەتدا دووچـاری گرفتێکی

ئیپستیمۆلۆجی(مەعریفی) بووە: گەیشتن و بەرەو هەقیقەت ڕۆیشتنی لێبۆتە خاوەندارێتی و نوێنەرایەتیکردنی. لە کاتێکدا، گەڕان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕاستی و چاکە بەڵگەیە لەسەر نەبوونیان، نەك خاوەندارێتی و موڵکایەتیکردنی. بە دەربڕینێکی تر: ئەم گرفتە دواجار پارادۆکسێکی (دژوازیەکی) مەترسیدار لە خۆیدا هەڵدەگرێ: چونکە لە لایەك بانگەشە (ئیدیعا)ی ناسین و زانینی هەقیقەت لە ئەنجامی گەڕان و دۆزینەوەی مەعریفی دەکات. لەلایەکی ترەوە پێیوایە ئەوەی کە باوەڕی پێهێناوە، ڕاستە و تەواوە. ئەمە نەك لەبەرئەوەی ڕاستە بۆیە باوەڕی پێکردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی باوەڕی پێیەتی، ئیتر ڕاستە. چونکە، لە یەکەم حاڵەتدا زانین پێش دەکەوێ، بەڵام لە دووەمدا باوەڕ سەرچاوەی زانینە، نەك هەبوونی زانین پاش تێگەیشتن و ئینجا باوەڕهێنان پێی.

سەرباری ئەم پارادۆکسە، گرفتی سەرەکیی هزری بانگەوازخوازی لە مافبەخۆدانێکدایە، کە ئەرکی بانگەوازی دەگۆڕێ بە زەمینەی لێپرسینەوە و دادگاییکردنی خەڵکی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا بانگەواز وەك ئەرکی گەیاندن لە جێبەجێکردنی پەیامەکە جیا نەکراوەتەوە. ئاشکرایە کە بانگەواز (دعوە، بلاغ) ئەرکێکی پیرۆزە، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە، کە ئەرکی گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکەکە لای بانگەوازخواز ببێتە لێپرسینەوە لە ڕەفتاری کەسی بانگراو. واتە بانگەوازخواز خۆی بە بەرپرس لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانی وەرگر و بانگکراودا بزانێ.

لە کاتێکدا کار و ڕۆڵی ئەو لێپرسینەوە نییە، چونکە ئەو بەرپرسیار نییە کاتێ کە باسی چاکە و نوێژ دەکات، ئاخۆ

وەرگـرەکـان لە ژیانی خۆیاندا جێبەجێی دەکـەن یان نا. هەر وەك لە دەقی ئایینیدا هاتووە (و ما علی الرسول، الا البلاغ المبین) لەسەر پەیامنێر تەنها گەیاندنی ڕاشکاوانە و ڕوونە، هیچی تر نییە، لەبەرئەوەی ئەوی بانگەوازکار تەنها ڕێنیشاندەرێکە، بۆیە پێویستە لەسەری باس لە چاکە وەك بەهایەك بۆ مرۆڤ بکات، نەك پشکنینی دڵ و دەروونی بـاوەڕداران! هاوکات جگە لەوەی ئەوە کارێکی ئەستەمە، کە بانگەواز لێپرسنەوە و بەدواچوونی وردودرشتی ژیانی تایبەتی و ناخ و دەروونی تاکەکان بکات، لەبەرئەوەی ڕۆڵی لە بانەگەوازخوازەوە دەبێتتە حاکم و قازیی گشتی!

دیارە شاراوەش نییە کە ‹باوەڕ› بوار و کایەکە دەکەوێتە نێو بازنەی ژیانی تایبەتی و دەروونی تاکەکانەوە. تەنانەت، ئەگەر بانگەوازخواز قازی و حاکمی موسوڵمانانیش بێ، ناتوانێ لێپرسینەوە لەگەڵ ناخی باوەڕداراندا بکات، بەڵکو دەتوانێ داوەریکردنی ئەنجامی کردەوە و ڕەفتارەکانیان بێ. واتە تەنها لە کاتی سەرپێچیی ئاشکرا و شاهێدی لەسەردراودا بۆی هەیە داوەری بکات، لەبەرئەوە تەنها لەسەر ئەنجامی کردەوەکانیان لە بەرامبەر ڕێسا و پێوەرەکاندا، بواری قسەکردن و لێپرسینەوە و بڕیاردانی هەیە.

### 1- لە بانگەوازەوە بۆ ئامانجی کۆتا

گرفتێکی تری هـزری بانگەوازخوازی ئەوەیە، کە لە پرەنسیپەکانی خواپەرستییەوە بەرەو ئایینپەرستی ڕەق و وشك هەنگاودەنێ، چونکە ئیشکالیەتەکە لەوەدایە، کە دروشم و ڕێوڕسمە ئایینییەکان لە خۆیاندا دەبنە ئامانجی

کۆتای ئایینداری و داسەپاندنیان بەسەر کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەدا و ستراتیجیەتی کار و چالاکییان. جگە لەوەی کە پرۆژەی ئیسلامی تەنها لە ئاستی گوتاردا دەمێنێتەوە، دواجار گوتارەکە دەبێتە پێوەری باش و خراپ لەسەر هەموو ئاستەکان. هەر بۆ نموونە، لە ئێستادا بانگەوازی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن تا سەر ئێسقان دیماگۆجیەتی تێدایە، چونکە ئەوە لە خەڵك دەگەیەنرێ کە مرۆڤ باشە هەر لەبەرئەوەی ڕۆژوو دەگرێت نوێژ دەکات، بەڵام هاندانەکە بۆ نوێژکردن ئەوەی تێدا نییە، کە کەسێك نابێتە مرۆڤێکی باش ئەگەر کردەوەی باشە نەکات. ئەوە ناوترێ کە باشە و چاکەکاریی ڕەها بە تەنها لە پەرستن و نوێژدا نییە، لەبەرئەوەی نوێژ ئەرکێکی ئایینییە، ئامرازێکە بۆ باشبوون نەك دوا ئامانج.

ئیدی ئەو گوتارە کە بە دیوێکدا هاندانە بۆ نوێژکردن، فەرامۆشکردنی کردەوەی چاکە لە ڕەفتاری تردا، هەروەها فەرامۆشکردنی ڕێزی ئەوانەی چاکن، بەبێ ئەوەی نوێژیش بکەن. لێرەوە گرفتی ئەم جۆرە بانگەواز و هاندانە ئەوەیە: چەقی چاکەکاریی لێ بۆتە ساتێك، کە نوێژکردنە لە خۆیدا و بەس، بەڵام چاکە و باشە پەیوەندییەکی نێوان مرۆییە، کۆمەڵایەتییە. لە کاتێکدا نوێژ لە خۆیدا پەیوەندییە بە چاکەیەکەوە، ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە پەرستراوی باڵا، لەبەرئەوە زۆربەمان درك بەو ڕاستییە دەکەین، کە مەرج نییە هەموو نوێژخوێن و ڕۆژووگر و حەجکارێك بە ڕاستی کەسێکی باش بێ!

دیارە هەر ئەمەش وا دەکات، کە گوتاری بانگەوازخوازی خۆی بکەوێتەوە بەردەم مەقەستی پرسیار و ڕەخنە لە

سەرنجی چاودێراندا، واتە کەسانێك داوا لە خەڵکی دەکەن ڕەفتارێك ئەنجام بدەن، لە کاتێکدا خۆیان پێی هەڵناسن، بۆیە ئیسلامییەکان پێش ئەوەی بانگەوازی خەڵکی بکەن، دەبێت خۆیان بە کردەوەی ڕاست و دروست نیاز لە جێبەجیکردنی سروتەکاندا بەرجەستە بکەن. لەباتی بانگەوازی خەڵکی، دەبێت سەرەتا بانگەوازی خۆیان بکەن بۆ جێبەجێکردن و تێگەیشتنی دروست لەو دروشمانەی کە بۆ خەڵکی هەڵیانگرتووە نەك خۆیان!

چونکە، دەکرێت لە پشت هەر بانگەواز و بانگەشەیەکەوە، جۆرێك لە خۆدزینەوە و ناپەندبوون بە بەها و پێوەرەکانەوە لەئارادا بێ. واتە کەسێك یا لایەنێك کە بانگهێشتی دروشمێك دەکەن، ئەوە جگە لەوەی بانگەشەیە، بەڵگەشە لەوەی خۆیان نییانە. بانگەشەکردنی پێوەر و بەهاگەلێکی ئایینی، دەرخەری سایکۆلۆجیایەکە، کە ئاخێوەرەکە لە خۆیدا داواکراوەکەی نییە. هاوکات ئەوانی تر، بە نەبوونی تاوانبار دەکات. جگە لەوەی لە ناخیدا خۆی بە گوناهبار و تاوانبار دەبینێت. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ڕاستییەك کە بانگەشە بۆ بابەتێك، بەڵگە بێ لەسەر نەبوونی لای بانگەوازکارەکە. هاوکات دەمامکێ کە ‹منی بانگکار› پاك و بێگەردو بێکێشە و بێگرفتم، تەنها خەم بانگ کراوە! واتە بانگکراو گومڕا و سەرلێشێواوە، پێویستی بە ڕزگارکردنە. هەڵبەت ئەمە سوکایەتیکردنێکی ناڕاستەوخۆیە لە خۆیدا.

### 2- پۆپۆلیزمی ڕاڤەیی

ئەگەر لە ئاستی لێکدانەوە و ڕاڤەی زانا و شارەزاکانی ئەمڕۆوە توانای تێگەیشتنی باوەڕدارانی جیهانی ئیسلامی بخوێنینەوە،

ڕاستییەکی نەخوازراومان دەستگیر دەبێت: ئاستی لێکدانەوەو ڕاڤـەکـار، تـەواو بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەشۆکی و سەرپێی وشکەباوەڕی دابەزیوە. جیهانی ئیسلامی سەروەختێ لە ئەوپەڕی کرانەوەیدا، چەندین زانستی تایبەت بە خۆیی بەرهەمهێنا، کە یەکێکیان زانستی ڕاڤە و لێکدانەوەیە. وەلێ ئێستاکێ، ئەوەی قسەی لەبارەوە نەکرێ، ڕاڤەکردنەوەی دەقەکانە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانی خێرای خواستەکانی مرۆڤی ئەمڕۆدا.

لە هەمووی مەترسیدارتریش، زاڵبوون و پەرەسەندنی باوەڕگەرایی ڕەشۆکیی حەشاماتییە لە نێو کۆمەڵگەکاندا، کە بە دیاردەی پۆپۆلیزمی ئایینیی ناوی دەبەم. هەڵبەت زەقترین و سەرەکیترین خەسڵەتی باوەڕداریی ئەمڕۆ هەر توندرەوی، دەمارگیری و گیانی تۆڵەسێنی نییە، بەڵکو زاڵبوونی فۆرمێکی ئاییندارییی ڕەشۆکی جەماوەریی نەزانە، کە مەرجەعیەتی دامەزراوە و نەریتی ئایینیی تێپەڕاندووە و هەرکەس بووەتە ‹فتوادەر› و ‹جیهادکار› و ‹بانگەوازخواز› و ‹ڕاڤەکار›. دیارە ئەم دەرکەوتەیە پووچەڵکردنەوەی ئەو نەریتە دێرینەی ڕاڤەکاری بوو، کە وەك زانستێك ڕێسای لۆجیکیی خۆی هەبووە. لێرەوە، پێویستە باس لە هۆکارەکانی پشت ئەو دەرکەوتە بکەین و ئاکامەکانی لە ڕەوشی نێو کۆمەڵگەی خۆماندا لێك بدەینەوە.

### 3- ڕاڤەکردن بەقسەهێنانی دەقە

خواستی ئایینی لە ڕاڤەکردن جیا ناکرێتەوە. ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان بـاوەڕداری ئاسایی و دەقی ئایینی، هەر پەیوەستبوونێکی ئۆتۆماتیکیی نییە لە بەجێهێنانی ئەرك و سروتە ئایینییەکاندا، بەڵکو هەموو کۆمەڵگەیەکی باوەڕدار دەخوازێ

بەها ئایینی و پیرۆزەکان لە ژیانیدا بەشداری پێبکات. جگە لەوەی کە ناکرێت هیچ باوەڕێك دەقاودەق وەك سەردەمی هاتنی، بەبێ زیادوکەم وەك خۆی جێبەجێبکرێت، چونکە خواستی سەردەمەکان و سروشتی گرفتەکان تەحەکوم بە چۆنیەتیی لێکدانەوەی دەق دەکـات. لێرەوە، چەندین ڕێباز و ڕێسای ڕاڤەکردن سەریانهەڵدا و هەندێکیان ئەقڵانی، هەندێکی تر نەریتی، سۆفیگەری، ڕەسەنخواز، زانستخوازیی و سەردەمییەکان.

جگە لەوەی کە دەقی پیرۆز، بەبێ ڕاڤەو لێکدانەوە، بۆ خۆی بێزمانە و توانای خۆگەیاندنە باوەڕداریی نییە، واتە ئەگەر نێوانبەرێك نەبێت لە نێوان بـاوەڕدار و دەقدا، کە ئەویش ڕاڤەکارە، پرۆسەی تێگەیشتن و ئاوێتەبوون جێبەجێ نابێتت. بە دەربڕینێکی تر: دەق بێ زمانە تا ئەو ساتەی بەکار دێ و قسەی پێدەکرێت و شتی پێدەوترێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی زمان و بیرکردنەوە و بارودۆخی ئەمڕۆ تەواو جیاوازە لەو سەردەمەی دەقی پێنووسراوەتەوە. هاوکات ئەو مەودا زەمەنییەی نێوان دەق و کۆمەڵگەکان هەر ڕێژە و ژمارەی ساڵەکان نییە، بەڵکو گۆڕانێکی جۆرییە لە ئەقڵیەت و کولتوور و کێشە و گرفتەکاندا.

لێرەوە، چەندە دەق پیرۆز و لە ناخی باوەڕدارەوە نزیك بێ، ئەوەندەش پێویستی بە گەیەنەر و ڕوونکەرەوەیەك لە پرۆسەی گەیاندنەکەدا هەیە. ئەمەش ئەو هەژموونە نەبینراوەیە، کە لای باوەڕداری سادە درکی پێناکرێت کە هێزە ئیسلامی و مەلا و پیاوە ئایینییەکان لێوەی هەژموونێکی ڕاستەوخۆ لەسەر بیروباوەڕ و هەستوسۆزیان دەگێڕن. دواجار پرۆژەی گوتارگەرایی پۆپۆلیستانە بەرهەمدەهێنرێ.

### 4- پۆپۆلیزمی ڕاڤەی ڕاست

ئێمە ناتوانین هەمیشە هەر بە گەڕانەوە بۆ خودی دەقی پیرۆز، دەربارەی ئایین بدوێین، چونکە دەق کەرەسەیەکی خاوە و هەڵگری ئەگەری مانای جیاواز و کراوەیە، هەر بۆیە هەرگیز دەق و ماناکانی یەك بار و یەك ڕوخساریان نییە. هەمیشە لەخۆگرتنی مانای جیاواز مایەی کێشمەکێشی تیۆریی نێوان فێرگە و قوتابخانە جیاوازەکان بووە، لەبەرئەوە خوێندنەوەی ئایین شتێك نییە یەك ڕێچکە، یەك واتا و لە ڕێی تیۆرێکی یەکانگیر و نەگۆڕ و چەسپاوەوە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك ئەنجامبدرێ.

لێرەوە، دەکرێت ئاماژە بە دوو جۆر خوێندنەوە، کە هەر یەکێکیان بە جۆریك بەرهەمهێنەری پۆپۆلیزمی ئایینیین، بدەین:

یەکەم: دیدی جەوهەرگەرایی کە ڕەوتی سەلەفییەکانە خەسڵەتێکی نەگۆڕ و چەسپاو دەدات بە مانای دەق. واتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان، یەك مانا بەسەر هەموو واقیعێکدا دەچەسپێنێ و واقیع دەخرێتە ژێر باری مانای حەرفی و ڕواڵەتیی زمانەوانی دەقەوە. بە دەربڕینێکی تر: ڕاڤەیەکی نامێژوویی و کار لەسەر ڕوخساری زمان دەکات. تەنانەت ئەگەر بۆ نموونە، دەقی سرودێکی وەك ئەی ڕقیب باس کەین، دەبینین چۆن لێکدانەوە و ڕاڤەی حەرفیی بۆ دەکرێت تا بە ئاڕاستەیەکی تردا ببرێ. دەکرێت ئەم ڕەوتە بە دەقپەرست و ڕواڵەتگەر دابنرێ.

دووەم: خوێندنەوەی مێژوویی، بە هەماهەنگی یا نزیکایەتی لەگەڵ ئەوەی کە دەگوزەرێ، ڕاڤەی دەق دەکات.

بە مانایەکی تر، دەق دادەبەزێ بۆ واقیع. هەربۆیە ئەمیان لە جۆری یەکەم جیا کراوەتەوە بەوەی ڕاڤە (تەفسیر) نییە، بەڵکو لێکدانەوە (تأویل)یە. دیارە ئەم جۆرە لە ڕێبازە سۆفی و کەلامی و زانستییە سەردەمییەکانەوە پەیڕەو کراوە.

بەڵام ئەمڕۆ پۆپۆلیزمی ئایینگەریی، بەتایبەت بانگەوازخوازەکان لەو سۆنگەی کە هەر کەس ڕاڤەی خۆی هەیە، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو پێشینەیەی لە بواری ڕاڤەدا هەبووە، گوتارێکی دۆگما بەرهەمدەهێنن. دواجار نەریتی ڕاڤەی دامەزراوەیی چەندین سەدە تێدەپەڕێنن و فەرامۆشدەکەن. لە کاتێکدا هەر بۆ خۆشیان بە ناوی ڕابردوویەکی بێلەکە و خەوشەوە بانگەواز دەکەن! وەلێ، کە بانگەوازی خەڵکیش دەکەن، بەبێ ئەوەی بە ڕاشکاوی ئاشکرای بکەن کام ڕاڤە و تێگەیشتن پێوەری ئایینداریيەکی ڕاستە. لە ئێستادا یەکێك کە بە ناوی هەموو ئایینەوە دەدوێ، ئەگەر کەسێکی تر وەك خۆی نەبێ، بە وێڵ و گومڕا هەژماری دەکات. بۆیە سەرلێشێواوییەکی تەواو باڵی بەسەر فەوزای لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکاندا کێشاوە.

### 5- پاشەکشەی ڕاڤە وەك زانست

هەڵبەت لە بارودۆخێکی وەهادا کە ڕاڤەی سیستماتیکی و تیۆریی لەبەر زاڵبوونی گوتاری ئایینی بەسەر مانای دەقدا زاڵ دەبێت و ڕاڤە وەك زانست پاشەکشێ دەکات، واتە گوتارێك بە ناوی پیرۆزیی و باوەڕی ڕاستەوە دەبێتتە جێگرەوەی خودی دەقی ئایینی، دواجار پۆپۆلیزم دەبێتتە ڕەوشێکی سەرەکیی ئایینداری. هەڵبەت ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە پاشەکشێی

ڕاڤە و زاڵبوونی گوتاری پۆپۆلیزمدا هەبووە، دەگەڕێنەوە بۆ باڵادەستبوونی هزری سەلەفیی ڕواڵەتگەر (زاهیریی) لە خوێندنەوەیەکی ئامرازییانەی دەقدا. وەلێ، ئەم ڕەوتە خۆی لە پارادۆکسێکدا دەبینێتەوە: خۆبەستنەوە بە ڕووکەشی دەق و وشەکان لە کۆنتێکست(سیاق)ی ڕابردوودا. هاوکات خۆدزینەوەش لە ناوەڕۆکی مانا و خەریکبوون بە ڕوخسارە زمانەوانییەکەوە. بەتایبەت ئەو دەقانەی کە باسی سیفەت و جوڵە و ڕەفتاری یەزدان دەکەن، نە دەکرێت واتا زمانییەکەی دەرەوەی وەك خۆی وەربگیرێ، نە دەکرێت لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت.

هەر بۆیە لەو بارانەدا بێدەنگی هەڵدەبژێردرێ! پاشان ئەم ڕەوتە پێیی وایە دەبێت ڕاڤە بە فەرموودەکان بکرێت، کە بە ‹تەفسیری مەئسور› نـاسراوە. بە جۆرێکیش، کە ئیکتفاکردن بە فەرموودەکان (حەدیس) تا ڕادەی گەورەکردن و بایەخپێدانیان لەسەر حسابی قورئان سەردەکات. لێرەوە ڕەوتی دەقگەرا «سەلەفی» ڕێگە بە ڕاڤە و خوێندنەوەی نوێ نادات و هەموو لێکدانەوەیەکی ئەقڵی کە بە (التفسیر بالرأی) دەناسرێ، بە هەڵە و لەڕێدەرچوو دادەنرێت.

هۆکاریکی تر، خۆبەستنەوە و تەقلیدکردنی ئەوەی کە پێشتر لێکدراوەتەوە بە جۆرێك زیندوویەتیی دەقی کوشتووە. تەنانەت هاوردەکردنی ڕاڤـەی ‹سـعـودی›، ‹پاکستانی›، ‹میسری› و هتد، بەکارە. لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو چەندین زانای هەڵکەوتووی کورد کە تا پلەی موفتی لەسەر ئاستی دەوڵەت و خەلافەت ڕۆیشتوون، بەڵام ئەگەر نامەخانەکان

بگەڕێیت، دەبینی سەرباری بلیمەتییان لە زانستەکاندا، هەر خەریکی (قیل و قال) و پەراوێزخستنە سەر پەراوێز بوون! واتە لەباتی تێپەڕاندنی لێکدانەوە باوەکان، ئەقڵیەتی تەسکی تەقلیدگەراییان لە ئیجتهادکردن پێ باشتر بووە. ئەگەرچی زۆرێك لە مەلا و زانایان، ڕۆڵی باشیان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا هەبووە.

هاوکات ئەگەرچی دەسەڵاتێکی ئایینیی فەرمی لە ناو ئێمەدا نەبووە تا لێپرسینەوەشیان لێبکات، بەڵام لە ترسی هاوپیشەکانیان (مەلا و زاناکان) ئیرادەی تێپەڕاندنی مۆدێلە باوەکانی چەندین سەدەیان نەبووە و هەر خەریکی دووبارەکردنەوە بوون. ئەوەی جێگەی پرسیارە، ئەوەیە کە زمانی ئایین زمانی سروشتیی ئێمە نەبووە. وەلێ لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو زانایانەش، لە دوو سێ تەفسیری کلاسیکی زیاتر بەرهەم نەهێنراوە. ئەگەرچی لە لایەن چەند خوێندەوارێکەوە هەوڵی تاکانە و پچڕپچڕ هەبووە، بەڵام لە ئاستێکی بەرتەسکدا ماوەتەوە.

بۆیە پرۆسەی نوێبوونەوەی ڕاڤەکاریی نە سیستماتیکییانە لە لایەن دەزگای لێکۆڵینەوەی ئایینییەوە، نە لای زاناکانەوە بەدی ناکرێت. جگە لەوەی هەوڵی جیاواز لەژێر کاریگەریی بیرمەندەکانی فارس و عەرەب و تورکدا دراوە، کە دواجار هەر گۆڕانکاریی لە شێوازی دەرەوەی ئاییندا ریدا هێناوەتە بەرهەم، نەك خوێندنەوەیەکی خۆماڵییانەی دەقەکان. لە ئاکامیشدا ئاستی تێگەیشتنی ئایینیی بۆ کردەیەکی سادەباو و بەڕێکردنی ڕۆژانە دادەبەزێ.

### 3- گوتاری ئایینی لە ڕێنماییەوە بۆ پەلامار

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین، کە ئاییندارى و هەستان بەجێبەجێکردنی ڕێوڕەسم و سروتە ئایینییەکان مافێکی ئاسایی هەر مرۆڤێکە. بە هەمان شێوەش ئەگەر کەسانێك شوێنی ڕێنما ئایینییەکان نەکەون، لە مرۆڤبوون ناکەون، بەڵکو دەچنە خانەی پابەندنەبووەکانەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا کێشەیە، ئەوەیە کە فەرمانە ئاییندارى و وتارەکان لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا بوونەتە شوێنی قەزاوەت و دادگاییکردنی مرۆڤەکانی تر. مایەی سەرنجە کە مامۆستایانی ئایینی بەگشتی، بە جۆرێ باس لە ڕەفتار و کێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکەن، وەك ئەوەی قیامەت هەستابێ و ئەوانیش دادگایی بکەن و خەڵکی ڕەوانەی دۆزەخ و بەهەشت بکەن.

بۆیە پرسیارە: ئایا مامۆستاکانی مزگەوت، ئەرکی بانگهێشت و یادخستنەوەیان لە ئەستۆدایە یا بەخشینی پسوڵەی ڕەوشتبەرزی و بڕواداریی ڕاستەقینە؟ ئایا مامۆستایەك مافی هەیە بە کەسێك بڵێ «بێڕەوشت»ە، یا ئەرکی ئەوەیە ڕەوشتبەرزی بە خەڵکی بناسێنێ؟ بە داخەوە، لەم سۆنگەوە ئەگەر سەیری ڕەفتاری مامۆستاکان لە گەیاندنی پەیامی وتارەکانیاندا بکەیت، دەبینی لە ئەرکی سەرەکیی خۆیان کە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنە، دەردەچن. بەتایبەت کاتێ ئەرکێ دەخەنە سەرشانی خۆیان وەك ئەوەی دەمڕاستی ئایین بن و نوێنەرایەتی هەقیقەت بکەن. ئەمەش کارێکی نەگونجاو و ناواقیعییە و تەنانەت لە دنیای ئەمڕۆدا بەجێ نایەت.

بێگومان، ئاشکرایە ئەوان چەندە زانا و لێزانیش بن، هەر ئەوەندەیان پێدەبڕێ، کە بە ڕا و و بیروباوەر و تێگەیشتنی خۆیان لە هەقیقەتەوە نزیکن. دەنا ناشێ لافی ئەوە لێبدەن کە تەنها خاوەنی هەقیقەتن و پارێزگاری پیرۆزییەکانن. چونکە مامۆستاکان دەتوانن خەڵکی بانگبکەن بۆئەوەی، کە بە باوەڕی خۆیان بە ڕاستی دەزانن، بە مەرجێ بە شێوەیەکی سەردەمی و نەرم و جوان بێ. بەڵام ئەو هەقیقەتەی کە باوەڕیان پێیەتی، مافی ئەوەیان ناداتێ دەست بخەنە ژیانی کەسەکان و خەڵکەوە و بە ناوی داکۆکی لە پیرۆزی و پاراستنی ڕەوشتەوە، بیخەنە ژێر هێرش و پەلاماری حورمەت و کەسێتیی تاکەکان بدەن. مامۆستا جەنگاوەر و شمشێربەدەست نییە، بەڵکو دەکرێت بە زمان و ئاخاوتن و ڕەفتاری خۆی ڕاستییەکان نیشانبدات. ئەگەرچی شوێنی جەنگاوەر مزگەوت نییە، بەڵکو مەیدانی شەڕەکانە!

لەبەرئەوەی ئەمە دوو شتی جیاواز و دوو ئەرکی لەیەك دوورن. بۆیە لەوێدا کە وەزیفەی لە ئامۆژگاریکارێکەوە دەگۆڕی بۆ پۆلیسی ڕەوشتی/ باوەڕ، لە بانگەوازەوە بۆ پەلاماردەر، لە ڕێنیشاندەرەوە بۆ هێرشبەر و سەرکوتکەر، لە ڕێزگرتنی مرۆڤەوە و بە ناوی ڕەوشتبەرزییەوە دەگۆڕێ بۆ بێڕیزی و بێحورمەتیکردن، لە هاندانەوە بۆ تۆقاندن و تۆراندن. ئیتر هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان ئەو دوو ڕۆڵەدا دیارە. هەروەها هەندێ جار مامۆستاکان بە بەهانەی ‹پیرۆزی لە سەروو هەموو شتێکەوە› یا ‹هەقیقەت ڕەقە› مافی ئەوە

دەدەنە خۆیان هەرچی بە دەمیاندا بێ، ڕیزی بکەن بێگوێدانە مەبەست و ئامانجی باڵای ئایین و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

بۆیە دەبێت گەیاندنی وشەی پیرۆز لە ئاستی مەبەستەکەدا بێ، نەك دابەزێ بۆ وتەی نابەجێ و نەشیاو لەو شوێنەی وتاری تێدا دەدرێ، کە مزگەوتە و ئەو خەڵکەی گوێ دەگرن. بۆیە ئەو گوتارانەی کە ئێمە گوێبیستی دەبین لەسەر ئینتەرنێت و گرتەی ڤیدیۆییەکاندا، دابەزینە بۆ ئاستی سادەی ڕۆژانە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لە پرسیار و بابەتەکانی گوزەراندا، کە پڕن لە پەرچەکردارو هەڵچوون و هەڵشاخان و شکاندنەوە و سەرکۆنە و ڕیسواکردن و بەدناوکردنی کەسانێك، کە لە بواری هونەر و میوزیك و نووسین و ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەن.

ئەمە بە هەموو مانایەك دەرچوونە لە ڕۆحی پەیامی ئایین، کە دواجار چەندین ئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. دیارە کە زۆرێکی مامۆستاکان ئەمە لە بیر دەکەن، بۆیە ئەوەی پێیدەوترێ دانایی (حیکمە) لە پەیامی ئایینی و هەقیقەتدا بەو جۆرە ڕەفتارانە لە بەین دەچێ، پاشان دەبێت مامۆستاکان لە هەموو کەس باشتر بزانن کە باوەڕ شتێکی زاتی و ناخەکی و شەخسییە، ئەوان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن و بنکۆڵی دۆخی دەروونی و ڕۆحیی خەڵکی بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە ئەوە دەچێتە ‹بابی غەیب›ەوە، کە تەنها مافی خودایە. قسە و ڕادەربڕینی ئەوان تەنها قسەکردنە لەسەر وێنە و دەرەوە و ڕوخساری کێشەو ڕەفتارەکانی مرۆڤ و بەس.

## 4- هۆکارەکانی ئەو گوتارە توندوتیژانە

لە ڕاستییدا، ‹توندوتیژیی ئایینی› هەر تەنها خۆی لە توندوتیژی جەستەیی و کردەی تیرۆردا نابینێتەوە، بەڵکو گوتارەکانیش جۆرە ڕەفتارێکی زمانەوانین، کە هەم قورسایی و نیازمەندی و پەیامی ترسناك و هەڕەشەئامێز لەخۆ دەگرن. توندتیژی زمانەوانی کەمتر نییە لە هیی جەستەیی، مەگەر تەنها لە ڕووی میکانیزم و ئەنجامەکانیەوە نەبێ، بۆیە بەکارهێنانی زمانیش وەك کردەوە و ڕەفتارێك بەرپرسیاریەتیی لەسەرە و دەبێت لێپرسینەوەشی لێبکرێت. لەبەر ئەوە، پێم باشە باس لەو هۆکار و پاڵنەرانە بکەم، کە وادەکەن مامۆستاکان بەو جۆرە ڕەفتار بکەن:

- هەندێ لەو کردە (ئاکت) توندوتیژانە بەندن بە تێگەیشتنی دۆگما و کەمئەزموونی لە ڕۆحی پەیامی ئایین و دەقاودەق وەرگرتنی ڕێنماییەکان.

- دەشگەڕێتەوە بۆ پاڵنەرە دەروونییەکان لە خودی مامۆستاکاندا، کە وەك زۆر کەسی ئاسایی لەم سەردەمە شلۆقەدا بە دوای ناوبانگ و ستایش و ڕەزامەندیی خەڵکیدا دەگەڕێن تا بازاڕی وتاری مزگەوت گەرم بێ بە قەرەباڵغی دروستکردن و پێی بوترێ ئەوەندە کەس لە دوایەوە نوێژ دەکات و گوتارەکانی دەخرێتە سەر سی دی و ئینتەرنێت!

- کەفوکوڵ و هەڵچوونی مامۆستاکان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی جڵەو و شوێنکەوتنی هەستوسۆز کاتییەکان.

- بە دەستی هەندێ لایەنی سیاسی دەجوڵێنەوە لەپێناو

سەرقاڵکردنی ڕای گشی بەو بابەتانە و لەبیرکردنی پرسی تر.
- لێدانی هەندی گروپ و ئەحزابی ئایینی و هیی تر و جەنگکردن بە وەکالەت.
- کەمشارەزایی و سادەیی خەڵکی باوەڕدار لە پێوەرو ڕێنما ئایینەکان.
- نەبوونی پسپۆڕیی تـەواو لە بوار و بوارەکانی ئایین لای مامۆستاکان.

هەڵبەت دڵنیام لە بەرامبەر ئەم سەرنجانەدا مامۆستاکان دەڵێن «وتارەکان قسەی خۆمان نییە، فەرموودەی خودایە». دیارە ئەم قسەیە نیوەی ڕاستە ئەگەر پشتبەستوو بێ بە دەقی ئایینیی ڕاستوڕەوان، بەڵام دیوەکەی تری ڕاست نییە، چونکە ڕاستیی دەقەکان لە کۆنتێکست (سیاق)ی تردا وتراوە و مێژینەیەکی جیاوازی هەیە، بۆیە وتنەوە و هێنانیان بۆ ئێستا و کۆمەڵگەی ئێمە پێویستیان بە لێکدانەوە و ڕەچاوکردنی باردۆخی ئێمەیە. ئەمەش شارەزایی و توانای ڕاڤە و تێگەیشتن دەخوازێ لە ڕووی زانستیەوە لە بواری ڕاڤە-تفسیر- و لێکدانەوەی ماناکان، هاوکات هۆشیاری و ڕۆشبیریی سەردەمی مامۆستاکانیش مەرجێکی دیکەیە بۆ چۆنیەتیی قسەکردن لەسەر پرسەکان و تێگەیشتنی دەقەکان.

ئاشکرایە، بەگشتی ڕۆشبیریی مامۆستاکان لاواز و سەردەمییانە نییە، تەنانەت لە بوارەکەی خۆشیاندا کە فەرمان و زانستە ئایینییەکانە، کەمدەست و ئەوەندە قووڵ نەبوونەتەوە. باشترین نموونەش ئەو تاقیکردنەوەی وەزارەتی ئەوقاف بوو، کە لەو چەند ساڵەدا کرا. ئەوەی دەرخست کە زۆرێك لە

ماموٚستاکان لەو تاقیکردنەوەدا دەرنەچوون! لە کاتێکدا، مەلا و فەقێکان تاقە چینی خوێندەواری کۆمەڵگەی کوردیی سەدەکانی ڕابردوو بوون، بۆیە دەبایە ئێستاش ئەو چینە پێشبڕکێیان لەگەڵ توێژ و خوێندەوارانی تردا لە لایەنی زانستییەوە بکردایە.

هاوکات، هێشتا هەندێ ماموٚستا پێیان وایە بنەمای وتاربێژی بەشێکی ‹تەرغیب› و ئەوی دیکەی ‹تەرهەیب› (هاندنان و تۆقاندنە). بەڵام ئەم میکانیزمە بۆ سەردەمی هاتنی ئیسلام و بە لەبەرچاوگرتنی نەخوێندەواری و پاشکەوتوویی گەلانی موسوڵمان و عەرەب تاقە ئامرازبوو. ئەمڕۆ سەدەی بیست و یەکە، مرۆڤگەلێکمان هەیە کە ئەگەر ماموٚستا وتارێکی باشی نەداتێ، متمانە و قورسایی نامێنی لای. ئیدی ئەو شێوازە تووڕە و تەوسن و هاتوهاوار و قریشکە و هەڵشاخان و بەکارهێنانی وشەی بریندارکەر و ورووژێنەر و خرۆشێنەرە، ئاکامی پێچەوانەی هەیە، کە هەمیشە تۆراندن، دڵڕەنجان و بێزارکەرە، لە بەکارهێنانیدا بۆ مەودایەکی درێژ.

ئەگەرچی تا ئێستاش توێژینەوەیەکی زانستی نییە باس لە ئاکامی ئەو وتارە توندانەی کە باسی ‹بێڕەوشتی› و موسوڵمانی ڕاستەقینە و نیشانەکانی ئاخیرەت دەکات، تا چەندە شەڕی ناو خێزان و جیابوونەوە و توندوتیژی کۆمەڵایەتیی لێکەتۆتەوە. دڵنیام کە ماموٚستاکان خۆشیان باش دەزانـن قسەکانیان کاریگەریی لەسەر هەست و هۆشی خەڵکی هەیە، هەر بۆیە لاشیان ئاسانە هەر جۆرە وشە و ئامرازێك بەکار بەێنن، بە شەرعیی دەکەن و ڕەوایەتیی پێدەبەخشن.

بەڵام دەبێت مامۆستاکان لە خۆیان بپرسن: بە چ مافێ بە نوێژکەرێ دەڵێ مادام کوڕەکەت، کچەکەت و ژنەکەت، خوشکەکەت ئەگەر بە جۆرێ نەبێ، بێئەخلاق و فاسق و بەرەڵایە؟ ئاخر ئەمە پیشەی مامۆستایە بەو زمان و وشە زبرانە بدوێ؟ ئایا ئیشی ئەوە تەڵاقی خەڵکی بخات و پسولەی بێبڕوایی و بێئەخلاقی و بێدینی بداتە پاڵیان؟ بەتایبەت لەو ماوەدا بە ئاشکرا مامۆستایەك بە ئەوپەڕی باوەڕبوون بە خۆیەوە، ئەو مافەی بە خۆی دا سوکایەتی و دەستدرێژی بکاتە سەر خانمێك، کە خەریکی گۆرانی وتنە لەپێشبڕکێیەکدا.

دەکرێت مامۆستایەك بە جوانترین و بەرزترین وشە وەسفی باوەڕ بکات، نەك جنێو بدات. مامۆستا ئەگەر نموونە و ڕێبەرە، بەو جنێو و بەکارهێنانەی زمان دەبێتتە نموونەی کەسێکی دڕدۆنگ و ناحەز و ئاژاوەگێر لە کۆمەڵگەدا. لەژێر دروشمی چاکە و لەپێناو بەرگریی لە ڕەوشت و ئایین، هانی زەبروزەنگ بەکارهێنان و وشە و ئامرازی نادروست دەدات. لەپێناو هەقیقەت و خودا و باوەڕدا، درۆ و بوختان و پلار و توانج ڕەوا نییە. چونکە ئامانج هەرچییەك بێ، پاساو نییە بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕێگە و ئامرازێکی نادروست.

لە کۆتاییدا دەڵێم؛ ئەو شێوازە ئایینداریيەی کە هەیە بۆ خۆی ماکی ناشرینکردن و ناحەزکردنی ئایینی تێدایە. ئەگەر کەسانێك پێیان وابێ ماکی لەناوچوونی سەرمایەداری لە هەناوی خۆیدایە، وەك چۆن شکستی بەلشەفیزم خراپیی ئامرازەکانی بووە، هەمان شتیش بۆ ئاینداریی ئیسلامیزم

ڕاستە. هەڵبەت بەدەر لەوەی کە ئەو دوو سیستمە ئابوری و سیاسین، واتە ئایینی نین بە مانا باوەکەی، بەڵام دەکرێت وەك ئایین سەیریان کرێ بەو مانایەی کە ڕێوڕەسم و پاڵەوان و پەیام و ئەفسانە و پیرۆزیی خۆیان لە هۆش و ئاگامەندی و نەستی مرۆڤەکاندا بەرهەم هێناوە. هاوکات بە هەمان شێوە پیادەکردنی ئایین لە ڕێی گوتار و بۆنەکانەوە، لە دوورمەودادا زەبری کوشندە لە هەژموونی ڕۆحی و پرستیژی (ناوبانگی) ئەو باوەڕە دەدات، لێرەشدا مامۆستاکان کەم تا زۆر ڕۆڵیان لەوەدا دەبێت.

**5- لەباتی گوتار، بانگەوازخوازی بۆ خۆڕاستکردنەوە**

لەوەی سەرەوە دەرکەوت، کە گوتاری بانگەوازخوازی ئیسلامی لە قەیراندایە، بۆیە لەباتی بانگەوازی خەڵکی، دەبێت بانگەوازی خۆیان بکەن بۆ جێبەجێکردن و تێگەیشتنی دروست لەو دروشمانەی کە هەڵیانگرتووە، واتە پێداچوونەوە بەو وەرچەرخانە لە پرەنسیپی خواپەرستییەوە بۆ ئایینپەرستی، کە یەکێکە لە ئیشکالیەتە ترسناکەکانی ئەو گوتارە لە ئەمڕۆدا. چونکە کاتێ لە کوردستان دروشمە ئایینییەکان دەبنە ئامانجی کۆتا، ئەوا پرۆژەی ئیسلامی تەنها لە ئاستی گوتار و دروشمی جواندا دەمێنێتەوە. بۆ نموونە، بانگەوازی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن تا سەر ئیسقان دیماگۆجیەتی تێدایە لە ئێستادا. ئەوەی لە خەڵك دەگەیەنرێ لەو جۆرە پەیامەدا کە مرۆڤ باشە لەبەرئەوەی ڕۆژوو دەگرێت و نوێژ دەکات،

نەك ئەوەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی نوێژ و چاکە و ڕۆژووەوە دەکرێت باش بێ.

بۆیە کەسێك تەنها بەو پەرستش و ڕێورەسمانە نابێتتە مرۆڤێکی باش، ئەگەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی باش نەبێ. لەبەر ئەوە، ئاشکرایە کە نوێژ ئەرکێکی ئایینییە و ئامرازێکە بۆ باشبوون. وەلێ، ئەو گوتارە کە لە پرسی نوێژ و ڕۆژوودا خەست دەبێتتەوە و هەر خەریکی هاندانە بۆ نوێژ، بە دیوێکی دیکەدا کار بۆ فەرامۆشکردنی کـردەوەی چاکە دەکات، چونکە ناڕاستەوخۆ لە خۆیدا هاندانی خراپەی تێدایە، کاتێ بەڵێن و پەیمانی لێخۆشبوون دەداتە هەر کەسێك کە هەرچی دەکـات بیکات، بـەڵام نوێژەکەت، ڕۆژووەکەت لە بیرمەکە.

ئیدی؛ ئەم هەڵنانە بە جۆرێك دەخاتە مێشکەوە لە پاڵ ئەو ڕێورەسمانەدا، با مرۆڤ کاری نادروستیش بکات، خۆی بە هۆی ئەو پەرستشانەوە پاك دەکاتەوە. لەبەر ئەوە، کاتێ چەقی چاکەکاریی لێدەبێتتە ساتێکی کورت کە نوێژکردنە، دواتر چی دەبێت، مەودایەکی نادیاری تێدایە. هاوکات ئەو گوتارە لە بیری چووە کە چاکەکاری و باشە بەندە بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا. لەکاتێکدا نوێژ خۆی لە خۆیدا پەیوەندییە بە چاکەیەکەوە، کە لە دەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە نوێژ و نزا ئامرازی گەیشتنن بە چاکەیەکی باڵا، کە ئەویش ڕەزامەندیی یەزدانە.

# بەشی شەشەم
# ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ئایینی و یاسای پیرۆزییەکان لە کوردستان
# سیمبولی ئازادیی ئایین

## قانونی پیرۆزیەکان و ئازادی ئایینی

لە زۆر وڵاتی دنیا، ئایین و ئاییندارى بە شێوەی دەستوری ڕێك خـراوە و هاوکات لە ڕووی قانونییەوە مافی ئایین پارێزراوە، بەڵام ئەوە وەك بنەڕەتێکی مافی تاك و مافی مرۆڤ. پاشان ئایین پێناسەیەکی گشتی و فراوانی هەیە، نەك لە یەك پێناسە و باوەڕێکی ئایینیی تایبەتدا چڕ ببێتەوە بە ناوی زۆرینەی هاووڵاتیانەوە. لێرەوە پێویستە قسە لەسەر ئەو پرسە بکەین.

## 1- ئازادی ئایین و تەنگەژەکانی

یەکێك لەو دیاردە بەرچاوانەی لە هەڵگرانی ئاییندا دەبینرێ، ئەوەیە کاتێ باس لە مافی بـاوەڕداری دەکرێت، ڕاستەوخۆ باسەکە دەبێتتە گوتاری ئایینی و باوەڕبوون بە خۆ وەك هەقیقەتێکی بەڵگەنەویست، واتە بڕوادار تەنها باسی مافی ئایین و پیرۆزیی بیروباوەڕ و دەقەکانی خۆی دەکات. ئەمەش وەك بەشێك لە هەقیقەتی ڕەها و مافێکی یەزدانی دەزانێ، بەڵام هەمان ماف و ڕێز بۆ بیروباوەڕێکی دیکە دانانێ، نەك ئەوەش، ئەگەر بۆی بلوێ لە ڕێی توندوتیژیی زمانەوانی یا جەستەییەوە ئەو مافە بۆ ئایین و باوەڕەکانی تر ڕەت دەکاتەوە. ئیدی تا ئەو ڕادەیە بەرگری لە «ئازادیی ئایین» دەکات، کە بۆ خۆیەتی، وەلێ کە دێتە سەر بیروباوەڕی تر، ڕاستەوخۆ بە پێوەری «ئازادی» بیری لێناکاتەوە، بەڵکو قسەلەسەر ڕاستی و پوچیی ئایینەکەی دی دەکات. لە هەمووی ترسناکتر ئەوەیە ئەمە وەك مافێ بۆ مانەوە و ئەرکێکی ئایینی دادەنێ!

بێگومان ئەم نواڕینە لە سۆنگەی ئازادیی ئایینەوە نییە، چونکە دەیبەستێتەوە بە بەرژەوەندیی تەسکی باوەڕەکەی خۆیەوە. لە کاتێکدا ئازادی مانایەکی گەردوونی و جیهانییە، بە دیاریکراوی هەر بۆ یەك ئایین و باوەڕدار نییە، بەڵکو مافێکی یەکسانە بۆ هەموو ئایین و باوەڕەکان. جگە لەوەی بانگەشەی ئازادیی ئایین داکۆکیکردنە لە مافی جیاوازیی باوەڕە ئایینییەکان، هاوکات مافی ئازادیی گۆڕینی ئایین و باوەڕنەبوونیشە بە ئایینێ. هەربۆیە ڕۆژێ جیهانیی ئازادیی ئایین بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەت لەژێر سایەی ئەو هەڵایەی بە ناوی پرۆژەیاسای پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی هەرێمی کوردستان بەرپا کرا.

**2- ئازادیی دژ بە ئاییندار‌ی یا ئاییندارییی دژ بە ئازادی؟**

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا شەپۆلێکی ئاییندارییی جەماوەریی، کە خۆی لە زۆریی ژمارەی مزگەوت و نوێژکەر و ڕۆژووگر و حاجییاندا دەبینێتەوە، هەیە. بەڵام ئەم جۆرە پراکتیزە ئایینییە یا ئاینداررییە، لە ڕوانگەی ئازادییەوە، سەیری جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان ناکات. واتە کەسێك نوێژ و ڕۆژوو دەگرێ، لە ڕوانگە و بەرمەبنەمای ئازادیی پراکتیزەکردنی ئایینەکەیەوە هەڵناسوڕێ، کە ئازادە، بەڵکو «باوەڕێکی ڕۆبۆتی» وا دەکات ئەو بە مافێکی خۆی و ڕەوای هەق بزانێ و ئەوانی ترش بە هەڵە و گومڕا. بۆ ئەم جۆرە باوەڕدارە، ئازادیی ئایین جێگەی پرسیار نییە و گرنگیش نییە، لەبەر ئەوەی ئازادییەکەی بە مافێکی ڕەوای یەزدانی دەزانێ تا ئەو کاتەی باس دێتە سەر ئەویتر.

ئەمەش ڕەهەندێکی ترسناکی هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە لە فەزای گشتیدا ناتوانین یەك ئایین سەربخەین بەسەر ئەوانی تردا بە بیانووی زۆرینە و کەمینە. بنەمای زۆرینە و کەمینە، ئازادی دیاری ناکات، بەڵکو مافەکان و ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان بەشێکی دانەبڕاون لە مافی مرۆڤ خۆی. لێرەوە هەر ئەو بۆچوونەی کە دەیەوێ لە ڕێی دانی مافی ئازادی بە ئایینەکەی خۆی، لەسەر هەقبوونی خۆی و مافی ئازادیی تێگەیشتن و بیروڕای جیاواز تابوو (حەرام) بکات. هەر ئەوەی خۆی پیرۆزە و ئەویتر بە ناپیرۆز پێناسە بکات. لەم سۆنگەوە دەبێت لێرەدا جارێکی تر باس لە ڕەهەندی پیرۆزی بکەین لە نێو فەزای گشتیدا، چونکە کراوەتە هۆکاری دەستنیشانکەر لە ورووژاندنی پرۆژە قانونی پیرۆزییەکاندا.

لێرەوە هەر ئەم بۆچوونە دەیەوێ لە ڕێی ئازادیدان بە ئایینەکەی خۆی، لەسەر هەقبوونی خۆی، مافی ئازادیی تێگەیشتن و بیروڕای جیاواز تابوو -حەرام- بکات. ئەوەی خۆی پیرۆز، ئەویتر ناپیرۆز پێناسە دەکات. لەم سۆنگەوە دەبێت لێرەدا جارێکی تر باس لە ڕەهەندی پیرۆزی بکەین، چونکە کراوەتە هۆکاری دەستنیشانکەر لە ورووژاندنی قانونەکەدا.

**3- دیسانەوە پیرۆزگەرایی نەك ئازادیی ئایین**

دیاردەی پیرۆزگەرایی پرسیارێکی سەخت و گرنگە، کە دەبێت بە وردی لەسەری ڕاوەستین. مرۆڤ بووونەوەرێکە چەندە لە ڕووی ئەفسانەی ئایینەوە ناپیرۆزە، نادان و نەگریسە، ئەوەندەش بە شێوەی جیاواز لە سەودای بەرهەمهێنانی پیرۆزیدایە. بە ئەندازەی هەستکردن بە چەپەڵی و تاوانباری خۆی، مرۆڤگەلێ دەبێتتە نوێنەری پیرۆزییەکان، ئەوانی تریش ناپیرۆز. هەمیشە پیرۆزیی ئاماژەیەکی متیافیزیکی و میتافۆرییە بە ئاسمان، ژینی زەویش مانای پیسی و لیتەی تاوانکاری و چەپەڵییە. لێرەوە، پیرۆز و ناپیرۆز دابەشکردنێکی کۆسمۆلۆجیشە بۆ دوو جیهان: جیهانی باڵا، کە ئاسمانە، ئەویتریش جیهانی سەرزەوی.

هەڵبەت، ئەم دوالیزمە کێشە نییە بۆ خۆی، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە لە پرۆسەی پیرۆزکردن و پیرۆزڕاگرتنی بابەت-زاتێکدا، بایەخدەر، مرۆڤ دەچێتە پەراوێزەوە، هەروەها دواجار خودی ئەو زاتەی کە پیرۆزە، بەرزە، دەشاردرێتەوە یان هەر نامێنێ. ئەمەش لە ئەنجامی پراکتیزەکردنی سروتگەل و ڕێورەسمێك، کە پیرۆزییەکان ڕادەگرن و ستایشی

دەکەن. بۆیە، چەمکی ‹پیرۆز› مانای خۆی لە دەستدەدات و بیری دۆگمای ‹پیرۆزگەرایی› دەبێتتە بابەتێکی کلێشەیی و ڕێوڕەسمی گشتی کە تەنها خـۆی لە پابەندبوون و نەریتگەراییدا بەرجەستە دەکات.

کەواتە، ئاییندارى پرۆسەیەکە کە ‹پیرۆزیی› ڕەنگی تێدا دەداتەوە، بەڵام بە مانا ناواخنییەکەی نا، بەڵکو پیرۆزییەکە دەبێتتە ڕێوڕەسمەکە خۆی و جێگرەوەی پیرۆز کراوە بنەڕەتییەکە، واتە ئامرازەکە دەبێتتە خودێکی پیرۆز، نەك ئامانج و مەبەستی پشت ئەو پیرۆزییەوە. لێرەوە، ئاییندارى بەتینکردنی ئەو دەسەڵاتەیە، کە لە مرۆڤدا خەریکی پیرۆزگەرایی و پیرۆزپەرستییە. بەمەش «من»ەکان و ڕەهەندە باڵاکانی باوەڕ کە خودا، ڕیز و حورمەتی مرۆڤە، هەموو دەچنە کەنارەوە و دەبنە بابەتی لاوەکی، چونکە بانگەشەی پیرۆز، هەمیشە دەمامکی کەسانێکە، کە قسە لەسەر هێزێکی باڵا و بەرز دەکەن و دەشڵێین کەس ناتوانێ بیگاتێ، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ گەرەنتییەکی ناسینی ڕاست و دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی ئەو زاتە بەرز و پیرۆزەی کە بە ناوییەوە دەدوێن، هەبێ!

بێجگە لەوەی ‹پیرۆز› هەرگیز لەسەر خۆی قسە ناکات، چونکە بە جۆرێك خۆی لە سەروو وتنەوە دەناسێنێ، هەر بۆیە کۆمەڵێك بە ناویەوە قسەدەکەن و خۆیانی پێ جوان دەکـەن، لەبەرئەوەی پیرۆزی وەك گوتارێکە لە سەروو وتنەوەیە، دەبێت لەپێناویدا ڕێز و سەری بۆ دابنەوێنرێ. جگە لەوەی کە قسە لەسەر خراپی و ناپیرۆزی شتەکانی

دنیای مرۆڤ دەکات، بۆیە هەمیشە بۆ باسکردنی گەورەیی و مەزنی، دەبێت خراپە و بەدکارییەکان باس بکرێن تا لە خودی پیرۆزی تێبگەین، لەبەرئەوە پیرۆزی چەمکێکی خاڵییە، سەرووسروشتییە و لە بابەتەکانی ژیانەوە دەئاڵێندرێ. جگە لـەوەی ئێمە ناتوانین پیرۆز بکەینە شت و وەك دیاردە ئاساییەکان مامەڵەی لەتەکدا بکەین، بەڵکو کەس و دەرکەوت و ڕووداوە ئاساییەکان دەبنە سێبەری پیرۆز و هەوڵ دەدرێ بەرگی پیرۆزییان لە بەر بکرێت.

ئیدی ئەقڵیەتی پیرۆزگەرایی خۆسەپێن لەوەدایە، کە دەخوازێ هەموومان لەپێناویدا دەمکوت و لاڵ و قوربانی بین، لە کاتێکدا هەرگیز پیرۆزییەك نەبۆتە قوربانیی مرۆڤ و بە هاناشیەوە نەهاتووە لە کێشەکانی ژیاندا، چونکە پیرۆز ڕەهەندێکی دەروونی و میتافیزیکییە - بان سروشتییە. بە پێچەوانەوە، مرۆڤی پاسیڤ و هزری زیندەبەچاڵ کردووە تا ئەو ڕادەی هەمووما لە بەردەمیدا بێدەنگ و بێهەڵوێست بین، لەبەرئەوە با بزانین لە ئەو پرۆژە یاسایەدا قسە لەسەر چی کراوە.

### 4- درووێنەکردنی ئازادییەکان لە سێبەری پیرۆزیدا

شاراوە نییە کە پرۆژەیاساکە سەرەتایەکی خراپە بە پلەی یەکەم بۆ حکومەتی هەرێم، چونکە بە ئاڕاستەی داخران و بەرتەسککردنەوەی بیروڕای ئازادیدا دەیبات. ئەگەر پشتگیری پرۆژەکەش بکرێت، ئەوا دەبێت بپرسین: کام مۆدێلی سیستمی حوکمڕانی لە کوردستاندا پەیڕەو دەکەین؟

جگە لەوەی لە وتووێژی پەرلەمانتارەکان و هەندێ ‹ناوەندی ئایین›دا بە ناوی «پاراستنی پیرۆزییەکان» بانگەشەی بۆ کرا، بەڵام پیرۆز چەمك و زاراوەیەکی ناڕوون و لاستیکییە. هەر کەسێك بە جۆرێ کە لەگەڵ بەرنامەی حزبەکەی ڕێك دەکەوێ بەکاری دەهێنێ. هەڵبەت، لەگەڵ ئەوەدام پێناسە بۆ زۆر بابەت و دیاردە لە جومگە گرنگەکانی ژیانی خەڵکیدا بکرێت، بەڵام یەکلایەنە نا، چونکە دەبێت ئەکادیمیست و ڕۆشبیر و لێزانەکانیش وەك وتووێژێکی گشتی، تێیدا بەشدار بن.

ئەگەر یاسایەك بەو جۆرە دابڕێژرێ، دەبێت بەسەر هەموو ئایین و بیروباوەڕەکانیشدا بچەسپێ. دیارە ئەمەش ناکرێت لەلایەن ئەوانەی بانگەوازی بۆ دەکەن، چونکە بە ناوی ئایینی زۆرینەوە دەدوێن. دووەم، دەبێت دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە ئایا: خەڵك قسە لەسەر هیچ بیروباوەڕێك نەکات یا تەنها ئایینێکی دیاریکراو؟ ئایا، مەبەست سوکایەتییە بە کەسانێکی دیاریکراوی هەڵگرانی بیروباوەڕێ یان چی؟ ئاخر ئەوە دوو شتی جیاوازن کە لە نێو مشتومڕەکاندا وندەبن. ئاخۆ کێ مافی ئەوەی هەیە خۆی بکاتە دەمڕاست و نوێنەری ئایین و پیرۆزییەك لە کوردستان؟

مادام ئەو یاسایە پارێزگاری یا ڕێزگرتنی پیرۆزییەکانە، بەڵام خۆ بێڕێزیکردن تەنها لە لایەن ئەوانەوە نییە، کە دژ بە بیروباوەڕی ئایینێکن، بەڵکو هەڵگرانی بیروباوەڕێك کە ماف بە خۆیان دەدەن بە ناوی پیرۆزە حوکم لەسەر ژیانی

خەڵکی بدەن، کە زۆربەی بۆچوونەکانیان زادە و بەرهەمی تێگەیشتنیانە، بەدوورە لە پیرۆزی و بێگەردی، سوکایەتییەکی ناڕاستەوخۆیە بە پەیامەکانی ئایین. باشە، چۆن دەستنیشانی «پیرۆزیی» بکەین، کام مەرج و پێوەری بابەتی و زاتی هەبێ؟

هەڵبەت، ئەوانەی لافی پیرۆزگەرایی لێدەدەن، تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە، بەڵکو تەنها ئاماژەیان بەوە داوە کامە پیرۆزە. دڵنیاشم کە ئەوان ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، چونکە وەڵامەکە ڕیسەکەیان دەکاتەوە بە خوری! لەبەر ئەوە، ئەگەر پرۆژە یاسایەك بۆ «پیرۆز» دانێین، دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت:

* کەس بۆی نەبێ دروشم و لۆگۆی پیرۆزی وەك خودا، ئایین یا ڕێوڕەسمێ بکاتە ناونیشان و دروشمی سیاسی و حزبی، ئایدیۆلۆجی، چونکە سیاسەتکردن گەمە و دنیاییە. ئەزموون و کردەی مرۆڤ، هەڵە و ڕاست و ڕەخنە و ڕەتکردنەوە هەڵدەگرێ. دواجار کردەیەك کە مەعسوم نییە لە هەڵەکردن. ئەگەر لەم حاڵەتەدا دەرگامان لەسەر ڕەخنەوە ئازادی بیروڕای تر داخست، دیکتاتۆریەت دروست دەکەین بە ناوی نوێنەرایەتیی پیرۆزییەوە.

* کەس مافی نییە بە ناوی بەرگریکردن لە خودا، ببێتە قسەکەر. ئاشکرایە کە ‹خوا› وەکالەتی ناوێ، ئەگەر خۆی بڕیاردەر و چارەنووسی مرۆڤایەتیی بە دەستە.

* کەس لەژێر سێبەری پیرۆزیی ئاییندا هێرش نەکاتە سەر بیروبۆچوون و ڕاکانی تر، بەتایبەت ئایینزاکان. هەر خۆی بە ڕاست و خەڵکی بە هەڵە و گومڕا نەزانێ. چونکە تێگەیشتنی

ئەویش لە دەقێکی ئایینی، هەر هەوڵێکە، نەك خودی ئایین.

* گرەنتیدان بە ئازادیی بیروڕای مرۆڤەکان و ماڵ و گیانیان وەك بەشێك لە بەهایەکی پیرۆز، کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە.

* کەس وەك نوێنەری ئایین نەبێتە دەمڕاستی گشت خەڵکی باوەڕدار و لە مینبەر و میدیاکانەوە بە ناوی ڕەوشتپاکی و هەقیقەتەوە هێرش نەکاتە سەر ئەوانەی ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە.

* تەوزیفنەکردنی ئایین لە بۆنەی سیاسی وەك هەڵبژاردن، دەنگدان و ڕێکخراوە پیشەییەکان.

* سنووردارکردنی میدیایەك، کە بانگەشە بۆ ئایینێ دەکات و بیروباوەڕەکانی تر بە کەم و پوچ دەزانێ.

* دەبێت جەخت لە ئازادیی بیروباوەڕی ئایین چ لەپیادەکردن و بەجێهێشتنیدا بکرێتەوە.

* چەمکی سوکایەتی پێناسە و دەستنیشان ناکرێت، نەك نادیار و ناڕوون بێ.

* دەستنیشانکردنی چەمکی پیرۆزی تاپۆ نەبێ لەسەر ئایینێ.

* دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش لە نێوان ئایین و ئایینزاکاندا بۆ ئەو مەبەستە. واتە نابێت ئایینێ بە تەنها بکرێتە دەمڕاست و نوێنەری هەقیقەت و پیرۆزییەکان، بەڵکو دەبێت پلورالیزمی ئایینی بپارێزرێ.

ئیدی ئەوەی لەبارەی پرۆژەیاسای پیرۆزییەوە وترا و باس کراوە، پڕە لە کەموکورتی و بەکارهێنان و دانانی وشە و

زاراوەی ‹لاستیکی› و نادیار و ناجێگیر. هاوکات خوێندنەوەی حەرفی بۆ چەمکی پیرۆز و مافی ئایینی.

هەر بۆیە ئەو پرۆژەیاسایە گرفتی سەرەکیی هەیە؛ چونکە لە پرۆژەکەدا چەند پرسیارێك کە دەبێت بکرێتت، ئامادەکاری بۆ نەکراوە، بۆیە دەبێتت بپرسین:

1- ئاخۆ کێ و چ لایەنێ داکۆکی لە پیرۆزییەکان دەکات و وەك لایەنی بەرگریکار دەدوێ.

2- بە چ میکانیزمێ ڕێگری دەکات و کامەیە پێوەرەکانی؟

3- بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردنی پیرۆز مافی کێیە و تا چەند پاساوی ڕەوای هەیە؟

4- کەس مافی خۆبەخاوەنکردنی پیرۆزییەکانی هەیە و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە؟ ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا دژ بە چەمکی پیرۆزیی نییە؟

5- میکانیزم و پێوەری سزادان چییە و دەچێتە ژێر چەتری کام پێودانگەوە؟ ئایا وەك کام تاوانە و دەکرێت وەك دزی و تاوانی کوشتن تەماشای بکەین؟

لەم سۆنگەوە و لەبەر ئەوە دەبێت بپرسین: ئەگەر ئایین مافی هەموو یەکێکە و سەرمایەکی مەعنەوییە، چۆن دەکرێت کەسگەلێك خۆیان بکەنە خاوەنی و نوێنەرایەتی بکەن؟

بێگومان، ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنییە، کەواتە:

1- لافی پیرۆزی، واتە ئەوە پیرۆزییە، کە سەر بە تۆیە، نەك تۆ سەر بە ئەو. ئەمە گرفتە بۆ خۆی.

2- کەس ناتوانێ خاوەندارێتیی پیرۆزی بکات، چونکە پیرۆزی ترانسدێنت و ڕەهەندێکی بانسرووشتی و بانمرۆیی هەیە، ناکرێت مرۆڤ قۆرخی بکات و بە ناویەوە بدوێ.

3- پیرۆزیی سامانیکی ڕەمزییە و موڵکی کەسەکان نییە، بەڵکو بۆ کەسەکان گرنگە. لەبەر ئەوە، ناکرێت گروپ و لایەنێ لافی نوێنەرایەتی لێبدەن و دواجار ئەو پیرۆزییە بگشتێنن، چونکە ئەگەر موڵکی ئەوانە، ئەوان نوێنەر و خاوەنین، ئەوە تەنها بۆ خۆیان گرنگ و پیرۆزە، ناکرێت بسەپێنرێ. ئەگەر پیرۆزییەکەی گشتی و جیهانییە، ناتوانرێ بکرێتتە موڵکی لایەن و حزبێکی دیاریکراو.

**5- سوکایەتی چییە؟**

بابزانین ‹سوکایەتی› چییە؟ هەڵبەت ئەو وشەیە لە بەرامبەریدا هەردوو وشەی (insult) سوکایەتیپێکردن و دەخـەزاری و ڕکوکینە (hatred) هەیە، بەڵام لێرەدا ئەو ‹تاوانە› کە لە فۆرم و بە ناوی ڕکوکینەوە دەردەکـەوێ، بەرامبەر بیروباوەڕێ ئەنجام دەدرێ. نابێت لە بیرمان بچێ کە لە ڕاستیدا باوەڕ ‹کەسێتی مەعنەوی› (سروشتی مەعنەویی) هەیە و لایەنێك نییە بە ناویەوە قسە بکات. واتا کەسێکی دیاریکراو نییە لە ژیاندا تا خۆی سکاڵا لەسەر ناوزڕێنەرەکە تۆمار بکات. ئەمە ئیشکالیەتێکە کەوا بەئاسانی سەرناگرێ، بەڵێ ئایین و باوەرەکان دەشێ کەسێتیی مەعنەویان بخرێتە چێوەیەکەوە.

کەواتە چۆن جۆری سوکایەتییەکە دەستنیشان بکرێت؟ ئایا:

1- ڕادەی پێوەری جنێوەکە ڕەفتاری نیاز و جەستەییە؟

2- ڕەهەندی بریندارکەر و سوکایەتیکردنەکە لە چیدایە؟

3- دەستنیشانکردنی زیانەکان کە لە ئەنجامی ئەو سوکایەتییەوە کەوتووە؟ واتە بە چ پێودانگێ بپێورێ؟

4- ئامرازەکانی سوکایەتییەکە بە چی پێناسە بکرێت؟

5- سزا و لێپرسینەوە هەبێ یا تەمێکردن و چۆن؟

ئیدی کێشەکە لـەوەدا نییە کەسێ داکۆکی لە بیروباوەڕی خۆی دەکات و بە لایەوە پیرۆزە، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە، کە بیروباوەری تر ڕەت بکەیتەوە و مافی دەربڕین بسڕیتەوە و نەهێڵیت پراکتیزە بکرێت، بۆیە تێنەگەیشتن لە فەلسەفەی یاسا و ڕۆڵی لە ژیاندا، وا دەکات قسەکردن لەسەر ئەو پرسە لە هەڵچوون و سۆزەوە دەمانخاتە بەردەم چەندین ئاکامی نەخوازراو.

### 6- ڕۆژی جیهانیی ئازادی ئایین

شاراوە نییە کە ئازادیی ئایین بەشێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ. هەر بۆیە هەموو ساڵێك لە باسکردنی ئازادی ئاییندا، ئاماژە بە بڕگەی (18)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ دەدرێ: «هەموو یەکێ مافی ئازادیی بیروباوەڕی هەیە، ئازادی ویژدان و ئایین. ئەم مافەش، مافی گۆڕینی بیروباوەڕ یا ئایینش دەگرێتەوە چ بۆ تاك بە تەنها یا لە ناو کۆمەڵدا لەگەڵ کەسانی تر و لە فەزای گشتی یا تایبەتدا، هاوکات مافی نمایش و ئاشکراکردن و فێرکردن و جێبەجێکردن و پەیڕەوی و پەرستن و ڕێوڕەسمەکانی» هەیە . دیارە ئەم مافنامەیە پاش چەندین

سەدە لە نەهامەتی و داپڵۆسینی ئازادیی بیروڕا هاتووە، بەڵام هێشتا لەم سەردەمەشدا کێشەی سنووردارکردنی بیروباوەڕ و ئایین هەیە لە زۆر شوێنی جیهاندا.

بەپێی ‹سەنتەری توێژنەوەی پیو› یەك لەسەر سێی وڵاتانی دنیا بە هۆی زاڵبوونی تاکباوەڕییەوە ڕێگری لە هەڵبژاردنی ئایین دەکەن . نزیکەی (70%)ی دانیشتوانی جیهان کە خۆی لە (6.8) بلیۆن دەدات، لە وڵاتانێکدا دەژیـن، کە سنووردارکردنی ئایین جێبەجێ دەکەن، بەتایبەت ئایینی کەمینەکان لەژێر فشار و گوشاردان. جگە لەوەی لە زۆر وڵاتی ئیسلامیدا ئازادی لە هەڵبژاردن و گۆڕینی ئاییندا قەدەغە و سزای توندی لەسەرە. باوەڕنەبوون بە ئایینیش مەترسیدارترین چارەنووسە. بەتایبەت ئەوەی بە ئەتایزم(Atheism) دەناسرێ، تا ئێستاش وەك باوەڕێك کە مافی تاکەکانە لە قانونی وڵاتە ئیسلامییەکاندا نەك هەر بە فەرمی دانی پێدا نەنراوە، بەڵکو مرۆڤ دووچاری سزا و بەند و سەندنەوەی مافی مادی و مەعنەویی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە! بێگومان جگە لەوەش، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێزراو و مەترسیدارە!

هەڵبەت بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوەکانی ‹بنکەی ئازادی ئایین›، دەستووری ئەمەریکی گەرەنتیی ئازادیی ئایینی کـردووە. لە کاتێکدا هەندێ پێیان وایە نەخێر، دەستوور هەر ئـازادی ئایینی پاراستووە، نەك لە ئایین دەرچـوون . سەرباری ئەمەش پرسی ئایین و پیرۆزی لە بەرامبەر ئازادیی بیروباوەڕدا، ژێدەرێکە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوە.

## ئەنجام

ئەگەرچی ئازادیی ئایین مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤە بەبێ جیاوازیی ئایین و بیروباوەڕەکان، پێموایە ‹پـرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزییەکان› لە هەرێمی کوردستان گەمەیەکی سیاسیی تـرە، کە لەژێر ناونیشانی جیاوازتردا دەمامکی تر دەپـۆشـێ. چونکە دواجــار ئامانجی سنووردارکردنی بیرکردنەوەی ئازادە. ئیدی کەسانێك کە بە ناوی پارێزگاریی لە پیرۆزی، خۆیان دەکەن بە نوێنەر و وتەبێژی هەقیقەتی ڕەها، دواجار سیاسەت و هزر و ڕاکان لە ڕێی کۆنترۆڵی دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاوازەوە قۆرخ دەکەن. چونکە دەبنە جۆرە پۆلیسێکی بیروڕای هاووڵاتیان. پاش چەندین سەدە لە ستەم و سەرکوتکاری و کوردستان پۆلیسی هزر و بیروڕای ناوێ. پۆلیسی پێداویستی پارێزگاری سەرسنوور، ناوەوە و هاتوچۆ و

سەلامەتی و هێمنی و ئارامی دەوێ. هەرگیز لەم وڵاتەدا ئایین لە مەترسیی لە ناوچووندا نەبووە، تا کەسانێك فریای بکەون.

بە داخەوە، هەندێ ناوەند و ڕەوتی ئایینی، هۆشیارانە و بەرنامەڕێژانە بێت یا نا، لەم گەمەوە گلان. لە کاتێکدا زۆر هزرمەند لە ئایینی ئیسلامدا پێیان وایە، پیرۆزیی مرۆڤ لە پیرۆزیی و بەرزی خوداوە سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت لە دەقی قورئاندا، کە باس لە چێکردنی مرۆڤ دەکات، دەڵێ «ڕۆحی خۆمان کرد بە بەریدا»، بە پێچەوانەوە دەبینیین کە قسە لەسەر ژیان و بەهای مرۆڤ دەکەن، ئایین دەبێتتە مەرج بۆ مان و ژیانی! واتە مرۆڤ دەکرێتتە سووتەمەنیی جەنگی پیرۆزگەریی ئایین و بیروباوەڕە دۆگماکان.

ئاخر ئەگەر خودایەك مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی، واتە لە باشترین نموونەدا دروست کردبێ، چۆن وەها بێڕێز و بێنرخ بێ، کە نابێت سەرپشك بێ لە ڕاوبۆچوونی خۆیدا و ئازادیی زەوت بکرێت؟ کەواتە کوتانی ئاسنی یاسای پیرۆزییەکان، دەمامکێکە بۆ تویکڵ و ڕواڵەتگەرایی ئایینی، بەتایبەت لەم سەدەیەدا کە ئایین بۆتە ڕووداوێکی نمایشکارانەی ڕۆژانەیی. لێرەوە یاسای پیرۆزی، سنووردارکردنی ئازادیی ئایینە بە مانا جیاوازەکانی.

# بەشی حەوتەم
# ئیسلامیزەکردنی گوتاری مافی مرۆڤ و زانست و کۆمەڵگەی کوردی

## ئیسلامیزەکردنی گوتاری
## مافی مرۆڤ و زانست و کۆمەڵگەی کوردی

دیارە ئەم ناونیشانە زۆر فراوانە و چەندین ڕەهەندی مێژووی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئایینی دەگرێتە خۆی، چونکە لە ڕوویەکەوە دەوڵەمەندیی بابەتەکە دەگەیەنێت، بەڵام لە ڕووی توێژینەوەیەکی قووڵەوە دەکرێتت ئەم نووسینە تا ڕادەیەك هەژار بێت، ئەگەر بابەتێکی فراوان وەك ئەمە بە تێروتەسەلی توێژینەوەی لەسەر نەکرێت. بۆیە مەبەست لەم نووسینە بەدواداچوون و پێداچوونەوەیە بە گێژەنگێ، کە لێرەدا بە «ئیسلامیزم» ناو دەبرێت. دەکرێتت ئیسلامیزم بە ئیسلامگەریش ناو ببرێ. واتە بە مانای بیروباوەڕی دۆگما و چەقبەستوو و ڕادیکاڵ.

پێش ئەوەی بچمە باسەکەوە، گونجاوە هەڵوێستەیەك بکەین لە بەردەم چەمکی ئایین و جیاوازی لەگەڵ فەلسەفە و زانست بەو مەبەستەی ئەم جیاوازییە بەرچاوڕوونی بێت و پلەی ئایین لە ژیان و بیرکردنەوەدا تێبگەین .ئاشکرایە هەستی ئایینی هێندەی تەمەنی مرۆڤ کۆنە «ئایین». لێرەدا بە واتا گشتی و فراوانەکەی، نەك ئایینێك بەتایبەت. خولیای ئایین هەردەم هاوەڵێکی نزیکی مرۆڤ بووە. باشتر بڵێین، مرۆڤ هەمیشە لە میانەی سروتەکاندا سەرگەرمی ئاینداری بووە. باوەڕی ئایینی وەك تێڕوانینێك بۆ دنیایەکی نەناسراو و نادیار ویستویەتی گوزارش لە پەنهانی، لە بوونەوەر، لە سروشت، لە تارمایی بکات و بیانخاتە فۆڕمێکی پیرۆزەوە. هاوکات پلە و پایەیەکی دیاری لە ژیانی ڕۆژانەیدا بۆ دابنێت. کەواتە مۆتیڤ (پاڵنەر)ی ئایینی هەڵماڵینی پەردەیە لەسەر نەناسراو، نەوتراو و نەزانراوەکانی ئەودیوی سروشت.

**کێشەی ئیسلامیزەکردن :**

پرۆسەی بەئیسلامکردن هەڵمەتێکی سەرتاپاگیرە، کە پەل بۆ هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ دەهاوێژێ. بە واتایەکی تر؛ پانتاییەك لە دەرەوەی پرۆسەکەی ناهێڵێتەوە. ئەم ڕەوتە دروستکردنی جیهانێکە و گۆڕینی سترۆکتۆری کۆمەڵ و دارِشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسی و ئابورییەکانیشە. ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەکردنێکی تردا بۆ دەق و پەیڕەوکردنی فەرمانە ئایینییەکان لە فۆرمێکی زەقکراودا. هەر بۆیە ڕاستە ئەگەر بڵێین ئێمە لە بەردەم دیاردەیەکدا نین، لە بەردەم کەشێکی ئایینیدا نین بە

واتا باوەکەی، کە باس لە پەیوەندیی مرۆڤ و خوا دەکات. بەڵکە لە بەردەم لێشاوێکداین، کە سەرجەم خانەکانی مرۆڤ و شانەکانی کۆمەڵ و بونیادی ئاوەز دەخاتە ژێر دەسەڵاتی دەقەوە. ئیتر ‹خوا› چاودێر نییە، بەڵکو لە لایەن نوێنەرانی و خەلیفەکانیەوە دیسپلینکردنی مرۆڤ دەست پێدەکات.

ئیدی ئێمە لە بەردەم دامەزراندنی دەزگایەکی دەوڵەتیدا نین، بەڵکو لە بەردەم دامەزراندنی مەملەکەتی خوداداین. کەواتە ئەم شێوازە بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات کە لە هەموو ڕوویەکەوە دەجوڵێت، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕژێمێکی بیرکردنەوەی تۆتالیتاریزمی، کە هەمان میکانیزمی دیسپلین و سزا بەکار دەهێنێ.

لێرەوە چەمکەکان، دروشمەکانیش بەدوور نابن لە دەستکێشی ئیسلامیزەکردن، جا مافی مرۆڤ بێ یا چەندین چەمکی باو لە ژیانی ڕۆشنبیریدا. لێرەدا سێ تەوەری سەرەکی، پەیکەری بابەتەکە هەڵدەگرێت و هەندێك بابەتگەلی وەك هەڵمەتی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری کوردی، مەسەلەی تیرۆریزم و بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی دێنە بەردەممان. دیارە تەوەرەی یەکەم باس لە چەمکی مافی مرۆڤ و جاڕنامەی ئیسلامی بۆ مافی مرۆڤ دەکات. تەوەرەی دووەمیش، باس لە زانست و ئایین و ئیسلامیزەکردنی زانستەکان دەکات.

دەکرێت پرسیارێك بێتە پێش، بۆچی بابەتێکی وەها جەماوەرورووژێن- پۆپیلەر (populair) هەڵدەبژێرم، واتە بۆ لەسەر دیاردەیەکی زەق و بەناوبانگ بنووسم، لە کاتێکدا لە ڕۆشنبیریی کوردیدا سەدان بابەتی تر سەبارەت

بە بیرکردنەوە لە کۆمەڵگە و کێشەکانی مرۆڤ هەن و کەمتر نین بۆ لێکۆڵینەوە؟ لە لایەکی ترەوە، هێندە لەسەر ئیسلامگەری بە زمانە جیاجیاکان نووسراوە و لە نووسینی کودیشدا وا بزانم گەلێك هاتۆتە بەر باس و گۆ، من پێم وایە ئەم بابەتانە بە یەك نووسین و لێکۆڵینەوە کۆتاییان پێنایەت، لە کاتێکدا کێشەکە بەردەوام هەر لەتیندایە و پاشان ناکرێت بە یەك دوو لێکۆڵینەوە سەروبەری کێشەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بخرێنە ژێر پرسیارەوە، چونکە وەك چۆن پرۆسەکە سەرتاپاگیرە، ئاوەهاش کاردانەوە و هۆکارەکانیشی فرەڕەهەند و فرەلایەنەن.

هەر بۆیە دەبێت بزانین لە میتۆدی نووسیندا چ پرسیارێك، چ کێشەیەك دەبێتە جێگای توێژینەوە. ئایا باس لە چ کێشەیەك دەکەین و چۆن بتوانین دایبڕێژین، ئەگەرچی پێناسەکردن بۆ خۆی دژوارییەکی تری فەلسەفەمان بۆ قوت دەکاتەوە. لێرەدا پێناسەی کێشەکە بە ئەندازەی دەستنیشانکردن ڕەگوڕیشاڵەکانی کێشەکە ناکەین. بۆیە دەبێت بپرسین: ئایا کێشەکەمان کێشەی ئیسلام و ئایینە؟

ئەمڕۆ کە «ئیسلام تەنگەژەیەکی «ئیشویەکی» جیهانییە، وەکو چۆن لە میدیا و کۆڕە زانیارییەکاندا ئەو بەربڵاوییەی بەرجەستە دەکرێت. دیارە ئەم بەربڵاوییە باوە، بۆ خۆی هێندەی تر قەیراناویکردنی تێزی لێکۆڵینەوە و نووسینەکانە. چونکە لەباتی باسکردنی دیاردەی «ئیسلامگەری» وەك ئایدیۆلۆژیای بزاڤێکی سیاسی، کولتوری و دەقگەرا، باس لە ئیسلامێکی گشت دەکرێت. واتە ئیسلامێك کە ئەستەمە لە چەند ڕستەیەکیشدا پێناسە بکرێت. لەبەر ئەوە، دەبێت

بپرسین ئەم چەشنە توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە لە توانایاندایە بچنە بنجوبنەوانی دیاردەکە؟ واتە کێشەی ئیسلامگەرا بە شێوەیەکی گونجاو (Relevant) و بابەتی شرۆڤە بکات؟ دیارە نەخێر. چونکە کاتێك خودی ئیسلام دەبێتە مشتومڕ و جێی پرسیار، ئەوسا لە قەیرانەکە، کە ئیسلامگەرییە، دەردەچین.

گرفتەکە لەوەدایە کە کاتێك باس لە تیرۆر دەکرێت، باسی ئیسلام دێتەوە بەردەم. کاتێك باسی دواکەوتن، دیموکراسی و ئازادی و گۆڕانکاری لە جیهانی ئیسلامیدا دەکرێت، یەکسەر خودی ئیسلام دەکرێتەوە بە ئیشکالیەتەکە. وەك توێژەری بواری ڕادیکاڵیزم و و توندڕەویی ئایینی ‹گراهام فوللەر› جەختی لێدەکات، ئەوەیە، دەبێتت یەك پرسیار بکەین، ئایا موسڵمانان بۆ خۆیان چیان دەوێت ؟ واتە خوازیاری چین لە بەرامبەر گۆڕانی دیموکراسی و مەسەلەی تیرۆردا؟ چۆن دەڕواننە ئەم دیاردانە و هەڵوێستیان چییە و بۆچی؟

نەك ئەوەی پرسیارێکی داخراو بکەین: ئایا ئیسلام تیرۆرە، ئیسلام مۆدێرنە، ئیسلام زانستە؟ لەبەر ئەوەی شارەزایان هەمیشە بە چەندین شێوەی جیاواز لێکدانەوە بۆ دەقەکان دەکەن. بۆیە بەراوردی ئەم بابەتگەلانە لەگەڵ ئیسلامدا بێسوودە. کەواتە پرسیاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و گۆڕان زیاتر بەستراوەتەوە بە خودی موسڵمان و هەڵگرانی باوەڕی ئایینییەوە، نەك بە خودی ئیسلامەوە.

کەواتە گرفتەکە خودی موسڵمانان دەگرێتەوە، کۆمەڵگە و نەریت و سیستەمی سیاسی و خوێندن و پەروەردە، کە تا چەندە هەڵگری توانای گۆڕان و ژیانەوەن. تا چەندە ئامادەیی بوژاندنەوە و تا چەند دەتوانێ لە کارتێکردنی

دۆگما بـەدوور بێت. هەروەها پشکنین و توێژینەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی ئیسلامگەری، کە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. بەتایبەت، ئەگەر بمانەوێت لە مەسەلەی توندوتیژیی ئایینی بدوێین. هەر لەبەر ئەمە، پسپۆڕێکی وەك ‹بینجامین باربەر› سەرهەڵدانی تیرۆر» ناگەڕێنێتەوە نە بۆ ئایین، نە بۆ خودی جیاوازیی شارستانی وەکو سامۆیل ‹هانتنگتۆن› بۆی دەچێت. بەڵکو، دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری (کۆمەڵایەتی، ئابوری، زانیاری)، نەبوونی ئازادی و ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی سیاسی. ڕژێمەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان ڕۆژانە هەزران کەس بەند دەکەن و ئازار دەدەن و لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتیاندا دەکوژن» . دیـارە دەکرێت ئەمە بە هۆکارێکی ناوخۆیی دابنێین. هەروەها نەبوونی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان و نایەکسانیی ئابوری و بەهێزیی هەندێك زلهێز هۆکارێکی تری بڵاوبوونەوەی تیرۆری جیهانی و زەمینەخۆشکەری ڕادیکاڵکردن و هەڵایسانی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژە.

دیارە گرنگی ئەم بابەتە و مەترسی تیرۆر، کە بە نوێترین میکانیزمی تەکنۆلۆژیا کار دەکات، جیا ناکرێتتەوە لە ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان. هاوکات تێگەیشتن و وردبوونەوە لەم بابەتە بۆ ئێمەی کورد تێگەیشتنە لە هەندێ ڕەهەندی کولتوریمان، لە ئاستی شارستانیی کورد لە تەوەرەی سێهەمدا باسی لێدەکرێت. لە هەمان کاتدا، دەبێتت بزانین ئێمە لە بەردەم بزاڤێکی جیهانیی سنووربڕداین. واتە بزاڤێك کە تێڕوانینێکی سەراپاگیر بۆ ژیان هەیە و لە بەردەم تەوژمێکی ئایینزاکراو بۆ کۆڵۆنیالیزمەکردنی داهاتوو، بە

گەڕانەوەیەکی خێرا و توندوتیژ بۆ ئەو ڕەسەنەی لە ڕابردوودا هەیە. هەڵبەت ئیسلامیزەکردن تەنها ڕواڵەتەکانی ژیان و شێوازی هەڵسان و دانیشتنمان ناگرێتەوە، تەنانەت پانتاییە شاراوەکانی ناوەوەمان، دەروون و خواست و حەزەکانیشمان پاوان دەکات. هەر لەبەر ئەوە، بە ڕەوتێکی (تۆتالیتێر) گشتیگیرخوازیی دادەنێم.

## تەوەرەی یەکەم : مافی مرۆڤ

زۆر گرنگە کە ئێمە «جاڕنامەی مافی مرۆڤ» وەك جاڕنامەیەکی جیهانی، وەك پرەنسیپ، وەك سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتی تێبگەین. پاشان دەبێت ئاگادار بین، ئەگەرچی ئەم «جاڕنامەیە»، ئەم دۆکیومێنتە هەروا لەدایك نەبووە، بەڵکو ئەنجامی چەندین کارەساتی مێژوویی و جەنگی گەردوونییە. زادەی تاقیکردنەوەی مرۆڤ و چەشتنی ئازار و وێرانیی جەنگ و شەڕوشۆڕەکانی مرۆڤە. ئەنجامی بیرکردنەوە لە ئاشتی وەك پرەنسیپی سیاسی، ڕێزی مرۆڤ، ئازادی وەك دەستکەوتێکی گرنگ و پێویست بۆ ژیانی هەموو مرۆڤێك. سەرچاوەی یاسایی ئەم جاڕنامەیە لە ڕووی جوگرافی و یاساییەوە، پرۆتۆکۆڵێکە کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئامادە کراوە. دیارە ئەمە بۆ ئیسلامیستێك جێی گومان و پرسیارە. هەر لەبەر ئەمەش مەسەلەی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ خاڵێکی بنەڕەتییە، کە «جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤ « بێتەوە ئاراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ دەقی پیرۆز، نەك ئەزموون و زانست و فەلسەفەی سیاسی.

هەڵبەتە، هەرچۆنێك بێت، ئەوە خاڵێکی پۆزەتیڤە، کە هەمیشە گوێمان لە یەکدەنگیی ئیسلامگەری و تەنها

یەکڕوخساری نەبێت، کە تەنها باس لە ئاکاری ئایینی بکات و زمانی توندوتیژی بەکار بەێنێ. ئیدی ئیسلامگەرێك باس لە مافی مرۆڤ بکات، باشە. ئەگەرچی ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ، بە خوێندنەوەیەکی ئیسلامییانە کراوە و جێی پرسیارە. لەبەر ئەوە دەبێتت ئاگادار بین کە ئیسلامیزم و مافی مرۆڤ دوو ڕەهەندی جیا لەخۆ دەگرن. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو ئیسلامگەرەی (مافی مـرۆڤ) وەك ڕەهەندێکی ڕەوشتی سیاسی فەرامۆش دەکات، دەبێتتە تیرۆر، زەبروزەنگ. بە پێچەوانەشەوە ئەمە ڕاستە.

خاڵێکی تر کە گرنگە، ئەوەیە گوتاری گـەڕانـەوە بۆ سەرچاوەی پیرۆز کە لە جاڕنامەی ئیسلامیی مافی مرۆڤدا هاتووە، بە تەنها ناتوانێت ببێتە پێکهێنەری پرنسیپێکی تەواو بۆ مافی مرۆڤ بە گشتی. واتە تەنها گەڕانەوە و خوێندنەوە بۆ ئیسلام لە بەرجەستەکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤدا کورت دەهێنێت. لە لایەکی ترەوە « جاڕنامەی ئیسلامیی مافی مرۆڤ» هەڵگری جیاوازی و تایبەتمەندییەکە، کە تەنها بۆ مافی موسڵمان بشێت. چونکە دەقی ئایینی باوەڕی ئیسلامی سەرچاوە و دیکۆر و ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دیاری دەکات. لەبەر ئەوە جاڕنامەیەك نییە بۆ مرۆڤ وەك تاك، بەڵکو بۆ ئومەی ئیسلامییە. لە هەمان کاتدا ئەم جاڕنامەیە خۆی بەرامبەر جاڕنامەی جیهانی دادەنێت، کە جاڕنامەیەکە سنووری ئایینی و ڕەچەڵەك و ناوچەگەری دەبەزێنێت.

کێشەی مافی مرۆڤ لێرەوە دەبێتتە کێشەی گەڕانەوە بۆ دەق، چۆنێتیی خوێندنەوە و لێکدانەوەی تێکست و پەرتوکە ئایینییەکان. ئەمەش بۆ خۆی دووچاری گێچەڵێکی ترمان

دەكات. گێچەڵی زمان، لێكدانەوە و ڕاڤەكردن و چەندین گرفتی تر، كە سەدان ساڵە بیری ئیسلامیی پێ گیرۆدەیە. وەك وتم، لەبەر ئەوەی ئایین و باوەڕ دەبێتتە تەوەرەیەكی سەرەكی و چەقی چەمكی جاڕنامەی ئیسلامی، كە وا بكات كە مرۆڤگەلێك لە دەرەوەی ئەم بـاوەڕە ئایینییە مافی مرۆڤایەتییان دەستەبەر نەكرێ و جیاوازیی ئایین و باوەڕ ببێتە هۆكارێك لە هەڵگیرسانی ململانێ و دەستدرێژیكردنە سەر ئەویتر. لێرەوە، ئەگەر سەرنجێكی خێرا لە ڕووداوەكانی ئەم چەند ساڵە بدەین، دەبینین ئیسلامگەرایی توندوتیژ بەرگێكی ئیسلامییانە دەكاتە بەری ڕووداو و كارەساتەكان. واتە زللەیەك لە موسڵمانێك، زللەیەكە لە ئیسلام. تەنانەت ئەوانەی بە ناوی ئیسلامەوە دەدوێن، خۆیان لە بەرەیەكی تری دیموكراسی و مۆدێرندا دەبینن. هەر بۆیە دژایەتیكردن و لێدانی ئەم بەرە «نائیسلامییە» بە كارێكی پیرۆز و فەرمانی خودایی تەماشا دەكەن. لە كاتێكدا میدیای جیهانی كەوتۆتە هەڵەیەكی كوشندەوە لە بەگشتاندن و ناوبردنی ڕووداو و گرفتەكان، بە گرفتێكی ئیسلامی و موسڵمانانیش هەر بۆنەتە جەنگاوەری ئەم جەنگە و هیچی تر!

دیارە چ لە لایەن ئیسلامگەر و چ لە لایەن میدیای جیهانی بە شێوەیەكی گشتی ڕووداو و كارەساتەكان و ئیشەكان ئیسلامیزە دەكەن. ئەمەش بۆ خۆی قەیرانی میدیایە بەگشتی، چونكە زۆر خێرا و بازرگانییانە (كۆمێرشڵ) و هەواڵەكان بۆ جۆشدان و ورووژاندنی ڕای جیهانی پەخش دەكەن. لە لایەكی ترەوە، ئیسلامگەرانیش پێیان باشە كە بە هۆی ئەم میدیا سەیروسەمەرەوە هەلەكە بقۆزنەوە، تا ببنە سەرتۆپی

باس و هەواڵە گەرمەکان. دیارە ئەم باسە گرفتێکە کە زۆر هەڵدەگرێت و جێی باسەکەمان نییە.

بۆیە دەگەڕێمەوە سەر چەمکی مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی جاڕنامەی ئیسلامییەوە. ئایا مەبەست لە کام مرۆڤ؟ مرۆڤ کێیە بەپێی ئەو پێناسەیەی جاڕنامەکە دەیکات؟ چەمکی «مافی مرۆڤ «چەمکێکی نوێیە و باس لە ماف و خواست ویستەکانی مرۆڤەکان دەکات لە ڕوانگە و دیدێکی سەربەخۆ و بێلایەنەوە. واتە مروڤ و پێداویستییەکان (جەستە، مادی، ڕۆحـی) ئەو هەل و دەرفـەت ژیان و پێشکەوتن گرنگن بۆی. ئاسایش و ئاسوودەیی، کولتوور، خواستە هونەری و وەرزشییەکان و هتد.

دیارە «مافی مرۆڤ» باس لە پەیوەندیی مرۆڤ و مرۆڤ دەکات. مرۆڤ لەگەڵ خۆی، مرۆڤ و سروشت و دەوروبەر، باوەڕ. بۆیە باوەڕ دەبێتتە یەکێك لە مافەکان. لە کاتێکدا جاڕنامەی ئیسلامی باوەڕ دەکاتە ڕەهەندێکی گرنگ، دەبێتتە چەترێك کە مافەکانی مرۆڤ لە ژێریدا شرۆڤە دەکرێتت. هەر لێرەوە چەمکی «مرۆڤ» دەگۆڕێت بۆ کەسی باوەڕدار، بۆ بەندەی خودا. دواجار، پەیوەندیی خودا – مرۆڤ دەبێتتە چەق و خاڵێك، کە پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دەبەستێتەوە. جگە لەوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای باوەڕ دابەش دەکرێتتەوە و چەمکی «مرۆڤ» لە واتا گشتی و ڕەهەندە جوگرافی و کولتورییەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ڕەهەندێکی ئایینی.

چەمکی «مرۆڤ» وەك دەستکەوتی نوێی بیری پێشکەوتوو لە نێو بیری ئیسلامگەریدا نییە. هەر بۆیە ئیسلامگەراکان دێن هەرچی ناو و سیفەتە، بۆ کەسی باوەڕدار لە دەقەکانی

قورئان و سوننەتدا وەردەگـرن و وەك چەمك پێشکەشی دەکەن. ئێمە پرسیارمان لەسەر ئەوە نییە، ئاخۆ ناوی مرۆڤ – سیفەتی مرۆڤ یان زانست لە قورئاندا هاتووە، بەڵکو چەمك و بنەماکانی ‹مرۆڤ بوون› چییە. کاتێك «مرۆڤ» بە دیدی ئیسلامگەری پێناسە دەکرێتەوە، بنەماکە بۆ چەند فەرمان و ئامۆژگاری و ئاکاری ئایینی کورت دەکرێتەوە. جاڕنامەیەك بە زمانی ‹نەفی› و ‹نابێتت› باس لە مرۆڤ بکات، بێگومان باس لە ئازادی بە شێوەیەکی دیارینەکراو و نەچەسپاو ناکات، بەڵکو بۆ هەموو ئازادییەك گرێیەك، بەڵگەیەکی ئایینی قوت دەکاتەوە.

لەبەر ئەوە، لە بەردەم جاڕنامەیەکدا نیت، کە باس لە ئازادی و مافی مرۆڤ بکات، بەڵکو گەڵاڵەنامەیەك کە ‹ژیانت› پێدەدات، لە بەردەم لیستێك لە فەرمان، ڕێنومایی، ڕەچەتەی ژیاندایت. هەڵبەت ئەمەش خاڵێکی سەرەکیی جیاکەرەوەی هەردوو جاڕنامەکەیە لە یەکتری. چونکە کاتێك مافەکان بۆ ئەرك کورت دەکرێتنەوە، ئەوسا پرسیارێك دێتە ئاراوە: ئایا ئەم بەڵگەنامەیە، تا چەند مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی دەق و باوەڕ و لە سنوورەکانی قەدەغەکردنی ئایینی پاراستووە؟ باشە گەر مرۆڤێك سنوورەکانی ئەم دەقەی بەزاند، چۆن و لەسەر چی سزادەدرێت؟ بۆ نموونە، هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و ئایین، تا چەند و تا کوێ بڕ دەکات؟ لە کاتێکدا کەسێك لە وڵاتێکی ئیسلامیدا دەستبەرداری ئایینی خۆی دەبێتت، چیی بەسەر دێت؟

ئەو سنوور و سزایانەی کە بە ناوی بەدڕەوشتییەوە ئەنجام دەدرێن، تا چەند لەگەڵ مافی مرۆڤ و ویست و خواستی

خۆیدا دەگونجێت؟ هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ نموونە، کە بەستراوەتەوە بە باوەڕەوە، موسڵمانێك بۆی نییە کەسێکی بێباوەڕ بخوازێ. پیاوی موسڵمان بۆی هەیە ژنێکی فەلە بهێنێ، کەچی ژنێکی موسڵمان بۆی نییە شو بە پیاوێکی فەلە بکات. هەڵبەت چەندین نموونەی تر، کە پێویست ناکات باس بکرێتن. لە کاتێکدا ئەگەر سەیری بەندەکانی (1،2،3،4) «جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ» بکەین، هیچ لەم نموونانەی سەرەوە بەربەست نین. مرۆڤ بە تەواوی ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، هاوسەر، شوێنی نیشتەجێبون .

بەدگومانییەکە لە لایەکی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، کە «مافی مرۆڤ» هەروەکو چۆن لای زۆربەی دەسەڵات و ڕژێمەکانی ناوچەکە و پارتە کوردییەکان لێك دەدرێتەوە، ئاوەهاش لای ئیسلامگەری دروشمی سیاسیی ڕووتە! پرسیارێکی جەوهەری کە ئایا سەرچاوەی دەسەڵات بۆ مافی مرۆڤ کێیە؟ بێگومان، لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا، مرۆڤ خۆی بڕیاردەرە، خۆی ڕێسا و بەندەکانی مافەکانی دەستنیشان کردووە و ژیانی کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە دەبات. لە کاتێکدا جاڕنامەی ئیسلامی دەسەڵاتی یاسایی دەخاتە نێو سنووری دەق و ژێر ڕکێفی ئایدیۆلۆجیا و گوتاری ‹خودایی›ەوە. بێگومان ‹خودا› بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکم ناکات لە کێشە یاساییەکاندا بەڵکو نوێنەرانی، کەسانێك بە ناوی خوداوە دێن و یاساکانی بەڕێوە دەبەن.

مەسەلەی ژیان و مەرگ، پرسی ڕێز و ئازادیی تاکەکەس هەموویان دەبرێن بۆ لای تێکستەکان و زاناکانیش هەمیشە خەریکی کۆلاج و دۆبلاژ و دەرهێنانی حوکمی ئایینین، کە

مافی ژیان و مان دیاری دەکەن، لە کاتێکدا ژیان - مرۆڤ دەبێتە سەرچاوەی ڕەوای جاڕنامەی گەردوونی. کاتێك ئایین – خودا دەبێتە سەرچاوەی دەقێکی یاسایی مافی مرۆڤ، ئەوسا ئێمە لە بەردەم دەقێکی زەمینیدا نین، لە بەردەم دەقێکی میتافیزیکیدان، کە باس لە خودا – مرۆڤ – دەوروبەر دەکات. کاتێك دەڵێین هەموو شتێك لە زەوی تا ئاسمان و بە مرۆڤیشەوە موڵکی خودایە، ئەوساکە ئێمە چۆن دەتوانین ئەمە پراکتیزە بکەین و بیگوێزینەوە بۆ واقیع. چۆن دەکرێتت دەقێکی میتافیزیکی ببێتە مۆدیکی سیاسی و کێشەکانی ئەمڕۆمان؟

لە کاتێکدا ئێمە لە بـەردەم دەقێکداین، کە باس لە ئازادبوونی مرۆڤ دەکـات، هاوکات ڕێگە بە جۆرەکانی کۆیلەبوونیش دەدات. لە کاتێکدا باس لە باوەڕ دەکات، بەڵام جۆری باوەڕەکەشی هەڵبژاردووە و دیاریی کردووە. ئازادی بیروباوەڕی تا ئەو شوێنەیە، کە سنووری دەق، پیرۆز و هەقیقەت نەشکێنێت. تەنانەت گومانێکیش سەرت بە قەنارە دەکات و هەزارویەك بەڵگەی ئایینی و ناو و ناتۆرەی بۆ دادەتاشرێت!

ئەوەی لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دووبارەی دەکەمەوە، جاڕنامەی ئیسلامی کارێکی باشە و هەنگاوێکی ئازایانەیە، بەڵام هێشتا نەڕسکاوە و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. ئەو زمانەی پێی نووسراوە، زمانێکی ڕەسمییە. زمانێکی دەوڵەتە ئیسلامییەکانە، کە زۆربەیان لە ڕێی نوێنەرەکانیانەوە لەو کۆنگرە ئیسلامییەدا بەشدار بوون. بێگومان هەر خۆشیان پاڵپشتیی جاڕنامەکە ناکەن و ئەگەر تۆزقاڵێك لە سنووری دەسەڵاتی تاکرەوییان

کەم بکاتەوە، مۆری ناکەن. لە لایەکی ترەوە، دژی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤن، چونکە بە بەهانەیەکی لێك دەدەنەوە، دژ بە دەستێخستنی وڵاتانی تری وەك نەتەوە یەکگرتووەکانن لە کاروباری ناوخۆیی و دۆخی سیاسی ناوچەکە. پاساوەکەشی ئەوەیە کە وڵاتانی ئیسلامی بۆ خۆیان خاوەنی پرۆتۆکۆلێکن، کە لەگەڵ دابونەریت و ناسنامەی کولتوریاندا دەگونجێت.

ئەگەرچی ئەم پۆزشانە هاندەرن بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ڕەسمی لە وڵاتـانـی ئیسلامی، ئیسلامگەراکانیش کە خودی خۆیان قوربانیی ئەو سیستمانەن و سیستماتیکی دەچەوسێنەوە وەك نەیارێك جاڕنامەی جیهانی ڕەت دەکـاتـەوە بـەوەی ئەمە کردەیەکی ڕۆژئاواییە، کەچی زۆربەشیان پاش زیندان و ڕاوەدونـان بۆ وڵاتانی ئەوروپا هەڵدێن تا لەژێر ئەو ئازادییەی کە هەیە، ئەمانیش جێی خۆیان بکەنەوە و بانگەواز بکەن بۆ ئیسلامیزەکردن و ڕادیکاڵیەت لە لایەك و لە لایەکی ترەوە بەرپەرچدانەوە و نەفیکردنی خودی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە ڕێی ئەو دەستەبەرییە یاسایی و مرۆڤییانەی کە جاڕنامەکە بە هەموو کەسێك، کە مافی دەربڕینی ڕای جیاوازی هەبێت، دەیبەخشێت. جێی داخە ئیسلامگەریی دۆگما بگاتە ئەو ڕایەی کە هێندە هەلپەرست بێت، کە ئازادی بە ئازادی ڕەت بکاتەوە. سەربەستی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی سەربەستیی مرۆڤ کورت بکاتەوە. ئەوەش تاکتیکێکی سەیر نییە کە تۆ هێندە باوەڕت بە ئازادی نییە، سەربەخۆیی نییە، مافی مرۆڤ نییە، کە بۆ خۆت و باوەڕەکەت باشە، لە پاشان هەر هەموویان لەناو دەبەیت.

## تەوەرەی دووەم: زانست

سەرەتا دەبێت ئاگادار بین کە ‹ئیسلامیزەکردنی زانست› بە ‹بەزانستییکردنی ئیسلام› نییە. لە هەمان کاتدا زانست و زانین لێرەدا لە واتا ئیپستمۆلۆژی و تیۆرییەکەی خۆی دادەبڕێت، واتە وەك ئامرازێك تەنها لەپێناو هەڵگۆزینی پاساو و بەڵگە و وەك ‹شایەتی دووەمی› دەقە پیرۆزەکان بەکاردەهێنرێت. واتە زانست دەبێتتە (second order) پلە دوو لە پلەبەندیی (هێرارکیەتی) ئایین و زانست و زانیندا. لێرەوە زانست بەرگێکی پیرۆز دەپۆشێت و تیۆر و بیردۆزەکانیش لەبەر ڕۆشنایی ئایەت و سۆنگەی هەڵسوکەتی ئایینییەوە لێك دەدرێنـەوە. ئیتر زانست چەکێکە وەك چەکەکانی تری بەرگری لە ڕاستیەکانی ئایین. بۆیە لە سۆنگەی زانستەوە بە واتایەکی تەسك، لێکدانەوەی دەقێك بە تێرم و زاراوەی زانست دەکرێتت. بەمەش زانست، لە زانستێتی خۆی دادەبەزێت و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بڕیاری پێشوەختی ئایینەوە. زانست و تیۆرەکانی لە گریمانە (هیپۆتەسێکی) ئەقڵانی و ئەندێشەیەکی زانستەوە سەرچاوەناگرێ، بەڵکو ئایەت و فەرموودەکان دەستنیشانیاندەکەن.

لە هەمانکاتدا ئەو بابەتانە دەوروژێنرێن و باسدەکرێتن، کە جەماوەری باشیان دەبێتت سەرنجڕاکێش و ساکارئامێز و دوورن لە ئاڵۆزی. ئەوانەی باس لە گەردوون، هەسارە، کردگار، داروین، فروێد، هۆکاری یەکەم و زیندەوەر و گیانلەبەرانی وەك هەنگ و نەهەنگ و مێرولە دەکەن، پێیانوایە زانستین. دیارە ئەم بابەتانە زیاتر پرسیاری ‹تیۆلۆجین› واتە ئایینین، نەك زانستیی پوخت. ئەمڕۆ زانست بە دوای هۆکاری یەکەم

و کردگار کێیەدا ناگەڕێ. ناپرسێت کێ خانەی دروست کرد، بەڵکو خانە چۆن دروست دەبێت و گەشە دەکات و دەمرێت. زانست هەوڵ نادات مەتەڵی ژیان هەڵبەێنێت، بەڵکو گەڕانە بە دوای ئەو شتانەی لە ژیاندان. ئیسلامگەریی زانستی ناچێت لە ڕوانگەی زانستەوە سەیری دەق بکات، بەڵکو لە دەقەوە سەیری زانست و ئەرکی زانست دەکات، چونکە ئەگەر وابێت، دەکرێتت زانست جێ بە باوەڕبوون لەق بکات. هەر لەبەر ئەمەشە چ شتێك هەماهەنگ نییە و ناکۆکە بە ئایین، وەلا دەنرێت .

دیـارە ڕاڤەکردنێکی بەناو «زانستی» تا ڕادەیــەك بە دیاریکراوی، دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێکی وەك ‹جەمالەدینی ئەفغانی› و ‹محمد عبدە› و ‹ڕەشید ڕەزا›. ئەوانە کەسانێکی ئاوارەی ئەوروپا، بەتایبەت لە پاریس بە ئەنجامەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، ڕێنسانسی زانستی و ملدانی ئایین و چۆڵکردنی مەیدان بۆ زانستەکان ئاشنا بوون. پاشان، ئەوان لە دڵسۆزیی خۆیان هەستیان بە پەژارەیی و دواکەوتوویی و هەژاریی کولتوری وڵاتانی ئیسلامی کردووە. هەر بۆیە بەو خەونەوە ویستیان لە ڕێی ڕێکخستنی پەیوەندیی ئایین و زانست، بتوانن گۆڕانکاری لە هۆشیاریی گەلانی ئیسلامیدا بکەن. دیارە لە کوردستانیش کەسێکی وەك ‹نەورەسی› لەم ڕووەوە هەوڵی زۆری داوە و هەروەها پیاوێکی وەك ‹شێخ محمدی خاڵ› و کەسانی تریش، هەمان ڕێچکەیان لە ڕاڤەکردنی قورئاندا گرتە بەر.

بێگومان، لێکدانەوەی قورئان بە هۆی داهێنانی زانستی و دۆزینەوەی نوێیەوە، گەیشتە ڕادەیەکی ئەفسانەیی، واتە

وەك ئەفسانەیەكی جیهانی زانستی لێهات. چەندین نوسەر خەریكی ئەم بابەتە بوون، چەندین وتاری سەیروسەمەرەیان لەژێر ناوی زانست و ئاییندا بڵاو كردەوە. تا ئەو ڕادەی لە هەر داهێنان و دۆزینەوەیەكدا یەكسەر ئایەتێك بە باڵای ئەو دۆزینەوە نوێیەدا هەڵدەدەن. دواجار مرۆڤ دەگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێ؛ چەندە ئەم ئایینە نوێیە، چونكە ئەگەرچی چەندین سەدەیە هەیە، بەڵام هەرچی ئەمڕۆش دەدۆزرێتەوە، بۆ خۆی هەزاران ساڵە نووسراوە و باس كراوە! كەچی هەمان ئایینیش بەبێ داهێنانێكی زانستی، یا كەسێكی شوێنكەوتووی وەهای نییە لە ڕێیەوە دەسپێشخەر و نهێنییەكی زانستیمان پێببەخشێت.

هەر مەلایەك هەستا و باسی ئەم مەسەلانەی دەكرد، وەك ئەوەی بابەتەكانی زانستی و مۆدێرنە، تەنانەت وەك شتێكی قۆشمە دەیگێڕنەوە، لە سەردەمی كۆڵۆنیالیزمی ئینگلیزدا لەشاری سلێمانی «سێر برسی كوكس» لەگەڵ مەلایەك لەسەر زانست و ئایین دەبێتتە دەمەتەقێی. مەلاكەش ڕادەپەرموێت و دەڵێت، كاكە ئەوەی ئێوە باسی دەكەن، هەمووی لە قورئاندا هەیە و باس كراوە. كوكسیش دەڵێ، تەنانەت ئەم ڕاوەستانەیش لێرەدا. مەلاكە دەڵێت بەڵێ، ئەوە نییە دەقی قورئان دەفەرمووێ ( وتر-كوك- قائما ) باس دەكات، كە كوك وەستاوە!

واتە كاتێك قورئان سەبارەت بە ڕووداوێك هیچمان پێنالێ، ئەوەی زۆر شتی گوتووە، بەوەی لە بنەڕەتدا بۆ لێكدانەوە و بیركردنەوەی مرۆڤی بەجێ هێشتووە، بەڵام كاتێك زۆر لە دەقێ دەكرێتت كە شتێك بڵێ، كە

نەیگووتوە، ئەوسا خودی قورئان هیچمان پێناڵێ. کاتێك کە دەوترێت قورئان هەموو شتێکی تێدایە، ئەوجا چ پێویستییەکیان بە زانستە؟ کەسێك شارەزایی لە قورئاندا هەبێت، باش دەزانێت ئەم دەقە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێی ئاماژە و زمانی سیمبولەوە شتی وتووە. تەنانەت زۆر حوکمی ئایینیشی بە ورد و داخراوی باس نەکردوە، بۆ نموونە ڕەکاتەکانی نوێژ زەقترین نموونەیە!

ئیتر نازانم چۆن ئەتۆم و بۆمب و نازانم ئەو هەموو شاخ و باڵەی بە ناوی قورئانەوە باس دەکرێتت، ڕاستە؟ لە لایەکی ترەوە، مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێ لە بارتەقای ئەو هەموو لێکدانەوە جیاجیایەی کە بە درێژایی سەرهەڵدانی زانستی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەق کراون. دیارە ئەمە بۆ خۆی داهێنانێکی بەنرخە، کە ئەقڵێك کە بتوانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقێکی وەها دەوڵەمەند و لەگەڵ زمانێکی گشتی و شاراوەدا بکات. جێی ڕامانە کە چۆن زانستی لێکدانەوە لای زانایانی ئیسلام، زۆر لە پێش فەیلەسوفەکانی زمان و تیۆری واتاوە بتوانن لەگەڵ دەقدا بکەونە گفتوگۆ و بتوانن بنەمایەك بۆ بەرهەمهێنانی واتا و هەلهێنجانی بڕیار و ئامۆژگاری و هەڵگۆزینی پەند و ڕێنومایی بە ئەنجام بگەیەنن.

دیارە بێدەنگیی قورئان لەمەڕ هەندێ بڕیاری ڕۆژانەوە بەهێزی و تۆکمەییە بۆ خودی تێکستەکە. لە لایەکی ترەوە، ئەم بێدەنگییە ساموشکۆیەك، بوارێك بۆ لێکدانەوە و گونجاندنی فلیکسیبلێتی (نەرمێتی) تێکستەکە دەگەیەنێ. بۆ ئەوەی هەمیشە مەودایەك هەبێت کە مرۆڤ تێیدا خۆی

بتوانێت جیهانبینی لەمەڕ ژیان و گوزەرانی بە پاڵپشتی دەقێك یەك بخات. بۆیە کورتکردنەوەی واتاکانی دەقی قورئان و خزاندنە نێو میتۆدێکی زانستئامێزەوە، کوشتنی ڕەهایی دەقە، واتە کردەیەکە لە ئەستەمەوە نزیکترە وەك لە مومکین.

پێم وایە، ئیسلامیزەکردنی زانست، بە دیوێکدا وەڵامێکە بۆ سیکۆلاریزم و ڕەتکردنەوەی نوێخوازی. هەر بۆیە دەکرێتت بڵێین هەڵمەتی ئیسلامیزەکردنی سەرتاسەری مراندنی دەقە، دەرهێنانی دەقە لە ڕەهەندە مێژووییەکەی و کورتکردنەوەیەتی بۆ گوتاری ئایدیۆلۆجی. واتە هەڵوەستەکردنێکی پەرچەکردارانەیە لە بەرامبەر گۆڕانکاری و داهێنانەکانی دنیای مۆدێرندا. دیارە کێشەی گۆڕان زیاتر کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کێشەی کەسانێکە کە بە ناوی ئایینەوە دەدوێن، نەك خودی ئایین، کێشەی کەسانێکە کە لەژێر فشاری گۆڕانی ژیان و بیری مرۆڤدا دووچاری دوالیزمی ئایین – گۆڕان، ئایین – مۆدیرنە، ڕەسەن – هاوچەرخ دەبن. کەسانێك کە بەو گۆڕانانە هەست دەکەن کە ئیتر دەستبەرداری بڕوا و ئایین دەبن. ئەوە بۆ خۆی تەنگژەیەکە، کە باوەڕی ئایینی دووچاری هاتووە.

لە بەرامبەر هەڵوێستی ئەم جۆرە گوتارەدا، ئەوانەی باس لە سیکۆلاریزم دەکەن، خۆیان لە پەرچەکردار و چۆنیەتیی دژایەتی ئیسلامگەریدا دەبیننەوە. دیارە ئەم چەند ساڵەی رابورد، شتێکمان لەم ڕاستییە دەخاتە بەردەم کە چۆن

میدیای کوردی و ڕۆشنبیریی ئێمە، چۆن لە بەناو ململانێی ئایین و سیکۆلاریزمەوە تێکەوتوون، واتە ئیشکالیەتێکیان بۆ ڕۆشنبیری و خوێندەواری کورد دروست کرد، کە چەندین ساڵ دەخایەنێت. پاشان ئەم دۆخە دەقاودەق وەرگێڕان و خواستنی ئەو قەیرانە ڕوناکبیریەیە، کە هەرسێ زمان و ئەقڵیەتی فارسی و تورکی و عەرەبی بە دەستیەوە گیرۆدەیە، هەر لەبەرئەوە، زەمینەی ئەم قەیرانە لە ناو کولتوری کوردیدا بە حاڵەتێکی سروشتی نازانم و لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و ڕۆشنبیریی خۆماڵی تەواوەوە هەڵنەقولاوە.

خوێندنەوەی زانستی یا ڕادیکاڵییانە بۆ زانست، بۆیاخکردنێکی تری هەم دەقە ئایینییەکان و هەم بواری زانستە، کە ئیتر شتێك نامێنێتەوە زانستی پوخت بێ، چونکە زانست وەك ئامراز و بەڵگەدەر لەسەر ڕاستی دەقـە. پاشان ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئایین/ زانست دژبەیەك نین. هەڵبەت ئەمە، لە پەرچەکردارێکی نادانانەی ئیسلامگەراکانەوەیە، کە پێیان وایە زانست دژ بە ئایینە. با بپرسین؛ کام زانست بانگەشەی بۆ دەکرێتت؟ دیارە ئەوەی جێی سەرنجە، زانستە ئەزموونییەکان – ئیمپرییەکان پشکێکی گەورەیان لەم پرۆسەیەدا بەردەکەوێ، چونکە لەلایەکی تـرەوە زۆرینەی ئیسلامییەکان لە بەشەکانی خوێندنی باڵا، زانستەکانی پزیشکی، دەرمانسازی، پەرستاری و هتد هەڵدەبژێرن.

لەبەر ئـەوەی بەگشتی بۆیان گرنگ نییە، ئابوری چی دەڵێت و کۆمەڵناسی چۆن لێکۆڵینەوە دەکات و فەلسەفە چۆن ڕەخنە دەگرێت. بەڵکو گرنگە کە چۆن بتوانن باوەڕی خۆیان لە گومان و لە گۆڕانکاری بپارێزن و بەڵگە و پاساو بۆ باوەڕ و قایلبوونی خۆیان بدۆزنەوە. لە دیدی ئەواندا، زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنە سەرچاوەیەك بۆ بێباوەڕی و باوەڕلەتکردن، چونکە ئەم زانستانە پرسیار و گومان لەسەر خودی ئایین بەرهەمدەهێنن، بەڵام زانستە سروشتییەکان باس لەم بابەتانە ناکەن و نیشانی دەدەن کە چەندە ئیسلامگەرایەك سەرقاڵی زانستە!

کەواتە ئیسلامگەری وەکو ئایدیۆلۆژیاکانی تر بۆ نموونە، ‹مارکسیزمی سۆشیالیزمی زانستی›، ساڵەهایە بە ناوی زانستەوە باس لەنەخشەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی دەکات بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە. ئاوەهاش ئیسلامییەکان هەموو ڕێگایەك لە ململانێی سیاسیدا دەگرنە بەر. جا ئەوە گوتاری مافی مرۆڤ بێ یا زانستگەری و بابەتگەلی ڕۆشنبیریی تر بەشێك بن لەو پرۆژەگەرییە. لە کاتێکدا، مەسەلەی سیکۆلاریزم و ئایین بابەتێکی سەربەخۆیە، بۆیە گرنگە کە بزانین چۆن هەردووکیان بوونەتە گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی ڕووت و ئامرازی ململانێی سیاسی لەپێناو دەسەڵاتدا. دواجار ئەو دوو گوتارە لە هەموو ڕەهەندێکی مێژوویی و فەلسەفی و کولتوریی پرسەکە دەردەچن. هەڵبەت لە باسێکی تردا، ئەم خاڵەم تا ڕادەیەك ڕوون کردۆتەوە.

## تەوەرەی سێهەم : ئیسلامیزم و کۆمەڵگەی کوردی

پرسیارێکی سادە کە دەبێت بورووژێنرێ: ئایا ئیسلام وەك باوەڕ و ئایین لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هیچ مەترسی و هەڕەشەی لەسەرە؟ هیچ کێشە و گرفتێکی لە بەردەمدایە؟ دیارە مەبەست لە ورووژاندنی ئەم پرسیارە، پەردەهەڵماڵینە لەسەر ئەو گوتارەی کە لە پشت ئیسلامەوە سیاسەت دەکات و ڕەوایەتیی بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، هەروەها تا بزانین ڕوناکبیری کورد لەمەڕ ئیسلام و ئیسلامگەری چۆن هەڵوەستە دەکات. دیارە نکۆڵی ناکرێتت، کە لە سەرانسەری میدیاکانی جیهاندا، لە دەزگا ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکاندا، ئەمڕۆ سەرتۆپی باسەکان ئیسلام و ئیسلامگەرییە، هەر بۆیە زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین، ئەم چەرخە چەرخی ئیسلامە. دیارە بە واتایەك کە دەنگوباسی ئیسلام و موسڵمانان پلەی یەکەمی بایەخ و سەرنجەکانە. هەڵبەت نەك بەو واتایەی کە ئیسلامگەری سەرکەوتنی بەدەستهێناوە یان توانیبێتی کارێکی وا بکات جێی سەرنج بێت.

وەك چۆن لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەی پێدرا، «ئیسلام» لە بەردەم ئاسایش و ئاڵوگۆڕەکانی جیهاندا کراوەتە گرفت و قەیران. لەکاتێکدا ئێمە لە ڕووی ئەکادیمی و تیۆرییەوە ئەو بۆچوونەی کە ئیسلام بە خودی کێشەکە دەبینێت، بە بۆچوونێکی پەلە و تەنك دەبینین. هەر لەبەر ئەوە دەبێت کێشە ڕاستینەکە (The Real Issue) کە خودی ئیسلامگەرا و موسڵمانان و بارودۆخی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی دنیای ئیسلامە، دەستنیشان بکەین.

مایەی سەرسووڕمانە کە چۆن ئیسلام بۆتە بابەتی هەڵایەکی

(Hype)ی نێو میدیا و ڕۆژنامەکان. هـەزاران نووسین و ڕاپۆرت و توێژینەوە و بەدواداچونی ڕۆژنامەنووسی لەسەر ئیسلام و قورئان و مێژوو و پەیامبەرەکەی بۆ چەندین جاری تر لە بازاڕی کتێبدا پڕفرۆشترین بوو. ئەوەی جێی سەرنج و ڕامانە، ئیسلام تەنها لای ڕۆشنبیران و دەزگا ئەکادیمی و فەرمییەکان نەبووە بە بابەتێکی بایەخدار، بەڵکو لای جەماوەر و خەڵکی گشتیش کە تینووی زانینی چییەتی ئەم ئیسلامە ئەفسانەییەیە. تەنانەت ڕۆژێك بەبێ هەواڵێك کە باس لە ئیسلام و موسڵمانان نەکات، تێناپەڕێت. هەربۆیە خەڵکێکی زۆر کەوتنە کڕینی پەرتووکی زانیاری سەبارەت بە ئیسلام.

دیارە ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی هێندەی ئەمڕۆ جێی سەرنج و بایەخ و پرسیار نەبووە. هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە وتم ئەم چەرخە و داهاتووش چەرخی ئیسلامە. چونکە هێندە لە جیهانی نائیسلامیدا پرسیاری ناسینی ئیسلام هەیە، ئەوەندەش لە ناو خودی باوەڕداران و جیهانی ئیسلامیدا بێئاگایی و تێنەگەیشتن لە ئایینی ئیسلام هەیە! ئەو نەشارەزاییەی سەبارەت بە ئیسلام هەبووە، ئەمڕۆ بە سەدان کۆڕ و سیمینار و مۆزەخانە و فیلمی تایبەت پڕ بکرێتنەوە. جگە لەوەی ئەم لێشاوە سوود و قازانجی مادیی بۆ میدیا و شارەزایان و پەخشی تەلەفزیۆنی کە لە ژماردن نایەت، هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕۆڵی ڕۆشنبیری کوردی لەم بارەوە، دەبینین پشکێکی گەورەی لەو مشتومڕە زۆرەدا بەرکەوت. لای ئێمەش «ئیسلام» بووە بابەتێکی مۆدەباو، کە بە هۆیەوە ڕوناکبیری کورد بوون بە دوو بەشەوە. بەرەیەك دژ بە ئیسلام و

ئیسلامگەری، بەرەیەکیش کە بەرگری لە ئیسلامگەری دەکات. لەبەر ئەوە، دەبێت پرسیارێك بکەین: ئێمە لەمڕۆی ژیانی سیاسی و ترسی داهاتووماندا، دووچاری چ جۆرە گرفتێکی تر بووین؟ کوا بایەخ و لێکۆڵینەوەکان لەسەر کێشەی کورد و ڕێکخستنی ماڵی کورد؟

دیارە پارتە کوردییەکان لە هەموو کەس زیاتر سوود لەم بارودۆخە نادیار و ئاڵۆزکاوە دەبینن، چونکە سەرنج و پرسیارێك کە دەکرا یەخەی خۆیان و لێپرسراوەکانیان بگرێ، بەرەو ئاڕاستەی تر دەڕۆن. ئاخر ئەوان خۆیان خەریکی چین و کوا ستراتیژیەت و پلانەکانیان؟ دیارە پرسیارە خەمهەڵگرەکان کران بە بەری ئیسلام و کێشەی ئیسلامگەریدا، لە کاتێکدا ئەوانیش لە دەرەوەی بەرپرسیارێتییەکان نین. لەبەر ئەوە، سەنگەرێکی تریان بۆ کردینەوە لە کاتێکدا دەکرا بە شێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ دیاردە ئیسلامگەریدا بکرێت.

نکۆڵی لەوە ناکەم کە دیاردەی ئیسلامگەرا بۆتە کێشەیەکی سیاسی ڕۆژانەی سیاسەت و کولتوری کوردی، بەڵام لەباتی ئەوەی ئیسلامگەری وەك گرفتێکی سیاسی و دەرەتانێك لە دەرەتانەکانی کۆمەڵی کوردەواری دابنرێت، خودی ئیسلام بووەتە کێشەکە، ئەمەش هێندەی تر گوڕوتینی بە گوتاری توندی ئیسلامگەری دا. ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەی کوردی دەبوو بپرسێ: ئەگەر ئیسلام کێشەیە، ئەوا چۆن؟ چونکە بە تەنها کردنی ئایین بە خودی کێشەکە، ئامادەیی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگەی کوردەواری دەشارێتەوە. لە کاتێکدا کۆمەڵگەیەك

کە ناسنامەی ئاییندارى پاڵ دەداتە بەر ئیسلام و خۆی بە موسڵمانێکی دڵسۆز پێناسە دەکات، کەواتە لە پێش هەموو شتێکەوە، پرسیارێکە لەسەر ناسنامەی کولتوری و شارستانی ئێمە، پاشان ئایین و چۆنیەتیی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی.

پاشان کە باس لە ئیسلام دەکرێت، وەك ئەوەی ئێمە چواردە سەدە لە ناو ئیسلام و کولتوورەکەیماندا لە بیر چووبێت. لەبەرچاومان نەبێ کە بیر و نەریتمان بەم ئایینە هەڵشێڵراوە. کەچی هەندێ نوسەر وەك ئەوەی لەسەر مەریخ باسی کورد بکەن و پەرۆشن کە چۆن کۆمەڵی کـوردەواری بگاتە مۆدێرنە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەگە قووڵەی ئایین دایکوتاوە. دیارە بەگشتی بەدگومانم لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی، چونکە ئەگەر گوتارەکەی دەستکردی سیاسەتی کوردی نەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەژێر فشار و کارتێکردنی سیاسەتی کوردیدایە. سیاسەتێك کە لە مەسەلە ڕاستینە و کێشە گرنگەکانمان نزیك ناکاتەوە. سیاسەتێك کە تەنها ئەقڵی کوردی، ڕۆشنبیری کوردی، ڕوناکبیری کورد بە کێشەگەلێکەوە، کە پڕۆژەی یەك ساڵ و دوو ساڵ نییە، ئالودە دەکات.

لە کاتێکدا ڕوناکبیری کوردی دەبوو زۆر لابەلای مەسەلە و پرسیارە نەتەوەییەکاندا بڕۆیشتایە، نەك ئەو دابەشبوونە سەیرەی کە بەرهەمی زیاتر لە نیوسەدەی ڕابــردووە. دابەشبوونێك کە ڕوناکبیر و ڕۆشنبیری ئێمەی بۆ کۆنەپەرست، کۆنەپارێز و پێشکەوتنخواز ڕیزبەند کردووە و بەزمانێکیش دەدوێن، کە هی ئەمڕۆمان نییە. لە ڕاستیدا دەبێت ڕاشکاوانە

و بوێرانە ئەوە ساخ بکەینەوە ئەگەر ئێمە کێشەمان لەگەڵ موسڵمانبوونی خۆمان (بەو واتایەی کۆمەڵگەی کوردیی خۆیان بە موسڵمان دادەنـێـن) هەیە، بۆ ئـاوڕ لە چەند لایەنێکی مەترسیدار نادەنەوە، بۆ نموونە، کە خێڵ و حیزبو سەرکردە دەبێتتە نەتەوە، لەباتی ناسنامەی شار و شارستانی و نیشتمانی کورد پتەو بکرێت؟

چۆن ناسنامەیەکی گشتی دابڕێژین و چوارچێوەیەکی فراوان بۆ کوردبوونمان بکەینەوە، تا هەموومان تێیدا جێمان بێتەوە، واتە لە سەروو هەموو باوەڕ و ئینتمایەکی حیزبی و خێڵایەتیەوە بێت. هاوکات چۆن بتوانین لەگەڵ ئازادیی بیروڕادا هەڵکەین و بژارێك لە نێوان بیری سیاسی و ئایینیدا بکەین؟

چەندین پرسیارگەلی تر کە لە هەموو شتێك زیاتر بۆ ڕۆشنبیر و ڕوناکبیری کورد گرنگترە. ئەگەر کورد بیەوێ پڕۆژەیەکی تەواوی بۆ دابڕان لە ڕابردوویەك کە تەنها بە چەوساندنەوەی کۆتایی پێهاتووە، هەبێت، ئەوە تەنها بەوە ناوەستێ ڕوناکبیرەکانی هێرش بکەنە سەر ئیسلام و هەموو کەموکورتی و شکستەکانی بهاوێتە سەرشانی. دواجار وا بزانێت ئیتر ئەم کاردانەوەیە خودی پرۆژەیەکی شارستانی و گۆڕانە، لە کاتێکدا هیچ بنەما و ڕوانینێکی بۆ چۆنیەتیی هەڵکردن لەگەڵ یەکتر و هەڵسوڕانی کۆمەڵگەی کوردەواری نەبێت، بۆیە بەگشتی ئەو ڕەخنانەی کە تا ئەمڕۆش دەبیسترێن، هەر جۆرێکن لە ڕەخنەی ساغ و دروستکراو، واتە ڕەخنەیەك کە هەر کێشەی ئیسلامگەری و کۆمەڵگەکانی موسوڵمان بۆ خودی ئیسلام کورت دەکاتەوە.

چونکە ئەگەرچی زۆربەی دیدە ڕەخنەییەکان خاوەنی

میتۆدی خوێندنەوە و شرۆڤە نین، هەندێکیان ‹میتۆدەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیەکی کورتکارانە (Redectionist) ڕەچاو دەکەن. بەم پێیەش هەموو هۆکار و فاکتەرەکانی کێشەکە و ئیسلامییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، دەباتەوە سەر یەك ڕووداو، یەك کەس و بۆ یەك تێکست و مێژوویەك دەگێڕێتەوە! بێگومان نەك تەنها لای ڕوناکبیرانی کورد ئەم هەڵە میتۆدیە هەیە، بەڵکو بەگشتی لە زانستە کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجیەکانیشدا هەوڵێك هەیە کە هەمیشە لە شرۆڤە و لێکدانەوەکاندا بە دوای جەوهەرێکی نەگۆڕ و چەسپاودا دەگەڕێن تاکو کێشەکە پێناسە بکرێتت .

کۆمەڵگەی ئێمە کە لە هەموو لایەکەوە چەند کێشە بەرەوڕووی بۆتەوە. دەبێتت وەڵامی ئەوەی هەبێ کە سەرچاوەکانی چین و ئاگادار بین کە ئیسلامگەری وردەوردە بەرەو توندوتیژییەکی فیکری (بیرکردنەوە، گوتار و ڕەتکردنەوە) و هێزی چەکدار و تیرۆر دەڕوات. بەڵام کاتێك نوسەرێك یا سیاسەتمەدارێك بەبێ توێژینەوەو لێکدانەوەی زانستی دیاردەی ئیسلامگەری تەنها بە یەك چاو سەیردەکات، کە ئەویش چاوی لادەر، نامۆ، بزێو و هێزێکی دزێو، ئەو زۆر ڕاستیی پشتی ئەو دیاردەیە دەشاردرێتەوە و زەمینەکانی ون دەبن. دیارە بۆ هێزێکی سیاسی، پارتێك ئەمە تا ڕادەیەك جێی پرسیار نییە کاتێك هێزێکی تر کە بە ناوێکی ترەوە دێتە کایەی ململانێی دەسەڵاتەوە، وێنا بکات، بەڵام بۆ ڕووناکبیرێك جێی ڕەتکردنەوە و گومانلێکردنە، چونکە نابینایی لەوەدایە، کە دیاردەیەك لە زەمینە و پێگەی خۆیدا سەیر ناکات. هەڵبەت

جیاوازینەکردن لە نێوان ئیسلامێکی گشت خۆماڵی و ئیسلامێکدا کە دیاردەی ئیسلامگەرانەکە.

ئیدی چۆن پەردە لەسەر گوتاری ئایدیۆلۆژیی ئیسلامگەری هەڵماڵین، تێگەیشتنە لە کۆمەڵگەی کـوردی خـۆی کە بانگەشەی ئیسلام دەکات، بەڵام لە ڕێی داڕشتەی سیاسیی خۆیەوە. لە کاتێکدا کورد نەتەوەیەکی باوەڕداری موسوڵمانە؟ هەڵبەت پێویستە ڕۆشنبیری ئەمڕۆ لە ڕەهەند و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامگەری بە وردی بکۆڵێتەوە، واتە بە وردی گوتاری ئایدیۆلۆجی ئەم ڕەوتە شی بکاتەوە. ئەمەش بە تێگەیشتن لە ئامانج و ویستەکانی و هاوکات ئەنجامدانی دیالۆگێکی تیۆری لەگەڵ خودی بابەتەکەدا بکات. ئەمەش کاتێك دەبێت، کە دوور لە بڕیاری سیاسی و بڕیاری پێشوەخت و وتنەوەی قسەڵۆکی کەسانێك، کە لەدەرەوەی کۆمەڵگەکەمان و ئاکام و دەرکەوتەکانی ئیسلام دەژین.

دەکرێت ڕوناکبیرێکی کورد باشتر لە ئەوروپییەك لەم دیاردەیە تێبگات و تیۆر و لێکۆڵینەوەی زانستی بەرهەمبهێنێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت هۆکارەکانی ئیسلامگەری بزانین، دەبێتت ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئابوری و چەندین هۆکاری تر لە بەرچاو بگرین، هەر بۆیە ئاسان نییە بە یەك ڕستە کێشەکە ببڕێتەوە. بێگومان دەتوانین سوود لە نوسەر و لێکۆڵەرە ئۆبجێکتیڤەکانی جیهان وەربگرین. بۆ ئەمەش دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی جیهانی دەرەوەی ئیسلام بین، کە چۆن باس لە کێشەکان دەکەن.

## ئەنجام

ئەوەی لێرەدا مەبەست بوو، خستنەڕوی ئیسلامگەری بوو بە هەموو جۆرەکانیەوە. ئەوەی کە باس لە مافی مرۆڤ و ئەوەشی گوایە ڕەواج بە زانست دەدات. بێگومان ئەوەشی کە توندوتیژی تەنها زمانێکی بێزمانێتی. دیارە هەرسێ جۆرەکە لە کاراکتەرێکدا یەك دەگرنەوە، ئەویش ئیسلامیزەکردنە. هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە هەموویان بە تیرۆریست و دوژمنی مرۆڤ و ئاسایش دابنێین. ئیسلامگەرێك باس لە مافی مرۆڤ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات، یا باس لە زانست دەکات، دەکرێتت داهاتوویەکی لێ چاوەڕوان بکرێت. چونکە جیایە لە ئیسلامگەرێك کە تەنها یەك دروشمی هەیە: ئەویش لەناوبردنی نەیاران و جیاوازیی بیروباوەڕەکانە. پاشان دەبێتت بزانین ئێمە چۆن گوزارش لە خودی کێشەکە دەکەین و بۆ چ هۆکارێك دەیگێڕینەوە.

لێرەدا هەوڵمان دا بسەلمێنین کە خودی ئیسلام کێشە نییە، بەڵکو ئەوانەی بە ناوی ئیسلامەوە گوتار دەدەن، چونکە وەك چۆن قسەکردن لە موسوڵمانان بەبێ ئیسلام ناماقوڵە، ئاوەهاش ڕەخنەگرتن لە ئیسلام، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕەوشی موسوڵمانان نابەجێ و بێمانایە. گرفتی ئیسلامگەری ئەوەیە کە ئیسلام بۆ ئایدیۆلۆژیا، بۆ دروشمی سیاسی و ململانێی دەسەڵات کورت دەکەنەوە. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگەی ئێمە، پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە و تێگەیشتنە. چونکە ڕەگـی زۆرێکی کێشە و قەیرانەکان لەوێدان. لە کۆتایدا حەز دەکەم ئاماژەبدەم بە وتەیەکی ‹بنجامین باربەر›، کە پسپۆری لێکدانەوەی دیاردەی تیرۆر و توندوتیژییە، ئەو باوەڕی وایە « ئەگەر دادوەری بە یەکسانی دابەش نەکرێت، ئەوا بێدادی بە یەکسانی خۆی دابەشدەکات. ئەگەر هەموو کەسێك لە ڕووی مادی و ڕۆحییەوە نەتوانێ خۆش بگوزەرێ، ئەوا هەموو دەکەوینە هەژارییەکی قوڵەوە. دیارە ئەوەش وانەیەکی ڕەقە، کە دەبێت هەردووکمان فێر بکات» .

**تێبینی: بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی جاڕنامەی ئیسلامی، بڕوانە:**

**1. مدخل الی حقوق الانسان فی کوردستان العراق›. د . صلاح محمد عزیز . 2000 . ASK.**

**2. خوێندنەوەیەك بۆ مافی مـرۆڤ لە دەقـە ئیسلامی و مرۆڤییەکانەوە›. بکر حمە سدیق . ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی، 2002.**

# بەشی هەشتەم
# ئیسلامگەری کێشەی دروشم یان پرۆژەسازی

**ئیسلامگەری کێشەی دروشم یان پرۆژەسازی؟**

ئیسلام وەك ئایین، ئیسلامێك وەك ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و کردەیەکی ڕۆژانە نەك هەر دوو دنیای جیاوازن، بەڵکو زۆریش پێکناکۆك و ناتەبان. هەر ئەم ناتەبایی و ناکۆکییەیە پێکدادان و هاوکات توندوتیژی و ڕادیکاڵیزەبوونی هێزە ئیسلامییەکانی لێدەکەوێتەوە. کاتێك ئیسلام دەبێتتە پرۆژەی سیاسی و لە هەمان کاتدا چالاکیی ئایینی، ئیتر لە پشت دروشم و گوتارەکانیەوە شاڵاوی بەئیسلامکردنەوە-ئیسلامیزەکردنەوە-ی کۆمەڵگە و تاك بە تاکەکان دەبێتتە ئەنگیزە و خولیایەکی توند و بەرگی پیرۆزیی و خودباڵایی (استعلاو) دەپۆشێت. لێرەوە، پێویستە قسە لەسەر ئەو

گوتارە بکرێتت، کە ئیسلام لە دروشم و پرۆژەی چارەسەریدا دەکاتە تاکە سەنگەری مانەوە و کاری سیاسیی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك تەوەری جیاواز دەکەینە دەستپێکی لێکدانەوە و بەدواداچوون.

**لە دروشمی ئیسلام چارەسەرەوە بۆ کێشەدروستکەر**

سەرەتا دەمەوێت لەوێوە دەست پێبکەم، وەك چۆن دەکرێت بە هاتنی ‹داعش› لە ماوەی ڕابـردوودا (٢٠١٤)، قۆناخێکی نوێتر لە مێژووی ئیسلام و موسوڵماندا بکرێتەوە، دەشبێ ئەو ڕاستییە شاراوەیەش درك بکەین کە سەرباری توانای فراوانخوازی و شێلگیریی ئەو هێزەتوندڕەو و خێراڕەوەی، لە مێژووی ئیسلامدا ‹داعش› یەکەم هەوڵ نەبێ، کە ئامانجی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی دێرین و گێڕانەوەی مێژووش بۆ خاڵی دەستپێك. لێرەوە، سەرهەڵدانی داعش ئەگەر قۆناخێکی نوێ و ناوازەش نەبێ لە سەرجەم مێژووی هێزە توندڕەوەکاندا، ئەوا دەبێت ببێتە دەستپێکی قۆناخێکی نوێ لە خوێندنەوەی میراتی سەرلەبەری دەقی پیرۆز و مێژوو و کولتوری ئیسلامی.

خاڵێکی تر کەدەبێت ئاماژەی پێبدرێ ئەوەیە، ئایین لەسەر ئاستی گوتاری باوەڕدارانی خەڵکی ئاسایی، تەواو جیاوازە لە گوتاری ئیسلامی سیاسی بە جۆرەکانیەوە، واتە ئاییندارییی کۆمەڵگە و گوتاری ئیسلامگەر دووڕیانێکن، کە یەکگرتنەوەیان لە ئەستەمەوە نزیکە، چونکە لای ‹باوەڕدارێك›ی سادە و ئاسایی ئایین ڕێگەی خواپەرستی و سۆز و بەزەییە، بەڵام لە ماوەی نزیکەی سەدەیەکی بزوتنەوە ئیسلامییەکاندا بە

هەموو جۆر و لقەکانیەوە، دروشمی ‹ئیسلام چارەسەرە› کە ئامانجی ستراتیجی بووە، باوەڕی بۆتە پرسەی بونیاتنان و ئەندازەڕێژی فەرمانڕەوایەتیی سیاسی و کولتوری. سیاسەتی هێز و ئەنگیزەی دەسەڵاتگرتنەدەست وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەج ڕاڤە کراوە.

لەم سۆنگەوە، ئیسلام وەك ئایین و ئاینداری، ئیسلامێك وەك پرۆژەیەکی سیاسی سەرتاپاگیر کە تینوویێتیی لە دەسەڵاتێکی سیاسیدا دەگیرسێتەوە، لەوێدا جیا دەبنەوە کە یەکەمیان پراکتیزەکردنێکی ڕۆژانەیە و وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی و پێوەری ڕەوشتیی جێبەجێ دەکرێت. لە کاتێکدا دروشمی ‹ئیسلام چارەسەرە› خۆی لە هەوڵێکی شێلگیردا چڕدەکاتەوە: دەیەوێ لە هەموو ئاستێکدا خۆی بکاتە واقیع و مەیلە بەدەستنەهاتووەکانی لەپرۆژەیەکدا بەرجەستە بکات. دواجار گرێ دەروونییەکان بۆ دروستکردنی پرۆژەی مەزن و سەرتاسەری وەربگێڕێت.

### 1- کام چارەسەر و کام گرفت؟

کاتێ ئەمڕۆ لەشکر و کـردەوە توندڕەوەکانی ‹داعش› دەبینین، دەبێت بپرسین: ئەمە چارەسەرە، یان تێکدان و وێرانکاری؟ هەڵبەت پێویست ناکات وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، چونکە زۆر ڕوونــە. ڕەنگە بوترێ کە هەموو هێز و بزاڤە ئیسلامییەکان بەو جۆرەی داعش نین. ڕاستە هەموو لە ئێستا و کردەوەکانیاندا، ڕێبازی تیرۆریان نییە و کوشتوبڕی پێشەسازی دروستکردن نییە، بەڵام لە بیرمان نەچێ، بە جۆرێك ‹داعش› خۆی بە جێگرەوە و درێژەدەری

ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەزانێ. با هەمووشیان ڕەتبکاتەوە و بە ناڕاستیان هەژمار بکات، بەڵام لەوەدا ئەو دێت ئەرك و پەیامێك بەجێ دەگەیەنێت کە حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی تر لە چاویدا شکست و زەبوون بوون. هەر ئەم دید و ڕوانینەی ‹داعش› هێندەی توند و زەبروەشێن و تووڕەیی پێداوە، کە دەبێت ئەرکێك قورس و گران بەجێ بهێنێت و ئەو میراتەی پێش خۆی ڕاست بکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە ئەو هێزە ئیسلامییانەی کە بەو شێوازە توندڕەوە داعشییانە ناڕۆن، بە جۆرێکیش لەژێر فشاری دەروونیدا بن، چونکە چیتر لە ناو خەڵکیدا بە ئاسانی وەرناگیرێن، بەڵام هاوکات پێشیان خۆشە کە داعش بۆتە کوتەکی هەڕەشە لە ڕکابەرە سیاسی و ڕژێمەکان، واتە داعش بژارەیەکی ناچارکەری ڕکابەر و نەیارەکانیانە لە جیهانی ئیسلامیدا، کە دەبێت ئەو هێزانەی وەك ‹داعش› نین، باشتر قبوڵبکرێن و لە نێو دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتدا جێگەیان بێتەوە. دواجار، وەك جۆرە ڕێگەچارەیەك بۆ ئیسلامێکی ناتوندوتیژ، ببنە مۆدێلێکی تر لە ئیسلامداری پەسەندکراو و فەرمی.

بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئیسلامی داعشییانە و ئیسلامی هێزەکانی تر لە سۆنگە و کانگەی دروشمێکی دۆگماوە سەریاندەرهێناوە، کە ئەویش بانگەوازی «ئیسلام چارەسەرە»، بۆیە پێویستە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەو گوتەزایە بکرێت و دەستنیشانی ئەوەش بکرێت، کە دروشمی ‹ئیسلام چارەسەرە›، هەڵگری پەیامێکە وەك ئەوەی لایەنێك ڕەچەتەیەکی ئامادە و مۆرکلێدراوی هەبێ، کە دواجار هەموو لەسەری کۆك بن، هەروەها بۆ هەموو سەردەمێك و شوێنێك گونجاو و شیانی

جێبەجێکردن بێت! ئەمە جگە لەوەی دروشمەکە پێشنیازە و لە خۆیدا بیرۆکەیەك هەڵدەگرێ: کە جیهانی ئیسلامی نەخۆشی و گرفتی هەیە و دەشتوانرێ چارە بکرێت.

بەڵام کام گرفت و کێشە؟ کام چارەسەری دیاریکراو، بۆ کامە نەخۆشی؟ واتە وەك ئەوەی نەخۆشێکمان هەبێ، هۆکار و جێگەی نەخۆشییەکەی دەستنیشان کرابێ. لەولاشەوە دەرمانی چارە ئامادە بێ! بە دیوێکی تردا، ئەم گوتارە دروشمدارە وادەگەیەنێت کە هەموو دەرد و نەخۆشی و گرفتەکان لە دەرەوەی ئیسلام سەرچاوەیان گرتووە، واتە بەپیلان و هۆکاری دەرەکــی دروســت بــوون. جگە لــەوەش، هۆکارێکی تری داهێزرانی جیهانی ئیسلامی، دوورکەوتنەوەیە لە خودی ئایینی ئیسلام! بەڵام چۆن خەڵکی دوور کەوتۆتەوە؟ ئایا ڕاپەراندنی سروش و ڕێوڕەسمەکان بەس نییە، یا تەنها دەبێت سیاسەت ملکەچ بکرێت لە جوغزی ئیسلامدا؟

بێگومان، کەس نکۆڵی ناکات، کە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی و موسوڵمانان پڕ لە گرفت و کێشەی جۆراوجۆرن. هەر ئەمەش بڕوا و خۆشباوەڕیی دروستکرد، کە ئەو دروشمە بەبێ پرسیار و لێکدانەوە وەربگیرێت و ببێتە باوەڕێکی گشتی، بەڵام تا چەند ئەو دروشمانە ڕێیان تێدەچێت، نەك هەر لەبەر ئەوەی وەرگێڕانیان لە ئەستەمەوە نزیکە، بەڵکو ڕاستبێژییان تێدا نییە. هەڵبەت گرفتێکی ڕێکخراو و بزوتنەوەکان ئەوەیە تەنها لەسەر ئاستی دروشم دەدوێن. تەنانەت ئەو کاتەشی دەیانەوێ بیر و دروشمەکانیان بکەنە واقیع، گرفت و کێشەکان نەك هەر زیاتر دەبن، بەڵکو ئەوەندەی تر دەتەقنەوە و پریشك بۆ هەموو لایەکی جیهان دەهاون.

سەرەڕای ئەو دروشمە، بە دیویێکدا لێپرسراوێتیی مێژوویی لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە، خۆشی لە ژێرخان و زەمینەی قەیرانەکان بێبەری دەکات. هاوکات دەبێتە دەمامکێك بۆ خۆشاردنەوە لە پرسە ڕاست و هۆکارە بابەتییەکان. گریمان هەڵگرانی ئەو دروشمە پرۆژەیەکی نووسراو و ئامادەکراویان پێیە، بەڵام هەرگیز ناتوانن بابەتییانە لەگەڵ هەلومەرجە بابەتی/ واقیعییەکاندا مامەڵە بکەن. چونکە لەسۆنگەی باوەڕێك و قایلبوونێکی پێشووتر و لەقاڵبدراوەوە مامەڵە لەگەڵ دنیا و کێشەکانیدا دەکرێت، واتە هەموو هەوڵ و خەباتێك لەو پێناوەدا بریتییە لە ڕامکردن و ملکەچکردنی واقیع بۆ ژێرباری دروشـم و پێوەرەکانی. دواجـار، ئەمە توندوتیژی و توندڕەویی سیاسی لێدەکەوێتەوە و هەموو شتێك ڕەت دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی بە سەرچاوەی گرفت و کێشەکانی دەزانێ.

هەڵبەت زۆرێك بە سەرکەوتنی ‹شۆڕشی ئیسلامی ئێران›، پێیانوابوو کێشەکانی ئەو وڵاتە بنەبڕ دەبێت. لە کاتێکدا ئەوەندەی ئەو ڕژێمە وڵات و گەلانی ئێران توشی داهێزران و داڕوخـان کرد، ڕژێمەکانی پێشووتر سەرباری خراپ و پەڕپووتییان نەیان کرد. گەورەترین گرفتیش زەقکردنەوەی پرسی مەزهەبی بـوو. واتـە پیادەکردنی ‹ئاپارتایدێکی› مەزهەبی، کە چەوسانەوەی هەموو مەزهەبە نافەرمییەکانی نێو دەوڵەتی لێکەوتەوە. کاتێك مەزهەب بووە ئایینێکی سەربەخۆ، هەڵگرانی ڕێبازی سوننەی لە چەوساندەوەی سیستماتیکەوە بۆ دەرەوەی بازنەی ئایین ڕەوانە کرد. دیارە باری وڵاتانی تری ئیسلامیش لەوێ باشتر و تەندروستر نییە.

### 1- پرۆژەیەك بۆ مردن

ئەگەر سەیری زۆربـــەی هێزە ئیسلامییەکان و هێزە توندڕەوەکانی وەك داعـش بکەین، دەبینین ‹پـرۆژەی چارەسەری ئیسلامی› وەك چۆن لە ئەنجامی تێکچوون و داقڵیشان و هەرەس و قەیرانەوە لەدایك بوو، ئاوەهاش لە خۆیاندا گـۆڕڕان بە تێکدان و وێرانکاری، چونکە ئەو هێزانە، سەرتاپای ژیان، ماناکانی بوونیان لێبوو بە مردن، لەپێناو ژیانێکی تردا، واتە خۆبەختکردن لەپێناو دروشم و کۆڵەکەکانی بـاوەڕدا. ئیدی ڕاستیی ئەو وتارە و پاڵنەرە ئایدیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و سیاسییەکەشی، بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرخستنی پرۆژەیەکی خۆکوژانەیە لە نێو شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا.

ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارێکی جەوهەری و ناخەکی، کە تێگەیشتنە لە پرسی بوون، مرۆڤ و ژیان. واتە کێشەیەکی بوونەکی - وجودی- لە خۆیدا، کە ژیان وەك چەمك و پێدراوێك لە نێو ئەو پرۆژەی چارەسەرییەدا فەرامۆش دەکرێت و خەمە گـەورەکـان دەبێتتە خەمی پرسی مردن لەپێناو ئامانجە باڵاکان! بە دەربڕینێکی تر: ژیان قەرەبووکردنەوەی (تەعویزکردنەوەی) مردنە نەك قەرەبووکردنەوەی خۆی! دواجار، مردنیش تۆڵەکردنەوەیە لە ژیان. چونکە گۆڕینی ‹بـوون›ە بۆ نەبوونێکی ڕەها و پووچ. ئەمەش بە ئاوێتەبوونەوە لەگەڵ چەمکی سەرووتری دەسەڵاتێکی مەزندا کە دروستکەرە، دێتە دی.

کەواتە لە پرۆژەی چارەسەری ئیسلامیدا و لە هزری ئایینی پەڕگیردا، قـەرەبـووکـردنـەوەی مـردن، ‹نـەمـان› جوڵێنەرێکی

هەستپێنەکراوی هەمیشە ئامادەیە لە نێو پـرۆژەی سیاسیی دەوڵەتێکدا. تێگەیشتن لە ژیـان وەك قۆناخ، دەرفەتێك بۆ قەرەبووکردنەوەی ژینی پاش مەرگ، کۆتایی و نەمان تەماشا دەکرێت! لەبەر ئەوە، ئەگەر ‹داعش› وەك نموونەی هێزێکی ئیسلامیی کاریگەر کە توانیی دروشمی ‹ئیسلام چارەسەرە› وەربگێڕێت بۆ واقیع، لە خۆیدا خۆئینتحارکردنی شارستانیی خودی جۆرە ئیسلامێکە، کە لێوانلێوە لە تووڕەیی و توندوتیژی. خۆداماڵینە لە هەموو بەرپرسیارییەك و شکاندنی هەرچیەك کە خۆی نەبێت.

بۆیە کردە تیرۆریستییەکان، سەرەداو و ژێدەری ڕاستیی هەلومەرجی جیهانێکن، کە تەواو نەخۆشە، لە قەیرانێکی سەختی کوشندەدایە. قەیرانی جێ-خۆکردنەوەیە لە ڕۆحی سەردەمدا. هاوکات ژێدەری پاشکۆیی و داڕزانی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چەندان کێشەی تری جیهانی ئیسلامە. کەواتە ئایین نەك هەر چارە نییە، بەڵکو خۆی دەردراوی پەتا و نەخۆشییەکی سەختە، بۆیە ئەگەرچی دروشمەکە دەلالەت لە نەخۆشیی جیهانێکی ئاڵۆزکاو لە نێو شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتیدا دەکات. هەر بەو مانایە ڕاستە و شیاوە. دەنا ئاماژەیەکی ترسناکە کە نەخۆشەکە دەیەوێ خۆی چارەسەرکار بێ!

لەبەر ئەوە، میکانیزمی بەرگری دەگرێتە بەر و هۆکاری نەخۆشییەکەشی دەخاتە ئەستۆی ئەوانی تر. هەڵبەت بە هەناردەکردنی ئێش و ترس و نیگەرانییەکانی، دەیەوێ توندوتیژانە بیسەلمێنێ کە توانای خۆسارێژکردنی ماوە. بۆیە بە هەرچوارلادا پەلامارەکانی چەندبارە دەکاتەوە، تا خۆی لە تیاچوونێك ڕاپسکێنێ!

### 3-بەڕووداوکردنی مەولود: لە بۆنەوە بۆ مانفێست

کوردستان لە ڕووی ئایینداریيەوە ڕوخسارێکی گشتی و هاوبەشی هەیە، جا لە شـارەکـان یـان شارۆچکە و گەورەدێکاندا بێ. بەڵام ساڵانێکە کە نیشتەجێی ‹هەولێر›م، بەردەوام دیاردەگەلێکی جیاواز سەرنجیان ڕاکێشاوم. یەکێك لەوانە ‹مەولودە›. ئەگەرچی تا ئەمساڵیش درکم بە شێوازی گێڕانی ئەو بۆنەیە نەکردبوو، بەڵام لە دید و خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی مندا لە بۆنەیەك زێتر پەیامێك بوو: مانفێستی ڕووداوێکی سەرتاپاگیر بـوو بە هەموو مانایەك. بۆیە بەسەرکردنەوەی بازاڕ و هەندێ جێ، ئەو وێنە باوەی کە ‹هەولێر› شارێکە یەك ڕوخسارە، ‹شارێکی داخراو و کۆنەوارە›، بە سادە و سەرپێیی هاتە پێشچاوم. چونکە ئەو ڕوانگەیە شتێکی ئەوتۆمان پێناڵێ تا لە نزیکەوە خوێندنەوەی دروستی شارەکە نەکرێ. جگە لەوەی ئەو گوتەیە تەنها بۆ کەسانێك ڕاستە، کە خوێندنەوەی خۆی تێدا ئەزموون نەکردبێ، دەنا شارێکە چەندین خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ.

لەبەر ئەوە، قسەکردنم لە بارەی ‹هەولێر›ەوە، قسەکردنە لە بۆنەیەك کە لە سەرنجی مندا نادیارەکان خۆیان نمایش دەکەن بە بەرگێکی باو و بە مانای جیاوازەوە. دیارە قسەکردن لە بەشێکی کۆمەڵگەی کوردی کە چۆن لە بۆنەیەکدا ناخی خۆی دەکاتە ڕووداوێکی گشتی، زۆر هەڵدەگرێ. ئەگەرچی مەولود لە ‹هەولێر›دا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و وەك شانازییەکی ناسنامەی ئەو شارە ناسراوە، بەڵام یەکەم جارە بۆنەکە وەك ڕێوڕەسمێك بە فەرمی و بۆ چەند ڕۆژێ لە ‹میانەی پایتەختی گەشتیاری›دا بگێڕدرێ. هەڵبەت دیاریکردنی ئەو شارە

وەك شاری گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبی بۆ ساڵی (٢٠١٤) و ئەنجامدانی مەولود بەو فراوانییە، ئاماژەی ئابوری و پەیامی ئایینیش لە خۆیدا هەڵدەگرێت، چونکە گرێدانەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە ئایین بەشێکی سەرەکیی کەلەپوری ڕەسەنی شارەکەیە، دەبێتتە ئامرازی ڕاکێشانی گەشتیار و سەیرانگەڕ.

لێرەوە، خوێندنەوەی مەولود لە دیاردەوە بۆ ڕووداوێك، هەڵگری کۆمەڵێك ڕەهەندی جیاوازە، چونکە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە چۆن بۆنەیەك دەبێتتە ڕووداوێکی سەرڕێژ و لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و ناوجەرگەی ئابوریی شارەکەدا نمایشێکی گشتی دەڕەخسێنێ. دەکرێت بڵێین ڕووداو وەك شەپۆلێکە و بە تەکانی بەردەوام لە نێو سایکۆلۆجیای جەماوەریدا ڕاماڵینێ دروستدەکات: کۆمەڵی شتی چەسپاو لەگەڵ خۆیدا دەبات و هەندێ پاشماوەش بەجێدەهێڵێ. بەمەش ڕووداوەکە دەخوازێ گۆڕانکارییەك بکات و ڕەگێکی نوێ لە جەستەی کۆمەڵایەتیدا بچەقێنێ. دیارە ئەگەر ئەم بۆنەیە دووبارەکردنەوەیەکی ئاسایی بێ، وەلێ مەبەست دووپاتکردنەوە و لێدانەوەی هەمان ئاوازی هەبووە، لەپێناو سڕینەوەی ئێستا و داهاتوودا، هاوکات چەسپاندنەوەی بیرەوەری و کۆیادی گشتییە لە قوڵایی کایە و ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

ئیدی ڕووداوەکە وەك پرۆسەیەکی لێدێ، کە دابڕانێك لە سیستمی ڕۆتینی ژیان و زنجیرەی واقیعدا دەهێنێتە دی. ئەوەی لە هەناو و ناخی تاك و شارەکەدایە، دەیهەژێنێ و بە پرۆسەیەکی گشتی دەیهێنێتەدەرێ، تەنانەت ئەوەشی لە دەرەوەیە، بە تەوژم و تەکانێ دەیباتەوە ناو ناخی مرۆڤ

و دەیکاتە بەشێك لە سیستمێك و بەشیك لە خۆبینیی مرۆڤەکانی. لەبەر ئەوە، ئەو ڕووداوە مرۆڤ دەکاتە دوو بەشەوە: بەشێکی کە شوێنی خۆی دەخات و لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێ. بەشەکەی تریش بە جۆرێك ڕادەماڵـێ و تەفروتونایان دەکات.

بۆیە ئەو بۆنە ئایینەی کە لە هەناوی بڕواداراندایە، بە ڕووداوێکی وەها دەبوژێنرێتەوە و دواتر وەك کردەیەکی سەرتاپاگیر لە دۆخێکی گشتیی جەماوەریی بەریندا دەبێتتەوە بە بەشیکی دانەبڕاو لە دەروون و ئاگاییدا. هاوکات ئەوەشی لە نائاگایی گشتییدا کەڵەکە بووە، دەتەقێنێتەوە و دەیخاتە سەر ڕێچکەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی. ئیدی بۆنەیەکی وەها کە دەبێتتە ڕووداو، ڕەهەندگەلێکی جیاواز دەگرێتەخۆ. بەتایبەت کاتێ وا دەکات کە ‹منێك›ی دابڕاو و کەنارگیر بۆ یادەروەریی منداڵی خۆی لە ڕۆژانی ڕەمەزان، مەولود، میعراج و جەژنەکان بانگهێشت بکاتەوە. بۆنەی نوقڵخواردن و چکلێت و شیرینی و لوقم و بـەرات، هەم بەرائەت و سازگاریی منداڵییە، هەم پەیامێکیشە بۆ ئێستا، هەر بۆیە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، زۆرترین ئامادەبوونی مێرمنداڵانە، کە بە هەموو دەنگ هاواریان دەکرد ‹هەتاهەتایە موحەمەد پێشەوایە›.

دیارە وتنەوەی دروشمێکی وەها لە بۆنەیەکی بە ڕواڵەت ئاسایی و خۆڕسکدا، دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هۆکار و فشار و پەنگخواردنەوەیە. چونکە گەڕانەوە بۆ ڕابـردوو وەك ڕێگەچارەیەك، بە جۆرێك نارەزایی گەنج و جەماوەریی لە فۆرمی پەرستنێکی ئایینییدا دەگەیەنێ. بۆیە ئەو

خۆنمایشکردنە نەك پابەندبوونە بە خودی بۆنەکە، بەڵکو ڕەتبوونێکە لە ئێستا. واتە ‹پرۆتێستێکی› گەنجانەیە، کە دەرخەری لاوازیی سیاسەتی کۆمەڵایەتییە. هاوکات جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەی واقیعی سیاسی بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و سیمبولەکانی! بەشێکە لە ڕاکردن و خۆڕاپسکاندن لە فۆرمی دەنگهەڵبڕینێکدا، کە هاواری ‹ئەڵاهوئەکبەر، پێشەوامان محەمەدە›. ناڕاستەوخۆش ڕەتکردنەوە و پەسەندنەکردنی پێشەوایەتیی هەر کەسێکە!

ئیدی بە مانایەك ئەو جۆرە نمایشە دەریدەخات کە هێز و توانایەکی پەنگخواردووی لاوان بەکار هاتووە و بۆتە تووڕەیی و بێهوایی و ناکامیی. لێرەوە دەبینی پەنهانانە توانستی (پۆتنێسیاڵێتی) کۆمەڵایەتیی لاوان ئاڕاستە دەکرێت. دیارە لایەنی سیاسیی ئەم بۆنەیە لەوەشدایە، کە هەندێ هێزی کۆمەڵایەتیی باوەڕدار و نەریتی لە فۆرمی ‹سۆفی› و ‹دەروێش› و ‹ئیسلامییە نەریتییەکە› خۆنمایشدەکەن. دواجار، دەشێ ئەمانە خۆراکێکی ئامادە بۆ گەنجانی جیهادخواز بەێننە ئاراوە. لێرەوە شەپۆلی خەڵك و ئۆتۆمۆبێل و خۆنمایشکردنی گەنجان لەسەر قەڵات و بەڕێزوەستانیان و دروستکردنی ناوی خودا بە سەدان گەنج، بەستنەوەی ناسنامەی ئێستای شارەکە و گەنجەکانیەتی بە دێرینی و دیرۆکیەوە. تا ئەوەندەی لەم ڕووداوەدا هەست دەکەیت هەر تەنها مێژوو زیندووە، نەك داهاتوو، واتە مێژوو بروسکەئاسا خۆی دەکاتەوە بە ڕۆژگاری سەردەم و ئامادەیی خۆ دەچەسپێنێ. هاوکات ڕەتکردنەوەی هەر گۆرانکارییەکە، کە لەسەر ڕێگەی گەشەکردنی شارەکەدایە!

لە کاتێکدا لە ڕووی ئایینییەوە، جەمسەری نەریتخوازی (سەلەفی) بۆنەیەکی وەها بەپێی دەق ڕەت دەکاتەوە، لە بەرامبەریشدا نەریتێکی دیکە پێداگیری لەسەر بۆنەکە دەکات، بۆیە پێکدادانێکی تیۆلۆجی لەسەر ڕەوایەتیی مەولود و چۆنیەتیی لێکدانەوەی دەقی ئایینی دروست دەبێت، واتە پێکدادانی دوو هێزی ئایدیۆلۆجیی ئایینیی نەریتی، کە دواتر پێکدادانە لە فۆرمی توندوتیژی تردا دەردەکەوێ، چونکە ڕکابەرییەکە لەوەدایە، کە کامیان مافی کۆنترۆڵکردنی باوەڕی جەماوەری هەیە. ئەمەش لە ڕێی بەهێزکردنی پێگەی خۆیانەوە و ناردنی پەیامێك بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسیی هەرێم، کە ئەوان نوێنەری ئاییندارانی کوردستانن!

هاوکات ئەو بۆنەیە چڕبوونەوەی دەستەملانێی ئابوریی بازاڕ و باوەڕی ئایینییە، کاتێ ڕیکلامی بازرگانی هاوتەریبە بە سەڵاوات لە بۆنەیەکدا. بێگومان ئەمەش جۆرێکە لە سەرمایەگوزاری، کە جگە لە ڕەهەند دەروونییەکەی، ڕەهەندە ماددییەکەی زەقوزاڵە تێیدا، بۆیە فرۆشتنی هەزاران پۆستەر و کیلۆ شیرینی، جلوبەرگ و مەدالیا، بازاڕگەرمییە و ڕیکلامێکی پیرۆزی ئەو دوکان و کۆگا و کۆمپانیایانەیە، کە لە پشت بەرزراگرتنی بۆنەکەدان. لێرەدا ئابوری دەبێتتە ئامرازێکی پیرۆز و مایەی فەڕ و پیت و بەرەکەت. واتە جۆرێك لە پراگماتیزمی ئابوری - ئایینی تێدایە: ساتێك بۆ خودا و ساڵێك بۆ دنیا، واتە دابەشکردنێك لە نێوان دین و دنیادا، کە ئاوێتەبوونێك لە ساتەوەختێکدا دێنێتە ئاراوە.

بۆیە دیاردەی تەکسیی خۆڕایی و بەشینەوەی شیرینی لە بەردەم کۆگا گەورەکاندا مایەی سەرنج و بیرکردنەوەیە.

ئاخر چی وادەکات کە کۆگا و دوکانێك پۆستەرێکی مەزن لە ستایشی پێغەمبەردا هەڵواسێ و کاسێتی مەولودنامە بە سینییەکی شیرینی بداتە کڕیارەکان؟ هەڵبەت ئەم بۆنەیە ئەو سەرنجەمی لەبارەی ئەم شارەوە تۆخ کردەوە کە: گەشەی بازاڕ هاوشانە بە برەوسەندنی ئاییندارى تێیدا. شاراوە نییە کە بەرزی مۆڵەکان، تەری بن بە بەرزیی منارەکان! چونکە ئەوانەی مزگەوت دروست دەکەن، خاوەن سەرمایەکانن! ئەمەش مانای ئەوەیە کە جارێکی تر ئایین لە ڕێگەی بازاڕەوە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. وەلێ ئەمە چەندین پرسیار بۆ داهاتوو هەڵدەگرێ، بەڵام بە دیویێکدا بازاڕ هەژموونی خۆی لە هەناوی بۆنە ئایینییەکاندا بەهێز دەکاتەوە و دەبێتە هێزێکی چەسپاو و گرنگ. ڕەنگە ئەنجامگیریەکی خێرا بێ ئەگەر بڵێین هێندەی بەرژەوەندیی ئابوریی بازاڕ لەگەڵ ئاییندا‌ریدا کۆکە، ئەوەندە لەگەڵ سیاسەت و ئامرازەکانیدا تەبا و کۆك نەبێ.

## 4- وەزشکردن و جیهادی و ئەی ڕەقیب لای ئیسلامییەکان

ئاخۆ چ ڕایەڵێ هەبێ لە نێوان جیهاد و وەرزش و ئەی ڕەقیبدا؟ لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەر ئەکەم ئەگەر بیگەڕێنمەوە بۆ بابەتێکی پێشتر، کە قسەی زۆر هەڵدەگرێت. لە هەفتەنامەی ‹ئاوێنە›دا بە مانشێتی سەرنجڕاکێش نووسراوە «مەلا کرێکار پێشبینیی جیهاد دەکات، کاتێك ئەمەریکا لە ئێراق دەکشێتەوە!» بۆیە جیهادی ئەو لەو گوتارەدا ئەوەیە: ئەمەریکا مەکشێرەوە، ئەگینا جیهاد بەرپا ئەبێت! هەڵبەت وێنەکەی ‹مەلا کرێکار› لە ڕۆژنامەکەدا سەرنجڕاکێش و پرۆفێشناڵەیە. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە کە لە ناواخنی

هەمان ژمارەدا هاتووە، کۆمەڵێ نوسەر و ڕۆشنبیر هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر وتەیەکی ‹عەلی باپیر› سەبارەت بە سروودی ئەی ڕەقیب دەردەبڕن.

هەڵبەت چ وتەکەی ‹مەلا کرێکار› وەك ئیسلامییەك کە لە وڵاتێکی ئەوروپی دەژی و هەم ئەوەی ‹عەلی باپیر›یش پڕن لە پارداکۆکس (لێکدژی). لە لایەك یەکەمیان کە لە وڵاتێکی ناموسوڵمانی ئەوروپی دەژی، بەڵام بـاوەڕی بە دەوڵەتی قانون هەیە. خۆشی هیچ ترس و دوودڵیی لەسەر ژیانی نییە و هیچ کات ‹نەرویژ› بەبێ هەبوونی بەڵگەی دروست ڕادەستی ئێراقی ناکاتەوە. ئیدێ کەسێك تا بینەقاقای باوەڕی بە جیهادە، خاترجەمانە لە ژووری خۆیدا، خەریکی وەرزش و تاعەتە!

ئەوەی تریشیان پێیوایە سروودێکی نیشتمانی - نەتەوەیی کە نزیکەی نیوسەدە زێترە دەیەها نەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەسەری گۆش کراون، لادانە لە شەرع، چونکە وەسفی نیشتمانی بە ئایین کردووە! باشە وشەی ئایین واتای چییە لە ئەی ڕەقیبدا؟ مەگەر ئینتما و پابەندبوون نییە بەو شوێنەی کە مرۆڤ بەشێکە لێی؟ پرسیارەکە: بۆچی ئەمە دژ بە ئایینە؟ لە کاتێکدا هیچ ئایینێ بەبێ نیشتمان و شوێنێکی جوگرافی نەیتوانیوە گەشە بکات. ئاخر ئایا باوەڕ و پابەندبوون هەر ئایین و خودا دەگرێتەوە، لە کاتێکا ئێمە پێویستمان بە هەبوون و هەستی خاوەندارێتیی نیشتمانێ هەیە؟ کاتێ کە هەمیشە باوەڕی ئایینی وەك میکانیزمێك لە بـڕوابـوون و پابەندبوون بە نیشتمانەوە لە هۆشی هاونیشتمانیانی کەم کردۆتەوە. باشە، هێندەی ئیسلامییەك

بەکوڵ بۆ ‹قودس› و ‹فەلەستین› دەگری، ئەوەندە کوردستانی خۆی بە لاوە پیرۆزە؟

ئەمەش لەبەر ئـەوەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی خاك و زەوی لەسەر بنەمای باوەڕ دابەش دەکات. زەویی خۆی بە پیرۆز و خاوێن ئەوی تریش خاکی تاغوت و کوفرە! بەڵام ئاخۆ خاکی کوردستان دەچێتە ژێر ئەو پێناسە و دابەشکردنە تەسکە ئایدیۆلۆجیەوە؟ پاشان ئەگەرچی لێرەدا ئەرك و کاری من ڕاڤەی ئەدەبیی هۆنراوە و شیعر نییە، بۆچی وشەی ئەی ڕەقیب بە هاوواتای وشەی ‹خودا› لێك دراوەتەوە؟ لە ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەڵات، کە دەڵێن ڕەقیبیەتی، واتە ڕکابەر و پێشبڕکێکاریەتی. بۆیە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی بوونەتە هۆی داخرانی گەشەکردن و چاکسازیی ئایینی، زاڵبوونی ئەقڵیەتی سەلەفیەتی «دەقگەراییە»، کە تێکستی پیرۆز و سەرچاوەکان وەك خۆی بەدەر لە سەردەم و کۆنتێکستی مێژوویی لێك دەداتەوە. هەمیشە ڕەوتی ڕووداو و ماناکان، بۆئەوەی لە دەقەکەدایە، نەك ئەوەی لەواقیعدا چۆنە، دەگێڕێتەوە.

لێرەوە، ئەم تێگەیشتنە لە تێکستی ئایینی، کوشتنی زۆر ڕەهەند و واتای شاراوەی دەقە، کە دەشێ بەپێی پێویست و خواستی ڕۆژگار لێی هەڵبهێنجرێ. بۆیە پابەندبوون بە نیشتمانەوە و ملکەچی بۆ بیروباوڕی نیشتمانپەروەری لای ئەو ڕەوتە بە جۆرێك دەرچوونە لە ئایین ، بەڵام دواجار ئەم دیدە چەقبەستووە لە بیری ئەچێتەوە کە ئایین ئامرازێکە بۆ مرۆڤ و دەقیش لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرێت. ئەگەر بەو چەشنە دەقگەراییە لە ئایین تێبگەین، ئیدی

ناتوانین هیچ شێوەیەکی نوێ لە ژیـان تاقیبکەینەوە و ناشتوانین شێواز و ڕەفتاری ئەم سەردەمە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر بگێڕینەوە. دواجار بەپێی کولتوری خێڵەکیی بیابان بڕۆن بەڕێوە. هاوکات ئەم دیدە دەقگەراییە یەکەم دوژمن و پێچەوانەی ئامانجەکانی ئایینە لە ژیاندا. ئەگەر مەبەست لە ئایین، بەختەوەری و چاکەی مرۆڤ بێت.

بۆیە سەیرە کە خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری لادان بێ لە شەرع و نەتوانین ڕێزی لێبگرین! لە کاتێکدا هەزاران شار و گوند و ملیۆنەها خەڵك لە جەنگی داگیرکردن و سەندنەوەی خاکدا بە ناوی شەڕی پیرۆز و بڵاوکردنەوەی باوەڕی ئایینییەوە کوژراون. چما ئەگەر کوردستان بەشێك بێ لە خاکی موسوڵمانان بۆچی نیشتمانپەروەری نادروستە؟ من چی بکەم لە قودس و حیجاز کە هیچ نیشتمانی من نییە و خاکم داگیرکراو بێ؟ لێرەوە، ڕایەڵەکە لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییە ڕادیکاڵەدا مەسەلەی باوەڕ و خاکە وەك بەشێك لە خودی باوەڕی ئایینی. لە کاتێکدا ئینتما بۆ خاك بە نەنگی بزانرێ لەژێر ناوی سرودێکدا. هەروەها، لە پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ئێراق پێشبینیی جیهاد بکرێت لە کاتێکدا خاوەنی گوتارەکە لە خاکی ناموسوڵماناندا بژی و باوەڕی بە دەزگای قانونی و ئاسایشی ئەو دەوڵەتە هەبێ!

دیارە لێرەدا بەرژەوەندیی لایەن و کەس لە لێکدانەوە بۆ دەقەکان بەدەردەکەوێ. پێموایە کەسێکی ئیسلامیی وەك عەلی باپیر هەرگیز لە یەك وڵاتی ئیسلامیدا ناتوانێ جێی بێتەوە، چونکە ئەو وڵاتانانە خاکی خۆیان لە پێش باوەڕ بە ئوممەی ئیسلامییەوە دەژمێرن، ئیدی با خۆشی پێی وابێ

ئەوانە خاکی ئیسلام و برای موسوڵمانی تێدا ئەژی. ئەم دیدە نێونەتەوەییە بۆ ئایین لە بۆچوونی کۆمۆنیستەکان ئەچێ، کە پێیان وایە نیشتمان واتە ئایدیۆلۆجیا و باوەڕ، نەك خاك و زێدی مرۆڤ خۆی. لە کاتێکدا بە ناوی ئایدیۆلۆجای کۆمۆنیزمەوە چەندین وڵات داگیر کرا و وێران کرا و مافی گەلان و چەندین نەتەوەی وەك کورد پێشێل کرا!

**5- سیکۆلاریزەکردنی ئایین لە کوردستان**

پاش باسکردنی گرفتی پرۆژەی ئیسلامگەری و شێواندنی دیاردەی ئاینداری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، پێویستە باس لە سێکۆلاریزەکردنی باوەڕی ئایین بکەین. دەبێت بپرسین: ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە، ئایین لە کوردستان سکۆلاریزە بکرێت؟ واتە بە پرۆسەی سیکۆلاری کولتوری و سیاسیدا تێپەڕێت؟ پێش هەموو شتێ، دەبێت بزانین مەبەست لە سیکۆلاریزەکردنی ئایین چییە لێرەدا. هەڵبەت مەبەست ئەوەیە، کە ئایین و باوەڕ بە هەموو جۆرەکانیەوە (بەتایبەت ئایدیۆلۆجیا سیاسی و حزبییەکان کە بوونەتە دۆگمایەکی ئایینی)، ببێتە بابەتێکی پەیوەستدار بە خودی تاکەوە، نەك پرۆسەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی گشتگیر. بە دەربڕینێکی تر: «بەتاکبووی» بـاوەڕداری و ئاینداری و لە شێوازی پراکتیزەکردندا تەنها لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

پێویستە پرس و خواستی ئایین لە کایەی سیاسەت و فەرمانڕەوایەتیەوە بۆ ئەو کایە تایبەتەی تاك تێیدایە، بگوێزینەوە، واتە ئایین ببێتە مەسەلەیەکی کەسی و چیتر ئەو پرۆسە هەژموونگەرە کۆمەڵگەییە نەبێت، کە فەزای گشتی

و کولتوریمان داپۆشێت و ئازادیی تاکەکەس زەوت بکات. بەمەش باوەڕ و ئاییندارى دەچێتە مەودا و کایەی تاکەوە، کە بە ‹کەشى تایبەت› (پرایڤیت سفیر) دەناسرێ، واتە تاك خۆی بڕیاردەرە نەك پرۆسەیەکی هەمەکیی سەپێنەر، بۆیە بەئەقڵانیکردنی بیرکردنەوە و باوەڕی ئایینی لێرەوە دەست پێدەکات کە ئایین لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و لە سەردەمێکی بزۆز و ئاڵۆز و پڕ ململانێی ئاییندا نەبێتە هەڕەشە لە ئاسایش و هێمنیی نیشتمانی.

بۆیە پێوسیتمان بە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنەوەی ئەقڵانی و سەردەمییانەی دەقەکان هەیە، واتە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ پێگەی ئایین و پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، چونکە ئیختیاری ئەقڵانی ئەوەیە، کە مرۆڤ بە بڕوا و بڕیاری خۆی بە ئایینێك قایل بێ و لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا پەیڕەویی لێبکات. نەك بە ناوی باوەڕی پیرۆزیی گشتییەوە بسەپێنرێ بەسەریدا و سەنگەری لێبگیردرێ. ئا لێرەوە ئیختیارێکی وەها، هیچ کێشە و گرفت نییە، چونکە مافێکی شەخسییە و لە کایەی تایبەتدایە. دیارە ئەمە ئەو قۆناغەیە، کە تێیدا مامەڵەی ئەقڵانیی پەیوەندیی ئایینی و باوەڕداری ڕێك دەخات. هاوکات پێگە و بواری زانستی و پانتایی ئازاد بۆ تاکەکان دەهێڵێتەوە.

لێرەدا، دەبێت دەستنیشانی دیاردەیەك بکرێت لە کوردستان، کە ئایین شەخسانی دەکرێت. واتە ڕاستی و پیرۆزیی پەیام و ناوەڕۆکی ئایین لە کەسێتیی سەرکردە و خوێندەوار و مەلا و سەرکردەی بزاڤێکی ئیسلامیدا تۆخ دەکرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، کەسێك خۆی دەکاتە

خاوەن و دەمڕاست و نوێنەری خودا و ئیسلام و بەهاکانی. یەکەم مەترسی ئەم دیاردە نوێیە ئەوەیە کە هەر هەڵە و کەموکورتییەکی ئەو کەسێتییە ڕاستەوخۆ لەسەر خودی ئایین هەژمار دەکرێت! ڕەنگە، دیاردەی «شەخسپەرستی» لە مێژووی ئێمەدا شتێکی نوێ نەبێ، بەڵام ئەمڕۆ فۆرمێکی دیکەی وەرگرتووە. چونکە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ و میدیا لە زەقکردنەوەی تیشکی کامێراکان لەسەر کەسێك کە خۆی لێدەبێتە جێنشینی پێغەمبەران و پیاوچاکان، نموونەی ئیسلامێکی بەکەسیکراو و خۆنمایشکەرمان دێنێتە بەرچاو!

# بەشی نۆهەم
# ڕەهەند و بەرجەستەبوونەکانی ئاییندارى

## تەوەری یەکەم:
## بەرژوەندیخوازیی ئایینی و دەرکەوتە نوێکانی

لەم باسەدا هــەوڵ دەدرێ ئەو پەیوەندییە ناوکۆییەی نێوان بڕوای ئایینی و بەرژەوەندیی بدۆزرێتەوە و ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە بەرژەوەندی لە ڕوانگەی ئایینەوە نەك هەر خراپ و پشتگوێخراوە، بەڵکو جەوهەرێکی پێکهێنەری بڕوا و کرۆکی پەیامەکانی نێو دەقە پیرۆزەکانە، بۆیە لێرەدا تەنها باس لە سایکۆلۆجیەتی باوەڕدار ناکرێت، بەڵکو جەخت لەو پاڵنەر و بزوێنەرانە دەکرێتەوە، کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤی باوەڕداردا ڕەنگ دەداتەوە. هەمیشە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی جۆر و مۆتیڤی مرۆڤی بــاوەڕدار، پێویستمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ ئەو بنەما هزری و دیسکۆرسەی لە دەق و پەیامە

ئایینییەکاندایە. دواجار لەم سۆنگەوە هەوڵ دەدرێ جیاوازیی نێوان فەلسەفە و ئایین لەم گۆشەنیگاوە بخرێتە ڕوو. هاوکات ئەو مشتومڕەی دەربارەی ڕەوایەتیدان بە کردەوەی مرۆڤ لە ڕوانگەی پێوەر و بەها ڕەوشتییەکانەوە بەسەر بکرێتەوە.

**1- ئایین بەرامبەر دنیا**

جیاوازی و کێبەرکێی «ئایین» و «دنیا» شتێك نییە کە گومانی لێبکرێتت، نەك هەر لە ئێستادا، بەڵکو بە درێژایی مێژوو ئایین وەك دیوێکی تری گەمەی ژیان هاتۆتە گوتار و دوان لەسەر بەها و گرنگیی مرۆڤ تێیدا. ئایین بۆ خۆی وەك توخمێکی ڕۆحیی ژیانی مرۆڤ پێدراوێکی دێرینە. هاوکات جیاوازییەکی تەواو دیار هەیە لە نێو بواری ئایین و دنیا لە لایەکی ترەوە. واتە لە فۆرمە ڕۆحی و دەروونییەکەیدا، هەر ئەمەش وای کردووە کە ئێمە بتوانین جیاکارییەك لە نێوان پێداویستی و هەلومەرجەکانی ئایینداری و پێویستییەکانی ڕۆژگاردا بکەین.

لێرەوە لایەنی ڕۆحی بۆتە ڕەهەندێکی گرنگی ئایین بەرامبەر لایەنی ماددی، کە چەمکی دنیا دەگرێتەوە. دیارە ئەم جیاکارییەی دین و دنیا چۆتە خودی ڕێنما ئایینییەکانەوە، کە بۆ خۆشی شایانی نکۆڵیلێکردن و ڕەتکردنەوە نییە لە ڕواڵەت و دەرکەوتدا. لە ئاییندا پێشتریی )ئەوەلیەت-(priority دراوە بە ئایین، دیوی ڕۆحی، ڕۆژی دوایی، پاداشتی خودایی و دنیاش لە پلەیەکی نزمدایە گەر هەردەم فەرامۆش نەکرێ. مەملەکەتی خودایی نازەمینییە و بوونێکی ئامادەی نییە لێرە، بەڵکو لە سەروو بوونی ماددیی بەرجەستەوەیە لەوێ. لێرەوە ئەم دیدە بۆ «بوون» و جیهان بەگشتی

ڕەهەندێکی میتافیزیکی هەیە، کە تێیدا بازدانێکی ئۆنتۆلۆجی هەیە بەسەر «کاتێتی» و «بەسەرچوون»ی دنیادا. دواجار وا دەردەکەوێ کە دنیای ماددی شایەنی دەربەستهاتن نییە، چونکە ئەگەری لەناوچوون و تێداچوون تێیدا جەوهەرە، بۆیە دینداری وەك ڕێگایەکە بۆ درێژەدان بە ژیانێکی هەتاهەتایی، بەڵام لە شوێنێکی تر!

دیـارە دەتوانین هەمان جیاکاری بکەینە تەوەرێك بۆ لێکجیاکردنەوەی دین لە سیاسەت/ حوکمڕانی. سیاسەت کە خوسڵەتێکی گۆڕاو و دنیایی هەیە، نەچەسپاو و کاتییە، وەك چۆن ژیان و دنیاش وەهان، بێگومان لە دێرزەمانەوە ئاخوند و مەلا و زانای ئایینی بە پلەی یەکەم خۆیان بە کاری زانستی و ئاینداریپەوە خەریك کـردووە، نەك سیاسەت، بێگومان لە شارستانیەتەکانی پێش ئیسلامدا پیاوانی ئایینی بۆ بەشداریکردن لە دنیای سیاسەتدا میکانیزمێکیان دۆزییەوە: ئەویش لە ڕێی گێڕانەوەی ماف و سەرچاوەی دەسەڵاتی شای دەوڵەت بۆ مافێکی یەزدانی و پیرۆز. بەمەش دەسەڵاتی شایان پیرۆز کرد و کرایە مافێکی بنەماڵەیی، هاوکات لەوێوە خۆیان لە کاروباری دەوڵـەت هەڵقورتان و دزەیـان کردە نێو بڕیارە سیاسییەکانەوە و پاڵپشتی سیاسییان بۆ کارە ئایینییەکانیان دۆزییەوە.

بەڵام لە مێژووی ئیسلامدا هەمیشە دەسەڵاتی ئایینی بەهێزتر بووە لە ناو بڕوادارانداوەك لە هی سیاسەت، بۆیە لە پێکهاتەی حوکمڕانیی میرە ئیسلامییەکاندا دوو دەسەڵات هەبووە: یەکەم ئایینی و ئەوی تریش دەسەڵاتی میر و خەلیفەیە. گەرچی

خەلیفە پێویستی بە ئاخوند و زانایی ئایینی هەبووە، تەنانەت ئەگەر خۆشی شارەزایی باشی هەبووبێ لە بواری ئاییندا، بەڵام دواجار وەك زانا و پێشەوایەکی دینی حوکمی نەکردووە، بەڵکو زاناکانی کردۆتە ئامێر و بەکاری هێناون بۆ پشتگیری. خەلیفە کەسێك بووە کە شارەزایی، یاخود ئامادەیی تەواوی هەبووە لە دەروازەی بەرژەوەندیی سیاسییەوە هەڵسووڕێت و لە هەمان کاتدا بە ناوی باوەڕدارانیشەوە بدوێت. پیاوانی ئایینی و زاناکانیش نزیك و هاوەڵی دەسەڵات بوون، چ وەك بتساز و موفتییەك چ وەك کەسانێك ئامۆژگاری و ڕێنماییان کردبێ گوێرایەڵی وەلی ئەمری باوەڕدارانیان بە ئەرکێکی ئایینی هەژمار کردووە، بەڵام ئەم ئاشنایەتییەی نێوان دەسەڵات و سیاسەت هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە دەسەڵات کایەکی سەربەخۆ و جیاواز نەبووە لە ئاییندارى و بەرژەوەندی دنیایی.

**2- بەرژەوەندی لە ئاییندا**

ڕەنگە بەشێوەیەکی سادە لە سۆنگەی تێگەیشتنێکەوە کە ئایین بابەتێکی سەروویيە (ترانسدێنت) و هەر لایەنی ڕۆح دەگرێتەوە، بۆیە بێخەوش و بێچاوەڕوانی و داواکارییە لە بەجێهێنان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا. واتە لەبەر ئەوەی ئایین پەیوەندییەکی نادیاری نێوان خودا و مرۆڤە، بەدوورە لە بەرژەوەندی، بەتایبەت بەرژەوەندیی مادی و دنیایی! بەڵام گرفتی ئەم تێگەیشتنە لەوەدایە، ئەگەر ئێمە ئایین بخەینە خانەیەکی بەرز و پیرۆزەوە، ئەوا لە دنیای واقیعیدا

لە کاری دەخەین. ئەگەر دنیا هەمیشە ئاماژە بێ بۆ ژینێکی بڕاوە و کاتی و ئاستنزم، پێویست ناکات ئایینیش لە نێویدا خۆی ماندوو بکات. بە دەربڕینێکی تر؛ ئایین لە لایەك و بەرژەوەندیی لە لایەکی دیکە. هەڵبەت ئەمە تێگەیشتنێکی سادە و سەرپێیییە، وەك چۆن لەسەر ئاستی تیۆریش بێخەوش نییە، وەلێ تا ڕادەیەکیش ڕاستییەکی ڕووکەشی پێوە دیارە. لە کاتێکدا لەسەر ئاستی پراکتیکی، واتە لە جێبەجێکردنی ڕۆژانەییدا، بەگشتی باوەڕ و بڕوا بە ڕێنمایی و ئەرکە ئایینەکان بەدەر نین لە بەرژەوەندی.

جگە لەوەی بەرژەوەندی دژ بە ئایین نییە، بەڵکو زۆر نزیکە و تەماهیی تەواوی لەگەڵدا دەکات، واتە دەبێتتە خۆراکدەرێکی زاتی و هەستەکی مرۆڤ بۆ پابەندبوون و شوێنکەوتنی ئایین. با بزانین چۆن. بۆ نموونە، ئەرك و فەرمانە ئایینییەکان: حەج، قازانج و سوودی مادی بۆ خەڵکانی لە وڵاتێکی تر تێدایە، زەکات بە هەمان شێوە. نوێژ و ڕۆژوو پاداشتی بەهەشت و لەم دنیاش زیادکردنی ڕزق و ڕۆزی و پیت و هتدی لە پشتەوەیە. هەمیشە نزای «خوایە ڕۆزیمان بدەیت و زیاد بکەیت لە نوێژو نزاکاندا بەستەنەوەیەکی ڕۆحی و گرێدانێکی نێوان مرۆڤ و ئەفرێنەرە. ئیدی مرۆڤی باوەڕداریش لە ڕێگەی جۆرێ لە بەرژەوەندییەوە لەگەڵ خۆی دەدوێ و لە خودا نزیك دەبێتتەوە. یا لە جیهاد و غەزاکاندا، مژدەی پەریی بەهەشت، یا دابەشکردنی تاڵانیی جەنگ و بەشینەوەی کەنیزەکاندا.

ئەمانە پاداشتگەلێکن کە دەبنە تەواوکەر و تێرکەری هەست و حەز و چاوەڕوانییەکانی باوەڕداران، لەبەرئەوەی باسوخواسەکانی بەهەشت، پڕاوپڕن لە کەلێن و کەلەبەرەکانی دەروونی مرۆڤ، کە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕۆدەچێتە نێو خواست و حەزە غەریزەییەکانەوە. بە دیوێکیشدا ڕاستییەك دەردەخـــات؛ وردەکارییەکی سایکۆلۆجی و ڕۆحــی لە پێکهاتەی بڕوای ئایینیدایە. لە کاتێکدا ئێمە ئایین بە سادەیی لە دوو فۆرمدا وەردەگرین: یەکەم، بەوەی کە خاڵییە لە بەرژەوەندیخوازی و وا تێدەگەین مرۆڤی بڕواداریش چاوەڕوانی نییە. دووەم، ئەو فۆرمە سادەیەی کە پێی وایە لەبەر ئەوەی ڕێنمایەکانی ئایین لەگەڵ زانست و پێوەرەکانی ئەقڵدا نایەنەوە، ئیتر قسەکانیش گۆترەن. لە کاتێکدا گوتار و تێکستی ئایین دووربینەیەکی تەواو و مرۆڤناسییەك و ناخناسینێکی هەستیاری تێدایە. بەتایبەت لە خوێندنەوەی دیمەنەکانی بەهەشت «پــەری و ڕووبــاری هەنگوین و نەبونی پیرێتی و نەمریی» و ئەو فەنتازیائامێزەی ژیان و گوزەرانی بە شێوەیەکی ئێستاتیکی وەسف دەکات تا ئەو ڕادەی حەز بە ساتەکانی بکەین تەنها لە باسکردنیشیدا. ئیدی توانای دەربڕین و سیحری وشە، یەکسانە بە قووڵی و سەلیقەیی دەروون و پێدوایستی و حەز و مەیلەکانی مرۆڤ. ڕەنگە یەکێك بڵێ ئەوە بەرژەوەندی نییە، بەڵکو هیوایە بە دوارۆژ. بەڵام بابەتی هیواکە دەریدەخات کە چەندە بەرژوەندیی تێدایە.

### 3- پاداشت و سزا وەك بەرژەوەندی

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئایین و کردەوەی مرۆڤ، دەردەکەوێ کە دەقی ئایینی ناتوانێ لە دەرەوەی دوانەی پاداشت/ سزا ئاخاوتن لەگەڵ دەروونی مرۆڤدا بکات. وێناکردنی ژیانی بەهەشتی وەك پاداشت بەو وێنە زمانەوانییە باڵایە لە تێکستەکانی وەك قورئاندا، دەری دەخات کە بیرۆکەی پاداشت بەدوور نییە لەوەی کە چوونە بەهەشت لە بەرژەوەندیی داهاتووی مرۆڤە. بۆیە هاوکێشەی کردەوەی چاکە یەکسانە بە بەهەشت، بە پێچەوانەشەوە کردەوەی خراپە، یەکسانە بە دۆزەخ. مرۆڤیش لە بەرژەوەندییدا نییە بچێتە دۆزەخەوە، بۆیە دەبێت نەیکات. لێرەدا ئەم گوتاری سزا و پاداشتە لە ڕواڵەتدا جۆرە ڕەوایەتییەکی ئەقڵانی و پاساودانێکی لۆجیکی دروست دەکات لە نێوان ئەوەی هۆکارە، ئەوەشی ئەنجامە. چاکە هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت. ئیدی لەم پەیوەندییەدا هەست و حەزی مرۆڤ بزوێنەرە، بەڵام ئامانج بەرژەوەندیی چوونە بەهەشتە.

مادام وتمان ئایین پێداویستییە چ لە ڕووی ڕۆحییەوە یا مادییەوە، هاوکات بەدەر نییە لە بەرژەوەندی. چونکە ئایین و دەروون و ئەندێشەکان لە دەرەوەی کۆمەڵیك چاوەروانی، زێتر نییە لە کردگار و پەرستراو. ئەگەر چاوەڕوانی و پێداویستی و بەرژەوەندی لە ئایین داماڵێن، کەم کەس هەیە ئاییندار بێ، هەڵگری ئەو پەیامە و ئەرکەکانی بەجێبهێنێ، بەڵکو دەبێتە عیرفان کە پراکتیزەکردنی پوختی ڕۆحی دەمێنیتەوە، لەپێناو خودی کارەکە یا پەرستراوەکەدا بەبێ بەرامبەر.

هەڵبەت ئێمە ناتوانین بیر لە چاکە و باشە بکەیەنەوە بەبێ پاداشت و بەهەشت، وەك چۆن لە خراپە بێ سزا و دۆزەخ. چونکە لە کردن و نەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکدا ڕاستەوخۆ لە دڵ و دەروونی باوەڕداردا «ئەلارمی» بروسکەی پاداشت یا سزا کارایە. ئەو زەنگە هەمیشە پاڵنەرە یان جڵەوکەرە. بۆیە بـەرژەوەنـدی بـەدەر نییە لە ئایین و فەرمانەکانی، وەك چۆن ئایینییش بەدەر نییە لە بەرژەوەندیی خۆی. خراپە بێ سزا نییە، باوەڕداریش بەرژەوەندیی لە سزادا نییە. چاکەش بێ بەرامبەر و پاداشت نییە، بۆیە ئەگەر ئەو پاڵنەرە نەبێ، کەس بە لای چاکەدا ناچێ. کەواتە مرۆڤی بـاوەڕدار، بەرژەوەندیخوازە و دێت بۆ بەرژەوەندییەکانی پاساو و بەرگی پیرۆزی بۆ دادەدورێ. لێرەوە ئەو وتەیەی «عەبدولرەحمان کەواکبی» شیاوە کە دەڵێ: «ئەم زەمانە درێژە فێری کردووین، کە زۆرینەی خەڵکی پابەندی ئایین نابن ئەگەر نەگونجێ لەگەڵ مەبەستەکانیدا یا لەگەڵ حەز و ڕیابازیدا. هەروەها فێریشی کردووین کە خەڵکی کۆیلەی بەرژەوەندییەکان و سەردەمەکەن و ئەقڵ هیچ سوودێکی نییە لایـان، بەڵکو عەزم-ئیرادە لە پێداویستییەوە یا لە لێخوڕەری تۆبزکارەوە لەدایك دەبێت» .

**4- تێوری پاڵنەری ڕەوشتی مرۆڤ**

ئێمە وەك چۆن ناتوانین کۆمەڵگەی مرۆڤ لە دەرەوەی باوەڕ و ئایینەوە بخوێنینەوە، ئاوەهاش ناتوانین ڕەفتار و

هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەگشتی یان ئایینی لە دەرەوەی مەیل و بەرژەوەندییەوە بخوێنینەوە. پاڵنەری کردەوەی ڕەوشتی مرۆڤ لە ڕوانگە ئایینییەکەوە، هەر ناگەڕێتەوە بۆ بڕوابوون بە خودی چاکە، بەڵکو حەز و مەیل دنەدەرێکە تێیدا. هاوکات بیرکردنەوە و چاوبڕینە ئەنجامیش بۆ خۆی هاندەرێکی دیکەی کردەوەی ئایینییە. لەم سۆنگەوە ئەگەر جیاوازییەك بکەین لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا بکەین، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دیدی فەلسەفەی ڕەوشتیی «کانت»، کە لەسەر بنەمای ئەرکخوازی (Deontology) دامـەزراوە. کانت پێی وایە مرۆڤ دەبێت بە چاکە ڕەفتار بکات نەك لەبەر ئەوەی حەز و مەیلێکی بۆ چاکە هەیە یا بەرژەوەندیی لە چاکەدایە، یان لەبەرئەوەی ئەنجامی چاکەکردن باش دەشکێتەوە بۆی. نا، مرۆڤ دەبێتت لەپێناو خودی چاکەدا باشڕەفتار بێ، بێگوێدانە ئەوەی کارەکە بەرژەوەندیی دەبێت بۆ خۆی یان نا.

بۆ نموونە «کانت» دەڵێ ڕاستگۆیی یاسایەکی گەردوونییە، دەشێ مرۆڤ بە هۆیەوە قازانج نەکات، ئیدی لێرەدا مرۆڤ بۆ ئەوەی پەیڕەویی چاکە بکات، دەبێت پێوەر و پاڵنەری کردەوەکەی بەدیهێنانی ئەرکێکی ڕەوشتی بێ، کە خۆی لە فەرمانێکی ڕەهای گەردوونیدا دەنوێنێ و هیچی تر نا.

دیارە ئەم مشتومڕە لە فەلسەفەی ڕەوشتییدا درێژەی هەیە، بەتایبەت «مۆدێلی ستاندارد» بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤ لەژێر ڕۆشنایی «تیۆری پاڵنەری ڕەفتاریی»دا جەخت لە باوەڕ و مەیل دەکرێت وەك بزوێنەر. لەو تیۆرەدا بە تەنها باوەڕ پاڵنەری سەرەکی نییە بۆ کردارێك،

ئەگەر مەیل لە بابەتی باوەڕەکەدا ئامادە نەبێ. واتە کارلێکی مەیل لەتەك باوەڕدا دەبنە پاڵنەری کردەوەیەك. لەکاتێکدا ڕێبازی فەرمانخوازی (فۆنشیۆنالیزم) پێیوایە ئەم لێکدانەوەیە سادەیە. باشترین مۆدیلی پاڵنەر، مەیلە لای بکەر-مرۆڤ. وەك چۆن مەیل پاڵنەرە بۆ کردەوە، هاوکات پاڵنەریشە بۆ گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی بنەما و پێوەرە ڕەوشتییەکان. لە کاتێکدا لە فەلسەفەی کلاسیك (ستۆیستەکان) فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی ژیان (بودیزم و عیرفان و تەسەوف)، پشت بەم لێکدانەوەیەی «تێوری مەیل» نابەستن و دەیخەنە پشت سەریانەوە. پێیان وایە دەبێت مرۆڤ لە سەروو مەیل و حەزەکانیەوە کارەکانی ئەنجامبدات و نەبێتە کۆیلەیان.

## ئەنجام

لەگەڵ ئەودا نیم بەرژەوەندییەکان ڕەتبکرێتنەوە و بە ناوی ئایینەوەدژیان بوەستینەوە، یا پێمان وابێ ژینێ خاڵی بێ لە بەرژەوەندی، بەرز و پاکژییە، نەخێر. بەرژەوەندیخوازی دژە ڕەوشت نییە و دژ بە ئایینیش نییە ئەگەر پێوەرەکانی ڕەوشت و ئاکار تێنەپەڕێنێ. وەك چۆن مرۆڤ بەرژەوەندیی دنیایی - ئابوریی هەیە، بەرژەوەندی لە ئایینشدا هەیە بەپێی لایەنە دنیایی و ڕۆحییەکەی. کێشەکە لەوەدایە بە ناوی ئایینەوە «تەقدیسی بەرژەوەندییەك» یان «بە چەپەڵ» سەیربکرێت، واتە ئەگەر ئایین نەبێتە بەرژوەندیخوازیی چین و دەستەیەك لە کۆمەڵدا.

کەواتە وەك چۆن لە نێو ئاییندا ئەرك و فەرمانەکان، پێوەرە ڕەوشتییەکان لەسەر بنەمای پاداشت و سزا بنیات نران و کەسی باوەڕدار هەمیشە لەچاوەڕوانیدایە، ئاوەهاش ئایین و

ڕێوڕەسمەکانی خۆی بەدەر نییە لە چاوبڕینە دنیا و دەسکەوتنی شتگەلێك، کە مانەوەی خۆی مسۆگەر دەکات. هەر ڕەهەندی بەرژەوەنیدیشە، کە ئایین لە دنیا و مرۆڤ نیزیك دەخاتەوە و دەبێتتە هۆی ئەوەی ئایین خۆی بگونجینێ لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤی باوەڕداردا. ئەمەش لە ڕێی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی سەردەمییانە بۆ دەقەکانی ئایینەوە دەبێت. هاوکات بەو مانایەش ئایین بەرژەوەندیی لەو خۆگونجان و نزیکردنەوەیەدا هەیە لە دنیای مرۆڤ و داخوازییەکان لە مەترسیی تەریکبوون و پەککەوتن. هێندەی ئایین کاریگەریی لەسەر بیر و هزر و ڕەفتاری مرۆڤە باوەڕدارەکان لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئەوەندەیش سەردەم و خواست و پێداویستییەکان و بەرژەوەندیی مرۆڤیش کاریگەریی هەیە لەسەر ئایینەکە خۆی. جگە لەوەی لە ئاییندا بازرگانیکردن ‹تیجارەت› لەگەڵ خودا لە ڕێی جیهادەوە ڕەوایە.

بۆیە فۆرمەکانی بەرژەوەندیی ئایینی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لە دابەشکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤدا بەپێی بـاوەڕ و پابەندبوون و قووڵکردنەوەی جیاوازییەکان یا بەڕیشەییکردنی کەلێنەکاندا دەردەکەوێ. ململانێی دەسەڵات و پێشکەشکردنی «شەرع» وەك ئەلتەرناتیڤی یاسای سیڤیل و مۆدێرن بەڵگەیەکە. هاوکات چەمکی»پیرۆزی» ئامرازێکە بۆ دەمکوتکردنی ڕای جیاواز و ڕەخنە و دەستەمۆکردنی ئەقڵ و ترساندنی تاك لە قوتاربوون لە ئازاری ویژدان و بیرکردنەوە و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی باوەڕەکەی و خۆی، کەواتە تواندنەوەی تاك لە بۆتەی باوەڕێکی گشتی و گشتگیردا بەرژەوەندییەکە بە پلە یەك.

## تەوەری دووەم:
## باوەڕ و هەڕەشە: پەیوەندییەکی یەکترتەواوکەر

### پێشەکی

هێندەی «باوەڕێك»ی ئایینی پشتئەستووره بە توخمە پێکهێنەرەکانی، واتە ئەو هێز و بنەما سەرەکییانەی کە لەسەری بەندە، ئەوەندەش پشتئەستوورە بەو هەڕەشە و پەلامارانەی کە دەکرێتە سەری. مەرج نییە هەڕەشە و پەلاماردانەکان بۆ سەر باوەڕی ئایینی، هاوکێشەیەکی پێچەوانە و یەکترسڕینەوە پێکبهێنێ، بەڵکو زۆرجار هاوکێشەی باوەڕ - هەڕەشە، دەبێتە پەیوەندییەکی یەکترتەواوکەر، یەکتربەهێزکەر. واتە هێندەی باوەڕ پێویستیی بەهێزی پۆزەتیڤ، خۆیی، ناوەکی هەیە، ئەوەندەش وابەستەی هێزێکی نێگەتیڤ هەیە بۆ بەهێزبوون و کارابوونی. هەڵبەت لەمەدا تەنها باوەڕە ئایینییەکان حاڵەتێکی تایبەت نین، بەڵکو گشت ئەو باوەڕ و ئایدیۆلۆجییانەش کە لە حزب و ڕێکخراوێکدا هەن.

بۆیە دەکرێت بپرسین؛ کاردانەوەی باوەڕدارانی جیهانی ئیسلامی سەبارەت بە فیلمێ کە وەك سوکایەتی و شکاندنی پیرۆزییەك دەژمێردرێ، تا چەند ڕۆڵی دەبێت لە دەرکەوتنەوەی باوەڕ لە فۆرمێکی جەماوەریی و توندوتیژدا؟ تا چەند باوەڕ بەبێ هەڕەشە ئامادەیی و حزوری هەیە لە ژیانی ئاسایی باوەڕداراندا؟ ئایا باوەڕ هەمیشە پشتئەستوورە بەو هەڕەشانەی دەکرێتنە سەری، یان بە هۆیانەوە لەناو دەچێ ؟

## باوەڕ وەك پەرچەکردارێکی زاتی

لە کاردانەوەی ئەو فیلمەدا کە هەموو جیهانی ئیسلامیی خرۆشاند، باوەڕ لە هەستێکی ناخەکیەوە بووە ئاکتێکی توندوتیژ. واتە باوەڕ وەك هەژدیهایەکی نووستوو، بەئاگا هاتەوە و لە کاردانەوەیەکی توندوتیژدا ئامادەیی خۆی نواند. بۆیە زۆر جار «باوەڕ» لە ئەنجامی ئازاردان و هێرشکردنەسەری و ڕەتکردنەوەی لە لایەن دژە باوەڕەوە دەبێتتە هەژدیهایەکی گڕگرتوو و پەلاماردەر و بە شێوەیەکی نائەقڵانی کردەی نەگونجاو دەنوێنێ. جگە لەوەی باوەڕداران تووشی بازنەیەك لە پەرچەکرداری توندوتیژانە دەکات.

دیارە باوەڕ بە هێزێکی میتافیزیکی (سەرووسروشت)، باوەڕکردنە بە هێزێکی نائامادە و نادیار، بەڵام هەڕەشە لەو هێزە نادیارە، باوەڕ و کاراکتەرەکانی دەیهێنێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان و لە ڕۆڵێکی زەقدا بەرجەستەی دەکاتەوە. واتە «بوون»ی باوەڕ لە ئەنجامی هەڕەشە و ڕەتکردنەوەدا ئاسۆیەکی ترە لە قۆناخەکانی بوونی خۆیدا. لە ڕاستیدا پەرچەکردار لە باوەڕی ئایینیدا دۆگمایەکە، کە خۆی لە بەرگی هەڵوێستنواندنی نائەقڵانیدا دەردەخات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، کە کاردانەوەکانیش بە ڕەوا و فۆرمێك لە ئایینپەروەری و کردەی خوداناسی دەزانرێ لە لایەن بانگەشەکەرانی ئایینەوە. لەبەر ئەوەی «باوەڕدار» خۆی بە بیمار و لێدراو باوەڕئەتکراو دەزانێ، بۆیە بە هەموو توورەیی و دڕندەییەوە تۆڵە دەکاتەوە. ئەمەشی وەك پاداشت و خەڵات بۆ دەژمێردرێ!

لێرەوە، ئەتکردن و شکاندنی پیرۆزیی بنەمای باوەڕێك مرۆڤ لە هۆش و ئاگاییەوە دەگوێزێتەوە بۆ دڕندەیی،

واتــە بۆ دۆخێکی غـەریـزی، کە لە فۆرمی بـەرگـری لە پیرۆزییەکانی بنەمایەکی ئاییندایە. دیارە ئەمە حاڵەتێکی نەگۆڕە لە ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕە ئایینییەکاندا بەتایبەت. کەواتە دەتوانین بڵێین باوەڕ و هەڕەشە لە پەیوەندییەکی یەکترتەواوکەردان و لە ئەنجامدا توندوتیژی لەدایك دەبێت.

ئیدی هاتنەدەنگی موسوڵمانان بە شێوەیەکی توند کە پڕ بوو لە ئامادەیی تۆڵەسەندنەوە و کوشتن، بە دیوێکدا بەشێکە لە پرۆسەی خۆدووپاتکردنەوە، واتە «جەختکردن لەخۆ» لە ڕێی پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی باوەڕەوە. بە دەربڕینێکی تر؛ ئەو فیلمە کە وەك هەڕەشەیەك دانرا بۆ سەر پیرۆزی و کۆڵەکەکانی باوەڕداران، توانیی باوەڕ و پێکهاتەکانی لە بوونێکی نادیارەوە بکات بە بوونێکی دیار و بینراو. هاوکات ئامادەیی و حزروری باوەڕدارانیش ببێتە حزرورێکی ئیمانی لە ئاپۆڕەیەکی بیماردا. کەواتە بڕوادار پێوستی بە هەڕەشە و بریندارکردن و ئازاردان هەیە تا لە ڕێی بەرگرییەوە، گوتاری بوونی خۆی دووپات بکاتەوە و جەخت لە خۆی بکاتەوە.

هەڵبەت من کێشەم لەگەڵ بەرگریکردندا نییە، کاتێك بــاوەڕدارێــك پێی هەڵدەستێ، بەڵکو لـەگـەڵ شـێـواز و پەرچەکردارەکەدایە کە پڕە لە قین و ڕقێکی ئەستوور و کەڵەکەبوو، کە لە نمایشێکی سەرجادەدا دەبێتتە ئاکتێکی (کردەیەکی) سیاسی. دواجار گوتاری هەڵمەت و هەڵکوتانەسەر بیروباوەڕی جیاوازی لێدەکەوێتەوە و باوەڕداران لە داکۆکیردنەوە بەرەو پەلاماردەر و هێرشبەری توندوتیژ دەبات. لە ئاکامدا دەتوانم بڵێم بڕواداران گەرچی بە نمایش و خۆپیشاندان وەك بکەرێك دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا دەکەونە گەمەیەکەوە، کە بەرەکەی تر بۆی داڕشتوون و دەبنە داشی دامەکە!

## تەوەری سێهەم:
## بیری پاشمردن و سەندنەوەی مافی ژیان

هێندەی ترس و نیگەرانیی مەرگ لە کۆمەڵگەی ئایینی و کۆنەستی تاکەکاندایە، ئەوەندە بیرکردنەوە لە ژیان ئامادەیی نییە. ڕەنگە کەسێك پێی وابێت ئەم بۆچوونە ناڕاست و ڕەهایە، لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا هێندەی مرۆڤەکان بەرەو ماتریالیستی، ژیان و گوزەرانەوە دەچن، ئەوەندە بیر لە ژیانێکی تر ناکەنەوە، بەڵام من پێموایە ئەم جۆرە ماتریالیزمە، کاڵاگەری و خۆشەویستیی مادە سەلمێنەری ئەو بۆچوونەیەن کە پاڵنەرەکەی ترسانە لە مەرگ، لەبەر ئەوەی باوەشکردن بە دنیادا لەو ترسە غەریزیی و خۆڕسکەوە لە تیاچوون و جۆرەکانیەوە سەرچاوەی گرتووە.

جگە لەوەی هەر جوڵە و هەڵپە و پەلاماری ئەو مرۆڤە ئایینە بۆ دنیا، بە جۆرێك وەك پێشتر باس کرا بەرژەوەندیی دنیایی و پاشەڕۆژی تێدایە. هاوکات ترسی لەدەستدانی ئەو دنیایەشە، کە زەمینە و ڕێخۆشکەری گەیشتنە بە جیهانێکی تر. لێرەوە، ژیان لای ئەم جۆرە مرۆڤە لە خۆیدا جگە لە ئامراز و چاوتروکاندنێك چیتر ناگەیەنێت، چونکە مرۆڤێك بەردەوام لە هەست و نەستیدا ڕکبوونەوە لە ژیان و خۆشییەکانی بچێنرێت، لە ناخەوەڕا هێندەی تر باوەش بۆ ئەو ڕێلێگیراوە دەگرێتەوە.

دیارە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەم باسە، بیرکردنەوە لە

مردن و هەڵماڵینی نهێنییەکانی نییە وەك زۆربەی ئایینەکان بانگەشەی دەکەن، بەڵکو حزور و ئامادەگیی بیرکردنەوە و ترسە لە مردن. ترسێك کە هەمیشە مردن دەهێنێتە نێو ژیانەوە و دەبێتە پەردەیەك لە نێوان ژیان و تاکەکاندا، لە نێو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا. ئیدی بە ئەندازەی سەرنجدان لە ژیان و جوڵەی تاکەکانی ئێمە دەردەکەوێت کە هەمووی بە ئاراستەی مردنە. بەرەو لێژگەی خۆمراندن و کۆتاییهێنانە «بە خۆ» بە خێراییەکی تیژپەڕ.

ئەگەر سەرنجی ڕەفتاری ئاسایی ڕۆژانەیی خەڵکی بدەین، دەبینین کە لە هەموویاندا کۆتاییەکی کتوپڕ و ڕاستەخۆ هەیە، واتە هیچیان پەیام و هەڵگری داهاتوو و پاشەڕۆژی تێدا نییە. هەنگاوەکان بە ئەندازە و مەودای مردن و تیاچوون دەجوڵێن، هەر ئەگەر لە نموونەیەکی ڕۆژانەییەوە تەماشای ئەو ڕاستییە بکەین، کە گەنج و لاوی ئێمە لە ژیان و ماناکانی دەڕوانێت، کۆمەڵێك ئەنجامگیری سەیروسەمەرە دەکەین. وەك مامۆستایەك ڕۆژێك پرسیارێکی زۆرباو و سادەم ئاراستەی فێرخوازەکان کرد: سەخترین پرسیار لە ژیانتدا چیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پشت بە چی دەبەستێیت و چۆن وەڵامیدەدەیتەوە؟

یەکێك نووسیبووی: گەورەترین پرسیار ئەوەیە: چۆن لە گۆڕدا وەڵام بدەمەوە و چی بکەم؟ دیارە ئەمە پرسیار نییە و پرسێکی فەلسەفیش نییە بە پلەی یەکەم، بەڵکو ئاماژەیەکی گرنگە بەوەی کە چۆن پەروەردەی ئایینی کار لەسەر تۆقاندن

و شکاندن و بێمتمانەیی گەنجان دەکات، بۆیە ئەو بۆچوونە زەنگێکی هۆشیارکردنەوەیە، کە ئاخر کام پاڵنەر وا دەکات گەنجێکی تەمەن (٢٠) ساڵ، بێئەوەی کێشە و گرفت و نەخۆشییەکی هەبێت، هێندە ژیان بەو هەموو خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و شیرینی و ئامادەگییەوە لای پرسیار نەبێ، بەڵام فەرامۆشیبکات بۆ ڕووداوێك کە مردنە و هێشتا دیار نییە؟ ڕەنگە سەرەداوی ئەم هەستکردنە ترساندن بێت. واتە زەوتکردنی هەستی ژیان، ئارامی و هێمنی بە هۆی قسەکردن لەسەر بابەتێك، کە هێشتا بەسەر ئەو کەسەدا نەهاتووە. وابەستەبوون بە بیری پاش ژیان لە هزری ئایینیدا، جۆرێکە لە ژیانکوژی و مەوداکورتی کە بێهیوایی دروست کردووە.

### ترسپەرستی

زۆرێك لە وتار و گوتە ئایینییەکان هاندەر و چاندنی ترسن لە ناخی باوەڕداراندا. واتە فاکتەر و پاڵنەری پابەندبوونی ئایینی، ترسە بە پلە یەك. واتە ئەگەر بڵێین باوەڕ لە قایلبوونێکی هزرییەوە نییە، بەڵکو ملکەچبوون-تەسلیمبوون- بە ترسێکی سەرتاپاگیر، بۆیە هەر ئەو جۆرە کەسانە لە کاتی نەمانی ئامرازەکانی چاوترساندا یا دیارنەمانیاندا پابەندنین. لێدان لە گڵۆپی سور و خێراڕۆیشتنی شۆفێرێك، ڕێزنەگرتن لە ئافرەت و منداڵ و پیر لەسەر شەقامەکان. ئەمە بۆ نموونە، لە گەرمەی ڕەمەزان و بەربانگدا یا چوون بۆ تەراویح و نوێژی هەینی کاتێك کە پۆلیسی هاتوچۆ ئامادەنییە! ئەمە بە دیوێکدا

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کۆنترۆڵی ترسی نامێنێت و لە گڵۆپی سوور دەدات.

هەڵبەت دەکرێت چاودێری ئەنجامی ئەقڵ و هۆش بێت، نەك هەبوونی ئامرازەکانی ترس و تۆقاندن، بۆیە ئەوەی ئەو ڕێنماییە جێبەجێدەکات، ئەوە ئەرکی خۆی نەهێناوەتە دی، بەڵکو ترسەکەی بووەتە کردار. بە هەمان شێوەش، خواپەرست ئەوەیە لە پەنهان و نهێنیدا، لەبەردەستبوونی هەموو ئاسانکارییەکانی گوناهـ و هەڵخلیسکاندا خۆگر و ڕاست بێ نەك کوتەکی مەرگ و لێپرسینەوە، واتە نەك ئەوەی کە لە ڕۆژی ڕووناکدا پابەندە بە ڕێگر و سانسۆرە دەرەکییەکان، پۆلیس، چاوی خەڵك و گازندە و گلەیی، چونکە بە نەمانی ئەوانە ئێمە لە بەردەم ڕاستیی مرۆڤێکی تردا ین، بۆیە ترس وەك ئامراز، بۆ مرۆڤێکە کە ژیری و هۆشیاریی سست بێت.

بۆیە دەکرێت بڵێین بکوژی سەرەکیی مرۆڤ و ژیان هەمیشە مردن خۆی نییە، بەڵکو ئەو ترسە پێشوەختەیە، کە چەپاندن دەسازێنێت. ئەوەشی لە هەموو شتێك کوشندەتر و جەرگبڕترە: خودی مردنەکە نییە، بەڵکو ترس و سڵەمینەوە لە ‹مەرگ› وەك هەستێکی داگیرکاری پێش ڕوودانی مردن. ئیدی ئەگەر ترس کردە و کاردانەوەیەکی خۆڕسك و سروشتی مرۆڤە لە بەرامبەر دیارنەمان، دەکرێت بگۆڕێت بۆ تێکدان و لادان و خراپەکاری.

جگە لـەوەی ناکرێت ژیـان بـە قـەرەبـووکـەرەوەی (تەعویزکردنەوەی) مـردن دابـنرێ، بەڵکو دەبێتت ژیان قەرەبووکردنەوەی خۆی بێت. هاوکات، وەك چۆن مردنیش

به هیچ کلۆجێ قەرەبووکردنەوە و تۆڵەکردنەوە نییە لە ژیان، بەڵکو مردن دەستپێکی ترە لە نەبووندا، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئیسلامییەکان و هزری ئایینی پەڕگیر قەرەبووی مردن و نەمان بە ژیان دەکەنەوە. ژیان وەك قۆناخ و دەرفەتێ بۆ قەرەبووکردنەوەی مەرگ و کۆتایی و نەمان دادەنێن. دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوە و پەروەردەیە لە توندوتیژیی ئایینیدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەوەی پێیدەوترێت تۆقاندن و کوشتن و وێرانکردن بە ناوی ئایینەوە.

## بەشی کۆتایی
## ‹داعش› دیاردەو هەڕەشە

‹داعش› دیاردە و هەڕەشە

وەك دوابەشی ئەم کتێبە، دەمەوێت لێرەدا قسە لەسەر دیاردەیەکی هەستیار و هاوکات مەترسیدار بکەم، بێگومان دەکرێت ‹داعش› هەم وەك بەرجەستەبوونی ‹ئیسلامێکی مرۆیی› خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. بەدەربڕینێکی تر؛ بەرجەستەبوونی مرۆییانەی ئایینە لە فۆرمی توندوتیژیی سەرلەبەردا. هاوکات هەم وەك پرسیار و گومانێك لە ئایین و ئاییندارى تەماشا بکرێت. جگە لەوەی ناکرێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دیاردەیە، بە تەنها هۆکارێك یا زیاتر بکەینە پاساوی سەرهەڵدان و کردەوەکانی.

بۆیە لەم سۆنگەوە دەبێت سەرەتا باس لەو گرفت و کێشە میتۆدی و تیۆرییانە بکرێت، کە سەرقاڵی لێکدانەوە و تێگەیشتنە لێی. جگە لەوە، دەکرێت ئەو دیاردەیە لە کۆنتێکیستی ئیسلامدا وەك ئایین بخوێنرێتەوە، واتە تیۆرسازیی داعش و هاوکات لەبەر ڕۆشنایی ئاییندا خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بۆیە ئەم بابەتە بەسەر دوو تـەوەری سەرەکیدا پۆلێندەکرێتت.

## تەوەری یەکەم:

## داعشناسی بەربەرەکانیەکی تێوریی

لەوانەیە زاراوەی ‹داعشناسی› لە ڕووی تێورییەوە دەستپێشخەرییەکی بەپەلە بێ. ئەوەندەی ئاگادار بم، تا ئێستا هیچ ناوەندێکی ئەکادیمیی جیهانی و ناوخۆیی وەك کایەکی زانستیی تایبەت لە توێژنەوەدا بەکاری نەهێناوە. بەڵام لێرەدا بە بەکارهێنانی ئەو ناوە، ویستم بەتایبەت جەخت لەو دیاردە نوێیە بکەم. هاوکات بوارێکی تایبەت بۆ قسەکردن و ئامادەکاریی توێژینەوە بڕەخسێنم. لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە دەبێت وەك بابەتێکی سەربەخۆ و تایبەت لە ڕووی تێورییەوە و بە هەماهەنگی زانست و بوارە جیاکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە لە سۆنگەی کۆمەڵێك تەوەری جیاوازەوە قسە و پرسیاری لەسەر دەکەین.

ئەگەرچی لە درێـژەی بابەتەکەدا ئاماژەی پێدەدەین، دەبێت سەرەتا بڵێین خراپترین و نەزانترین پرسیار کە لەبارەی ‹داعش›ەوە دەکرێت، ئەمەیە: ئایا ‹داعش› ئیسلامە و ئیسلام وەك داعشە؟ ئایا کێ لە پشت داعشەوەیە و کێ دروستی کـردوون؟ ئەم دوو ‹بەناو› پرسیارە، جگە لە میکانیزمی خۆدزینەوە لە خودی کێشەکە و مەترسییەکان، هیچی تر نییە. هەڵبەت دواتر ئەوە ڕووندەکرێتەوە و ئەو بۆچوونانەی لەو سۆنگەوە ناوی توێژینەوەی زانستی هەڵدەگرن، دەبێت پوچەڵ بکرێتنەوە، چونکە جگە لە خولانەوە لە نێو بازنەیەکی خاڵیدا هیچ ئەنجامێکیان نییە، مەگەر تەنها ساخکردنەوەی ئەو بڕیارە پێشووتر و دەمامکدارانەی هەڵیانگرتووە!

**تیۆرێکی مەزن بۆ قسەکردن لە ‹داعش›**

سەرەتا دەبێت بڵێین پرسیارێك کە ناکرێت خۆمانی لێبدزینەوە، ئەوەیە: چۆن قسە لەسەر ‹داعش› بکەین؟ دیارە زۆرێکی توێژەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکان پێیانوایە دەتوانن لە سۆنگەی یەك تیۆری مەزنەوە - مێگاتیۆرییەك- (Mega Theory) دیاردەکە بخوێننەوە! واتە بیردۆزێکی مـەزن کە بۆ هەموو دیـاردە و کێشەیەك بەکار بێ و مەتەڵەکان هەڵبەێنێ! لە کاتێکدا ئەمە لە دنیای جەنجاڵ و ئاڵۆزکاوی ئەمڕۆدا ئەستەمە. چونکە لە ڕووی زانینناسییەوە -ئیپستیمۆلۆجیەوە- ناتوانێ شرۆڤەی دیاردەیەکی وەها بە تەنها و بەپێی بواری دەروونناسی یا کۆمەڵناسی یا سیاسی بکرێت.

جگە لـەوەی کە ‹داعـش› جەوهەرێکی دیاریکراو و نەگۆڕی نییە، ئەگەرچی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوە، بۆیە پێکەاتەیەکە، کە هەم ئاشکرا و هەم نادیار، هەم سیمایەکی چەسپاو، هەم گۆڕاوێکی بەردەوامە. بۆیە ناڕاست نییە ئەگەر بوترێ ‹داعش› ڕوخسارێکی هەڵخەڵەتێنەری هەیە. ئەمەش جۆرێك قازانج و جۆرێکی بازاڕگەرمیی میدیایی بۆ ڕەخساندووە. ئیدی بەشێکی زۆری بەدحاڵیبوون لە دیاردە و چییەتیی داعش ئەنجامی نازانستیبوونە لە دەستنیشانکردنی دیاردە و دەرکەوتەکە و هۆکارە جیاوازەکانی لە پشتیەوە.

دەبێتت ئێمە ئەو ڕاستییە لەیەك جیا بکەینەوە: داعش خۆی وەك دیاردەیەك و ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتورییەی کە باوەشی گەشەکردنیەتی. شاراوە

نییە ستەمکاریی سیاسی زەمینەخۆشکەرێکی پەرەسەندن و لەئامێزگرتنی داعشە، پاشان دەبێتت ئەو ڕاستییەش لەیەك جیا بکەینەوە، کە زەمینەی سەرهەڵدان و برەوسەندنی لە ناو جیهانی ئیسلامیدا تەواو جیاوازە لە وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکا و شوێنانی تر. ڕەنگە سەرپێی بوترێت سەرهەڵدانی داعش لە نێو گەنجانی موسوڵمانی ئەوروپا و خۆرئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ شکستی ‹سیاسەتی گونجاندنی کولتوری›، بەڵام ئەوە هەموو ڕاستییەکە نییە. هاوکات، وەك چۆن سادەباوەڕییە ئەگەر پێمانوابێت هۆکاری ئابوری لە پشت پەرەسەندنی داعشە لە نێو گەنجانی وڵاتە موسوڵمانەکاندا.

لەو سۆنگەوە دەکرێت بوترێت: وەك چۆن داعش هەڵمەتێکی گەورەیە لەسەر بەناو نەیارانی ئیسلام، هاوکات پەلامارێکە بۆ سەر موسوڵمانان بە جۆری جیاواز، چونکە شەڕ و مەیدانی جەنگەکانی بە زۆری لەسەر خاکی موسوڵمانانە، لەبەرئەوە موسوڵمانانیش بە جۆریك کەوتوونەتە بەر مەترسی و هەڕەشەکانی داعش، ئەمە جگە لەوەی کە بە ناوی خودا و پەیامی هەموو موسوڵمانانەوە دەجەنگێ. لێرەوە، موسوڵمانانیش لەو قەیرانە گلاون و ناچارن بیر لەو دیاردەیە بکەنەوە، جا چ وەك ترس لە گیانی خۆیان یا لە خەمی ناوبانگی باوەڕە ئایینییەکەیان. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو دەم لەو دیاردەیە وەردەدەن و قسەی لەبارەوە دەکەن. شرۆڤەکار و سیاسی و ڕۆژنامەنووس و نوسەر و ئەکادیمیستەکانیش بە جۆرێکی تر تێوەی گلاون.

لە کوردستاندا باسوخواسی داعش جێکەوت و لێکەوتی خۆی لە نێو میدیاکاندا هەیە. بەشێکی زۆری ئەو باسوخواسانە

که بانگەشەی تێگەیشتن لە ڕاستی و ڕەگوڕیشەی ئەو هێزە دەکەن، لە زەبوونی مەعریفی و زانستیدان. چونکە هەندێکیان نە بە میتۆدێکی زانستی یان بە میتۆدێکی هەڵە شرۆڤە و لێکدانەوەی دیاردە دەکـەن. هەڵبەت هەندێك لەپێناو لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ڕەفتار و کردەکانی داعش پەنا بۆ تێزەکانی ‹ماکیاڤیللی›، کە بیریارێکی سیاسییە، دەبەن! لە کاتێکدا ماکیاڤیللی پێی وایە پێوەرە ئایینی و ڕەوشتییەکان بە هیچ شێوەیەك لە کایەی سیاسەت و فەرمانڕەوایەتییدا جێیاننابێتتەوە، جگە لە ڕێبازی واقیعگەرایی ئەو، هێزێکی ڕادیکاڵی وەك داعــش بــەوە قایل نابێت، کە ڕێبازی ماکیڤیلییانەی پەسەند بێ و پێوەی بلکێ.

هەندێك پێیان وایە هۆکارەکانی نوسەرگەلی وەك ‹ئیبن تەیمیە› و وەهابیزم و سەلەفیزم و پارتە ئیسلامییەکان وەك ‹ئیخوان› لە پشت سەرهەڵدانیەوەن. بەڵام ئەو ڕاستییە لە بیردەکەن، کە داعش لە دێرزەمانەوە مێژوویەکی توندوتیژی کردۆتە تێشووی خۆی، بەڵام مەتەڵەکە هەر بەوە هەڵنایەت ئەگەر ئێمە دیدێکی مێژووگەرییانە بۆ دەرکەوتەکە بگرینە بەر و بارودۆخ و هەلومەرجی جیهانی ئیسلامی و داهێزرانی سیاسی و ئابوری و کولتوری لەبەرچاو نەگرین. هاوکات، ڕۆڵی زلهێزەکان لە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکان و پاڵپشتیی میر و قەراڵە ستەمکارەکانیان و دادۆشینی ئابوری و پاشکۆکردنی سیاسی دیوە نادیارەکەی چیرۆکەکەیە.

ئیدی نەزانیی قسەکردن لەو دیاردەیە، لە هەژاری میتۆدی توێژینەوەوەیە. هاوکات لە وەڵامنەدانەوەی ئەو پرسیارەوە: چۆن و چی لەبارەی داعشەوە بڵێین؟ چیتر داعش بە وەسفی

خوێنڕێژ و تیرۆریست و توندڕەو مانای نییە. چونکە ئەو داعشە ڕوون و ڕەوا و ڕاشکاوانە و بە ئامانجەوە دیمەنی کوشتن و بڕین و لاقەکردن لەسەر تویتەر و یوتیوب بڵاودەکاتەوە! لە ئێستادا هەرگیز هۆنینەوەی داعش دەستکردی خۆرئاوا و... تیشك ناخاتە سەر خودی داعش. چونکە ئەوە لە بانگەشەیەکی ئایدیۆلۆجی دەچێت، هەم ئیسلامگەریی حزبی و هەم ئیسلامگەریی دەوڵەتی ئێران و تەنانەت پارتە چەپەکان و نەتەوەپەرستەکان لەسەر ئەو ژێیە ئاوازی خۆیان دەچڕن.

هەرگیز، وتنی: ئایا داعش موسوڵمانە یا نا، گرنگ نییە بۆ ئەوەی لە داعش بگەین، بەڵکو ئەوە پرسیارێکە کە ئاخۆ ئیسلام داعش و تیرۆرە و دواجار سەلماندنی ئیسلام داعش نییە! چونکە بۆ هەموو کارێك، پاساوی شەرعی هەیە، بەڵکو مەبەست لە چۆنیەتیی تەوزیفکردنی ئامانجی ئەو چییە، موسوڵمانە یا نا، وەڵامێکی ناوێ، کە ئەوان مادام خۆیان بە موسوڵمان دەزانن، ناکرێت ئێمە لەباتی ئەوان بیر بکەینەوە و بڕیار لە ئیسلامبوون یا نەبوونیان بدەین. ئەمە کاری توێژەر نییە، بەڵکو ئەوە خەم و ئەنگیزەی مەلا و کەسایەتییە ئایینییەکانە، کە لەدیدە ئایینییەکانەوە بدوێن و قسە بکەن.

لێرەوە ئەو جۆرە پرسیارانە، لە دەوری داعش، بەڵام لە قایلبوون و بیروبۆچوونی پێشوەختەوە هاتووە، نەك خودی بابەتەکە، چونکە ناسینی داعش وەك خۆی نەك ئەو گێڕانەوە و بۆچوونە سەرپێیانەی کە زادەی بیروهۆشی ئاخێوەرە. کێشە نییە لە ڕووی زانستیەوە توێژەرێك بە ڕوانگە و میتۆدی مێژووگەرایی (هیستۆریسیزم) یا بەراوردکاری بە خەواریجەوە یا ئەو چیرۆکە درۆیینەی کە گێڕانەوەی نموونەی خەواریج

(شۆراتەکان)، کە دواجار دەرچوونە لە داعش وەك باس و دیاردە و کێشە و خۆدزینەوە لە پرسەکە. بەپێی ئەو میتۆدە دەبێت داعش بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕەگوڕیشە مێژووییە تا بتوانین لەوە تێبگەین کە چییە. هەڵبەت دواجار هەموو گێڕانەوەکان، دەبنە خۆراکدەری ئەو بیروبۆچوونە پێشوەختەی کە لە نابوتکردنی ئەو هێزەدا زاڵە، بەڵام ڕێگریشە لە ناسینی زانستییانەی تەواودا!

## ڕووخسارێکی ئاشکراو هەڵخڵەتێنەر

زێدەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین، چەندە داعش وەك هێزێك نوێ لە مەیدانی جەنگدا مەترسییە، ئەوەندەش قسەکردن و تێگەیشتن لە خودی ئەو هێزە کێشە و گرفتە. چونکە ناسینی پێکهاتە و چییەتی بۆ چاودێر و توێژەران لە ناوەوەڕا و لە نزیکەوە سەختە. هەڵبەت نزیککەوتنەوە و چوونەناویان ملپەڕاندنە بە تۆمەتی کوفر و سیخوڕی، بەڵام بەم دەرکەوتنەیەوە، بۆ ئەوانەی باوەڕێکی سادە و ساکاری ئایینیان هەیە، نموونەی موسوڵمانێکی ئازا و بەجەرگ و ڕاست و دژی بێباوەڕان و ئاڵای ئیسلام دەشەکێننەوە! ئەوانیش زوو پێی هەڵدەخەڵەتین، بەڵام بۆ ئەوانەی نەیار و دژن، بەو ڕواڵەت و زمان و هەڵسوکەوت و جلوبەرگانەی کە بۆنی هەزاری ساڵی لێدێ، پێیان وایە لە ڕۆحی مرۆڤی سەردەم دواکەتووە، ئیتر هێچ، جگە لە کۆمەڵێك گێل و نەزان. بەمەش تێدەکەون.

پاش ناودەرکردنی ‹داعش› لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی زۆربەماندا هاتە ئاراوە، ‹داعش› نەك هەر لە خەوزڕان و پەلەقاژەی کڕینی ئازووقە و بەنزیندا، بەڵکو لەگەڵ نانی ئێوارە و بەیانیدا، لە پیاسەو سەیران، لە کۆڕ و کۆبوونەوە داخراوەکان

و له ڕاگەیاندن و كۆڵانەكاندا جگه له پانتاییەكی فیزیكی، دۆخی سایكۆلۆجی ئێمەی داگیر كرد. دیاره ئەمه ترسناكترین و نەبینراوترین هەژموونی ئەم هێز و ماشێنی شەڕەیه، كه دركی پێناكەین. لەبەر ئەوه، سەركەوتن و مەترسیی داعش هێنده لەو ڕەهەنده نەبینراو و سایكۆلۆجییەدایه، ئەوەنده لەسەر زەمینی واقیعدا كاریگەر نییه.

هەڵبەت له كولتوورێكی زارەكیی وەك ئەوەی ئێمەدا به ئاسانی پڕوپاگەنده و گومان و ترسەكان تەشەنه دەكەن، بەڵام كاتێ هێزێكی وەها ئێمەی له بوونەوەرێكی ئاسایی ژیانی ڕۆژانـەوه خەریك كرد به چالاكی و هەواڵەكانییەوه، دواجار بووینه ڕۆبۆتێك له ترس و نیگەرانی و خۆلەدەستدان و ئامادەسازیی خۆبەدەستەوەدان. شایانی باسه، بێسەروبەریی ڕای گشتی: لەوەدایه كه ڕاگەیاندن و پسپۆڕەكان نەیاتوانیوه تینووێتیی بشكێنن و بەرچاوڕوونی بدەن. لەبەر ئەوه، خەڵكی ئاسایی بەتوانا و خەیاڵی ساده و وەك جۆرێك له چاوەڕوانی و جۆرێك له قاوەگرتنەوه، پێشهات و ڕووداوەكان لێك دەدەنەوه.

لێرەوه، بەشداریی هاوڵاتیان له قسەكردن و ڕادەربڕین سەبارەت به ڕووداوەكـان، نەك هەر له نزمترین ئاستدایه، بەڵكو بۆته فۆرمێكی تری دابەشبوونی خێڵایەتی و حزبایەتی و لێدانی یەكتر و ناوچەگەری. پرسیارەكه هەر ئەوه نییه كه داعش تا چەند توانیویەتی ئاڕاستەی بیر و سایكۆلۆجیی مرۆڤی ئێمه به چەند ڕۆژێك بگۆڕێ، بەڵكو مەترسی و هەڕەشەكان لێكترازان و داقڵیشانی جەستەی نیشتمانیی لێدەكەوێتەوه. وەك چۆن تا ڕادەیەكیش داڕشتنەوەی جوگرافیا و مێژوو و ئەفراندنەوەی كۆمەڵگەی لێكەوتەوه!

## هەژاری میتۆدی خوێندنەوە و تێگەیشتن

داعش هەر خۆی گرفت نییە، بەڵکو وەك زۆربەی هێزە توندوتیژە ئیسلامییەکان قسەکردنیش لەبارەیەوە مایەی گرفت و کێشەیە. زۆرێك لە نوسەر و ڕۆشنبیر و شرۆڤەکاری سیاسی بەردەوام لەم دەرکەوتە مەترسیدارە دەدوێن، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و لێکدانەوەیە، ئەوەیە زۆربەی باسەکان سەرپێی و ڕووکەشین. هەڵبەت مەرج نییە هەر لەبەر ئەوەی کە ‹داعش› هێزێکی خوێنڕێژ و بەربەری و نامرۆڤانەیە، ئیتر هەر شتێك لەبارەیەوە بوترێت، ڕاست و دروست بێت. توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی جیایە لە هەڵوێستەکردن و ڕەتدانەوە، لەبەرئەوە زۆربەی نووسین و بۆچوونەکان لەو بارەیەوە بەگشتی لەو سۆنگەوەیەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە چ هەڵوێستێکمان هەبێت!

ئاشکرایە کە داعش توانایەکی سەیری خۆتازەکردنەوەیە لە تیرۆر و ڕادیکاڵیزەبووندا. پاش ئەوەی لە ‹قاعیدە› جیا بووەوە، توانیی نەریتی تیرۆرەکەی تێپەڕێنێ و فۆرمێکی تر پیادە بکات. ئەم تازەگەرییەی داعش لە توانای ڕاپێچکردن و کێشکردنی نەوەی گەنج و لاوی خۆرئاوادا دەردەکەوێت. هەڵبەت ڕەنگە ئەو تێزە تێك بشێوێت ئەگەر بڵێین هۆکاری هەژاری و خراپیی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی هۆکارە، بەڵام کاتێ زۆرێك لە نەوەی مێرمنداڵ لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە دێن، ئاخۆ ئەم لێکدانەوە بەرگەدەگرێ؟

یەکێك لەو دیاردە سەیر و ناچیزانەی لە باسکردنی داعشدا دێتە ئاراوە، زەبوونی و هەژاریی خوێندنەوە و تێگەیشتنە لە هۆکار و پاشخان و پاڵنەرەکانی کارابوون و سەرهەڵدانی ئەو

هێزە. ئەوەی تا ئێستا قسە لەو بابەتە دەکات، وەك هێزیکی سیاسی و نێونەتەوەیی و ئابوری و پەرچەکرداری کولتوری و پێکدادانی ناسنامە و شارستانی نایبینێ. هەندیك لە سکی کتێبەکاندا بۆ ڕەوایەتیی کردەکانیان دەگەڕێن. هەندێکی دیکەش لێکچوون و نزیکایەتی لەگەڵ هێزگەلی وەك خەواریج و هتد دەبیننەوە. کەسانێکیش پێیان وایە ئەوانە وەهابی و سەلەفین. لە بەرامبەردا کەسانێك وەك هێزیکی ئیخوانی ڕێکخراو دەبینین. لەلایەکی دیکەوە هەندیك وەك گروپێکی سەلەفی جیهادی دەبین، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفغانستان و هتد. وەلێ گروپێکی تر ئاڕاستەی باسەکەی دەکاتە باسێکی فیقهی و شەرعی و عەقیدەیی و لە پرسیارێکی داخراودا دەوەستێت: ئایا ئەوان ئیسلامن یان نا؟

هەموو ئەو وەڵام و ڕەوتانە بە جۆرێك پاساو و ڕەوایەتییان هەیە، بەڵام لە ڕووی میتۆدی زانستییەوە کورت دەهێنن، چونکە توانستی زانستی و توێژینەوەیان کز و سستە. بۆچوون و تێگەیشتنەکانیان لەسەر بنەمای نموونەی پێشتر، یان مێژووگەراییانە یان بە پەرچەکردارێکی سیاسیی ڕێکخراوەوە لەدایك بوون. هەموو دەزانین داعش لە ڕەحمی جەستە و جیهانی ئیسلامییەوە هاتووتە دەر. ئەگەرچی شەڕکەرەکانی لە زۆر وڵاتانی ئەورووپا و خۆرئاواوە دێن. هەر بۆیە داعش ژێدەرێکی گرنگە لـەوەدا، کە باسکردن و بەدواچوون لەبارەیەوە توانای لەتکردن و شەقکردنێکی تری جیهانی موسوڵمانان و دید و تێگەیشتنەکانیانە، چونکە سەلەفی ئیخوانی پێ تاوانبار دەکات، لە بەرامبەردا ئیخوانی و حزبە ئیسلامییەکان دەیگێڕنەوە بۆ سەرهەڵدانی وەهابی-سەلەفی.

لە ناو سەلەفیدا دەڵێن ئەمانە مەدخەلین، لە لایەکی تر پەنجە بۆ گروپە جیهادییەکان درێژ دەکرێت کە خۆراکی هزر و بیری تەکفیری سەلەفی جیهادییە.

بۆیە پرسی داعش دەبێتە مەیدانێکی تری پێکدادانی ئەو ڕەوتە ئیسلامییانەی لە ناو مەزهەبی سوننەدایە. هەڵبەت ئاگادار نین تا چەند لە نێو مەزهەبی شیعەدا چۆن هەڵوەستە لەو بابەتە دەکرێت، بەڵام ئەوەش گرنگە لە خۆیدا کە چۆن بیر و تێزی ئایینی شیعی لەو بارەوە هەڵوەستە دەکات. بەڵام زۆرێك دەیەوێ داعش وەك تۆمەت و لە ‹ئایین دەرچوون› لە گروپەکەی دوور بخاتەوە. هەموو هەوڵەکە ئەوەیە بیسەلمێنێ کە ‹داعش› ئیسلام نییە و ئیسلام پاکە، سامانی کولتوری مێژووی موسوڵمانان میراتێکی بێخەوشە. کەواتە داعش دروستکراو و دەستنێژ و جەستەیەکی نامۆیە و لە نێو هەناوی جیهانی ئیسلامیدا چێنراوە.

ئەم لێکدانەوەیە پاڵنەرێکی سایکۆلۆجی ساز دەکات کە ‹داعشییەکان› ئەوەندەی تر توندڕەو و تووڕەتر و شمشێرەکانیان بە گەردنی هاوموسوڵمانەکان بهێننەوە! چونکە پێیانوایە هەموو موسوڵمانێك لە ئایینەکەی لایـداوە. هاوکات ئەمە پاڵنەرێکی بەهێزە کە ‹داعش› خۆی بە تاکە هێزی ئیسلامخواز و جێبەجێکەری فەرمانەکانی خودا لەسەر زەوی دابنێ، بۆیە ئەمە وەك گوتارێکی هاندان بەکاردەهێنن، کە سەرکەوتنە سەربازییەکانیان نیشانەی پشتیوانیی یەزدانە کاتێ کە تەنها لە بەرامبەر دەیەها دەوڵەتی زلهێز دەوەستنەوە.

بەڵام ‹داعش› لە پێش هەموو بڕیار و ئەنجامگیرییەکی بەپەلە و لایەنگیرانە، ژێدەر و نیشانەی چەند قەیرانێکی

شارستانی و سیاسی و ئابوری و کولتورییە لە جیهانی ئیسلامیدا. پاڵنەر و زەمینە زاتی و بابەتییەکانیش وایان کردووە کە وەك هێزێکی گەورە بتوانێ سنووری نێودەوڵەتی ببەزێنێ و دەستکاریی سیاسەت و نەخشە جوگرافی و سیاسییەکان بکات. بێبەشیی کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستنی سیاسی و ئابوری لەگەڵ توندوتیژی دەوڵەتە ستەمکارەکاندا بە جۆرێك ڕێخۆشکەر بووە و ئامێزی بۆ توندوتیژی و ڕادیکاڵیزم بە هەموو جۆرەکانیەوە کردووەتەوە.

کەواتە هۆکاری بەدحاڵیبوون و تەمومژیی پرسەکە لەوەدایە کە زۆربەی دیدە ڕەخنەییەکان خاوەنی میتۆدی خوێندنەوە و شرۆڤەیی نین. هەندێکیان میتۆدی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەی کورتکارانە (Redectionist)› ڕەچاو دەکەن. بەم پێیەش هەموو هۆکار و فاکتەرەکانی کێشەکە و ئیسلامییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە دەبەنەوە سەر یەك ڕووداو، یەك کەس و بۆ یەك تێکست و مێژوویەك دەگێڕنەوە! بەگشتی، لە زانستە کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجییەکانیشدا، هەوڵێك هەیە، کە هەمیشە لە شرۆڤە و لێکدانەوەکاندا بە دوای جەوهەرێکی نەگۆڕ و چەسپاودا دەگەڕێن تاکو کێشەکە پێناسە بکرێتت، کە ئەمە بە دیدی جەوهەرگەرایی-ئێسێنشیالیزم(essentialism) و ڕوانگەی سوبستێنشیالیزم (Substancialism) ناو دەبرێن. واتە دیدگەیەکە، کە هەمیشە لە پشت ڕوداوەکانەوە، بە دوای گوتارێکی نادیار و پەنهاندا دەگەڕێ!

لەم سۆنگەوە، ڕەخنەی نوسەری ناسراو ‹برایان باری› لەم بـوارەدا شایەنی باسکردنە، بەتایبەت سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان و ڕێپێوانە جەماوەری و نمایشە گشتییەکان

له كۆمه‌ڵگه‌كانی ئه‌مڕۆدا . هه‌ڵبه‌ت هه‌ندێك كۆمه‌ڵناس پێیان وابوو ئه‌م نمایشانه گوزارش و ده‌ربڕینن له ئایدیۆلۆژیایه‌ك. له كاتێكدا ‹باری› پێی وایه نه‌خێر، ده‌كرێت چه‌ندین گروپی جیاواز، به‌رژه‌وه‌ندیی جیاواز له پشت ڕێپێوان و خۆپیشاندانه‌وه بێت و بۆ یه‌ك ئایدیۆلۆژیا نه‌گه‌ڕێته‌وه. بۆیه كاتێك نوسه‌رێك، سیاسه‌تمه‌دارێكی لای خۆمان دیارده‌ی ئیسلامگه‌ری ته‌نها به یه‌ك چاو سه‌یر ده‌كات، به چاوی لاده‌ر، نامۆ، بزێو و هێزێكی دزێو، ته‌نها داوه‌رییه‌كی پێشوه‌خته.

به‌ڵام ئه‌م جۆره ڕوانگه و بڕیارانه داوه‌ریكردنن، نه‌ك شرۆڤه و لێكدانه‌وه‌ی زانستی. جگه له‌وه‌ی په‌له‌یی و شپرزه‌یی تیۆری و هه‌ژاریی میتۆدی تێدایه. ئاخر هه‌ندێك ده‌ركه‌وته‌ی وه‌ك داعش كه سه‌رچاوه و ده‌قی نووسراو و كه‌ره‌سه‌ی وه‌ها له به‌رده‌ستدا نییه، ناكرێت خێرا به گوێگرتن و ته‌ماشاكردنی گرته و بڵاوكراوه‌كانی داوه‌ری و ئه‌نجامگیری بكرێت. چونكه ئه‌و هه‌ڵمه‌ت و پڕوپاگه‌ندانه سه‌ره‌تای پرۆسه‌یه‌كه، كه ده‌كرێت له ئه‌نجامی به‌جێگه‌یاندن و جێكه‌وتنی خوێندنه‌وه‌ی ته‌واوی بۆ بكرێت.

له‌م سۆنگه‌وه، ده‌شێت چۆنیه‌تیی لێكدانه‌وه‌ی هه‌ڵگیرسانی «شۆڕشی ئیسلامی ئێران» له دیدی فه‌یله‌سوفێكی وه‌ك ‹میشیل فۆكۆ›دا باس بكه‌ین. هه‌ڵبه‌ت ‹فوكۆ› له نووسینێكدا، جگه له‌وه‌ی باسی نیگه‌رانی و پرسیاره‌كانی سه‌باره‌ت به‌م ڕه‌وته نوێیه و ڕووداوه‌كانی ئێران ده‌كات، ده‌شپرسێ ئاخۆ: چه‌مكی «شۆڕش» و حكومه‌تی ئیسلامی كه بوونه‌ته دروشمی خۆپیشاندانه خوێناوییه‌كه، چییه؟ ئایا ئه‌م چه‌مك و دروشمانه‌ی به‌رزده‌كرێتنه‌وه، ناوبردنێكی شیاوی (relevant) ڕووداوه‌كانن؟

چونکە ‹فۆکۆ› پێی وایە، ئەم چەمك و دروشمانە نە بیرۆکەیەکی دیار و ڕوونن، نە ئایدیایەکی بەرجەستکراون لە لایەن خودی خۆپیشاندەران و سەرانیەوە، تاکو بە دوای واتاکانیاندا بگەڕێین و بزانین چییە و چۆنە، واتە چەمکەکان و دروشمەکان هێشتا نەبوونەتە ڕاستی و وەرنەگێڕدراون بۆ پرۆسەی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی تا بڵێین ماناکانی بە دیاریکراوی چین. بۆیە لە ناچاریدا ڕووداوەکەی ئێران لە ساڵانی شۆڕشی (١٩٧٩)دا هەر گـوزارش لە هاتنی دۆخێکی تری سیاسی دەکـات. گـوزارش لە ‹ویستێکی سیاسی› (political wil) و لە ویستی بە سیاسەتکردنی بونیادیی هەموو کۆمەڵگە و ئایین دەکات. وێستێك کە هەڵوێستە لە بەرامبەر گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی دەرەوە و ناوەوە. دیارە بە لای ‹فوکۆ›وە ئەو ڕووداوە ڕەهەندێکی نوێی لە خۆیدا هەڵگرتووە، واتە ڕەهەندی «بەڕۆحانیکردنی (سپیرتوالیزەکردنی) سیاسەت/ دەوڵەت ئامانجەکەیەتی .

هەروەها بۆ نموونە، پڕۆفیسۆر ‹بنجامین باربەر› لە دوای یانزەی سێپتەمبەر لە نووسینێکدا کە باس لە هۆکارەکانی تیرۆر و توندوتیژی لەسەر ئاستی جیهان دەکات، هۆکارەکانی ناگێڕێتەوە تەنها بۆ بارودۆخی ناوچەیی، بەڵکو باری سیاسی و ئابوریی جیهانی و نادادی گەورەترین فاکتەرن لە پشت تیرۆرەوە . یا وەك ئاماژەمان پێدا، بە ڕای ‹گراهام فوللەر› کە ئەو کرۆکی کێشەکە لە خودی ئیسلامدا نابینێتەوە، بەڵکو موسڵمانان، بارودۆخی ناوخۆ کە چەندین پرسیار هەڵدەگرێ؛ ئایا موسڵمانان چییان دەوێ و خوازیاری چی و کام گۆڕانن؟ بۆچی موسوڵمانان، بەتایبەت ڕادیکاڵ و توندڕەوەکان پەنا

دەبەنە بەر توندوتیژی و خوێن وەك تاكە ئامرازی خەبات و كاریان؟ ڕەگی ئەو دابڕانە لە كوێدایە و بۆچی دەبێتە تاكە زمانی گوزارش لە خودێكی باوەڕدار؟

دیارە «زمانی» توندوتیژی كە دەبێتە هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایش و گیانی مرۆڤەكان، ئەوسا كردەی ‹تیرۆر› دیاردەیەكە، كە جاڕی ‹مردنی سیاسەت› دەدات. بانگەشەی نەمانی دیالۆگ و دانوستان دەدات بە گوێماندا. یەكێك لەو ڕا سەرنجڕاكێش و گرنگانە لەم میانەیەدا، ڕایەكی بیرمەند ‹ئیگناتیف›ە . ئەو پێی وایە تیرۆر هەم جۆرێكە لە سیاسەت و لە هەمانكاتیشدا هێرشكردنەسەر سیاسەتە. واتە سیاسەتێك كە دەبێتە كوشتن و بڕین و هاوكات بێماناكردنی سیاسەتێك، كە بە مانای دانوستان و كارلێكردنێكی ئەقڵانی دێ. شێواندنی سیاسەتێك كە بتوانێ خۆی لە ڕێگەی دیالۆگەوە بسەلمێنێت و بەڵگەی بەرامبەریشی هەڵبوەشێنیتەوە.

لەبەرئەوە كاتێك تیرۆر ڕێگای توندوتیژی وەك دوائامانج بەكار دەهێنێت، ئیتر سیاسەت دەكوژێت و لە بەكارهێنانی هێزدا كورتی دەكاتەوە، بۆیە تیرۆر كردەیەك نییە كە بەو مانایەی سەرەوە، بە كارێكی سیاسییانە پێناسە بكرێت. توندوتیژی كاتێك دێتە ئاراوە، كە زمان كۆتایی دێ و دیالۆگ نامێنێ. بێگومان، نەتوانینی دەربڕین دەبێتە هۆكارێكی گرنگی توندوتیژی. ئاشكرایە ‹كارڵ پۆپەر› لەدایكبوون و سەرهەڵدانی سیاسەت دەبەستێتەوە بە بنەمایەك: دواندن و گفتوگۆ و دانوستان . دیارە ئەمەش دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدانی كۆمەڵگەیەكی كراوە (Open society). چونكە مرۆڤ لە ئەنجامی ڕۆشنگەرییەوە توانیی خۆی لە دەسەڵاتی

خێڵایەتی و کۆمەڵگەیەکی داخـراوەوە ڕزگار بکات. دیارە ئەمەش کاتێك دێتە دی، کە ئەفسانە، ئایین جێگەی بۆ لێکۆڵینەوەی ئازاد چۆڵ کرد و لە هەموو ڕوویەکەوە کرانەوە دەبێتتە پێوانەی هەموو شتێك .

شایانی باسە، ‹ئیگناتیف› تیرۆر و توندڕەوی بە جۆرێك لە پوچگەری-نیهلیزم- دادەنێت. هەڵبەت نیهلیزم بەو واتایە نا، کە هیچ باوەڕ و پابەندبوونی مۆراڵی لە ئارادا نەبێت، بەڵکو بەو واتایەی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەها و سەرەڕۆ سیاسەت وەك دیالۆگ پوچەڵ دەکاتەوە. هاوکات خراپ بەکارهێنانی سیاسەت و ئامرازەکانی دەگرێتەوە. کەواتە؛ تیرۆر لەبەر ئەوە مەترسییە، کە «سیاسەت»ێکە بە دوای مەرگی سیاسەتدا، بە دوای لەناوبردنی دانوستاندا دەگەڕێت. لەباتی نارەزایی، خۆپیشاندان، خراپترین و ترسناکترین ڕێگە هەڵدەبژێرێ، کە تەقینەوە و نائارامی خستنەوەیە. لەبەر ئەوە، وەك چۆن تیرۆر مەرگی سیاسەتە، مەرگی مرۆڤیشە. واتە نیهلیزمێکە کە باوەڕی بە هیچ فۆڕمێکی دیموکراسیی سیاسی نییە، تەنها هێزپەرستی و توندوتیژخوازی نەبێ. ئیدی بەم مانایە، ‹داعش› و گروپە توندڕەوەکانی پێشووتر و دواتریش، هەڵگری تۆی ئەو نهیلیزمەن!

## داعش جەوهەرێکی ون و گۆڕاوێك بەپێی گێرانەوەکان

خەسڵەتێکی ناوازەی داعش ئەوەیە، کە بەپێی گێڕانەوەکان دەگۆڕێ و هاوکات جەوهەری خۆی وندەکات. دیارە ئەمە یەکێکە لەو خاڵە سەرنجڕاکێشانەی کە زۆر بە ئاسانی و لێزانانە لە تۆمارکردنی پاڵەوانی و چالاکییەکانیدا، هەرجارەی

بە جۆرێ دەردەکەوێ. واتە هەموو جارێك جۆرە گێڕانەوە - ناریتی(narrative)یەك لەبارەی سەرهەڵداو و چییەتیەوە ئاو دەدات و زەق دەکاتەوە. دەمێك دەستنێژی ئیسرائیل و ئەمریکا و هەموو خۆرئاوایە، دەمێك دەسکەلای ئێران، بە خوێندنەوە گێڕانەوەی سعودی و سوننەکان و جارێك سوریای ئەسەدە و جارێك تورکیا بە گێڕانەوەی کورد  بەهێز دەکات. جارێکیش بە خوێندنەوە و گێڕانەوەی چەپە کۆمەنیست و ڕوسیا و دەستکردی سیاسەتی ئیمپریالیزم و ئەمریکا!

هەڵبەت لەو خوێندەوەیەدا ڕادیکاڵی ئیسلامگەریی شیعی و ئیسلامگەریی سوننی لەگەڵ کۆمنیستەکاندا هاوڕا و یەك ئەنجامگیری دەکەن! لە ناو خودی موسوڵمانە سونییەکاندا، سەلەفی ئیخوانی و جیهادی کە بە ئیسلامی حزبی - باسی تاوانبار دەکات. لە بەرامبەردا ئیسلامی ڕێکخراو، ڕیشەی داعش دەگێڕێتەوە بۆ سەلەفی و وەهابیزم و ‹مەدخلییەکان›! بەمەش دەیەوێ لەو لایەنانە بدات، کە ئەم جۆرە ڕەوتە ناحزبییە سیاسییە پوچەڵ دەکاتەوە، بەتایبەت یەکگرتوو و کۆمەڵ! لە بەرامبەریشدا داعش وەك گێڕانەوە لە لایەن سەلەفییەکانەوە دەبێتە ئامراز بۆ لێدانی ئیسلامی ڕێکخراو.

دیارە ئەم لێکدانەوانە کە زێتر تاوانبارکردن و ناشرینکردنی یەکترە، پشتئەستوورە بەو گێڕانەوانە، کە مادام داعش جەخت لە کۆمەڵێك پرەنسیپ دەکات، ئیتر ئەوە لەسەر فلانە ڕەوت ماڵە. ئەمە بەشێکی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە داعش فرەڕەهەند و فرەناسنامەیە، ئەو ناسنامەی سەلەفیی هەیە، وەك چۆن میراتگری جیهادی و ئیسلامی ڕێکخراوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی. ئەوەی مایەی پێکەنینە، ئەوەیە کە هەریەك وێنە و

ڕەگی خۆی لە داعشدا دەبینێتەوە، بەڵام نەفرەتی لێدەکات و خۆی لێ دوور دەخاتەوە و دەیسوێت بەسەر ڕەوتێکی تردا! وەلێ لە بیریان دەچێت هەموو ئەو ڕەوتانە و داعش یەك میراتی کولتوریی ئایینیان هەیە، لە پراکیتزەکردندا جیاواز و خاڵی هاوبەشیان هەیە. داعش ئەوەندەی لە سەلەفیەوە نزیکە، هێندەش لە ئیخوان و جیهادییەکانەوە نزیکە.

## سەرهەڵدانی داعش وەك چیرۆکێکی مەزن

خراپترین و سادەترین پرسیارێك کە لەمەڕ داعشەوە دەکرێت، کێ دروستی کرد؟ هەڵبەت ئەو پرسیارە لە خۆیدا ستراتیجیەتی شاردنەوەی هەڵگرتووە. ئەمە جگە لەوەی بە پرسیارێکی نازانستیی دەبینم، بەڵام تەڵەکە و فێڵێکە لە خۆیدا. چونکە لە پرسیاری هۆکار و چۆنێتیی زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پاڵنەرەکانەوە بۆ تاوانبارکردنی «کێیەکان» باز دەدات!

بۆیە دەبێت بپرسین: چۆن قسە لەو بوونەوەرە سەیرە بکەین و نەکەوینە وەهم و چنینەوەی داستان و سەربوردەوە؟ دیارە بەشێك لە گرفتەکە لەوەدایە، کە زۆربەی قسەوباسەکان لە سۆنگەی بیرۆکەی چەسپاوەوە (fixed Ideas) لەسەر داعش ئەوەیە خێرا بڕیارەکان ئامادەن بیانهێنینە دەرەوە بڵێین مادام داعش مەترسیدار و شەڕەنگێز و خوێنرێژە، ئیتر لێی تێگەیشتین و مەتەڵەکەمان حەل کرد. ئێمە ناتوانین لە دیاردەو دەرکەوتێکی وەك داعش هەر بەوەی مۆرکی خراپە و ناچیز و هەڕەشەی هەڵگرتووە، تێبگەین. ئەمە بیری لەچوارچێوەدراوە ‹فیکسید ئایدیایە› کە بڵێیت: داعش سەلەفییە، بەرهەمی ئیخوانە یا خەواریجێکی سەردەمە،

یان دەستکردی ئەمریکی و دەستکەلای ئیران و قەتەرو سعودیەیە!

یەکێك لەو وەڵامە بەربڵاو و جەماوەرییانەی کە ڕەنگە ملیۆنەها کەس لە جیهانی ئیسلامیدا باوەڕی شێلگیری پێی هەبێت، تیۆری پیلانگێڕییە .

تەنانەت زۆرێـك لە پەلاماری (١١ سێپتەرمبەریشدا) خودی ئەمریکایان تاوانبار کرد کە گوایا بە ئانقەست بۆ ناشرینکردنی ئیسلام و لێدانی موسوڵمانان کردوویەتی، دەنا دەزگای هەواڵگیری و توانای زانستی و تەکنەلۆجیای ئەوەندە پێشکەوتووە، کە دەزانێ لە کۆڵان و ناوماڵەکانی دنیادا چی دەگوزەرێت.

لێرەدا، نەك هەر ‹قاعیدە› و ‹داعش› بوونەتە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی، بەڵکو ئەمریکاش هێز و دەسەڵاتێکی ئەفسانەییە لەسەر ئاستی دنیا لەخەیاڵدان و بیری موسوڵماناندا! دەشێ بپرسین؛ ڕەگوڕیشەی تیۆری پیلانگێڕی لە جیهانی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك لە داگیرکاری و دەستوەردان لە کاروباری گەلان، بەتایبەت هێزە ئەوروپاییەکان . هاوکات یەکێك لەو وەڵامە جوانانەی کە دەشێت لایەنی دەروونیی ئەو جۆرە بۆچوونە ڕاڤە بکات، پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکە لە سیاسەتمەداری پاکستانیی ‹عیمران خان›، بۆچی خەڵکی زوو باوەڕ بەو جۆرە قسەڵۆکانە دەکەن و هەموو ڕووداوێك بە پیلانێکی دەرەکی دەژمێرن؟ دیارە وەڵامەکەی: ‹کاتێك کۆمەڵگە هەمیشە لەسەر درۆ ڕابێت، ئیتر هەموو شتێك پیلانە› .

دەکرێت بوترێ ئەوەندەی شەڕی «داعش» لەسەر پێگە

و ماڵپەر و میدیاکاندا ئامادەیە، هێندە لە بەرەکاندا بەو جۆرە گەرموگوڕ نییە. داعش یەکێکە لەو دێوەزمانەی کە لەم چەند ساڵەدا کایەی میدیا و سیاسی و جەنگی بە جۆرێك داگیر کرد، کە ئیتر باسوخواسەکانی ژیانی ئێمە چوونە کەنار و ئەودیوی چەقی ژیان و گوزەرانی ئێمەوە. دیارە زۆرێك بەو هێزە هەژان و داچڵەکان (شۆك بوون)، وەك ئەوەی لە ئاسمان هاتبنە خوارەوە. هەندێك یەکسەر ‹تیۆری پیلانگێڕی-conspirisy› لە باوڵەکانەوە هێنایە دەر. لێرەوە، لە پاڵ ئەو دەنگۆیانەو پێشڕەویی داعشدا ‹پیشەسازیی درۆ› بەرەیەکی تری لە جەنگەکاندا کردەوە، چونکە ‹داعش› وەك گێڕانەوەی چیرۆکی لێهات لە نێو میدیاکان. لە کاتێکدا پرسیارە ڕەسەن و گرنگەکە ئەوەیە کە چۆن و بۆچی سەریانهەڵدا؟ کەس لەبارەیەوە نادوێ!

هەر لەو سۆنگەوە لە ناو کوردستاندا زۆرێك بە ناوی دڵسۆزی و بەرگرییەوە لە ئەنگیزەی پاڵەوانسازیدا گیرسانەوە. لە پاڵ ڕەخنەو بەرپرسیارێتیدا هەندێك هەڵەکەیان قۆستەوە تا لە نەیارو ڕکابەرەکانیان، بەتایبەت حزبەکانی تر بدەن. جگە لەوەی زۆربەی نووسین و میدیاکان (بەتایبەت ئەوانەی سێبەری حزبەکانن) بەگشتی لە کارەساتێکی وەك پەلامارو هێرشەکانی داعشدا لەباتی پێداچوونەوەو توێژینەوەو لێکدانەوەی بابەتی، کەوتنە چنینەوەی چیرۆکی خەیاڵی و هەڵوێستنواندنی سەرپێی و بزواندنی هەستی گشتی و شاردنەوەی کێشە و گرفتەکانی ناو هەرێم.

چونکە خۆیان بە پرسیارێکی داخـراوەوە گرێداوە: کێ لە پشت داعشەوەیە؟ دیارە ئەمە خۆی پرسیار نییە، بەڵکو

پشتبەستنە بە گریمانەی بیرۆکەی ‹پیلانگێڕی›. دەکرێت بپرسین: ئایا سەرچاوەی بیری داعش چییە؟ ئایا بۆ وەڵامی ئەمە، دەبێت بۆ مێژووی ئیسلام بگەڕێینەوە؟ یان جڵەو بۆ خەیاڵ شل بکەین و بکەوینە پرسیاری نەزۆك و نادیارەوە، چونکە توێژەر دەستی ڕاناگات بە ئاژانسەکانی زانیاریی نهێنی. ناتوانرێ ئەو زانیارییانە پشتڕاست بکرێتنەوە، کە کێ دروستی کردون. جگە لەوەی بەشێك لە هۆنینەوەی ئەو بەربادی و چیرۆکە وەهمییانە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی داعـش، کە ڕێخکراوێکی نهێنییە، جۆرە سیحرێك و ئەو نادیاری و نهێنییە ببێتە کەسێتییەکی سەرنجڕاکێش و جۆرە ڕیکلامێك بۆی.

دیارە ڕووداو و کارەساتەکان چەندە زەنگی مەترسی و هەڕەشەن لە ژیان، ئەوەندەش پرسیارهێنەرن: چۆن و بۆچی ڕووی دا؟ بەڵام لێکدانەوەی سادە و سەرپێیانە، خودی ڕووداو و دیاردەکە دەخاتە پشت ویستی لێکدانەوەوە. لێرەوە، کێ لە پشت داعشەوەیە، پرسیارێکی داخراوە و ڕاستەوخۆ تێنەگەیشتن بەرهەم دەهێنێت. بەڵێ، ڕاستە هەندێك داعش بە گورزوەشێنێك لە بەهاری عەرەبی دەزانـن، کە دواجار ‹سعودیە› و ‹ئێران› و ‹ئەسەد› لێی سوودمەندن، بەڵام وەك نوسەری ناسراوی عەرەب ‹عەزمی بەشارە› دەڵێ، مانای ئەوەش نییە کە دەستنێژی ئەوانە یا دەستکردی ئەمریکا و ئسیرائیلە.

دوای دەرچوونی بیرەوەرییەکانی ‹هیلاری کلینتۆن›، دەنگۆیەك بڵاو بووەوە کە تێیدا دانی ناوە بەوەی ئەمریکا داعشی دروست کردووە! ئەم بۆچوونە لە جیهانی عەرەبی - ئیسلامیدا وەك بروسکە بڵاو بووەوە تا دواجار ناچار بوو ڕونکردنەوە بدات کە قوربانیی قسەی هەڵبەستراوە! هەڵبەت

لە ‹یوتوبدا› گرتەیەك بە دەنگی ‹هێلاری› هەیە کە دەڵێ؛ ‹خۆمان کۆمەکی لۆجیستیی و سەربازیی جیهادی ئەفغانیمان کردووە. دواجار ‹قاعیدە›ی لێ دەرپەڕی!› دەنگۆی ئەوەش بڵاو بووەوە، کە ‹بەغدادی› ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی هەیە و کارمەندی ‹مۆسادە›، دیارە میدیا و ناوەندەکانی پڕوپاگەندەی ئێران زۆر لەسەر ئەم تەوەرە کاریان دەکرد. بەپێچەوانە، ئەوانەی سونی و نەیاری ئەسەد بوون دەیانوت لە تایەفەیەکی ‹شیعی›ی گەڕەکی ‹سەیدە زەینەب›ی دیمەشقە!

شایانی باسە، ئەم جۆرە لێکدانەوە و گێڕانەوانە (narrity) ئەگەر تەونی خەیاڵ و بیرۆکەی ئامادەکراو نەبن، ئەوا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ یەکلاکردنەوەی جەنگێکی مەزهەبی و شەڕی سیمبولەکان. بەتایبەت لە دنیای میدیای دیجیتاڵ و ماس میدیاکاندا، کە تێکشکانی سیمبولەکان و دروستکردنی وێنەی نوێ بەهایەکی تەواوی هەیە. دیارە ئەو قسەڵۆك و گێڕانەوانە و بیرۆکەی پیلانگێڕی، پاشخانێکی سیاسی و مێژینەیەکی هەیە. لە ‹جەنگی سارد› و پێشتریش جەنگی جیهانیی دووەمـدا، ئایدیۆلۆجیای فاشیزم، نازیزم خۆی لەسەر ئەفسانەی پلانگێڕی ‹ماسۆنی› یا جووەکان قایم کرد. وێناکردنی ‹جوو› وەك پلانگێڕو نیازخراپ کارەساتی بە دواوە بوو. لە جەنگی ساردیشدا قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکان، بواری سیاسی، زانستە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانیش بەسەر بلۆکی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا دابەش بوون. بۆ هەر دیاردەو ڕووداوێك، لێکدانەوەیەکی سادە و لەقاڵبدراویان هەبوو!

ئەم جۆرە بیرکردنەوانە پەڕینەوەیە لە جیهانی ئیسلامی

و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، تەنانەت بۆ ئیسلامی و نەتەوەییەکانی جیهان عەرەبی، ئیستعمارو ئێستاشی لەگەڵدا بێ، پاساوێکی حازربەدەستی داپۆشینی کەموکورتیی تێوری و کۆی دواکەوتوویی و ستەمکاری دەسەڵاتە گەندەڵەکان بوو. کورد گوتەنی، هەموو ماستێك موویەکی تێدایە. لە بنەڕەتدا، ‹تێوری پیلانگێڕی› بیرۆکەیەکی ئایینییە، کە هەم لە ئەوروپا و جیهانی ئیسلامیدا زەمینەی ساخی دروست کرد! چونکە باوەڕێکی ئایینی کە شکست و کەموکورتییەکانی زاتی مرۆڤی گێڕاوەتەوە بۆ هێزێکی ناخەکی کە ‹شەیتانە›. بە هەمان لۆجیکیش، پلانگێڕ، فریودەر لە بەرگی دەوڵەتێك، گروپ و کۆمەڵگەیەکی تردا دەبێتتە هەڕەشە!

ئیدی ئامانج لەو دەنگۆیانە ئەوەیە، کە دەبێت لایەنێك سەرزەنشت و تاوانبار بکرێت و خراپە بخرێتە ئەستۆی. هەر بۆیە باوەڕکردن بەو تێور و دەنگۆیانە خۆدزینەوە و هەڵنەگرتنی بەپرسیارێتییە دەرهەق بە پێشهاتە و ڕووداوگەلێکی وەك ‹داعش›. ئاخر ئەقڵی عەرەبی - ئیسلامی وەك ئەوەی مێژووی خۆی کە ‹سەربڕین، بەردبارانکردنی ژن، تاڵانبردن، کڕینوفرۆش بە مرۆڤ، کۆیلەی سێکس›ی لە بیر نەبێت. ئاخۆ ئەمە ئەمڕۆ دۆزرابێتەوە! پاڵدانی داعش بۆ گەمەیەکی سیاسیی نهێنی، دەرخەری ئەوەیە، کە توانای لێکدانەوەی پێدراو و پێشهاتەکانی نییە. دیارە بە ڕای شارەزایان داعش مانای شکستی دەوڵەت و حکومەتی هاووڵاتییە. بەرئەنجامی تەقینەوەی دانیشتوان، ناعەدالەتی، زاڵبوونەوەی کولتوری بیابان، خێڵایەتی و ستەمکارییە .

گریمان ئەمریکا چەندە بەهێز و بشخوازێ سیناریۆیەکی وا ئەنجام بدات، ناتوانێ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە و گۆڕاوەکانی بکات، چونکە ‹داعــش› داشــی دامــەیــەك نییە یــەك دوو ئاڕاستەی هەبێ و بە ئاسانی ئاڕاستە و کۆنترۆڵ بکرێت، بژارە و بەربەرەکانی تر لە مەیدانەکەدا نەبێ. بە هەمان شێوە، پاڵپشتیی دارایــی سعودی، ئێران و تورکیا گوڕوتینە، بەڵام هۆکاری بنەڕەتیی سەرهەڵدانیان دیاری ناکات. لەو سۆنگەوە، ڕای گشتی کەوتە ژێر کاریگەریی دەنگۆکان، گەڕان بە دوای هەواڵەکانی داعشدا، پڕوپاگەندەسازی و دەنگوباسی ناڕاستی لێکەوتەوە.

بۆ نموونە، فتوای خەتەنەکردنی بەکۆمەڵی ئافرەتان لە کۆتایی مانگی (٧) و سەرەتای (٨)دا بەپێی ڕاپۆرتێکی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێراق کە هەڵای نایەوە، دەرکەوت ساختەیە. وێنەی فرۆشتنی ئافرەت وەك کەنیزەك لە بازاڕی ‹موسڵ›، دەرکەوت شیعەکانی لوبنانە. هاوسەرگیری بەکۆمەڵ، کە لە بنەڕەتدا ڕێوڕەسمی گواستنەوەی شەڕکەرێکیان بووە، بــەڵام ئەم هەڵبەستنانە هەمووی دەرخــەر و بەیارمەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێتن کە هەمیش هەواڵەکانی داعش، لەسەر هێڵی گەرمی دەنگوباسەکانی جیهانە!

دیارە ئەم ڕەخنانە لەبەر ئەوە نییە کە ‹داعــش› کاری دڕندانە ناکات. هەموو دەزانین لە تکریت (١٧٠٠) سەربازی خۆبەخشی بەکۆمەڵ کوشت! چی بە ئێزدی و منداڵ،

پیر و ئافرەت کـرد. جگە لـەوەی ‹داعـش› سڵ ناکاتەوە لە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڕاپـۆرت و هـەواڵ لە پێگەکانی خۆی و کەسانی تردا. ئامانجیش جگە لە ڕوخاندنی ورە و متمانەی بەرگرییە، ترساندن و تۆقاندنی هاووڵاتیانە. دواجار، دەرپەڕاندیانە لە جێگە وماڵیان، بەتایبەت کەمینەکان ‹ئێزدی› و ‹کریستیانەکان›. بێگومان سوودوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام باشترین هاوکار و ئامرازی داعشە. هاوکات شارەزایی دەردەخـات کە پاش ئەوەی پێگەکانیان دادەخرێ یان چاودێریدەکرێت، کەسانی تر دەکەنە ئامراز بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ.

**تەوەری دووەم:**

**داعش لە کۆنتێکستی ئیسلام خۆیدا**

لەم تـەوەرەدا جەخت لە دەلالەت و چییەتیی ‹داعش› لە کۆنتێکیستی ئیسلام و پەیوەندیی بە جیهانی موسوڵمانان و کێشەکانیەوە دەکەین، بۆیە دەبێت لە ڕووی تێورییەوە ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی توێژەران دەبێتەوە، باس بکرێت. پاشان، ئەو پرسیار و گومانانەی کە بە هۆی سەرهەڵدانی ‹داعش›ەوە ڕووی لە جیهانی موسوڵمانان و ڕای جیهانی دەکرێت، تاوتوێ بکرێتن.

**داعش وەك پرسیارێکی گوماناوی لە خودی ئیسلام**

سەرەتا دەمەوێت بڵێم ‹داعـش› کـردنـەوەی پرسیارە کڵۆمکراوەکانی سەدەکانی ڕابــردووە. ئەو سەدانەی کە ئەقڵ گەشەی دەکرد و زانایان و فەیلەسوفەکان و عارفەکان دەیانویست دەلاقەیەك لە جەستەیەکی سستی باوەڕدار و بیرە داخراوەکاندا بە ئاسۆی بیرکردنەوەدا بکەنەوە. هاوکات هەڵدانەوەی ئەو سندووقە (بۆکسە) ڕەشــەی مێژووەو بەرەڵاکردنەوەی ئەو هەژدیها تووڕە و تەوسن و پەنگواردوو و چاوسوورەیە، کە بۆ هەر کردەیەکی ڕەوایەتی و پاکانەی هەیە!

بـۆیـە دەکـرێـت بڵێین ‹داعــش› وەبـیـرهـێـنـەرەوەی ساتەوەختێکی هەستیار و بریندارکەری مێژووی باوەڕداربوونی ئێمەیە، کە چۆن هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەشکری باوەڕداران هاتۆتە ناوچەکە و بە ناو خاك و خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە. ئاخۆ ئەو ساتە تا چەندە بەری لێگیراوە، چەندبار

خوێن تکاوە، یا چەندە پێشوازیی لێکراوە؟ ئەمە جگە لەوەی ‹داعش› جارێکی تر دەرفەرتی بەخۆداچوونەوەی باوەڕی ئایینییە، کە دەبێت ئیتر ببێتە پرسێکی کەسی - زاتی. واتە چیدیکە باوەڕی ئایین نەکرێتە پرۆژەیەکی سەرتاپاگیری سیاسی و لە فۆرمی دەوڵەت و حکومەتدا پیادە بکرێت.

هاوکات دەبێت ئایین مایەی نەرمونیانی، ئاشتیدۆستی، مرۆڤخوازی، پێکەوەژیان و سەرباری جیاوازی باوەڕەکان، ڕێزلەیەکگرتن بێ، چونکە لە بەرچاوی خۆمان دەبینین کە قڕکردنی جیاوازیی باوەڕەکان جەنگی هەمیشەیی دەهێنێ. دواجار بە جۆرێکیش پاساوی لەناوبردنی ئایینی ئیسلام و پەسەندنەکردن لە خۆیدا هەڵدەگرێ. جگە لەوەی نیشانی دا مەترسیدارترین و گەورەترین نەیاری ئیسلام بێباوەڕ و نا ئیسلامییەکان نین، بەڵکو هەڵگران و نوێنەرانی ئیسلام خۆیانن. نوێنەرانێك کە لە نمایشکردن و بەرجەستەکردنی ئیسلامدا دەبنە نموونە و بەڵگەیەکی زیندوو و حاشاهەڵنەگر، کە تا چەندە ئایینەکە بە کەڵکی مرۆڤایەتی دێت و لەگەڵ سەردەمدا کۆك دەبێت.

ڕەنگە هەزاران ڕەخنە و کتێب و هەڵوێست لە بارتەقای ئەو کردەوانەی ‹داعش›دا نەبێ. لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ و خۆکردانە و بە زیندوویی ئاکامی ئیسلامێکی توندڕەو و شێلگیر کە بێ بەکارهێنانی ئەقڵ و بیر لە پەیڕەوکردنی ئاییندا چ کارەسات و نەهامەتیەك دەخوڵقێنێ! ڕاستە کە ‹داعش› پێکەاتەیەکی جیهانییە و تەنها بۆ کورد نییە، بەڵکو جۆرێك لە پان-ئیسلامیزمێکی نوێیە، واتە سنووری ڕەگەز و زمانی بڕیوە و هاوکات چەندین ڕەگەز و وڵاتی جیاوزی لەخۆ گرتووە.

بۆیە بەبێ تەوس جەنگی ‹داعش› دیپۆرتێکی (کۆچکردنێك) خۆبەخشانەی موسوڵمانە ڕادیکاڵەکانی جیهانە بە بەهانەی جیهادەوە لە نێو خاکی ئیسلامدا! ئەگەرچی هەڵایسانی ئەم شەڕە دەرفەتێکی گرنگی خڕکردنەوە و کۆکردنەوەی هەموو ‹جیهادیستەکانە› لە ناوچەکە و دواجـار لێدانیان، بەڵام شاراوەش نییە کە وڵاتە خۆرئاواییەکان لەم ڕێگەوە دەرگەی گەڕانەوەی جیهادیستەکان بۆ ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون بە یەکجارەکی دابخەن و ڕزگاریان بێ لێیان!

بـەڵام بە دیوێکی تـردا دەشـێ لە ناوچەکەدا ‹داعـش› دەستپێکی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەیەکی ڕیفۆرمخواز و ڕەهاکردنی پرسیار و بـەدواچـوون بێت لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی پێوەر و بەهاکانی ئیسلام خۆی، واتە ئەم دیاردەیە هۆکاری قەدەغەشکێنیی ئەو ڕێگر و سانسۆرانە بێ، کە جیهانی ئیسلامی پاش حەرامکردنی فەلسەفە و داخستنی دەرگەی ئیجتهاد، کەوتە تاریکستانی نالێبوردەیی و داخرانی ئەقڵی و بیرکردنەوەوە.

ئیدی دیمەنی شـاڵاوە خێرا و یەك بـەدوای یەکەکانی ‹داعش› لە ماوەی مانگێك کەمتردا چەندە تۆقێنەر و خوێناویی و تیژڕەویش بێ، ئەوەندەش بەهێزکردنی گیانی گومان و لەقبوونی باوەڕ بە بنەما و ڕێساکانی ئیسلامە لە خۆیدا. چالاکی و گوتارەکانی ئەو هێزە دۆگمایە، نەك هەر لە هەوڵی گێڕانەوەی ‹خەلافەی پیرۆز و ڕەسەن› و بوژانەوەی ئیسلامێکی بێگەرد و بێخەوش دایە، بەڵکو بە هەمان گوڕوتینیش بەهێزکردنی پرسیارێکی خەفە و شاراوەی ناخی باوەڕدارانی کوردستانە، چونکە بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا ئەو باوەڕدارە خەفەکراوە

بە ئاشکرا پرسیار دەکات: ئەمەیە دەوڵەتی ئیسلامی؟ چۆن بە ئاسانی بە ناوی ئایینێکەوە ئەو هەموو قەسابخانەیە دەکرێت، ئەگەر لەسەر هەق بێ یا نەبێ؟ ئایا ئەمەیە پەیامی ئیسلامی ڕاستینە و سەرخستنی ویستی خودا؟ ئێستا کێ بە تەواوەتی لە ئیسلام تێگەیشتووە و کێش لایداوە؟

ئاخر، ئێمەی کورد کە سەدان ساڵە باوەڕمان بەم ئایینەیە، موسوڵمانی تەواوین یا گومڕا و سەرلێشێواوین؟ دەنا بۆ خوێن و خاکمان حەڵاڵە؟ ئایا؛ ئەم هێزە کە تەنها بە ناوی ئیسلام و بنەماکانیەوە دەدوێ، دواجار ئەحکامەکانی ئیسلام بەپێی دەقی ئایەت و فەرموودەکان بۆ مەبەستی خۆی بەکار دەهێنێ، هەڵقوڵاوی ئایینەکەیە یا دروستکراوە؟

لێرەوە، دەوڵەتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی فەرمانی خوا ملپەڕاندنی نەك هەر کەسێکە کە ئیسلامیش نییە، بەڵکو ئەوانەشی شایەتمانیان بە خـودا و پێغەمبەر و قورئان و بنەماکانیشی هێناوە، لە بـەردەم شمشێری تاقیکردنەوەی بــاوەڕدا خوێنیان حەڵاڵە. ئەگەرچی ‹داعــش› خۆی وەك هێزێکی باوەڕداری سەرسەخت و ‹دەستەی ڕزگارکەری› ئیسلام دەناسێنی، لە هەڵبژاردنی دروشم، جلوبەرگ، ستایلی وتار و دەرکردنی بڕیاری شەرعیدا ناوازەیی و تایبەتمەندییەکی هەیە، بەڵام بە سەرنجدانی مێژووی ئیسلام، دیاردەیەکی شاز و ڕیزپەڕ نییە لە خۆیدا، بۆیە هەر بەو هێزە بەربەری و توندوتیژەی نابینم، کە تەنها لە وێرانکردن و دەستبەسەراگرتن و کوشتن و بەکەنیزەکردن و تاڵانیدا دەخولێتەوە، بەڵکو بەو ئەزموونە تاقینەکراوە و زیندووەی دەبینم، کە ڕاستەوخۆ مێژووی هەزار ساڵەی باوەڕداری کورد، بۆ یەکەم جار و سەرلەنوێ تاقیدەکاتەوە.

ئیدی ‹داعش› ئەو ساتەوەختە مێژووییەیە، کە هەڵگێڕەوە و دروستکەری چەندان پرسیاری گوماناوی و ئەقڵانییە دەرهەق بە ئیسلامی ڕاستینە و گومان لەسەر ئەوەی ئاخۆ کێ باوەڕداری تەواوە و کێ لە ئیسلام تێگەیشتووە؟ هاوکات خەسڵەتی کۆمەڵگە/ دەوڵەتی ئیسلامی کامەیە، پرسیارگەلێك کە پێشتر خەفە و ناڕەوا بوو، لەبەر ئەوە ‹داعش› کردنەوەی دەروازەی پرسیارە لە چییەتی ئیسلام و بنەما و تێگەیشتنی دروست. ترس و دوودڵی لێی، هۆکاری شکاندنی سانسۆری خۆیی باوەرداران بوو کە پرسیار بکەن. ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێ ئەگەر بڵێین یەکەم جارە لە مێژوودا گەرماوگەرم پرسیار لەسەر خودی ئیسلام و بنەماکانی بوروژێنرێ. بە ئاشکرا خەڵکی قسەیان لێبکات و نیگەران و دوودڵییەکانی خۆی نەشارێتەوە.

ئاخر کێ بوێریی پرسیارکردنی هەبوو، تا بزانێ ئاخۆ ئیسلام توندوتیژی، سەربڕین، کچبردن و تاڵانی و کۆیلایەتی بە ڕەوا دەبینێ؟ کۆمەڵگەی باوەڕداری کوردستان ئەگەر توندوتیژ و لە ڕێورەسمەکانی ئیسلامدا پەڕگیریش نەبووبێ، کۆمەڵگەیەکی داخراو و لەسەر چییەتیی باوەڕ و ڕۆڵی ئایین لە ژیانیدا بێدەنگ بووە. هەمیشە باوەڕی ئایینی، بێدەنگییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەری لە کپکردنی دەرگای پرسیاری ئەقڵانی و گومانی شیاو لە خودی باوەڕەکەیدا هەبووە، چونکە بە درێژایی مێژووی ئیسلام کورد وەرگر و پابەند بووە، نەك پرسیارکەر. ئیدی هەژموونی باوەڕی ئایین هەمیشە وەك چۆن ئامراز و کوتەکی دەسەڵاتی سوڵتان و هێزی دەوڵەتان بووە، بە هۆیەوە تەواو ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە. ئاوەهاش ئایینەکە ئامرازی سانسۆری کولتوری و زانستیی لە ناو خودی ئایینەکەشدا دروست کردووە!

بۆیە ئەم ساتە تەواو لە شاڵاوەکانی ئەنفال و سووتاندنی گوند و مزگەوت بە قورئانەکانیەوە جیاوازە، چونکە ئەو دەمە خەڵکی هانای دەبـرد بۆ خوا کە چۆن ئەم ستەمە قبوڵ دەکات. لێرەوە، ئەم ساتە بەهێزکردنی ئەو هەستەی نادیارەی ‹منی کوردی موسوڵمان›ە، کە هێشتا لە نێو جیهانی ئیسلامیدا وەك هاوشان و باوەڕدارێکی ڕاست و دروست هەژمار نەکراوە. ئەو دووڕیانەیە کە خواستی گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لەگەڵ پێوەر و بەها ئیسلامییە گشتییەکاندا یەك ناگرنەوە، بۆیە هێرش و هەڕەشەکانی ‹داعش› ئەگەرچی مۆرکێکی پان-ئیسلامی- واتە گەردوونی و فرەنەتەوەیی هەڵگرتووە، بەڵام لە ئێستادا وەك پرۆژەیەك تەواو پێچەوانەی خواست و مافەکانی گەلێکی وەك کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان. ئەو دووڕیانە کە کورد خۆی لە هەنگاوی گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیدا دەبینێتەوە، بەڵام ‹داعش› بەرنامەڕێژیی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی پوخت دەکات، بەپێی تیۆرێکی مەزن و بەڵێنێکی خودایی!

هاوکات، قووتبوونەوەی گوتارێکی تری ئایینییە، کە پێی وایە بەرگری لە خاك و نیشتمان و ئابڕوو ئەرکێکی ئایینییە و بەخشینی گیان شەهادەتە و پاداشتەکەی بەهەشتە. لێرەوە، بەریەککەوتنی ئەم دوو گوتارە، گوتاری پان-ئیسلامی و کوردستانیبوون لە واقیعێکی داگیرکراودا. دواجار لەرزینی باوەڕێکی چەسپاو و چەقیوە کە هەژانێکی لە ڕۆحی باوەڕدار و زانیارییەکانی سەبارەت بە ئیسلامێکی ڕاستودروست، ئاوەژوو کردەوە. لێرەوە، ‹داعش› ئەو هێزە سەرتاپاگیر و قەبەیەیە، کە جارێکی تر باوەڕ و بنەماکانی ئیسلام دەخاتەوە ژێر پرسیاری

ڕەخنەیی و گومانی ئەقڵانیەوە. ئەو هێزە نامێژووییە، کە دەیەوێ بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئایینێکی پوخت و بێگەرد ڕەوتی مێژووی ناوچەکە و سەرلەبەری دید و باوەڕی خەڵك هەڵبوەشێنێتەوە. میکانیزمی ئەو بۆ دروستکردنەوە بریتییە لە فەوزا و ڕووخاندنی ڕێکخراو و سیستماتیك. بۆ هەموو ڕێکخستنەوەیەك، دەبێت هەڵوەشانەوە و شیتاڵکردنەوەی جەستەیەك هەبێ.

بۆیە هەژموونی ‹داعش› تەنها لە باوەڕە توندوتیژەکەیدا نییە، بەڵکو لە خولقاندنی گومان و ئەو گریمانانەدایە، کە لە ناخی هەر باوەڕدار و کەسانێکی ئاییندارەوە توێژاڵی گرتووە. بە دەربڕینێکی تر، پرسیاری شیانی بنەما و پەیامەکانی ئیسلام و ڕۆڵی موسوڵمانانیشی لە شارستانیەت و ئاشتی جیهانیدا کردە مشتومڕێك، کە لە نێوان وەرگرتن و ڕەتدانەوەدا بێ. بۆیە وەك هێزێکی توندڕەو نەك هەر توانیی نەشتەرگەری لە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکەدا بکات، بەڵکو وەك پرۆژەیەکی زەبردار لە هەوڵی نەشتەرگەریی سەرتاسەری بڕوای ئایینیشدایە، چونکە پەلامار و پێشڕەوییەکانی نەك هەر جیهادێکە لە دژی کوفر و موشریك و بێباوەڕان، بەڵکو جەنگێکی خێرا و بەردەوامیشە لە دژی هەر تەوژم و لێکدانەوەیەکی ئیسلامی نەریتی و مەزهەبی کە بە لادەر، بتپەرستێکی شاراوە، دووڕوویەکی-موونافق- و ڕافزی هەژمار دەکات.

بەڵێ، ‹داعش› ماکینەیەکی زەبەلاحی حەرامکردنی هەموو شتێکە لە هەموو کەس، هاوکات حەڵاڵکردنی هەموو شتێکە لە خۆی. ئامادەکردن و گۆشکردنی موجاهیدێ بۆ خۆتەقاندنەوە هەر ئامادەکردن نییە بۆ مـردن، بەڵکو بەڕێکردنە بەرەو

بەهەشت و گەیشتن بە خۆشییەکانیشی! هاوکات بەخشینی ئەوپەڕی خۆشی و چێژە بە موجاهیدە شەڕکەرەکانی لە دواساتەکانی ژیانیاندا! چونکە مرۆڤێکە گیانی دەبەخشێ، تا لە ژیاندایە، لە سەروو هەموو کەسێکەوە. دەتوانێ هەموو شتێك بکات، ئافرەتی بۆ بەێنرێ، خۆراك و خواردنەوە و هەرچییەك دڵی بیخوازێ، ڕەوایە بۆی! چونکە پەیمانی باڵای لەگەڵ خوای خۆی بەستووە. مایەی سەرسووڕمان نییە، کە ئەو هێشتا موجاهیدەکانی کە لە نێو دنیادان، مامەڵەی شەهیدێکی پاك و بێگوناهیان لەگەڵدا دەکات. بۆیە دەتوانن هەر شتێك بکەن، کە پێیان خۆشە!

کەواتە بە هەڵەدا چووین ئەگەر پێمان وابێ ‹داعش› تەنها ماکینەیەکی جەنگ و تیکشکاندنەو بەبێ سەر و ستراتیجیەت و تاکتیکە، یان لەبەرئەوەی گوتارێکی دیاریکراو و ڕوخسارێکی تایبەت و مەترسیداری هەیە، ئیتر هێزێکی بێئاراستەی کۆنەپارێزی هـەزار ساڵ لەمەوبەرە. نەخێر، هێزگەلێکە کە بەپێی پلانێکی پیشووتر بەرەکانی شەڕ هەڵدەبژێرێ. زیرەکانە بیر لە بژارە سەخت و خاڵە لاوازەکانی نەیارەکانی دەکاتەوە. ئەگەرچی خاوەنی دواکەوتووترین بیرکردنەوەن، بەڵام بە نوێترین ئامێر و کەرەسەی سەردەمی جێگەی خۆیان خۆش دەکەن! ئەوەش پاش پەلاماراکانی بۆ سەر ‹مەخمور› و ‹جەلەولا› و بە درێژایی هەزار کیلۆمەتر سنوور لەگەڵ کوردستاندا، توانای مانۆڕو تاکتیکی جەنگی لەناکاوی هەیە. ئیدی ڕاستە، هێزێکی دواکەوتووە لە ڕووی ئایدیۆلۆجیا و بیرکردنەوەی ئاینییەوە، بەڵام لە شێوازی

جەنگاندا تەکنەلۆجیای نویٚ بۆ مەبەستەکانی بەکاردەهێنێت.

ئیدی ‹داعش› هەڵگێڕانەوەی ئەو ساتەوەختە مێژووییەیە، کە چۆن ئیسلامە هاتۆتە کوردستان و هاوکات بیرهێنانەوەی چۆنیەتی موسوڵمانبوونی کورد و داگیرکردنی کوردستانە. هەڵبەت چەندە ئەو هێزە ترسێنەرو تۆقێنەرە، ئەوەندەش دوودڵـی و گومانسەپێنە. جگە لـەوەی سەرهەڵدانەوەی چەندین باسوخواسە، کە سانسۆرێکی خۆیی لەسەر باوەڕداران دروست کردبوو. بۆیە ئێستا بە خێرایی و ناچارەکی دەبێتتەوە بە بابەتی ڕۆژ و بیرکردنەوە و بەدواچوونی زانستی و ڕای گشتی.

### ئایا داعش ئیسلامی ڕاستینەیە؟

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دەرهــەق بە سەرهەڵدان و کارابوونی داعش چەندین پرسیاری گوماناوی هاتنە ئاراوە. ئەگەرچی بەشێکیان لە فۆرمی پرسیاردا بوون، بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمی خەیاڵدان و وەهمی ئامادەکراو بــوون. یەکێك لەو پرسیارانە کێ لە پشت دروستبوونی ‹داعـش›ەوەیـە. پرسیارەکەی تر ئاخۆ داعش ئیسلامی ڕاستینەیە، دیارە ئەمە نەك هەر پرسیارێکە کە وەڵامدانەوەی لە داوەریکردنەوە نزیکە، بەڵکو دەربڕینێکی سادە و تەنها بۆ ئەو لایەنە گرنگە، کە خۆی بە ئیسلام دەزانێت و لافی ڕەوایەتی لێدەدات. لێرەوە پرسیارەکە دەکرێت بکرێت بەو ئیشکالیەتە تیۆرییەی دەرهەق بە چۆنیەتیی ڕاڤە و خوێندنەوەی دەقی پیرۆز هەیە. لەم سۆنگەوە، هەوڵدەدەین ئەم ئیشکالیەتە لە فەلسەفەدا بخوێنینەوە.

## تێگەیشتنێکی فەلسەفیی ئیشکالیەتی دەق / واقیع

لەگەڵ شەڕوشۆڕ و پێکدادانەکانی ‹سوریا› و پێشڕەوییەکانی ‹داعش›، کە هێزێکی تەمەن (٣) ساڵانەیە، ڕۆژانە پرسیار لە ناوەند و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مزگەوتەکاندا سەبارەت بە چییەتی، ئیسلامەتی و ڕەگوڕیشەی لۆجیستکی و مێژوویی ئەم هێزە دەکرێت. ئەمەش سەیر نییە، چونکە ‹داعش› بە تەنها هێرشێکی سەربازیی بەرەیەك شەڕ نییە، بەڵکو فشارێکە بۆ سەر ڕەوتی ئیسلامی ڕێکخراو بە حزبەکانەوە و چ بزافی تەسەوف و چ سەلەفییەکانیشی بردە ژێر پرسیارەوە. تەنانەت، لای سەرجەم مامۆستایانی ئایینیش خۆی وەك بابەتێکی عەقایدی-شەرعی سەپاند. بە جۆرێکیش گڕی پێکدانان و یەکترتاوانبارکردنی لە نێوان ئیسلامی سەلەفی و ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی سۆفیدا هەڵگیرساند. ئەوەش لە سۆنگەی باوەڕێکەوە کە ‹داعش› کوڕی ڕەسەنی سەلەفی-وەهابیە، بەتایبەت پرسی تەقاندنەوەی گڵکۆی شێخان و پێخەمبەران، شکاندنی پەیکەر، بەردانەوەی ڕیش و پابەندبوون بە دەقەکانەوە، بەڵام بە دیوەکەی تریشدا، لەسەر ئیسلامی سیاسی ڕێکخراو هەژمار دەکرێتن، لەبەرئەوەی باوەڕیان بە دەوڵەتی ئایینی هەیە.

دیارە ‹داعـش› بە دوو دیودا لەسەر ئیسلامی ڕێکخراو و سیاسی مەترسییە: لە لایەك، ئەو فۆرمە ئیسلامەی حزبەکانی کوردستان لای داعش بە لادان، کوفری شاراوە هەژمار دەکرێت، چونکە پشتیان بە گەمەی سیاسی و دیموکراسی و چەك هەڵنەگرتن بەستووە. بەپێی گوتاری جیهادییان، سەرکوتکردنی موسوڵمانێکی لادەر لە پێش کافرێکەوەیە! لە لاکەی ترەوە دەبێت ‹ئیسلامییەکان› بۆ ئەندام و ڕای گشتی، هەڵوێستی

نیشتمانی و هەم دیدگەی ئایینیان ئاشکرا بکەن. دەبێت قسە لەو هێزە نوێیە کە هەم ئایینییە و هەم چەکداری- سیاسییە، بکەن. دەبێت ساخی بکەنەوە: کام ئیسلام و چۆن جیاوازن؟

ئەگەر ئیسلامین، دەبێت وەك داعش بن، یا بە خەوارج هەژمار بکرێتن! دیارە زۆرێك لە ئیسلامییەکان، بۆ خۆدوورخستنەوە لە ڕەفتارە کۆمەڵکوژییەکانی داعش، یەکسەر هەوڵی لە ئیسلام دەرکردنیاندا، بەڵام ئەمە، نیوەی ڕاستییەکەیە، چونکە هەر بەوە نابێت کە لایەنێك فەرامۆش بکرێت، بێ ئەوەی گۆڕانکاری لە بیروبۆچوون و دیدگەی سیاسی و ئایینی خۆیاندا ڕووی دابێ. ناکرێت تەنها کورد گوتەنی ‹دەستەچەورەکە بە داعشدا بسڕدرێ›.

## تەکفیرکردنی دوولایەنە

ئـەوەی تا ئێستا دەبینرێ، کە جەنگی ‹داعـش› لەگەڵ هاوموسوڵمانەکان و لەناو خاکی ئیسلامیدایە، نەك بێباوەڕەکانی جیهان. بۆیە بۆ ئەوەی لە بەرەی ئایدیۆلۆجی/ سیاسی خۆی نییە، توندتر و مەترسیدارترە. لە زۆربەی هەڵوێستە ئاشکرا و پەنهانەکاندا، وەك چۆن ‹داعش› هەموو جۆرە ئیسلامێکی جیاواز لە خۆی نەك هەر پێ قبوڵ نییە، بەڵکو کافراندویەتی. لە هەمان کاتدا زۆربەی ئیسلامی و مامۆستاکانی مزگەوت، کەسایەتییە ناسراوەکان، داعشیان لە ئیسلامی ڕاست بێبەری کرد، ئیتر تەکفیرکردن بووە سیمایەکی گشتی ئیسلامی ئەمڕۆ! ئەگەرچی مشتومڕەکان لەسەر چییەتی ئەو هێزە لە نێوان ملکەچی و ڕەتکردنەوەدایە، دەرخەری ئیشکالیەتێکی دێرینیشە: ڕیفۆرمی بیری ئایینی، ئازادی و فرەیی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن، بنەمای یەکترقبوڵنەکردنە.

شاراوە نییە کە لە مێژووی کریتسیانی ئەوروپادا هەمیشە کڵێسەی خۆرئاوا و خۆرهەڵات، پرۆتستانت و کاتۆلیك لەپێناو قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینیدا شەڕی خوێناوییان کرد. جەنگی نوێنەرایەتی هەقیقەت و خودا، جەنگی ئەوەی کێ مافی بە ناوی دەقی پیرۆز ئاخاوتنی هەیە و کێ تەنها مافی لێکدانەوە و دەسەڵاتی ڕاڤەکردنی هەیە. پێدەچێ هەمان شت لە جیهانی ئیسلامیدا دووبارە ببێتەوە. دیـارە ئەم جەنگە لەسەر ئاستی تێوری چاوەڕوانکراوە، بەتایبەت کە جیاوازی و فرەیی لێکدانەوەکان ڕەت کرایەوە. دەرگای ئیجتهاد و پێگەی ئەقڵ پاش ڕێنیسانێکی هۆشیاری لە دنیای ئیسلامدا پەراوێز خرا. ئیتر پرۆژەی توندڕەویی دەقگەرا بەسەر ئەسپی دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرەو ئەمڕۆ کەوتە ڕێ.

ئیسلامییەکان (بە ڕێکخراو و ناڕێکخراوەوە)، بە ناچاری یا پەلەکردن لەباتی تێپەڕاندنی ئەقڵیەتی تەکفیر و یەکترسڕینەوە، هەمان سیناریۆی ‹داعش›یان بە جۆری تر دووبارە کردەوە، بۆیە ئەم جۆرە گوتار و ڕەفتارانە خەڵکی ئایین و کولتوورەکانی تریشی خستە بـەردەم گومان لە چییەتی ئیسلام. واتە مادام ئایینێکی یەکتاپەرست، یەکانەییە، قبوڵی جیاوازی و فرەییش لە خۆیدا چ جای لە دەرەوەدا ناکات. ئەگەر، هەر کەسێك هەمان باوەڕو قنیاتی نەبێ، ملی پەڕێنراوە. هەر یەکێکیش لە ناوەوە بەیعەتی نەدابێ، سەری لە لاشەی جیا دەکرێتەوە!

بۆیە پرسیارە هەستیارەکە مایەوە: ئیسلام ئەوانەن کە خۆیان بە میانڕەو دەزانن، ئەوانی تریشیان پێ ئیسلام نییە؟ ئەگەرچی دەق بە حەرفی جیبەجێ دەکرێت، بەڵام لای

ئیسلامییەکان بە هەرسێ ڕەوتی حزبی، سەلەفی و سۆفییەوە، ‹داعش› لەگەڵ مەبەستە بنەڕەتییەکاندا نایەتەوە. لە ڕاستیدا گوتاری ئیسلامگەریی داعش کە هەموو یەکێك جگە لە خۆی بە ناموسوڵمان دەزانێ، وای کرد بەگشتی ئیسلامییەکانی کوردستانیش داعش بەدوور لە پەیامی ئیسلام و بنەماکانی پێناسە بکەن. بۆیە هەردوولا تا ڕادەی یەکتری کردنەدەر لە بازنەی ئیسلام ڕۆیشتن!

دەکرێت بپرسین: کامیان ئیسلامی ڕاست و دروستن؟ ئایا لە بنەڕەتدا ئیسلامێکی ڕاست و دروست بوونی هەیە؟ یان ئەوە بیرۆکەیەکی خەیاڵییە و بەرهەمی شکستی زانستی و ئەقڵانییە؟ ئایا ئیسلام شتێکە کە لە هەموو سات و کۆمەڵگەیەکدا بە نموونەیی هەبێ؟ دیارە وەك دەردەکەوێ، یەك ‹ئیسلام› نییە. بە دەربڕینێکی تر، ڕاستە یەك دەق هەیە، بەڵام یەك ئیسلام وەك مێژوو، کولتوور، کۆمەڵگە، ڕووداو بەسەرهات نییە. لەبەر ئەوە، یەك لێکدانەوەی تەواو و بێخەوش هەر لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئێستا ئەگەر ئەستەم نەبووبێ، ئەوا نەبووە، بۆیە دەکرێت بڵێین تێگەیشتن لە ڕەفتارەکانی داعش دەگەڕێتەوە بۆ ئیشکالیەتی تێگەیشتن لە دەق و واقیع. بۆ ئەم مەبەستە، دەکرێت سوود لە فەلسەفە وەربگرین لە چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەو ئیشکالیەتەی نێوان واقیع و دەق.

### میتۆدی هاوسەنگکردنی هەڵسەنگێنەرانە

میتۆدی هاوسەنگکردنەوەی هەڵسەنگێنەران (ڕامانانە) یەکێك لەو میتۆدە فەلسەفییانەیە، کە باس لە ئیشکالیەتی بڕیار و بەرژەوەندییە جیاکانی واقیع دەکات. ئەگەرچی ئەم

میتۆدە، یەکەم جار لە لایەن فەیلەسوفی ئەمریکی ‹جۆن ڕۆڵس› لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ‹تیۆری دادوەری›دا بەکار هێنرا، بەڵام پێشتریش ‹نیلسۆن گودمان›ی فەیلەسوف لە بواری ژیربێژی (لۆجیك)دا کاری پێکردووە. هەڵبەت ئێرە شوێنی ڕوونکردنەوەی تەواوی تێزەکەی ‹ڕۆڵس› نییە. بەڵام بە ڕێگوزەرێکی زانیاریبەخش باسەکە واڵاتر دەکەین.

بەگشتی، ‹ڕۆڵس› پێیوایە هەموو کەسێك تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی بۆ دادوەری هەیە، کە دواجار دەبێتتە سەرچاوەی هەموو بڕیار و پاڵنەرە ڕەوشتییەکانی، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کاتێك بڕیارەکان کە لە سۆنگەی دادوەرییشەوە دەدرێن، دژبەیەك دەبنەوە، چونکە هەموو لایەك لێکدانەوەی خۆی بۆ بنەماکانی دادوەری بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەیە. بۆیە دواجار بڕیارێکی کۆدەنگی و دادوەرانە نایەتە دی. دەبێت لەم کاتەدا چی بکرێت؟

ئەو پێی وایە دەبێت: باوەڕ و تێگەیشتن و بڕیارەکانمان هەنگاو بە هەنگاو تا ئەو دەمەی دەگەینە دۆخێکی یەکسان و هاوتا، بگۆڕین، واتە ئەو دۆخەی کە پێکدادان و دژبەریی تێدا نەمێنێ و لێکنزیکبوونەوە دێتە دی. ئەمەش لە ئەنجامی کۆدەنگی، پێکسازانێك کە نەك تەنها لەگەڵ باوەڕ و بڕیارەکانماندا بگونجێ، بەڵکو دەشێك هەندێ لە باوەڕ و بڕیارەکانیش پشتگیری و پاساودانی ئەوانی تر بکاتەوە. جگە لەوە، لە پرۆسەی هاوسەنگکردنی هەڵسەنگێنەرانەدا، نەك هەر پێویستە بڕیار و باوەڕە پێشوەختەکانمان بگۆڕێن، بەڵکو دەبێت لە جێیاندا بڕیاری تازەش قبوڵبکەین.

ئیشکالیەتەکە لـەوەدایـە چـۆن دەقێکی ئیسلامی لە لایەن هێزەکەوە بەکار دەهێنرێ بۆ ڕەوایەتیدان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان، بۆ نموونە ئیشکالیەتی دەق لەوێدایە کە سەربڕین، ملپەڕاندن و جەنگ بە ئایەت و حەدیس هەیە. گرفتەکەش ئەوەیە ناتوانرێ بە داعش بڵێت: بەڵگەی سەلمێنەر و دەقت نییە، هاوکات بە کردەوەکەشی ڕازی نیت! ئاشکرایە، موسوڵمان، ئیسلامییەکان ناتوانن ئینکاریی دەقەکان بکەن، ئەگەر بشڵێن مەنسوخن، چونکە بەشێکی دانەبڕاون لە کۆدەق. واتە ئەگەرچی بە جیبەجێکردنیان ڕازی نەبن و بە نامرۆڤانەشی بزانن. کەواتە بەیەکدادانی دەق و واقیع، باوەڕ و گۆڕاوەکانی ڕۆژگار، گرفتێکە خوێندنەوەی زانستیی دەوێ. گرفتەکە لە گۆڕاویی واقیع و نەگۆڕی بڕیارە پشتبەستووەکان بە دەقەوە دێت.

بێگومان، دەق نەگۆڕە لە ڕوخسار و دەربڕیندا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن دەق لەگەڵ واقیعدا یەکدێتەوە؟ یەکەم، یان دەبێتت بە موو لێی لانەدەین، وەك خۆی بە ڕواڵەت وەری بگرین و ‹ڕۆبۆتئاسا› جێبەجێی بکەین. دووەم، یان دەبێت ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ بکەین. سێهەم، یان دەکرێت بخرێتە لاوە و کاری پێنەکرێ. دیارە بژارەی سێهەم لاوازە، بۆیە ململانێ سەختەکە لە نێوان بەرەی یەکەم و دووەمدایە. شاراوە نییە کە ‹داعش› بۆ هەر کردەوەیەکی، چەندە پێمان توندوتیژ و نامرۆڤانەشبێ، پاساوێکی شەرعیی دەقدار بەئایەت و فەرموودەکانی هەیە. بۆ پرسی جەنگ ئایەتی (٣٩) ‹ئەنفال›، ملپەڕاندن (الآنفال ١٢، محمد ٤، قتال ٥٧/٨). هەروەها هەمان شت لە (حەدیس) و گێڕانەوەکاندا ڕاستە .

تەنانەت، ئـەوەی بـاس دەکـرێـت لـەبـارەی پەڕاندنی کەللەسەری شاعیرێکی وەك (کعب بن الأشرف)، نامەکەی پێغەمبەر بۆ جووەکانی مەدینە کە دەبێت لەماوەی (١٠) ڕۆژدا بڕۆنە دەر، ئەگینا ملیان دەپەڕێندرێ. بڕیارەکەی ‹سەعدی کوڕی مەعاج› کە سەربڕینی نزیکەی (٦٠٠) کەس لەوانەی موویان لێهاتووە لە بنەماڵەی ‹قورەیزە›ی مەدینە و بردنی ماڵ و ژن و منداڵەکانیان. ملپەڕاندنی ئەبوجەهل، ئەسوەدی عەنەسی، خالید کـوڕی سوفیان و هتد... کە هەموویان بە نووسراو هەن و دەیەها نموونەی تریش.

هەڵبەت ئەوەی کراوە، تەنها دژ بە بێباوەڕەکان نەکراوە، بەڵکو دوای پێغەمبەریش دەبێتە نەریتێك، کە هاوەڵانی (سەحابە) و شوێنکەوتووانی دەکەونە جەنگی خوێناییەوە. لێرەوە، ناکرێت بڵێین دەق بۆ پاڵپشتیکردنی کارەکانی داعش و گروپە توندڕەوەکان نییە. بەڵام ئاشکرایە، هەر لەبەر ئەوە لە دەق و سوننەدا شتی وا هاتووە، مانای ئـەوەش نییە قەسابخانە بۆ خەڵکی ساز بکرێت، بۆیە دەرچەی دەربازبوون لەو مێژوو و دەقانە، دەمانخاتە بەر چەند بژارەیەك:

- دەستهەڵگرتن لەو دەقانە و گەڕان بە دوای هی تردا.
- یان گۆڕینی بنەما و پرەنسیپە گشتییەکان.
- یان لێکدانەوەی جیاواز و سەردەمییانەی دەقەکان.
- یا گۆڕینی بیروباوەڕ کە ملپەڕاندن ناشیاوە و لەگەڵ ڕۆحی دەقەکاندا نایەتەوە.

کەواتە لە هەموو بار و بڕیارێکدا پێویستە میتۆدی هاوتاکردنی هەڵسەنگێنەر بەکار بەێنرێ کە چۆن نابێتت بـڕیـاردان لە بارودۆخێك پشتبەستوو بێت بە بڕیاری

پێشووتر و نەگۆڕ، بەڵکو بەپێی بارودۆخەکە گۆڕانکاری لە بڕیارەکەدا بکرێت لەپێناو دۆخێکی شیاودا. هەڵبەت خودی میتۆدەکە نەگۆڕ و چەسپاو نییە، بەڵکو گۆڕاوێکە تا ڕاڤەکار و زاناکان بتوانن لەبارەی پرسێکی تایبەتەوە، بە بیروباوەڕ و بڕیارەکانیاندا بچنەوە، پێشبینیی جێبەجێکردنی بنەماکانی دەق بە شێوەیەکی ئەقڵانییانە بکەن، بەڵام لەم سۆنگەوە دواجار پرسیاری ئایا ‹داعش› موسوڵمان و ئیسلامی ڕاستە، لە خەمێکی زانستیەوە نییە، بەڵکو لە ترسێکەوەیە کە ناوبانگ و پێگەی ئیسلامییەکانی کوردستانی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە بەرامبەر ڕای گشتیدا خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

### داعش دەرکەوتێکی پارادۆکساڵی ئیسلامی سەردەم

داعش وەك چۆن خۆی چیرۆك و داستانێکی ناسراوی ئەمڕۆی جیهان و میدیاکان و کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکانە، ئاوەهاش دەیەها چیرۆك و سیناریۆی لەبارەوە هۆنراوەتەوە. زۆرێك لەو سیناریۆیانە، وەك وتران، جگە لە بیردۆزەی ئامادەکراو هیچ شرۆڤە و لێکدانەوەی ئێستایی پێوە دیار نییە، لەبەرئەوەی دیاردە و دەرکەوت سەرلەبەری لە پارادۆکسایە. چەند خەسڵەتێکی ئەو پارادۆکسانە لەوەدایە داعش ناسراوە و نەناسراوە. ناسراوە وەك ناو پڕوپاگەندە و چالاکی و ڕەفتارە توندوتیژەکانی، بەڵام خود و پێکهاتە و سەرچاوە و چییەتیی ئەو پێکهاتەیە بە تەواوەتی نادیارە. ئەوەی دەبنێرێ و دەبیسترێ، زۆرتر زانیارین کە خۆیان لە ڕیگەی تۆڕ و پڕوپاگەندەکانیانەوە بڵاوی دەکەنەوە.

یەکێکی تر لەو پارادۆکسانە ئەوەیە داعش بە دیوێکدا

ئیسلامێکی نەریتییە، چونکە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ئیسلامی ڕەسەن و دێرین دەکات و هەموو فۆرمێکی ئیسلامی فەرمی و باو ڕەت دەکاتەوە. ئەمەش لە سیمای ڕیش و پەچە و شێوازی کوشتن و لێدانی سکەی پارە و گۆڕینی ناوی وەزارەت بە ‹دیوان› و نامە ‹فەرمییەکانی› دایە، کە بۆنی هەزار ساڵی لێدێ، بەڵام بە دیوەکەی تردا، تێپەڕاندنی ئەو ئیسلامە نەریتە کە دەیناسین و پێی ئاشناین لە مزگەوت و بۆنەو ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تازەترین ئامێری دیجیتاڵ لە پڕوپاگەندە تا بەکارهێنانیان بۆ تەقینەوە و خۆتەقاندنەوە تا ‹راپی ئیسلامی› و ئۆتۆمبێل و زۆر ئامرازی تازە و پێشکەتوو!

### داعش دەرکەوتە نەك خودی نەخۆشییەکە

بەبێ زێـدەڕەوی، من پێم وایە داعش دواهەمین نوزەی جیهانەی ئیسلامییە لە هەمبەر شکست و داهێزران و داتەپین و هەژاریی شارستانی و کولتوری لە بەرامبەر باڵادەستیی شارستانیەتەکانی تر، بەتایبەت خۆرئاوا. بۆیە دەشێ بڵێین داعـش ئەگەرچی سـەرەدوایـکـی گرنگ و جومگەیەکی مەترسیدارە لە مێژووی جیهان و ئایینی ئیسلامدا، هاوکات دەلالەتێکی ڕاشکاوانە و دروستی نەخۆشییەکی سەختی جەستەی ئیسلام و جیهانە پەرشوبڵاوەکەیەتی. بە دەربڕینێکی تـر، داعـش نەخۆشی و سـەرچـاوەی پەتاکە نییە، بەڵکو دەرکەوت و دەرهاویشتەی نەخۆشییە درێژخایەن و برینە سارێژنەکراوەکانی ئەو جیهانە پڕکێشەیەیە هەر لە پاشکەوتنی زانستی هەتا تەنکیی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەقڵانی و مەعریفی.

جیهانی ئیسلام بەگشتی لە مرۆڤێك توورە و ڕاپەڕیو و پەرچەکردار دەچێ، کە هەموو ئێش و ئازارەکانی دەخاتە ئەستۆی ئەویتر، هاواری چارەسەر دەکات، بەڵام بە گوتاری نادروست وەڵامی دەداتەوە. خوازیاری گۆڕانکاری و دەریچەی ڕزگارییە، بەڵام بە ئامرازی نەشیاو و نەگونجاو! ئیدی یەکێك لەو هەڵە میتۆدی و نازانستییانەی کە لەبارەی داعشەوە دەکرێت، گرتنەبەری میکانیزمی بەرگری و پاساوسازییە بۆ شکست و خودی گرفتەکان. ئەقڵیەتی بەرگریخوازانە لە ئیسلام بە جۆرێك بیر دەکاتەوە و گوتاری ئایدیۆلۆجی خۆی دادەڕێـژێ، کە هەرچی نادروست و نەشیاوە نەك هەر لە ئێستادا، بەڵکو هەزارساڵ پێش ئێستاش، دەخاتە ئەستۆی ئایین و هێزی جیهانی و دەستی دەرەکی!

ئەم گوتارە لەسەر ئەو پرسە سەخت و مەترسیدارانە دەژی، لەسەر ئاستی ئابوری و سیاسی. واتە هێندە ئەو قەیرانانەی جیهانی ئیسلامی قازانج و سوودی مادی و پێگەی سیاسیی بۆ فەراهەمکردوون، ئەوەندە خۆیان نەیانتوانیوە گرفتێکی ئەو جیهانە بەرینە نەك هەر چارە بکەن، بەڵکو بیرکردنەوەش لێی بگۆڕن و زانستی و دروستانە مامەڵەی لەتەکدا بکەن! لێرەوە، زۆر جار قسەکردن لە قەیران و گرفتەکانی جیهان ئیسلامی مایەی هەلپەرستی بووە بۆ ڕەواجی ئایدیۆلۆجی و داگرتنەوە و جوڵاندنی جەماوەری موسوڵمانی بێئاگا لەپێناو ئەجێندای لایەنگەلێك! هاوکات شاردنەوە و خۆدەربازکردن بووە لەوەی ئەو جۆرە ئەقڵیەتانە خۆیان بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکیی

نەخۆشیەکانن، نەخوازەڵا چارەسەر! بۆیە قەیران و گرفتەکانی جیهانی ئیسلامی دەکرێتنە گوتار و پرۆژەی دەسەڵاتخوازی لایەنگەلێك، کە زیرەکانە لەسەریان مشەخۆرن.

**ئەفسانەی مۆدێرنەیی داعش**

لە سەرهەڵدانیەوە تا سەرکەوتنە جەنگییەکانی داعش، هەر ڕۆژەی گوێمان لە چیرۆك و سیناریۆیەکی سەیروسەمەرە دەبێتت لەبارەیەوە. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە کە ئەو چیرۆك و سیناریۆیانە، بەرگی ‹تیۆری زانستی› و ‹لێکدانەوەی بابەتی› لە بەر دەکەن. لە کاتێکدا زۆربەیان هەوڵێکی نەزانانە و پەرچەکردارێکن لە بەئەفسانەکردنی داعشدا. هێندەی ئەو هێزە مایەی ترسولەرزی دەوڵەت و کۆمەڵگەکانە، ئەوەندەش لە گێڕانەوەی نێو هـەواڵ و ڕاگەیاندنەکاندا ئەفسانەی نمرە «یەکی» سەردەمەکەیە! ئەفسانەیەك کە هەریەك بە ئەندێشەی خۆی گێڕانەوەی بۆ دەکات و بە جۆرێکیش، کە خەیاڵ و وەهمە پێشوەختەکانی پشتڕاست بکاتەوە!

لـەوەش سەیرتر ئەوەیە، هێندەی نەیار و دژەکانی لە سازکردنی ئەفسانەکاندا ڕۆڵیان هەیە، ئەوەندە داعش نەیتوانیوە خۆی ڕۆڵی پاڵەوانی سەرەکیی ئەفسانەکە بەبێ ئەوانە بگێڕێ! هەر بۆیە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، هەزارەها وتار و باس لەبارەی ڕەگوڕیشە و توانا و ڕەفتارەکانی داعشەوە نـووسراوە و باس کـراوە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو هێزە نیو هێندەش لەسەر خودی خۆی و ئامانجەکانی قسەی نەکردووە. زۆرێك بێمەبەست و بێئاگایانە یا بەرژەوەندیخوازانە ڕیکلام و ئەفسانەسازی بەوەکالەتی بۆ دەکەن! لەم سۆنگەوە، دەیەها سیناریۆ و پلۆتی جیاوازیان بۆ هۆنیوەتەوە.

لێرەوە، هەموو ئەو باسوخواسانە ئەفسانەی مەخلوقێکی هەزارسەر و هەزارپێیان لەو هێزە دروست کردووە. بوونەوەرێك کە هەرکەس بە جۆرێك وەسفی دەکات، بێئەوەی چییەتییە ڕاستینەکەی درك پێکردبێت. یەکێکی تر لەو لێکدانەوە سادانەی کە لە هەندێ نووسینی میدیا جیهانییەکاندا باس کرا، ئەوەیە داعش ئەنجام و زادەی مۆدێرنەیە! بە دەربڕینێکی تر، داعش لە هەناو و زێدانی مۆدێرنەوە هاتۆتە دەر و کوڕی سەردەمە بەسەرچووەکان نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەم ڕۆژگارەیە. دیارە هەندێك لای خۆمان، ئەم جۆرە وتەیان قۆستەوە. یەکەم وەك پاساودانێك بۆ هەر هەوڵ و کۆشێشێکی توندوتیژانەی ئیسلامی. هاوکات، وەك ڕەخنە و لێدان لە پرۆژە و ‹بیری مۆدێرنە›، واتە ئەوە مۆدێرنەیە، کە سەرچاوەی گرفت و کێشەکانن، نەك ئێمە!

ئەمە جگە لەوەی ئەو گوتارە بە سادەیی و سەرپێی دەکرێتتە قەڵغانی بیرکردنەوەیەکی نەزۆك، هاوکات وتنی ‹داعش ئەنجام و زادەی مۆدێرنەیە›، دەربڕینێکی تەواو ناڕوون و ناڕێکە. جۆرە ناماقوڵییەکە کە ئەفسانەیەك بە بەری داعش و ڕەفتار و بیرکردنەوە مەترسیدارەکانیدا دەکات. ئەم دەنگۆیە لە زۆرێك کەناڵ و ڕاگەیاندنی ئیسلامییەکاندا بە خێرایی بروسکە بڵاو بووەوە. چونکە وەك بەهانە و پاساوێك بەکار دێت بۆ پرۆژەیەکی نووستوو، کە لە دەرفەت دەگەڕێ. دروستکردن و وتنەوەی ئەم جۆرە سیناریۆیانە، جگە لە ‹میکانیزمی بەرگری›ی سادە هیچی تر نییە، چونکە تەکنیکی بەرگری، لەخۆدوورخستنەوەی کێشە و پرسیارەکانە لە ڕێی دروستکردنی پڕوپاگەندە بۆ «ئەویتر»، جیهانی مۆدێرن، کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی.

میكانیزمێك كە دەلالەتە لە دۆڕان و بەزینێكی ئەقڵانی و بێتوانایی بیركردنەوە لە لێكدانەوەی هۆكار و ئەنجامی كێشەكان، بەڵگەشە لەسەر هـەژاری و زەبوونی توانای بەدواچوون و پرسیار لە جیهانی ئیسلامیدا. چیتر زانا و خوێندەوارەكانی لەو ئاستەدا نین، كە بیر لە كێشە و گرفتەكانی دنیای خۆیان بكەنەوە. بە دەربڕینێكی تر، ئەو باوەڕە دۆگمایەی كە جێگەی ئەقڵی بابەتی و بوێری توێژینەوەی گرتۆتەوە. لەباتی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و ویستی تێگەیشتن لە كێشەكان، ئیسلامیستەكان بۆ لابردنی گومان و لێپرسینەوە لە خۆیان، میكانیزم و ڕێگەی چەپەك و تەمەڵانە دەگرنەبەر.

دیارە ئەمە گرفتێكی گەورەی جیهانی ئیسلام و نوێنەرانی ئایین و بزوتنەوە ئیسلامییەكانە، كە نەك هەر وەڵام و لێكدانەوەیان لەو ڕەوشە ترسناكە نییە، بەڵكو بە هەموو جۆرێك چاویان لە ڕاستیەكان پۆشیوە و سیناریۆی وەهمی بۆ قەیرانەكان دادەڕێژن. لە پاڵ هەر شكست و تەنگەژەیەكدا ئەفسانەیەك دەكەنە پاساو و بەهانەیەك بۆ ڕزگاركردنی ئارەقی نێوچەوان. ئیدی سادەترین و بێسەروبەرترین چیرۆكسازی ئەوەیە: كە داعش لەدایكبووی مۆدێرنەیە!

ئەگەرچی ئەم وتەیە لە ئەقڵی ڕەخنەیی خۆرئاواییدا تازە نییە، بەڵام هیچ بنەمایەكی دروست و زەمینەیەكی خۆیی و بابەتیشی لە دنیای ئیسلامیدا نییە. هەڵبەت وەك چۆن جیهانی ئیسلامی لە ڕووی زانستییەوە بەرخۆری پێشكەوتنە زانستی و تەكنەلۆجییەكانی خۆرئاوایە، ئاوەهاش لە ڕووی هزرییەوە هەمیشە خۆی بە پێودانگەكانی ئەوێ دەپێوێ و هاوكات

تێوری ڕق و تۆڵەش لە دژی بەرهەم دەهێنێت. بەردەوام لە ئاوێنەی ئەواندا بۆ وێنە ڕاستەکەی خۆی دەگەڕێ. وەرگرتنی ئەو وێنانەش بە شێوەی جیاوازە، جا چ لە ڕەتکردنەوەدا یا شوێنکەوتنیدا بێ.

ئەگەرچی زۆرێك لە بزاڤە ڕادیکاڵ و کۆنەپارێزەکان بە ڕواڵەت و لە گوتاری ئایدیۆلۆجییاندا هەموو وەرگرتن و کاریگەرییەکی خۆرئاوا ڕەت دەکەنەوە، وەلێ ئێستا ئەو بۆچوونانەی کە پاساوی شکست و بەبنبەستگەیشتنی بیروباوەڕی ئایینییە، ڕادەگوێزرێ تا بکرێتتە بەهانەیەك بۆ داهێزرانی جیهانی ئیسلامی. لەبەر ئەوە، وتنەوەی ‹داعش› شکست و داڕمـانـی ‹چیرۆکە مەزنەکان› و چۆکدانانی مۆدێرنەیە، جگە لە قسەیەکی کلێشەیی و وتنەوەی تێزەکانی هەندێکی بیرمەند و نوسەری پۆستمۆدێرنە، کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە برەویان سەند، هیچ مانایەکی تری نییە!

ئاخر، کام مۆدێرنە و لە کوێ و بە چ مانایەك؟ لە کاتێکدا ئەم وتەزایانە، تەنها خۆدەربازکردنن لە کێشەکان و خستنەئەستۆی ئەویترە، پاکانەیە بۆ خودێك کە بێدەسەڵاتییەکانی خۆی دەداتە دەست قەدەرێك، یان تاوانبارکردنی لایەن و هێزێکی دەرەکـی، واتـە خۆپاککردنەوە لە هەموو کەموکورتی و خراپەیەك، کە خۆی تێدایە، بەڵام ئامادە نییە کە بەسەر خۆیدا بەێنێت. ئیدی ئەم لێکدانەوەیە خودپەسەندییەکی ‹پارانۆیی› و مەستبوو بە خۆی تێدایە. واتە پاساودەرێك ئەوەندە لە خۆی ڕازییە، هیچ کێشە و کەموکورتییەك لە خۆیدا بەدی ناکات، بۆیە دەبێت هۆکاری هەر شتێکی خراپ و ناپەسەند، حەتمەن ئەهریمەنی مۆدێرنە بێ!

دیاره وەسفکردنی داعش یا هەر هێزێکی ڕادیکاڵ و توندڕەو بە دیاردەیەکی مۆدێرن بەو مانایە نییە، کە مۆدێرنە هۆکارە. داعش یا قاعیدە بەپێی زاراوەسازیی زانستی و لێکدانەوەکان، بە هێزێکی ڕادیکاڵ و فەندەمێتاڵیست پێناسە دەکرێت. واتە هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەر هێزێکی نوێیە، کە بیروباوەڕێکی شێلگیر و یۆتۆپی و توندڕەو و ڕێکخراوی بۆ دەوڵەتداری و کۆمەڵگە هەیە. چونکە بەهۆی بەکارهێنانی ئامراز و ڕێوشوێنی نوێوە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانجە ئایدیۆلۆجییەکانی دەدات. بەم مانایە، دیاردەیەکی دنیای مۆدێرنە. نوسەری ئینگلیزیی ‹جۆن گرەی› لە وتارێکیدا بە ڕاشکاویی ئەوە دەدرکێنێ کە: ‹سەرەڕای ئەوەی جیهادیستەکانی داعش، بانگەشەی ژیانەوە و نۆژەنکردنەوەی سیستمێکی ڕەسەنی حکومەتی ئیسلامی دەکەن، بەڵام ئەو گروپە پلان و نەخشەیەکی زۆر مۆدێرن هەڵدەگرن . واتە ئەم هێزە، جۆرە بەربەریزمێکی سەردەمی نوێیە، نەك هی چاخی بەردین و ئەشکەوتەکان!

بەڵگەی ‹جۆن گرەی› ئەوەیە کە لە سەدەکانی ناوینی ‹ئەندەلوس›دا، جۆرە لێبوردەییەکی ئایینی هەبووە، کەچی لەم هێزە گشتگیرەدا نابینرێ. پاشان، ئەم هێزە هەمان ئامراز و ئایدیۆلۆجیای توندوتیژی شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی نوێی هەیە. خاڵی هاوبەشی لەگەڵ بزوتنەوەی ‹بەلشەویی و خەمیری سوور و بزوتنەوەی ئەنارشیزم و کۆمنیزمەکان›دا

هەیە، نەك وەك ئەوەی لە گروپە توندڕەوەکانی سەدەکانی ناویندا دەبینرێ! لەبەر ئـەوەی هەڵگری بیروباوەڕێکی یۆتۆپییە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی.

جگە لەوەی ئەنجامی داڕووخانی دەوڵەتە مۆدێرنەکانی وەك ئێراق و سوریایە لە لایـەن ئەمریکاوە. گۆڕین و ڕووخاندنی ڕژێمەکان لەژێر دروشمی بەدیموکراسیکردن و ئازادکردندا، زەمینەسازی دروستبوونی دەوڵەتێکی شکست بوو. دواجـار ئەم دەوڵەتانە بۆشاییان بۆ سەرهەڵدان و چالاکبوونی ئەو هێزە توندڕەوانە ڕەخساند. دیـارە ئەم لێکدانەوەیە بەو مانایە شیاو و گونجاوە. چونکە سەرباری ئەوەی کە بۆچوون و بیروباوەڕەکانی داعش بە هیی سەدە تاریك و بەسەرچووەکانیش بزانین، ناکرێت لەو ڕاستییە خافڵ بین، کە ئامراز و تەکنیکی نوێ لەپێناو ئامانج و بەرنامەکانیان بەکار دەهێنن. وا نەزانین کە هەر ئێستاش بە شمشێر و سواری وشتر و پاپوچێکی بیابانەوە شەڕ دەکەن و ئاگایان لە هیچ داهێنراوێکی سەردەم نییە!

لێرەوەیە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە ڕێی تێدەچێت، نەك بەو مانایەی کە جیهانی ئیسلامی لە خۆیدا لە بیرکردنەوە و نەریتی ئایینی و ئاستی جیاوازدا، بێخەوش و بێگرفتە، چونکە ناکرێت هەموو کارەسات و قەیرانەکانی زادەی جیهانی دەرەوە بن! نەخێر، بەشێکی تەنگەژە و نەهامەتییەکان زادەی جیهانی ئیسلامی خۆیەتی، ئینجا کەڵەکەبووی ڕابردوو بێ یان دەرهاویشتەی ئەمڕۆ. بە دیوێکی تریشدا، ئەنجامی بەبنبەستگەیشتنی ڕێگەچارەی خۆنوێکردنەوە و بەخۆداچوونەوەو هەڵسەنگاندنە لە خۆوەڕا.

## تەوەری سێهەم:
## سیمبول و تیرۆروتوندیژی

### سیمبول لە ستراتیجیەتی توندوتیژیی ‹داعش›دا

«بڕۆ ئەولاوە داعش». ئەمە وتەی چەند منداڵێکە بەرەو کارێزاوی گوندەکەیان بۆ ئاو خواردنەوە ڕادەکەن و بە گاڵتە و پێکەنینەوە ئەمە دەڵێنەوە ! لەم نموونە سادەیەدا، پارادۆکسێکی سیمبولییانە لە بەکارهێنانی ناوی ‹داعش›دا کۆ بۆتەوە، چونکە لێرەدا ‹داعش› هەر هێزێکی توندوتیژی خوێنڕێژی بەرەکانی شەڕ یا شارەکانی بندەستی نییە، بەڵکو لە خەیاڵدانی خەڵکیدا سیبمولێکە، کە مانای شەڕ و خراپە دەگەیەنێت.

بە دەربڕینێکی تر، داعش یەکسانە بە هەرچییەك کە دڕندەیی، نامرۆڤانە و خراپەیە. واتە سیمبولی ناحەزیی و ناجۆرییە! لێرەوە، وەك چۆن ناوی ‹داعش› لای خەڵکی سیمبولی خراپەیە، خودی ‹داعش› هێزی خۆی لە بەکارهێنانی ئەو سیمبولەدا دەبینێتەوە و بەکاردەهێنێ. ئەم سیبمولسازییە بەشێکە لە ستراتیجیەتی توندوتیژانەی ‹داعش› کە کاریگەرییەکی سایکۆلۆجی و جۆرە تاکتیکێکی سەربازی-سیاسییە.

### سیمبول چییە؟

با بزانین مانا و ڕەگوڕیشەی وشەکە لە کوێوە هاتووە. هەڵبەت سیمبول یا هێما ‹ڕەمز› لە ‹سومالین›ی یۆنانییەوە هاتووە و مانای ‹گرێدان و پێکەوەبەستن یا پێکەوەلکاندن› دەگەیەنێت. لێرەوە، سیمبول کۆکەرەوەی دژبەر و

دژوازییەکان و نزیکخستنەوەی جەمسەرە پێکناکۆکەکانە، واتە پردێکە لە نێوان شتەکان، کەسەکان و مانا و پەیامەکاندا، بۆیە سیمبول گەیەنەرو هاوکات پەیامە. ئەمەش تایبەتمەندی دەردەخات، لە ژیانی مرۆڤ و مانا جیاوازەکانیدا.

کەواتە بە هۆی سیمبولێکەوە بیرۆکە یا پرۆسە و بابەتێك نمایش دەکرێتت. لەبەر ئـەوەی، سیمبولەکان، هێمای وێناکردن و نیشانە و ئاماژەیەکن، کە کۆدەنگیەکی ڕەمەکیی کۆمەڵایەتییان لەسەرە، بۆیە سیمبول پەیامەکە جا لە وێنەدا یان وشە و دەربڕیندا بێ. سیمبولەکان ڕەفتارێکی ئاماژەیین، کە پەیوەندی نێوان کۆمەڵێك شت دەردەخـەن بۆ نموونە، ‹زنجیر، ئاوێنە، پەیژە، کۆتر، ڕەنـگ› هتد. هەریەکەیان کۆمەڵێك مانایان هەیە.

هەڵبەت لە زماندا چەندین سیمبول هەن، کە ئاماژە بە مەبەست و نیازێك یا واتایەك دەدەن، کە لای زۆرینەی خەڵکی پەسەند کراوە، بێگومان وەك چۆن ژیانی ئێمە پڕە لە سیمبول، خەونەکانیشمان سەرڕێژن لە سیمبول. هەربۆیە قسەکردن لەسەر سیمبول و ڕۆڵ و گرنگییان لە ژیانی مرۆڤی دێرین و نوێ و هاوسەردەمدا باسێکی سادە نییە. پێویستە ئەو پۆلێنکارییەی کە شارەزایان کردوویانە بۆ جیاکردنەوەی دوو جۆر سیمبول، باس بکەین.

یەکەم: سیمبولی سروشتی: (ئـەوەی زادەی ناهۆش و نائاگایی مرۆڤە ‹unconscious›).

دووەم: سیمبولی کولتوری: (ئەوەی بۆ دەربڕین و گوزارش لە هەقیقەتە هەمیشەیی نەمرەکان و بەها باڵاکان کە لە زۆربەی ئایینەکاندا بەکار دێ) .

لێرەوە، دەبینین سیمبول لە ئاستی ناخ و دەرەوەی ژیانی مرۆڤدا هەمیشە ئامادەیە. لەبەر ئەوەی باس لەو پەیوەندییەی نێوان مرۆڤ و سیبمول دەكات. ئەو پەیوەندییەش نەك هەر بە شۆڕبوونەوە بە قووڵایی مێژوودا تۆكمە و لێكنەترازاو دەبێت، بەڵكو لە ئێستاشدا ناتوانین لە مرۆڤ و جیهانبینی و هەڵسوكەوتەكانی تێبگەین، بێ گەڕانەوە بۆ كاریگەریی سیبمول لە ژیانیدا. ڕەنگە ئیتر ئێمە هەمان ئەو مرۆڤەی هەزار ساڵ پێش نەبین، كە بە سیبمول لێكدانەوەی ‹بوون› و ‹گەردوون› و چارەنووسی خۆمان بكەین، چونكە فەلسەفە و زانست لەو بارەوە هەوڵی بەرچاویان داوە و پێشكەوتنی تایبەتیان بەدی هێناوە، بەڵام شاراوەش نییە كە پاش بڕینی چەندین قۆناخی شارستانی، هیشتا ژیانی ئێمە بریتییە لە بەریەككەوتن و ململانێی سیمبولەكان كە خۆی لە ناو ڕەنگەكان، بابەت و كەرەسەكان، لە زمان و بیر و ئامراز و زۆر شتی دیكەی ژیانماندا بەرجەستەدەكات.

لەبەر ئەوە، زێدەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین: ‹مرۆڤ بوونەوەرێكی سیبمولییە›. هۆكارەكەش بە ڕای دەروونناسی بەناوبانگ ‹كارل یۆنگ› تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: كە ئێمە بەردەوام زاراوە سیمبولییەكان بۆ ئەو چەمك و بیرۆكانەی كە ناتوانین پێناسە بكەین یان تێیان بگەین، بەكار دەهێنین. هەر ئەمەشە وا دەكات كە هەموو ئایینەكان زمانێكی سیمبولی یا وێنەیی بەكار بێنن›، واتە سیمبول ئەو بابەتانەیە، كە ناتوانرێ هەقیقەتیان پێناسە بكرێت و بخرێتە دەربڕینێكی زمانەوانییەوە، وەك چارەنووس، خودا و مردن و ڕۆح، خراپە و چەندان چەمكی تر، كە لە ڕێی سیمبولی جیاوازەوە دەربڕینیان لێدەكرێتن.

**داعش: ستراتیجیەتی سیمبول**

لە ڕاستیدا جەنگەکانی داعش تەنها لە بەرەکاندا نییە، بەڵکو لە بەرەیەکی سەرتاپاگیردایە، کە هەموو باسوخواسەکانی ژیانی ئاسایی و خەیاڵی گرتۆتەوە، تەنانەت وای کردووە لە خۆماندا خەریکی هۆنینەوەی چیرۆك و داستان بین. واتە بەرەی یەکەمی ناخ و دەروون و خەیاڵدانی گشتییە، بۆیە داگیرکردنی ڕاستەوخۆی داعش لە داگیرکردنە زەینی و دەروونییەکەی مەترسیدارتر نییە. لەمەشدا سیبمول ڕێگوزەرێکی ئامادە و بەردەوامە. چونکە زمانی سیمبولی ئەو زمانەیە، کە پشت بە ئاماژەکان دەبەستێت و وەك ستراتیجیەتێکی توندوتیژیی بە ئامانجی ئەمانە بەکاردێنێت:

- خەڵکی خۆی ببێتە بەشێك لە سیمبولەکە، واتە لە خەیاڵی خۆیدا مانا و کاردانەوەی دەروونی دەکات.

- زووتەنینەوە. یەکسەر دەبێتتە بابەتێکی گشتیی جەماوەری لەسەر هەموو ئاستەکان و کاردانەوەی خێرای لێدەکەوێتەوە.

- ڕاکیشانی ئەندام و لایەنگری زیاتر.

- دەنگۆی گەورەتر و بەهێز بێ.

ئاسانیی گواستنەوەی سیمبولەکان لە نێو میدیا و تۆڕەکاندا.

دواجار پڕوپاگەندەکان خێرا و کاریگەر دەکات.

شایانی باسە، ئەو سیبمولانەی داعش برەویانپێدەدات، هەندێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

- ئۆتۆمبێلە نوێکانیان، مۆدیلی بەرز و جوان!

- ڕەنگی ڕەش: ڕەشپۆشین و ئاڵای ڕەش کە نیشانە و وێناکردنی مەرگ و خراپەیە.

- ڕیش و سەرپێچەکانیان، جیاکەرەوەیەك.

- گرتە ڤیدیۆییەکان، کلیپەکانیانی ڕاپی ئسیلامی، کابرایەك وەك ‹چێ گیڤارا› دانیشتن، نمایشکردن.

- ژن دەکرێتتە سیمبولی توندوتیژی بە قۆزتنەوەیان وەك ئامرازی خۆتەقاندنەوە. هاوکات وەك جەستەیەك بۆ تێرکردنی حەزەکان.

- هەڵبژاردنی ناوی ‹دابق› بۆ گۆڤارەکەیان، چونکە پێیان وایە شەڕ و بەرەوڕووبوونەوەکانیان بەشێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی (علامات الساعه) کاتێك گروپێك بەرامبەر بێباوەڕەکان دەجەنگن . دیارە ئەو ناوە ڕەهەندی مێژوویی هەیە .

- ناونانی شوێنەکان بە شێوەی ئیسلامی ‹کۆبانێ› دەکرێتتە ‹عین الإسلام›.

- بەکارهێنانی سیمبولی جۆراجۆر بۆ لێدانی سیمبولەکانی تری خۆرئاوا، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی.

- بڕیاری سوتاندنی جەستەی پێشمەرگە لە کۆبانی کە مانایەکە: ئەوان دەچنە دۆزەخ، دەبێت لەم دنیاش بسوتێن!

- تاکتیکی توندوتیژی، ئەوەیە ئیختیار و بژاردەیەك بخاتە بەردەم خەڵکی و نەیارەکانی: یا مردن یا سەردانەواندن و قبوڵکردن!

- ڕووخاندن و خاپوورکردنی شوێنەوارە مێژووییەکان و دەرهێنانی گەنجینەکانیان و فرۆشتنیان.

- تۆمارکردنی مێژوویەك کە خۆی تێیدا بکەر و پاڵەوانە و سڕینەوەی مێژوویەك، کە لە بەرنامەیدا نەبێت.

هەڵبەت دروشمی ‹سەرخستنی هەق› بە هۆی هێز و توندوتیژییەوە پرسیارێك دێنێتە ئاراوە: ئایا هەق وابەستە و

بەندە بە بەکارهێنانی شمشێرەوە، یان بە خودی دەق، کتێبی پیرۆزەوە؟ ئەگەر یەکەمە، ئەوە دووەم پێویست ناکات. ئەگەر وابەستە و بەندە بە دووەمیشەوە، ئەوا یەکەم پێویست نییە. لێرەوە، هەقیقەت و هێز لەسەر ڕێگەیەکی جیان. واتە لە دووڕیانێکدان، بەڵام غەریزەی ئاژەڵی هەمیشە دەیەوێ هێز بخاتە بەرگی هەقیقەتەوە. هەقیقەتیش بە بەرۆکی هێز و دەسەڵاتدا بدورێ. دواجار، هاوکێشەکە، هێز دەبێتتە هەقیقەتی ڕەها. ئەنجامیش، کوشتنی سیاسەت و دیالۆگی لێدەکەوێتەوە، واتە پوچەڵکردنەوەی بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی. لەبەر ئەوە، بەهێزیی زمانی توندوتیژی دەبێتتە زمانی بێزمانی سیاسی.

**ڕاگەیاندنەکان ئامرازی خۆڕایی داعش**

ئەگەرچی ‹داعش› تا ئێستا هیچ کەناڵیکی ڕاگەیاندنی بەربڵاوی نییە، بەڵام هەموو دنیا بۆتە دەنگوڕەنگی! توانیی لە ڕێی میدیای نوێوە، واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگە جیاوازەکان، میدیای باو تێپەڕێنێت. هاوکات خۆی لە سانسۆر و سنووردارێی میدیا باوەکان بۆ جوڵە و کردەی زیندوو لە نێو تۆڕەکاندا بگوێزێتەوە. بەمەش هەستوسۆزی سەدان گەنج ڕاکێشێ. هەڵبەت دەبێت بپرسین بۆچی لەوەدا بەتوانان؟

دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەهمەی کە میدیاکان لە ڕای گشتیی خەڵکیدا دروستیان کردووە: ئەگەر مرۆڤ تەماشایان نەکات، گوێیان لێیان نەگرێ و نەیانخوێنێتەوە، ئیتر لە سەردەم و زانیاری و هەواڵ و ڕووداوەکان بێئاگا دەبێتت و دادەبڕێ! لە ڕاستیدا ڕۆڵی میدیاکان هەمان ڕۆڵی چێشتخانە

و ڕێستورانتەکانە. پەیامی ڕیکلام و ئاوەڵابوونی دەرگاکانیان ئەوەیە لای ئێمە نەخۆیت، ئەگەر نەمری لە برسا، ئەوا شتی خۆش و باشت دەست ناکەوێ! لە کاتێکدا ڕێستورانتەکان، خواردن ئامادەدەکەن و پیشکەشدەکەن، بە ڕەچەتەی جیاواز، نەك خۆراك بەرهەم دەهێنن! بە هەمان شێوەش، ڕاگەیاندن، میدیاکان ئامادەکارن! بۆیە وەك چۆن ماس میدیاکان بوونەتە بڵندگۆ و سەکۆی پڕوپاگەندە و دەنگوباسی داعش، ئاوەهاش میدیاکان وابەستی ئەو مادەیەن، کە داعشە. ئەوان لەپێناو زانیاری و سەرچاوەی هەواڵدا، پێویستیان بە داعشە!

مایەی سەرنجە کە هیزێك وەك داعش بەو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا تەسك و توندڕەوە لە ڕێی پەیام و گوتار و کردەوەکانیەوە، نەك هەر بۆتە بەشێکی گەورە لە خەم و نیگەرانی و ترسەکانی خەڵك، بەڵکو خۆشی وەك باس و بابەتی لێکدانەوە بەشێکی گەورەی لە هزر و تێگەیشتنی خەڵکی داگیر کـردووە. تەنانەت زۆربەمان لە پێگەی جیاواز و لە شوێنی گشتی و تایبەت، بووینەتە داعشێك. چۆن، واتە هەموو بیری بۆ دەکەینەوە، لێکدانەوە و قسە لەسەر ڕێوشوێن و پلان و کار و چالاکی و سەرکەوتن یا شکست و هۆکارەکانی لەباتی داعش ڕاڤە و دەستنیشان دەکەین. ئەگەر داعش کارێکی تیرۆرستی بکات، ئەوا ئێمە وەك بینەر و خەڵکی لەو شوێنەی کردەکەی ئەو تەواو بووە، لەجیاتی ئەو بیر دەکەیەنەوە کارەکەی هەڵدەسەنگێنین و ڕاڤە و پاساو، یا بڕیاری خراپ و باشی لەسەر دەدەین.

ئیدی بە جۆرێك ‹داعـش› لە کەللەی ئێمەی داوە، لە بیرکردنەوەماندا بە جۆری جیاواز لەباتی ئەو بیر دەکەینەوە

و قسه دەکەین. ئامانجی داعش، کە ببێتە بەشێك لە ژیان و بیرکردنەوەمان بە باش یا خـراپ. واتـە چۆن ئێمە بە خۆیەوە خەریك دەکات و هەموو باس و شتێکی تر دەڕواتە پەراوێزەوە. ئەو دەبێتتە سەنتەر لە هەواڵ و دەنگوباسەکان و کایەی گشت و تایبەتی ژیانی ڕۆژانەدا. ئیدی وەك وێنە، سیمبول، کاردانەوە دەروونییەکانی خۆی سەپاندووە.

یەکێك لەو چیرۆکە سەرنجڕاکیشانە، ڕاپۆرتێکی ‹گاردیانە› کە گەنجێکی (٢٨) ساڵەی پۆڵەندی لە ژووری نوستنەکەیەوە بێئەوەی بزانێ، کراوەتە ماشێنی پڕوپاگەندەی داعش. گەنجەکە ماڵپەرێکی کراوەی بە ناوی (JustPaste.it) هەیە. هەموو کەسێك بەبێ خۆتۆمارکردن شتی تێدا دادەنێت. وەك خۆی دەڵی، لە ماوەی دواییدا هاموشۆکەرانی ماڵپەرەکە لە›سوریا›وە زیادی کردووە. بەپێی شرۆڤەکاریی ‹گۆگڵ›، لە ماوەی (٢) مانگدا ڕێژەی سەردانەکان بۆ هەر مانگێ دوو ملیۆن و نیو بووە! کە دواجار دەگاتە (٥) ملیۆن! لەبەر ئەوە، پۆلیس داوای لێکردووە ئەو پۆستانەی کە توندوتیژ و هاندنانی گەنجی موسوڵمانی ئەوروپایە بۆ جیهاد، لابدات!

**توندوتیژیی سیبمولی و سیمبولی توندوتیژی**

شـاراوە نییە توانای سەرەکیی ‹داعـش› بە ئەندازەی لە توندوتیژی سیمبولیدایە، هێندە لە هێزی سەربازی و ژمارەی شەڕکەرەکانیدا نییە. وەك باس دەکرێت، ئەو هەمیشە شەڕی ڕووبەڕوو و بەرەیی هەڵنابژێریت. هەڵبەت زۆربەی توندوتیژییەکان هێندە لە خودی زماندایە، ئەوەندەش بە کردەیی لە ڕوودانیدایە. لێدانی پیرۆزگەکان، تەقاندنەوەیان،

هەر ڕووخاندنی دیوار و خانوویەك نییە، بەڵکو هەڵتەکاندنی مێژوویەکە، مێژوویەك کە ناچێتە نێو گێڕانەوەی مێژووی هەقیقەتەوە، واتە مێژووی پیرۆز و مێژووی ئایینەوە. سەربڕینی کەسێك لە بەردەمی خەڵك و کامێرادا، لە کوشتنێکی فیزیکیی کەسێکی ئاسایی یا ناسراو دەردەچێ. واتە مانایەکی گشتیی تۆقاندن و پەیامدارانە، کە کردەی کوشتن لەپێناو باوەڕدا دەکاتە ئامانج. ملپەراندنی ڕۆژنامەنووسەکان باشترین سیمبولە، کە میدیاکان خۆیان ببنە ئامرازی پڕوپاگەندە بۆی و کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی لەسەر ساز بدرێت. هەموو ئەمانەش بەشێکن لە پیشەسازیی توندوتیژی، کە دواجار دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم هێزە.

### پیشەسازی توندوتیژی خاڵی جیاکەرەوە

یەکێك لە خەسڵەتەکانی داعش: هێندە توندوتیژی چڕ دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی دەبێتە پیشەسازییەکی پرۆفێشناڵانە لە تەکنیك و شێواز و ئامرازەکانیدا. جگە لەوەی دەقی ئایینی دەکرێتە پاڵپشت و ڕەوایەتی بە توندوتیژی وەك سیمبولی بەدیهێنانی ‹ویستێکی خوادیی› دەدات. هەڵبەت پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: پیشەسازیی توندوتیژی لە کوێوە هاتووە؟

تایبەتمەندیی داعش، گۆڕینی توندوتیژییە لە تاکتیکەوە بۆ ستراتیجیەتی دەسەڵات ڕاگرتن. ئیدی لەوەدا هیچ لە قاعیدە ناچێت، کە تەقاندنەوە و خۆتەقاندنەوە و فڕاندنی فڕۆکەیە، بەڵکو گرتنەبەری دڕندەیی بە شێوەیەکی سیستماتیکی، کە لە فۆڕمی ڕێسا و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و حکومەتی

خۆجێیدایە. بۆ نموونە ‹دەزگـای حەسبە›، قەدەخەکردنی فەلسەفە، نوێژکردن بەزۆر و خەتەنە و بردنی ژنان وەك کەنیزەك و کۆیلە. ڕەنگە دڕندەیی شێلگیر و گشتگیرانە، بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی بێ - ڕەنگە توندوتیژی وەڵام چەوسانەوە و توندتیژیی دەوڵەتە گشتیگیر و ستەمکارەکانی جیهانی ئیسلامی بێ. ڕەنگە دامەزراوەی ئایینی پەککەوتن و شکستی لە نوێکردنەوەی جیهانبینیی ئایین، هاوکات بوونە ئامرازی دەوڵەت، پرۆگرامکراو بە بەرنامە لە کۆمەڵگەدا.

## تیرۆر و تۆڵە و بەهەشت و پیرۆزیی

ئەوەی لە دیمەنی سەربڕین و تەقینەوە خۆکوژییەکاندا دەبینرێت، ڕایەڵێکی ئاشکرایە لە نێوان تیرۆر و تۆڵە و بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخدا. دیمەنە توندوتیژییەکان بە جۆرێك هەمووانی سەرسام کردووە لەو وزە نامرۆڤ و دڕندانەی کە دەبێتتە ڕاستییەکی بینراو. ئەگەرچی توندوتیژی و کوشتن لە مێژووی مرۆڤایەتی و فەلسەفەی ڕەوشتیدا بە خراپەیەکی زیندوو دادەنرێت، چەندان لێکدانەوە و ڕاڤـەی جیاواز هەڵدەگرێت. لەمێژەوە فەیلەسوفەکان بیریان لەوە کردۆتەوە: ئاخۆ ڕەگوڕیشەی ئەم خراپەیە لە کوێدایە و بۆچی؟

هەڵبەت لە مێژووی توندوتیژیدا، تیرۆر و تۆقاندن دیاردەیەکی نوێ نییە. سەرەڕای ئەوەی تۆقاندن بەدەر لە ئایدیۆلۆجیا و باوەڕی ئایینی و ڕژێمە سیاسییەکان هاوشێوەیە لە گەیاندنی توندوتیژی بە لوتکە، بەڵام تەنها پاڵنەر و زەمینە سیاسی و کولتورییەکانی جیاوازە، بۆیە پاش هەموو پەلامار و هێرشێکی تیرۆریستان ئەو پرسیارە سواوەش دەکرێتتەوە: ڕەگوڕیشەی

تیرۆر کوێیە و بۆ بە ئاسانی دەچێتە سەر؟ ئاخۆ ئەمە سروشتی مرۆڤە یا هاندەری ئایینی و پاڵنەری کولتوریی لە پشتەوەیە؟

پێم وایە لە پاڵ پاساوەکانی تردا، بیرۆکەی چوونە نێو بەهەشت و تۆڵەسەندنەوە پاڵنەری سەرەکیی تیرۆرە. بـاوەڕداری وشکەبیر چەندە پابەندە بە ڕێنمایی و ڕێسا ئایینییەکانەوە، ئـەوەنـدەش خۆپەرست و خۆویستە لە بەجێگەیاندنیاندا. ئەوێك کە لەپێناو چوونە بەهەشتدا هەڵەداوانیەتی، لە سەندنەوەی مافی ژیانی کەسانی تر و خۆبەکوشتندانیشدا سڵ ناکاتەوە! خۆتەقاندنەوە و کوشتن، جگە لەوەی جۆرێکن لە تۆڵە، خۆخزاندنە نێو بەهەشتێکەوە، کە لە دەق و وتار و ئامۆژگارییەکاندا بانگەشە دەکرێت! ئیدی ئەنگیزەی چوونەنێو بەهەشت، دیوێکی تری تۆڵە و هەقکردنەوەو پاڵنەری توندوتیژییەکانە.

بەشێکی کێشەکە لەوەدایە کە ڕێنماییە ئایینییەکان، باوەڕدار بۆ ڕۆبۆتێکی قوڕمیشکراو دەگۆڕن و لەسەر بیرۆکەی چوونە بەهەشت و ڕکبوونەوە لە دنیا پرۆگرامی دەکەن. بە چاوبڕینە باخەکانی بەهەشت یان ترسان لە بڵێسەی ئاگری دۆزەخ، ئەو مرۆڤە توانای ڕقبوونەوەی لە هەموو بوونەوەرێکی ناهاوجۆری بەهێزتر دەبێتت. بۆیە ڕێگەی بەهەشت دۆزەخێکی ناخەکیی سایکۆلۆجیای ئاییندارە. لێرەوە بەدگۆڕانێك لە کۆنەستی ئیسلامی سەردەمدا هاتۆتە دی، کە ئایینپەرستییە. باوەڕێك کە لە ئاینداریيەوە دەبێتتە ئایینپەرستی و ڕێوڕەسمپەرستی، کوشتن دەبێتتە یەکێکیان. جگە لە بەدگۆڕانێکی تر کە فەرامۆشکردنی بیرۆکەی ‹خودا›یە، واتە لەبیرچوونی ئەوەی تەنها ‹خودا› خاوەنی مرۆڤ و گیان و ژیان و چارەنووسە.

بۆیە بیرۆکەی باوەڕ دەگۆڕێت بە‹پێخەمبەرپەرستی› و جێگرەوەی یەکەم. چەمکی ‹خودا› لە ئیسلامدا کە بوونێکی ئەبەستراکت-دەرەهەستە و کەسێتیی پێغەمبەر وەك کاراکتەرێکی مێژووکرد و بەرجەستە لەجێگرتنەوەیدا ‹پلەی یەك› دەبات، بۆیە مزگێنیی بەهەشت هاندەری شوێنکەوتن و پاداشتی ملکەچبوونیەتی. هەر ڕەخنە و توانجێکیش وەك چۆن تابوویەکی هەمیشەییە، وەڵامەکەشی مەرگێکی حەتمییە! لەبەر ئەوە، وەك چۆن کوشتن و تۆڵە دەبێتە بەردەبازی ڕێگەی بەهەشت، ڕەوانەکردنی «بێباوەڕان» بەرەو دۆزەخ، ئەرکێکە کە لەبری چارەنووسسازی مرۆڤەکان جێبەجێ دەکرێت. ئەمەش بە دیوێکدا بێئەرککردنی ‹خودایە›، وەك ئەوەی چیتر هەقی بەسەر ڕەفتار و کێشەو ڕووداو و جیهانەوە نەبێت!

بۆیە لەم سەردەمەدا کە تیرۆری ئایینی باڵی بەسەر پرسەکانی ڕۆژدا کێشاوە، ئایینپەرستی بەهانەی پەلامار و پاساوی توندتیژی و دڕندەییە. ئەرکی باوەڕدار تا ڕادەی پێشێلکردنی مافی ژیان و مانەوەی کەسانی تر ڕۆیشتووە! گەنجێك کە دەکرێتە جەنگاوەرێکی ئیسلامی، مێشکشۆراو و بارگاویی بە ڕکوکینە و تۆڵەسەندنەوە و چاوبڕینە بەهەشت. دواجار، ترۆپکی ئەرکە ئایینییەکانی لە خۆتەقاندنەوە و کوشتوبڕیندا دەبینێتەوە. ئەمەش فاکتی خۆجیاکردنەوەی تیرۆرستانە لە باوەڕدارانی تر، کە بە توندوتیژیی سیستماتیك، سیبمولسازیی بیروباوەڕەکانیان دەکەن. بێگومان دەزانن ناتوانن سەربکەون، بەڵام دەتوانن تێکدان بکەنە ستراتیژ. خەسڵەتێکی ‹داعش› ئەوەیە کە پیشەسازیی کوشتن وەك جەنگێکی دەروونی و سەرتاسەری لەگەڵ بێباوەڕاندا دەکاتەوەو گێڕانەوەی شانازی

ئیسلام بە لوتکەی توندوتیژییەوە دەبەستێتەوە.

لەکاتێکدا ڕەفتارە خوێناوییەکان نەك هەر لێکترازانی کولتوری و کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی خۆرئاواو لای ڕەوەندی ‹موسوڵمان› سەختتر کرد، بەڵکو ڕێخۆشکەرێکی ترە بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕاسیزم و نازیزم. جگە لەوەی ئەگەری پێکەوەهەڵکردنی کولتوری گەیاندەوە بنبەست، تێزی ‹پێکدانانی ئایین و شارستانیەتەکانی› کـردەوە بە ڕاستییەکی نکۆڵیلێنەکراو. ئاشکرایە موسوڵمانان بە تیرۆریست و ناتیرۆریستەوە لە سەرانسەری دنیادا هێشتا لیبراڵ و لێبوردە و ئەقڵانی نین. قبوڵ ناکەن پێغەمبەر بکرێتە بابەتی ڕۆژنامەوانی و کاریکاتۆر و تەنانەت فیلمێکی ئایینیش! جیاوازیی توندڕەوەکان تەنها لەوەدایە، کە ئەو بۆچوونە نالێبوردەیە، بە کردەیی لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکدا دەکەن. هاوکات «موسوڵمانە ئاساییەکانیش» پاساوی دەدەنـەوە، کە سوکایەتی کوفرە! چەند ‹مزگەوت› دەرگەکانی بــەرەوڕووی ئاوارە و لێقەوماوەکاندا کردەوە؟ چونکە موسوڵمان نین، پیرۆزیی شوێنەکە لەکەدار دەکەن! کەواتە گرفتەکە لەوەدایە موسوڵمانان بەرگری لە پیرۆزییەکانیان دەکەنە پاساوی ڕەوایەتیدان بە کوشتن. کە بەرگرییش دەبێتە پەلامار و دەمکوتکردنی ئەویتر، ئیتر دەروازەی دەربڕین و نووسین و بیرکردنەوەی ئازاد کلۆم دەکرێتت. ئەمەش کرۆکی توندڕەوی و توندوتیژییە.

موسوڵمانان مافی خۆیانە بەرگری لە باوەڕیان بکەن، بەڵام ئەرکییان نییە بە ‹پاساوی شەرعی›ەوە بکوژن و گوایە دەقەکان ڕێی پێداون. ئەو دەقانە هی سەردەمێکن، کە ئەمڕۆ هەلومەرجی جێبەجێکردنیان لە ئارادا نییە. پێویستە بە بیری خۆیان بەێننەوە، کە

ڕۆحی مرۆڤ پێدراوێکی «خودایی» پیرۆز و بەرزە، نابێت بخرێتە چنگی مرۆڤەوە. کوشتنی مرۆڤێك، کوشتنی بەشێکی پیرۆزی و گەورەیی دروستکەری مرۆڤەکانە. هەڵبەت کە دەشپرسن: ئایا هەر ئیسلام تیرۆریستی هەیە، پرسیارێکی گونجاوە.

بەڵام دەبێت بزانن کە ئەو پرسیارە باس لە غیابی ڕیفۆرمێکی ئایینی و ‹لوتەر کینگ› و ‹گاندی›یەکی موسوڵمانە. ئەمڕۆ ئیسلامێك زاڵە، کە ناکۆکە بە زۆر پێشکەوتنی کولتوری و شارستانیەتی خۆی. ئەگەر جارێکی تر ‹حەلاج و ئیبن عەرەبی و سوهرەوەردی›و هتد... زیندوو ببنەوە، هەزارجاری تر دەکوژرێنەوە. ئیدی تیرۆر ئەو گریمانەیە زیندوو دەکاتەوە: ئایین دژ بە پاراستنی ماڵ و گیان و مرۆڤایەتییە و ئامرازی کوشتن و تۆقاندن و بێدەنگکردنە. هاوکات باوەڕداریش، مرۆڤێکی عوسابییە، چونکە خۆی لێبۆتە بەرپرس و حەیتەی بەهەشت و دۆزەخ!

مادامەکی زانا و خوێندەوارە ئیسلامییەکان لە تووڕەیی و ڕك و تۆڵە و باوەڕهێنان بە تیۆری پیلانگێڕیدا دەژین، تێزێکی سەردەمییانەیان بۆ دەقەکان بەرهەم نەهێناوە. لە کاتێکدا ڕاڤە و لێکدانەوە ئایینییەکان دیوێکی تری تەنگەژە سیاسی و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتن. بۆیە دەبێت بیروباوەڕی ئیسلامی لە دەسەڵاتی کلێرکە (پیاوانی ئایینی) ڕادیکاڵەکانی ڕزگار بکرێتت. سەیر نییە کە هێشتا جیهان سەرگەرمی ڕۆژەکانی دوای ساڵی نوێ بوو، لە دەستپێکی ساڵدا تیرۆر دەستی چووە خوێنی قەڵەمەوە! نووسینی ‹ساتیرێك› یەکسان بێت بە کۆتایی چەندان مرۆڤ! تەنز و ڕەخنە و ناهاوڕابوون، سڕینەوەی مافی ژیان بێت؟

ئیدی کە فیشەك بەرامبەر قەڵەم کەوتەوە، بەڵگەی سانسۆرێکی مێژوویی و کولتوری و ئایینیی لەسەر بیروڕای ئازاد زیندوو کردەوە. دەریخست ڕانەهاتن بە ڕای جیاواز و ڕەخنەیی، لە نەستی موسوڵمانی توندڕەودا کۆڵەکەی باوەڕ و ڕایەڵی چوونە بەهەشتە. زادەی دۆگمایەکە کە ‹خۆم پێ ڕاستە› دەباتە ئاستی پیرۆزییەکی باڵا و دەستبۆنەبراوەوە.

لێرەوە، دەکرێتت بوترێ تیرۆر ئەو سات و ڕووداوەیە، کە خۆشەویستیی گەیشتن بە بەهەشت دەگۆڕێ بەخۆبەکوشتدان. هاوکات، ترس لە دۆزەخ دەگۆڕێت بە ڕکوکینە لە هەموو کەسێك کە بە «تاوانبارو گوناهکار» دەژمێردرێت و بەڕێکردنی بە خێرایی لە ڕێی کوشتنیەوە.

بەڵام بە دیوێکی تریشدا، تیرۆر و تۆقاندن ڕایەڵێکی پتەوی لەگەڵ پیرۆزدا هەیە. واتە سەرخستن و بەرگری لەوەی پیرۆزە و لەناوبردنی ئەوەشی ناپیرۆز و چەپەڵە. یەکێك لە نوسەرە دیارەکان ‹تیری ئیگڵتن› لە کتێبە نایابەکەی ‹تیرۆری پیرۆز›دا، ڕەگوڕیشەی تیرۆر دەگێڕێتەوە بۆ ئەو ساتەوەختە مێژووییەی کە چەمکی پیرۆز سەریهەڵدا . ڕزگاربوون لە چەپەڵی و پیسییەکانی دنیا و ڕۆژگار بە هۆی نالەباریی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە وا دەکات بێزکردنەوە و ڕکبوونەوە لە ژیان دروستبێت. ئیدی ساتێك کە تیرۆریست خۆکوژی دەکاتە دەروازەیەکی ڕزگاربوون لەو بارودۆخە، وەك ئەوەی لە قووڵایی ناخیدا بە دوای ئارامییەکی دەروونیدا بگەڕێت، بە واتایەکی تر مردن لێرەدا دیو و ڕوخسارێکی تری ڕەقی و زبری و توندوتیژییەکەیە، واتە وەك ئەوەی هیچ شتێك هێندەی هەستی هیچێتی لە بەردەم هەڕەشەدا نەبێت.

بۆیە بەزاندنی سنووری ئەو واقیع و هەلومەرجە سیاسییە، بە جۆرێك گـەڕان و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە باڵابوون (ترانسدێنت) و ڕەهایی. مردنێك كە ئازادبوونی لە ڕەهابوون و تێپەڕاندنی واقیعێكی نەگریسدا دەبینێتەوە. هاوكات چاوەڕوانیی خۆی لەسەر ژیانێكی هەمیشەیی و هەتاهەتایی بنیات دەنێت. ئەنگیزەی پیرۆزیی و ئازادیی ڕەها دیوێكی تری تیرۆرە، چونكە ئازادیی ڕەها، هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتتە نەمان و نابوون و سەندنەوەی ژیان. چونكە كاتێك مرۆڤ توانای ڕەهای لە بەردەستدا بێت بۆ ئەوەی دەیخوازێت، ئازادییەكە دەبێتتەوە بە خۆسڕینەوە و تیاچوون .

لەبەر ئەوەی خۆكوژێك لە كردەكەیدا ئەو دەردەخات، كە ‹مردن لەو وێنە ناچیزەی ژیان باشترە. هەڵبەت ئەو شێوەژیانەی ئەو دەشێت جۆرێك بێت لە مردن و مردنی ڕاستینەش بەدیهاتنە مادییەكەیەتی›. هەڵبەت ئەگەر وەك ‹ئیگڵتن› دەڵێت: ‹ئەگەر لە توانای خۆكوژدا بوایە بەو جۆرە بژی وەك دەمرێت، پێویستی بە مردن نەدەبوو›، چونكە خۆكوژییەكەی پێدوایستییەكی بۆ ژیانێكی گونجاو دەردەخات. هەڵبژاردنی مردن بەسەر ژیاندا جگە لەوەش مانای ویست و سەرپشكیی ئەو خۆكوژەیە بە كات و چارەنووسی خۆی، واتە سڕینەوەی خودی خۆیەتی بە دەستی خۆی و جڵەكردنی چارەنووسیەتی. بەم مانایەش، بیرۆكەی خۆكوژی تیرۆریست، مردنی ‹خودا›یە .

لە كاتێكدا ئەگەر بە زمانی فەیلەسوفی ئەڵمانی بدوێین، كە دەڵێت ‹خودا مرد›، پاشان مرۆڤیش لە خۆرئاوا مرد،وەلێ لە جیهانی موسوڵمانانەدا مردنی مرۆڤ بە خۆكوژی پێش مردنی خودا كەوت، ئیدی وەهمی ویستی ئازاد لە خۆكوژیدا و

گەیشتن بە ئازادی و ڕەهایەتی لە ژیانێکی تردا کە بەهەشتە، نیشاندانی مردنی مرۆڤ، ژیان و خودایە لە جیهاندا. جگە لەوەی هەڵەتێگەیشتنێکە کە مرۆڤ دەتوانێت دەستنیشانی کات و شوێن و چۆنیەتیی مردنەکەی بکات، بەڵام هەرگیز ئەو مرۆڤە پاش تیاچوونی، ناتوانێت چیدیکە ئاکامی خۆکوژییەکەی دەستنیشان و ئاڕاستەبکات، ئیدی ئەو بۆچوونە کە خۆکوژی خۆبڕیاردانە، تا ئەو کاتە کاریگەرە، کە نەبۆتە ڕووداو و کردەوە. دەنا کاریگەرییەکانی پووچ دەبێتتەوە.

بەڵام ئەگەر بە مانا تیۆلۆجیستەکەی و ئایینییەکەشی تیرۆر لێك بدرێتەوە، ئاخۆ پاساوی خۆکوژی دژ بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام نییە؟ تا چەند مرۆڤ دەستی هەیە لە هەڵبژاردنی کۆتایی ژیان و چۆنیەتی و وادەی مردنی؟ بە دەربڕینێکی تر، کردەی خۆکوژی بە جۆرێکیش لێکدژییەکی تێدایە لە نێوان کۆڵەکانی باوەڕ، کە بریتییە لە متمانە و باوەڕکردن بە چارەنووس و کۆتایی مردن و ویستی بڕیاردان و هەڵبژاردنی جۆری مردن. ئەگەر کەسێك بـاوەڕدار بێت چۆن دەبێتت دەست بخاتە پرسی ژیان و مردنەوە، کە موڵکی ئەفرێنەرە؟ ڕەنگە خۆکوژەکان دەیەها پاساویان هەبێت، بەڵام لە بەرامبەر بنەماکانی باوەڕ و وێنەی خودادا کورتدەهێنن.

لەم سۆنگەوە، لەتەوەری داهاتوودا باس لە تیۆلۆجیای تیرۆر دەکەین و ئەو لایەنە ساخدەکەینەوە، کە تیرۆر ئەگەرچی کردەیەکی توندوتیژانەو ئامانجێکی سیاسی بەبەرگێکی ئایینیەوە لەبەردایە، لەبنەڕەتدا ئیشکالیەتێکە لەخودی باوەڕداردا بەپلەی یەك.

## تەوەری چوارەم:
## تیۆلۆجیای تیرۆر و خوێندنەوەی
## پەیوەندی نێوان داعش و ئیسلام

### پێشەکی

بۆخۆێندنەوەی تیرۆریزم و پەیوەندی بەئیسلامەوە، پێویستە کایەیەکی تایبەت بە ‹تیۆلۆجیای تیرۆریزم› بهێنرێتە نێو باسەکەوە، هەڵبەت لێرەدا تەنها وەك سەرەتایەك لەو دەرگەیە دەدەیـن و لێوەی هەندێك پرسیاری جەوهەری لەخودی پێکهاتەی ئایین و باوەڕ دەکەین.

### 1- مراندن، یان کوشتنی»خودا» لەسەرزەویدا؟

تیرۆریزمی ئایینی چییە؟ پرسیارێکی سادەو یەخەگیر کە نەك هەر هەموو زاناو سیاسی و بیرمەندو پسپۆرەکانی سـەرقـاڵـکـردووە، بەڵکو مرۆڤایەتی لەخۆیەوەپێچاوە. بەدەربڕینێکی تر، تیرۆر وەك مەتەڵێکی لێهاتووە کەچەندان وەڵامی جیاواز هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە، لەروانگەی ئایین خـۆیـەوە شرۆڤـەنـەکـراوەو بابەتەکە بەجێهێلراوە بۆ هەندێك هەڵوەستەی ئایینی سادەو بێبنەما، بۆیە باشترە لەسۆنگەی تیۆلۆجیاوە بخوێنرێتەوە، نەك تەنها پشت بەوەڵامە باوەکانی کۆمەڵناسی و دەرووناسی و سیاسەت ببەستین، چونکە ئەو وەڵامانە بەجۆرێك دەستخەرۆماندەکەن لەهۆکاری خۆنوێکردنەوەو هەڵقوڵانەوەی تیرۆر.

## تیۆلۆجیای تیرۆریزم

تـیـرۆریـزم پـێـش هـەمـووشـتـێـك ئیشكالیەتێكی بیروباوەڕییە(عەقیدەییە). واتە، گرفتی تێنەگەیشتنە لەچەمكی خوداو بەدیهێنەر. دواجار ئەم تێنەگەیشتنە لەكردەی تیرۆردا بەرجەستەدەبێت. بەدەربڕینێكیتر، تیرۆر هەوڵێكی خۆیی بێماناو هاوكات بێماناكردنی چەمكی خودا دەكەوێتەوە. رەهەندێكی تری ئەم بێمانایيە، توندوتیژە خۆێناوییەكەیەتی كە لەخۆبەكوشتدان و خەڵكی بەكوشتاندایە، هەڵبەت لەنێوان تێنەگەیشتن و كردەی تیرۆردا كۆمەڵێك رێخۆشكەرو زەمینەسازیش هەیە بۆ بەرجەستەبوونی، هەر بۆیە لەگەڵ هەر رووداوێكی تیررۆریستیدا، كۆمەڵێك پرسیاری هەستیار بەگیرماندەهێنێت، كە بەدیوێكدا ئامانجێكی تیرۆریستەكانە. بەدیوێكیشدا پێویستە بۆ زیاتر پێداچوونەوەی پەیوەندی ئایین بەتیرۆرەوە.

ناكرێت چیتر خۆمان لەپرسیارگەلێك بدزینەوە، كە ئاخۆ: خوێنڕشتن هێندەی نوێژو رۆژوو پیرۆزو لەپێشترە؟ ئایا: كوشتن رێگەی نزیكبوونەوەیە لەخوداو چوونەناو بەهەشتە؟ یان هەڵاتنە لەدۆزەخێكی ئایدۆلۆجی و دەروونی و سیاسی كە تیرۆریستەكان تێیدا سەر دەردەهێنن؟ دیارە بەجیاوازتر لەشرۆڤەو وەڵامە باوەكان بۆ ئەو پرسیارانە، لێرەدا رەهەندی تیۆلۆجی (ئاییناسی) یانەی تیرۆر باسدەكەین.

ئیدی پێویستە لەڕوانگەی ئاییناسیی خۆیەوە، پەیام و ماناكانی تیرۆر شرۆڤەكەین، لەبەرئەوەی یەكەم؛ ئەو تیرۆرە

خۆی بەئایین رازاندۆتەوەو پاساوداوەتەوە. دووەم، چەمکی «مردن/ کوشتنی خودا» لێرەدا بەکارهێنانێکی میتافۆر(مجاز) ییە، چونکە ‹خودا› وەك بوونێکی بانسروشتی (میتافیزیکی)، هەبوویەکی تەندارنییە تا بمرێت، یان بکوژرێت! بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە؛ کە تیرۆری پیرۆز، لەخۆیدا تێنەگەیشتنە لەچەمکی خودا بۆیە خۆی و کەسانیتر لەپێناودا دەکوژێت، بۆیە پێشئەوەی لەناوبردنی مرۆڤبێت، کوشتنی خودایە لەسەرزەویداو هاوکات ناردنەوەشیەتی بۆ ئاسمان!

**کوشتن یان مراندنی خودا؟**

لێرەدا، چەمکی «کوشتنی خودا» دوو واتا هەڵدەگرێت:

یەکەم: کۆمەڵێکی توندڕەو نەك هەر بەناوییەوە دەدوێن و وەکالەتی سەندنەوەی ماڵ و گیانی خەڵکی بێتاوانیان قۆرخکردووە، بەڵکو کردەوەکانیان دەکەنە ئامرازو ئامانجێکی باڵای پەرستن، بەڵام بەمە، مافی ژیان/مردن لەخودا دەسەننەوەو دەیخەنە دەستیخۆیانەوە! ، واتە چیتر دروستکەری مرۆڤەکان چارەنووسیان دەستنیشان دەکات، بەڵکو شمشێربەدەست و بۆمبچێنەرەکانن چارەنووس دەبڕنەوە.

دووەم: چیتر ئەو باوەڕەدۆگمایە بەخودایەکی باڵادەست و پارێزەری باوەڕداران لەزەویدا، ئامادەیی و کاریگەری نەماوە، واتە ئیتر لێرە نییە تا بەرگری لە»مسوڵمانە موستەزعەفەکان» بکات و بەهانایانەوەبێت!

لێرەوە، نائومێدییەك لەخوێنڕێژی تیرۆریستەکاندایەو وەکـئـەوەی پێمانبڵێن: لەکاتێکدا پەیام و پیرۆزییەکان پێشێلدەکرێن، ئـاسـمان بـێـوەڵامـە! بـۆیـە، «ئیمە»ی هەقیقەتباوەڕ لەباتی›ئەو› دۆزەخ بۆ دوژمنان و بێباوەڕەکان سازدەکەین! مادام، هەر نەهات بەهاوارمانەوە، ئیتر خۆمان سەرپشکین چیبکەین! کەواتە، کـردەوە تیرۆریستەکان دەلالەتێکی گوماناوی لەسەر باوەڕ بە›بوونی خودا›ی تێدایە:

«-خودا» تەنها دروستکەری گەردوون و مرۆڤ و زیندەوەرو بوونەورەکانەو بەس! واتە، هەقی بەسەر هیچەوەنییە.

-یان جیهانی بەرەڵاکردووەو لێیناپرسیتەوە، کەواتە لەباتی ئەو دەیکەین.

-یان ‹ئەو› نییە، بۆیە ئەوە «ئێمەین» کە مافی بوون و نەبوونی دەستنیشاندەکەین!

ئیدی، نەمانی ئەو سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتێك و رەوایەتیەکە، کەواتە هەڵەیەکی دۆگماتیکی لەباوەڕ بە›خودا›دا هەیە لای تیرۆریستەکان، چونکە کاتێك کەهەم وەك دروستکەرو هەم وەك فریادڕەسێکی نێو مەیدانی جەنگی و ژیانی رۆژانە، داوای موعجیزەی لێدەکات، ئەو دیارنییە!، بۆیە ئەم باوەڕەسادەیە، لەواقیعی دژاواردا خۆی بەدرۆدەخاتەوەو بەجۆرێکیش لەچاوەڕوانیەکانی بەخودا نائومێددەبێتت، دواجار نائومێدییەکانی دەخاتە فۆرمی تیرۆرەوە، بەتایبەت کە بێهوایە لەوەی باردۆخی

ژیان باشبێت، هاوکات لەناخیشەوە لەپەیمانەکانی خودا بێئومێدە. چونکە ئەو باوەڕە پێوایە، بۆچی ‹ئەو› نەك هەر مافی باوەڕدارەکانی نـەداوە، بەڵکو ئاینەکەشی سەرناخات!

چونکە تیرۆریست و ئایینداره رادیکاڵەکان، دەترسان لـەوەی بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکان و سەرهەڵدانی بەهای نوێەوە، «خودا» لەئاسۆدا ئاوابێت، واتـە چیتر چەقی پێورو بەها بـەرزەکـان نەمێنێت و بەتەواوەتی بمرێت. لەکاتێکدا بەڵگەنەویستە کە بەهاو پێوەرەکان لەئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیای سەردەم، بەسەر رێساو پێوەرەئایینیەکاندا زاڵبوون. بۆیە، لەپەرچەکرداری بەرگریانەدا کەنەبادا «خـودا بمرێت» رزگاری بکەن!، بەڵام دواجار لەباتی رزگارکردنی، بەدەستی خۆیان کوشتیان و بەکردەوە تیررۆیستیەکانیان بوون و بایەخی ئەویان بێمانایانکرد.

### بێماناکردنی چەمکی خودایە

هەڵبەت، بێماناکردنی چەمکی خودا لەرێگەی تیرۆرەوە، لەنەفیکردنەوەی خوایەتیەوەیە، بێگومان بێماناییەکە هەر لەوەدانییە کە تیرۆریستەکان وێنەیەکی نەشیاو لەسەر ‹خـودا› دروستدەکەن، بەڵکو کاتێك کە دەیکەنە بوونەوەرێکی بێدەسەڵات و بێبەرنامە لەگەردووندا، چونکە ئەوە، چ ئەفرێنەرێکە کە کارەکانی بداتە دەستی مرۆڤی

لاساروسەرکەش؟ بۆ ژیان دەبەخشێت، ئەگەر حەوسەڵەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی نییە؟ تا پۆلیس ئاسا بەدوای نەگریسەکانەوەبێت؟ هتد...

ئیدی تیرۆر نەك ڕاستی و چەسپاوی باوەڕکردنە بەخودایەکی تاك و تەنها، بەڵکو بێباوەڕییەکی پەردەپۆشکراو سواخدراوە بەدەقی پیرۆز. ئەوانە باوەڕدارنین کە بەناوی خوداوە خەڵکی بێتوان دەکـوژن، بەڵکو خۆیان باوەڕیان بەخودا نییە، یان لەماناکەی نەگەیشتوون. کۆمەڵکوژیی، بێمانایی باوەڕدارێکە کە هیچ پەیام و توانای ژیانکردنی ئاشتیانەی نەماوە، جگەلە پووچکردنەوەی ماناباڵاکانی چەمکی خـودا، لەبەرئەوە پووچگەریی ئەو کردەتیرۆریستیانە لەوەدایە، کە دەیەوێت هەم خوداو هەم دەسەڵاتی خۆی لەڕی تیرۆرەوە تاقیبکاتەوە. واتە ساخیبکاتەوە کە ‹ئەو› هەیە یانا.

چونکە هێشتا گومانی هەیەو بەڵگەی زیندووی لەخوا دەوێـت. ئەیەوێت ‹خـودا› بەکردەیی بێتەناو هاوکێشەی ژیانەوەو کێشەکان لەجیاتی مرۆڤ بەلاداخات، واتە بەکردەیی بـوون و باڵادەستی خـۆی بسەلمێنێت! لەلایەکیتریشەوە، تیرۆریست دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هاومرۆڤەکاندا بخاتە ئاست و هاوشانی خوداوە! بەدەربیڕینێکیتر، وەك خودا بڕیاردەربێت لەسەر چارەنووسی مرۆڤەکان.

لەم سۆنگەوە، گرفتی تیرۆریزمی ئایینی لەبنەڕەتدا گرفتێکی بیروباوەڕییە. ساخنەبوونەوەی چەمك و مانای ‹خودا›یە لەخۆیدا. تیرۆریست مرۆڤێکە بەزمان و پەرستن و ئەرکەئایینیەکان

بـاوەڕدارە، نەك لەناخدا، تەنانەت هێشتا بەباشی نایناسێت، تەنها بەپەرستنێکی نەشیاو هەوڵی نزیکبوونەوەیدەدات. لەم پێناوەدا تیرۆر دەکاتە ڕێگەیەکی کورت و کارا. بەڵام، دواجار لەبازنەی باوەڕکردن بەخودا دەیکاتەدەر، لەبەرئەوەی چییەتی خودا بەو کردەوانە بەتاڵدەکاتەوە. بۆیەو شەهادەتەکەی بۆ مرۆڤەکانە، نەك خودا. واتە، دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت لەبەردەم خەڵکیدا، لەکاتێکدا ‹خـودا› پێویستی بەوەنییە. لەبەرئەوەی، با تیرۆریستەکان هاتوهاواری خـودا بکەن، بەڵام لەباتی بەرزڕاگرتنی (تەعالی) خودا، مرۆڤێکی ئالودەن بەخودێکی خۆبەرزکەرەوە، واتە لەهەوڵی خۆ-بەئایدۆڵکردندا دەیانەوێت لەمەلەکوتی ئاسمان و زەویدا نەمرو بەرزڕاگیرێن.

مرۆڤێك کە بەخوێن دەیەوێت بەسەرواقیعدا تێپەڕێت و بەکوشتن سەرووی مرۆڤ و دنیا زەمینی بکەوێت. خۆتەقاندنەوە، بەڵگەنییە لەسەر قوڵی و تۆکمەیی و راستی باوەڕدارێك، بەڵکو نیشانەی بێباوەڕییەکی شاراوە یا بەلانی کەمەوە گومانێکی خنراوە. ئیدی، تیرۆریزم «خەلەلێکی عەقیدەییە» بەپلەی یەك، چونکە بەهۆی خۆبەکوشتدان و کوشتنی خەڵکەوە، کەسێك دەیەوێت باوەڕەکەی بسەلمێنێت. بێگومان، دەبێتت ئەوە بووترێت کە مسوڵمانان دەبێتت و دەتوانن بەرەو ئەقڵانیەت و ئاینداریيەکی سەردەمیانە بـڕۆن. بەرەفتاری مرۆڤانەیان دەریخەن، کە هەموویان تیرۆریست نیین لەپێناوی ئەوەی تیرۆر مافی باوەڕو رەوایەتی ئایینەکەیان لێنەسێنێتەوە.

**2- ئایا داعش بێبەرییە لەئیسلام یا ئیسلام بێبەرییەلێی؟**

پرسیارێك كەپاش هەر كردەوەیەكی قێزەون دەوترێتەوە. بەڵام لەوە سەیرترو گاڵتەجاڕتر ئەوەیە، داعش لەكاری خۆی ناكەوێت و باكی نییەو بەردەوام ناوو دروشمەكانی ئیسلام بەرزدەكاتەوە. كەچی، رای گشتی و شارەزاو رەخنەگران، كەوتوونە سەفسەتەیەكی سەیرەوە: ئایا داعش بێبەرییە لەئیسلام یان بەپێچەوانەوە؟ ئەم پرسیارە كاوێژكراوە، پاش رووداوەكانی ‹پاریس› لەهەندێك وڵاتی ئەورپی و ئەمریكی رایەكی جیاوازی لێكەوتەوە. چەند سەركردەیەك وەك ئۆباما، فرانسوا هۆڵاندو لەگەڵ هەندێك كۆمەڵناس و سیاسەتمەدارو توێژەر، ئیسلامیان لەو هێزە بێبەریكرد. بێگومان، لەپێناو پاراستنی ئاسایشی كۆمەڵایەتی و كولتوری كۆمەڵگەكانیان كەپڕن لەكۆچبەری مسوڵمان بەرێگریكردن لەزاڵبووونی دەنگی شۆڤینیست و راستڕەوەكان بەسەر رای گشتی و پانتایی سیاسییدا.

پرسی ئایین، پەنابەرو كۆچبەران لەخۆرئاوا، بەدووباردا سوودی بەئەنجێندای دووڕەوتی سیاسی دژبەیەككردوە: ئەوانەی بیری كراوەوەو هیومانیست و لیبراڵن، بەناوی بێلایەنی و بابەتیبوونەوە رەتیدەكەنەوە كە پاشكەوتن و تاوانی تیرۆر بخەنە ئەستۆی ئیسلام خۆی. لەبەرامبەردا هیزەكۆنەپارێزو راستڕەوەنوێ و پۆپۆلیستەكان، بۆ زیادكردنی پێگەی جەماوەرییان، دژایەتی پەنابەرو پاساوی هەڕەشەی ئیسلامیان كردۆتە كارتی فشارو رێخۆشكەرێك بۆ گەشەكردنیان، بەڵام هەردووكیان ناتوانن دەربازبن لەپرسیارێك: داعش لەكوێوە هاتوون؟

**کێن و لەکوێوەهاتوون: کردەوەکانیان ناسنامەیانە**

لێرەدا ناگەڕێمەوە سەر ڕەگوریشەی مێژوویی، بەڵکو بۆ شرۆڤـەی پرسیارە سەرەکییەکە، ڕاپۆرتێکی ‹نیورک تایمز› بەناوی ‹تیۆلۆجیای سێکس لای جیهادیستەکان› باسدەکەم. ڕاپۆرتە شیکارییەکە گوزارشێکی ڕوونورەوانی شەرعەنەکردنی»کەنیزەك»ە کە ‹دەوڵەتی ئیسلامی داعش› لـە(2014/8/3) دا بەشێوەیەکی فەرمی ڕایگەیاند. لەوێدا هاتووە «پێشئەوەی خۆی بدات بەسەرمدا، بەدەستنوێژو کڕنوشەوە سوپاسی خوای کرد. وتی ئاینەکەم ڕێپێیداوم، هانمدەدات و بەڵێنی پاداشتیشی پێداوم. سێکسکردن لەگەڵتدا نزیکمدەکاتەوە لەخوداو دڵخۆشیدەکات» کچە ئێزدیە(١٢) ساڵەکە دەگێڕێتەوە، بۆیە بەڕای توێژەرێکی ناو ڕاپۆرتەکە: «هێرشەکەی شەنگال ئامانجی داگیرکاریەکی سێکسی بووە، نەك فراوانکردنی ناوچەیی».

مشتومڕەکە لـەسـەر ئـەوەیـە: جیهادیستێك ئیسلام دەکاتە پاساو. لەکاتێکدا بەڕای تیۆریستەکۆمەڵایەتیەکان، هۆکارەکە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتییە. گریمان، کابرا لەبەر حەزوتینویەتی سێکسی ئەوەدەکات و پەیوەندی بەئایینەوەنییە. تەنانەت ئایینیش وەك کچەکە قوربانییە! بەڵام، پرسیارەکە ئەمەیە، کابراکە نموونەوەی کردەوەکەی لەکوێوەهێناوە؟ کام مێژوویی خستۆتە بەرچاوی خۆی؟ پاشان، بۆ دەڵێت ئایینەکەم، نەك ئایدیۆلۆجیاو باوەڕێکیتر ڕێیداوم؟ ئەگەر سەرپێی بووترێت ئەمە ئیسلام نییەو بەرییە لەوکارە، ئیتر پێناسەی ئایین تەنها ئەوەیە، کە بەئەرێنی لەکتێبێکداو بەبۆچوونی کەسێك نـووسراوە! تێگەیشتنێك

که ئایینی پێجوانەو شەڕی تیانییە، بەڵکو پڕە لەبەزەیی و لێبوردەیی و هتد.

ئەم بیرکردنەوەیە، دەبێتت مێژووی ئیسلام بنووسێتەوەو لە جەنگوکوشتن پاکتاوکات. ئەو دەق و فەتوایانەی لەبارەی کەنیزەك وەك خاوەندارێتی، لابەرێت تا ئیسلامی ساغودروست پێشکەشکات. ئەم تێگەیشتنە بژارەییە، دەیەوێت ئیسلامێکیتر لەبەرامبەر ئیسلامی داعشییدا بەرهەمبەێنێت، بۆیە پرسیارەکە وەکخۆی دەمێنێتەوە: ئیسلامی راست کامەیە؟ هەر ئەوەیە کە لەدەقەکاندایە؟ ئەی کەسەکان، ئەزموونە پراکتیکیەکەی هەڵگرانی کە بەگوێرەی تیگەیشتنیان جێبەجێیانکردووە؟ کەواتە بۆچی داعش بەپاساوی شەرعی دەقـاودەق، رەوایەتی بەکارەکانی دەدات؟ لەبەرئەوەی ئەوشتەی خۆی دەیەوێت، لەدەق و مێژووی ئایینەکەدا دەستیدەکەوێت. دووەم، لەبەرئەوەی خۆی بەمسوڵمان دادەنێت. ئەگەر خۆی بە›کریستیان‹، ‹جو› یان بە›مارکسی‹ پێناسەکردایە، دەگەڕایەوە بۆ دەق و بنەماکانیان، کەواتە بۆ پەنا ناباتەبەر رێسایەکی تر؟

زانــراوە لــەدوای مردنی پەیامبەرەوە، شـەڕو ناکۆکی نێوان باشترین بــڕوادار، بـەزەبـری شمشێر رەوایـەتـی وەردەگـرێـت. هەر لەگومانکردن لەدایکی بـڕوادارانـەوە لەلایەن هاوەڵەکانەوە تا ساخکردنەوەی خەلافە چەندان جەنگی خوێناوی لێدەکەوێتەوەو لەوێدا جۆرەکانی کوشتن و سەربڕین و تاڵانبردن دەبنە مۆدێلێکی باو. دەیەها رووداوی

تر، کە مێژووی مسوڵمانان و ئاینەکە پێکەوەدەگێڕنەوەو هاوپێچ دەبن لەگەڵ خودی ئاینەکەدا. ئیدی، ئاینەکە ئەوە هەڵدەگرێت کە مرۆڤەکان هەمان چاوەڕوانیان لێیەتی و مەبەست و خواستەکانیان بەێنێتەدی.

**باوەڕدار لەباوەڕپێکراوەکەی جیادەکرێتەوە؟**

دەکرێتت باس لەمسوڵمان، بەبێ ئیسلام و بەپێچەوانەشەوە بکەین؟ ئایا باوەڕدار لەباوەڕپێکراوەکەی جیادەکرێتەوە؟ پرسیارێکی سادەنییە کە سەرپێی بیبڕێنینەوە، بەڵام ئەوەندەی ئایین مرۆڤەکان و ئەزموونی رۆژانەوی خەڵکی رێکدەخات، هێندەش تێگەیشتن و بەرژەوەندی باوەڕدار کاریگەرە لەراڤەکردنی دەق و گونجاندنی بەژیانی خۆی. بەرژەوەندی دنیایی و بەرژەوەندی ئایدۆلۆجی پەیوەستە بەباوەڕێکی زاتی مرۆڤەوە، بۆیە هۆکاری زاتی باوەڕو هەڵسوکەوتی باوەڕدار لەهۆکاری بابەتی(بارودۆخ) جیاناکرێتەوە.

ئیسلامێکی نامێژوویی بوونی نییە. کەسێك نابێتە هەڵگری باوەڕێك، ئەگەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئابوری-سیاسی هاندەرنەبێت. بەڵام، دیسان ئاینیش ناتوانێت جێکەوێت، ئەگەر توانای هەڵکردن و گونجانی لەژینگەمێژوویی و کۆمەڵایەتیەکەیدا نەبێت، بۆیە ئەگەر مسوڵمانان لەو هەلومەرجە زاتی و بابەتیەدانەبن، ناگەڕێنەوە بۆ ئایین تا پاساوی توندوتیژەکانیی پێبدەنەوە. ئایین پێدراوێکی کولتوری و دارشتەی کۆمەڵگەی خۆیەتی.

پەیوەندی باوەڕدارانیش بەئایینەوە، یەکلایەنە نییە، بەڵکو یەکتر تەواوکارە. لێرەوە، قسەکردن لەئیسلام بەئەرێنی یان نەرێنی وەك پێدراوێکی دەرەمێژوویی-نامێژوویی، هیچ راستیەك ناهێڵێتەوە بۆ هەڵگرەکەی.

پێدەچێت ئەو گوتارە پاکخوازە بژارکراوەی ئیسلامیەکان، لەسەر تێگەیشتنی هەندێك توێژەری خۆرئاوایی کاریگەربێت، لەکاتێکدا نیازی ئەورپییەکان هەمان ئامانجی ئیسلامییەك نییە. رەنگە توێژەرێکی ئەورپی لەبەر هەندێك رەهەندی گەشدار لەشارستانیەتی ئیسلامدا، بیەوێت بەجۆرێکیش پارسەنی ئەو وێنەنەرێنیانەی بەسەر زانست و شرۆڤە سیاسییەکاندا زاڵە بداتەوە. لەکاتێکدا دیدێکی نامێژوویی ئیسلامگەرێك بۆ میراتی ئایینی، لەپێناو سەپاندنی ناسنامەو پێناسەیەکی دۆگمادایە. هاوکات گوتاری جیاکاریی باوەڕدار لەسیستمەئایینیەکەی بەجۆرێك راکردنە لەبەرپرسیارێتی مێژووی و هەنووکەیی لەگیروفتەکان، هاوکات پاساوێکیشە بۆخۆدزینەوە لەهۆکارەکان و پاڵنەرەکانی باوەڕداران. لەبەرئەوە، بانگەشەی ئیسلامێکی پوخت و سازگار وەکئەوەی لەنێو دەقدایە، هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی رابوردوو و بانگەشەی چارەسەر لەمێژوویەکی بەسەرچوودا، مراندنی تواناکانی بیرکردنەوەی سەردەمییە.

هیچ لۆجیك و بەهانەیەك نییە لەکۆپیکردنەوەی رابووردوو بەپشتبەستن بەکۆیادەوەریەکان. لەم سۆنگەوە، تێزێکی

گرنگی روناکبیری عەرەب ‹جابری› مایەی سەرنجە: ‹مسوڵمانان خۆیان دینی ئیسلامن، نەك شتێکی تر›. بەدەربڕینێکی تر ئایین بیروباوەڕێکی رووت و دەرەهەست نییە، کە لـەدەرەوەی زەمەن و مێژوودا جێگربێت. بەپێچەوانەوە، ئیسلام ئەو هەلومەرج و بارودۆخەیە کە مسوڵمانان خۆیانی تێدادەبیننەوە. بەهان لۆجیك بیرمەندی ناسراو ‹ئەرکۆن› لـەپـرۆژەی ئەرکەلۆجیای دەقـدا جەختدەکاتەوە، دەق لەدەرەوەی مێژوودا نییە. کەواتە ئیسلام مێژووکردە.

کەواتە، هەوڵی جیاکردنەوە وەك پێناسەکردنەوەی ئیسلامە لەدەرەوەی زەمەنداو وەکئەوەیە جارێکیتر ببرێتەوە بۆ ئاسمان، چونکە ئەو دیدە بژارەیی و جیاکارییە، لەبنەڕەتدا تێگەشتنێکی جەوهەرگەرییە بۆ ئایین. واتە، وەك جەوهەرێکی بانمرۆیی و بانمێژووی راستە، بەڵام ئایین بەمە دەکەوێتە دەرەوەی ئەزموونی مرۆڤانەوەو بێمانا دەکەوێت، جگەلەوە ئەم تێگەیشتنە ناتوانێت هیچ پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی بێگەرد بکات، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا وەك بوونەوەرێکی ئاڵۆز، وەك ئەوەی نییە مادەیەك بخەیتە تاقیگەوە پوخت لەهۆکارەکانی دەوروبـەری دابیڕیت، بۆیە تەجریدکردنی ئیسلام قسەکردنە لەئاینێکی خەیاڵی کە نەبووەو نییەو نابێتت. مەگەر لەوێناکردنی ئیسلامییەکاندابێت. دەنا ئیسلامێکی پوخت و سازگار، لەدەرەوەی رەهەندەمێژوویی و ئەزموونە مرۆڤکردەکەی، واتە ئیسلامێك کە لەهیچ رووداو کێشەو پرسێکدا دیارنییە!

## ئەنجام

پێموایە نەداعش بەوکارانەی بێبەرییە لەئیسلام و نەئیسلامیش بێبەرییە لەکردەوەکانی. ئەگەرچی دەشزانم کە هەموو مسوڵمانێك داعش نییە؛ دایك وباوك، کەسوکاری و دراوسێ و هاوڕێکانم داعش نیین، بەڵام ناشاردرێتەوە کە هەژمونی ئایین-باوەڕیی توانایەکی سیحری لەسەر هەستوسۆز هەیە: لەباریدایە باوەڕدارێکی ئاسایی بکاتە شەڕەنگێزو دەستدرێژیکەر بەهاندان و چاولێکەری نموونە مێژوویی و دەقەکانەوە. وتنەوەی دەقەکان وەك ئەوەی کە هەیە، بۆخۆی پڕە لەتوندوتیژیکردن بەبیرکردنەوەی پرسیاریی و رەخنەیی، چونکە هەوڵێکە بۆ کۆپیکردنەوەو دووبارەکەردنەوەی مێژوورییەك. هەیە بەهۆی لاوازی ئاستی هۆشیاری و لێکدانەوەوە، پێیوایە دەبێت وەك سەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵاکانی ژیانبکات.

ئەم گەڕانەوە توندڕەوە دەقاودەقە، کە گوتارێکی ئیسلامی لەپشتەوەیە، ژیری و سەردەم دەخاتەلاوە. ئێستا بەهەزار ساڵی رابووردوو دەچوێنێت و لەمێژوودا دەژی، ئێستاو داهاتوشی بۆ ئەودنیا هەڵگرتووە! ، بەڵام زاناو بیرکراوەکان دەتوانن تێگەیشتن و شێوازی بیرکردنەوەی مسوڵمانان بگۆڕن و لەسەردەمەکە نزیکیان بخەنەوە، کە ئەوجۆرە دەقانە بەوجۆرەی جێبەجێکراون چیتر دەستنادەن. مانەوەی ئیسلام هەر لەدەقدا کۆنابێتتەوە، بەڵکو لەئەزموونە مرۆڤیکەشیدایە. مێژووی ئیسلام، مێژووی باوەڕدارو هەڵگرانیەتی لەسەرهەڵدانییەوە تائێستا. کاتێکیش کردەوەکانی داعش دەق و بەڵگەی ساغیان هەیە، لەبەررۆشنایی مێژوودا ناوازەو ریزپەڕو تازەنیین، بەڵکو هەوڵێکی شێلگیرانەی دووبارەکردنەوەن!

# دوابەش و كۆتایی

**1-پاش داعش: چۆن قسە لەسەر ئیسلام بكەین**

ڕەنگە هێشتا كە لە شەڕی دەستەویەخەداین، قسەكردن لە قۆناخی پاش-داعش زوو بێ، بەڵام پاش هەموو ڕووداوێكی مەترسیدار و كردەیەكی تیرۆر و توندوتیژانە بە دەستی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەكان، ئیسلام لە نێو ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەكان و ڕای گشتی مرۆڤایەتیدا دەبێتەوە بە جێگەی مشتومڕ و قسەوباس. ئەگەرچی بە هۆی ئەو كردەوانەی لەباتی بیركردنەوە و ڕەفتاری ئەقڵانی، ڕەنگی خوێنیان هەڵگرتووە، دەكرێت ئامانجێكی ڕانەگەیەنراو و نەوتراوی لە پشتەوە بێ: ئیسلام خۆی بە ستەملێكراو دەزانێت و لە ڕووی سیاسی و شارستانی و كولتورییەوە پەڕاوێزكراوە. ئایینێك كە لەگەڵ هەموو ئەو كردانەدا، بە جۆرێك لە خۆڕاپسكان هەوڵی خۆڕزگاركردن بدات لە گۆشەگیریی نێو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

بۆیە هەر خۆڕاپسكانێك هـاودەم و هاوكاتە لەگەڵ توندوتیژی، خوێن و كارەسات دروستكەردا. ئەو هێرش و پەلامار و ڕەفتارانەش، بە دیوێكدا پەرچەكردار و كاردانەوە و بەرگریخوازانەیە، وەلێ بە دیوێكدا درێژەدانە بە كردە و كارێك، كە بەشێكە لە زنجیرەی مێژووی ئایینەكە خۆی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ كارەساتی یانزەی سێپتەمبەر، ئەو كردەوە هێندەی ترسنانەوە و دڵەڕاوكێ و لێدانی سیمبولی شارستانی هێز و دەسەڵاتێكی ئابوری و سیاسیی جیهانە، ئەوەندە لە خـودی تەقینەوەكەدا چـاوی نەبڕیبووە دەستكەوتی

دوورمەودا و ستراتیجی. چونکە ئامانجەکە و کاریگەرییەکەی تەنها گورزوەشاندن لە سیمبولی هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا بوو، نەك ڕووخان و چۆکدادان بە زلەیزێکی وەها.

بەڵام هاتنی داعش، بەو خێراییە گورجبڕ و سەرتاپاگیرە، باهۆزێك و دەنگدانەوەیەکی سەرتاپاگیری هەبوو لە جیهاندا، جۆرێك کۆدەنگی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ لێدانی ڕاستەوخۆ لە تیرۆر دروست کرد. جگە لەوەی وێنەی ئیسلام، موسوڵمان سەرلەنوێ کەوتەوە ژێر پرسیار و سەرزەنشت و ڕەتکردنەوە، هاوکات خودی ئیسلام جارێکی تر لە ڕووی تیۆلۆجی، سیاسی و زانستەکانی ترەوە خۆی سەپاندەوە. وەك بابەتێك کە هێشتا قسەی زیاتر هەڵدەگرێ و لە ڕووی زانستی و توێژینەوە تێر نەبووە. جگە لەوەی تێزگەلی پێکدادانی شارستانیەتەکانی ‹هەنتگتۆن›، کۆتایی مێژووی ‹فۆکۆیاما› و ڕوانگەکانی ‹بیرنارد لویس›، کە چۆن ئیسلام بخوێننەوە، کورت دەهێنن. تەنانەت ئەوە هێشتا پرسیارێکی نەکراوە، کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەم ئایینەدا بکرێت و ئاسۆی ئەو پەیوەندییە چییە و چۆنە؟

دیـارە پێش وەڵامـدانـەوەی ئەو پرسیارانە، دەبێت بە دیاریکراوی بزانین: کام ئیسلام؟ کێن ئەوانەی بە ناویەوە دەدوێـن و نوێنەری ڕاستینەن؟ بە دەربڕینێکی تر: ئایا مەبەست لە ئیسلام، ١- وەك دەقێکی ئایین؟ یان ٢- وەك خوو ونەریت و کولتوور؟ یان ٣- وەك مێژوو؟ یان ٤- وەك خۆراك و زەمینەی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان؟ یان ٥- ئەزموونێکی مرۆڤکرد و ڕەفتاری باوەڕداران؟ چونکە دیارە هەموو ئەمانە بەشێکی چەمکی ئەو ئیسلامە هەڵدەگرن کە لە جیهانی موسوڵماناندا هەن.

لێرەوە، قسەکردن لەسەر ئیسلام وەك خۆی و وەك دەرکەوتێکی سیاسی و کولتوری و مێژوویی کە ڕەهەندە مرۆییەکەی دەگرێتەوە نابێتت لەشرۆڤەو شیکردنەوەکاندا نادیدەبگیرێت. بەدەربڕینێکی تر، ئەو دیدە جەوهەرگەریی و گشتگیرخوازە لەمیتۆدی توێژینەوەکاندا کە دیـاردەو دەرکەوتەکان دەگێڕێتەوە بۆ تەنها یەك هۆو هۆکارو پاڵنەر بەجۆرێك رادیکاڵیەتی تێدایە. هەمان بیرکردنەوەی ئیسلامیە رادیکاڵەکانە کە هەڵگری گوتاری هەقیقەتێکی رەهاو نامێژووین. ئەو گوتارەی کە پێیوایە یەك ئیسلام بەیەك روخسارو سەرچاوەوە هەمیشە لەدەرەوەی مێژووەوە دێتە ناو رووداوەکان و مرۆڤەکان هەڵدەسوڕێنێت!

کەواتە، قسەکردن لەسەر دیاردەو هۆکارەکان زۆر لەوە هەڵدەگرێت، کە بەیەکدوو رستەی ئامادە ببڕێنرێتەوەو دەستنیشانبکرێتت. زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و کولتوری هەیە، کە لە جیهانی مسوڵمانانداا بەنەزانراوی ماونەتەوە. هەڵبەت، ئەوە لای خودی کۆمەڵگە مسوڵمانەکان هۆشیاری و خۆئاگایی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. هێشتا راڤەو لێکدانەوە میتافیزیکیەکان بۆ دیاردە سیاسی و ئابوریەکان وەڵامێکی ساخ و بەردەستن!

## 2-چۆن لە پەیوەندی کورد بەئیسلامەوە بگەین؟

بۆچی کۆمەڵگەو نەتەوەیەکی وەك کـورد، کە دابـڕاوە لەپێشکەوتنی زانستی و شارستانی، هەمیشە پابەندو هەڵەوگیری ئەم ئاینەن؟ بۆچی کاتێك کە کورد دەبینێت داعش بەو دڕندەییە بەناوی ئیسلام و دروشمەکانیەوە، خەریکی

وێرانکاری و کوشتوبرە، لەباتی پرسیار دەربارەی چییەتی ئایین و باوەڕەکە بکات و سەرلەنوێ قەتماخەی ئەو مێژووەی دەسەڵاتی ئایین بەسەریدا سەپاندوویەتی، بخوێنێتەوەو بزانێت ئایینەکە لەبنەڕەتدا چۆن و بەچ میکانیزمێك گەیشتۆتە کەژو چیاکانی کوردستان؟ بەچ هەڕەشەوترسێك کوردان و خاکەکەی رادەستی سوپای ئیسلام بوون؟ ئاینێك کە نامۆو دوورە لەسروشت و کولتوری کۆمەڵگەی بۆ وەها جێیخۆیکردۆتەوە؟ ئاینیك کە هەزار ساڵە لەنێو گەلێکدایە، بەڵام هێشتا رێورەسم و نوێژو دروشم و پەرستشەکانی، هەر بەزمانێکی بیانیە، کە کوردێك خۆشی نازانێت چی دەڵیت و چیدەگەینێت، هەرئەوەندە دەزانیت کە نوێژدەکات، بەڵام درك بەوەناکات کە هەموو ئەو ساتەی پەیوەندی لەگەڵ خودا دەکات، دەبێتتە عەرەبێك لەخۆیداو بێئەوەی بەخۆی بزانێت؟

چۆن ئەو مرۆڤە، ئەو مێژوو و راستیانەی لەبیرچۆتەوە؟ لەبەرچی ئێستا داکۆکی و بەرگری لەو ئاینەدەکات و لەپێناوی ئامادەیە هەموو شتێکیتر بخاتەلاوە؟ ئایا هەر لەبەرئەوەی هەلومەرجی کولتوری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هیشتا لەبارە کە ئایین کاری خۆی بکات؟ ئایا ئەوەچییە کە وادەخوازیت مرۆڤەکە پابەندو گرێدراوبێت بەو ئایینەوە؟ یان مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمێك کە بە ‹میکانیزمی بەرگری› ناودەبەم.

مەبەست لەم میکانیزمە، ئەو رێگەیەیە کە نەژادو کۆمەڵە مرۆڤێك لەپێناو مانەوەو لەناونەچوونی سەرتاسەریدا، خۆی رادەستی ئاینێك بکات و ملەکەچی رێساکانی باوەڕەکەبێت، واتە لەپێناوی ئەوەی ژیان و گیانی بپارێزرێت و بەس. ئیتر هەرچی ناوی رێزو پیرۆزکردنی ئاینەیەکەیە، لەبنەڕەتدا

سەرچاوەکەی ئەو ترسە دێرینەیە کە ئەم گەلە لەبەردەم سوپایەکی بێبەزییدا هەڵیبژاردووە.

ترس لەکوشتن و تالانکردن و بەحەلالکردنی ژن و ماڵ و خاك، وایکردوە لەنێوان شمشێرو باوەڕدا، کورد باوەڕ هەڵبژێرێت. دەنا ناچێتە ئەقڵەوە، گەلێك لەناوچەیەکی دوورەدەست و دابڕاو لەنێو چیاو کەژو شاخە سەختەکاندا، بیروباوەری بگۆڕێت یان ئاینێك بەزمان و کولوتورێکیترەوە هەڵبژێرێت، دواتر خۆشی ببێتە جەنگاوەر لەپێناویدا. ترس لەتیاچوون و قڕکردن و قەلاچۆکردن، وایکرد گەلێك باوەڕێك هەڵگرێت. ئەگەرچی ئێمە بەوردی باوەڕی کورد لەو سەردەمانەی هاتنی ئیسلامدا بەوردی نازانین. جگەلەوەی زەردەشتی باوبووە، بەجۆرێك کورد لەلایەن سەردەستەکانەوە چەوسێنراوەتەوە، بەڵام هێشتا ئەوە هۆکاری گۆڕینی بیروباوەڕەکەی نییە.

وەکچۆن ئێستاش کەس بەئاسانی ناتوانێت بیروباوەڕی خۆی بگۆڕێت و بەکۆمەڵ بڕۆنە سەربیروباوەڕێکی نامۆ، کەواتە فاکتەرەکە ترسە لەبنەڕەتدا نەك پیرۆزی و گرنگی ئایینەکە. هەر بۆیە، دەبینین چینی ئایندراری خوێندەوار ئەوانەی خۆیان بەسەیدو شێخ و مەلازادە دادەنێن، هەمیشە بۆ رامکردن و ملەکەچکردنی خەڵکی، پشت و رەچەڵەکەی خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر لەکاتێکدا بانگەشەی کوردایەتیش دەکەن. هەڵبەت، لێرەدا رێسای گەمەکە دیارو روونە: بۆئەوەی رێزت لێبگرن و دەربازبیت لەچاودێرو پرسیاررو گومان، بەخۆبردنەوە سەرنەوەی پێغەمبەر، رەوایەتی بۆکارو بەرژەوەندیەکانت بەدەستدەهێنیت. ئەو خۆگەڕاندنەووە لە لێپرسینەوەو رەخنەی خەڵکی دەتپارێزرێت.

بێگومان، هەمان شت راستە کە زۆربەی ستەمکارەکانی دنیای ئیسلامی لەدێرزەمانەوە، توانیوایە بەپشتی باوەڕی ئایینی، قەڵای ستەم بەهێزبکەن و خەڵکی ملکەچکەن و گیانی یاخیبوون و نارەزاییان سەرکوتبکەن. هەمیشە، دژایەتی دەسەڵاتی سیاسی وەك کوفرێك حسابکراوە. بەردەوام پیاوانی ئایینی -موفتی- لەپاڵ تەختی سوڵتان و سەرۆکەکاندا، کاریان بۆ سەردانەواندن و پتەوکردنی پێگەی ستەمکارەکان کردووە! ژمارەیەکی کەم نەبێت کە دژی ستەم و چەوسانەوەبوون بەناوی ئایینەوە، دەنا زۆرێك لەپیاوانی ئایینی ئامرازێکی کاراو چەپۆکێکی دەسەڵاتی رەهابوون.

دیارە، وەك هەمیشە ووتومە دژ بەئازادی بیروباوەڕنیم، جا ئەوە هەرئایین و باوەڕێك بێت و یا هەرناوێکی هەبێت، بەڵکو گرفت لەوەدایە کەسانێك بەناوی باوەڕەوە گوتارێکی سەرتاپاگیر بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەکاربەێنین. گوتارێك کە بۆیاخی پیرۆزێتی لەخۆیداوەو خاوەندارێتی هەقیقەت و پێوەری چاکەو خراپەی لەسەرخۆی تاپۆکردووە. هەمیشە بانگەشە بۆ گوتارێك بەناوی هەقیقەت و پیرۆزییەوە لەلایەن کەسان و گروپێکەوە، دەبێتت جێگرەوەی خودی بیروباوەرو رێنماییەکان. لەمەوە، وتاربێژو پیاوانی ئایینی خۆیان دەبنەپیرۆزو پێوەرو بڕیاردەر لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان. لەمەشدا ئیتر هیچ جیاوازیەك نامێنێت لەنێوان داعش کەبەناوی هەقیقەتەوە ملی راستیەکان دەپەڕێنێت و ئەوانەشی گوتاری ئایینی دەکەنە ئامراز بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان. جا ئەوە دەسەڵاتی سیاسی بێت، یان هەر گروپ و رێخکراوێکی ئایینی.

## دوا وتە لەباتی ئەنجام

دیارە هەرگیز قسەی کۆتایی لەسەر دیاردەو بابەتێك ناکرێتت کە خۆی هێشتا کۆتایی پێنەهاتبێت. بۆیە ئەم باسوخواسە فرەلایەنە لەبارەی کورد و ئیسلامەوە، جگە لە خستنەسەرپشتی دەرگای توێژینەوە و وتوێژ، هاوکات جوڵاندنی توانای پرسیار و ڕەخنەیە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی ڕابردوودا، هەمیشە و بەگوێرەی توانا هەوڵم داوە ئەو قەتماخە بەستووەی لەسەر پرسی ئایین و کۆمەڵگەی کوردی نیشتووە، بخەمە بەر پرسیار و ڕەخنە.

هاوکات کۆشاوم بۆ ئەوەی خۆم بەدوور بگرم لەو بەرەگیرییەی هەوادار و ئەوانەی مافی بەرگریکردن لە ئایین بە خۆیان دەدەن، ئەوانەشی کە بە ناوی ڕەخنەوە هەمان میکانیزمی توندوتیژانەی باوەڕدارەکان دووبارە دەکەنەوە. پێموایە، ئەو جۆرە قسەوباسانە جا بەرگرینامە بن، یان هێرش و پەلامار، هێندەی تر دەبنە هۆی سستکردن و بەبنبەستکردنی پرسیار و وتوێژ لەبارەی ئایینەوە، لەبەرئەوە جەنگاوەری بەرگریکار لە ئایین و جەنگاوەری ڕەخنەگریش، ناتوانن ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو ون بکەن: دەبێت پرسیار و ڕەخنە و بەدواچوون لەبارەی ئایینەوە بکرێتت.

بەداخەوە، ئاییندا‌ری ئەمڕۆ بۆتە زۆنگاوی نەفامی و بێدەنگکردنی بیرکردنەوەو پەکخستنی ژیریی و کوشتنی پرسیارەکان، لەبەرئەوە زێدەڕەویی نییە، ئەگەر بووترێت

کە مەترسیدارترین و کوشندەترین نەفامی(جەهل) ئەوەیە، کە بەرگی ئایینی پیرۆز لەبەرکات. نەك هەر لەبەرئەوەی رووخساریی نەزانی و نەفامیەکەی بە پاساویی پیرۆزیی و بێخەوشی دەداتـەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەشی کە تێنەگەیشتن و ناحاڵیبوونەکانی دەبێتە جۆرێك لە ئاییندارییی و تاسەر ئێسك داکۆکی لێدەکات و مافی لەناوبردنی ئەویتر دەدات.

ئیدی جۆرێك لەئاییندارری رەواج و برەوی هەیە، کە مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ رۆبۆتێکی زیندوو. مرۆڤگەلێ کە تەنها بە سزا لەکاری چەوت و چەوێڵ بگەڕێتەوە، تەنها بەپاداشت و بەرات کاری راست بکات، رۆبۆتێکی پرۆگرامکراوە. چونکە نابەرپرسیارە بەرامبەرخۆی، بۆیە ئەگەر پاڵنەرەکانی چاکەو گێڕەرەوە لەخراپە پێوەرو بەهارەوشتیەکان بێ، یان قانون و ئایین بێ، بۆخۆیان هیچ ماناياکیان نییە، لەبەرئەوەی رۆڵی مرۆڤی خۆی تێداوونە. مرۆڤ تەنها وەك خاوەن ئەقڵی بڕیاردەر، بەرپرسە لەئەنجامی رەفتارەکانی ئەگەر سزاو پاداشتیش نەبێ. ئەگەر تەنها لەپێناو پاداشتی دنیاو دوارۆژدا کاری شیاو بکەین و لەبەر سزاو لێپرسینەوە خراپە نەکەین، ئەوا نەخواپەرست و نەقانون خواز و نەئەقڵدۆستین، بەڵکو وەك هەر زیندەوەرێکیتر: لەبەر ترس، هەڕەشەی تیاچوونەوە دەجوڵێنەوە. دەنـا لەهەموو گیاندارو زیندەوەرێکی ئەم سەر زەوییەدا دڕەندەترو گێرەشێوێن

تریین. چونکە ئامرازەکانی زانست و تەکنەلۆجیاو پارەو سامان و دەسەڵات لەپێناو خۆماندا بەکاردێنین.

چیدیکە بۆ نەتەوەیەکی وەك ئێمە شیاو گونجاو نییە کە نەتوانێ خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆئەوەی باوەڕی پێیەتی، نەکات، یان ئەگەر بڕیاریش بێت، کە وازی لێبەێنێت. ناکرێتت هەمیشە ئایین لە نێو کولتوور و بیرکردنەوە و خەیاڵدانی ئێمەدا خۆی بەرهەم بەێنیتەوە و سەرجەم کایەکانی ژیانمان پاوان بکات، بەڵام بیرکردنەوەی ئەقڵانی بوێری نەبێت بچێتە ناوییەوە و شرۆڤەی بکات، واتە لێکدانەوە و بەدواچوون بۆ کاریگەریی و شوێنەوار و بنەماکانی نەکات. بە دەربڕینێکی تر، ناکرێتت هەمیش ئایین لە ناو ئێمەدا بێت، بەڵام ئێمە بە بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ئەودا نەبین و بوێریی خوێندەوەیمان بۆ نەبێت. چیتر بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت ئایین هەر لەبەر پیرۆزییەکەی لە نێو باوڵ و سندوقە کلۆمکراوەکانی سەر تاقە بەرزەکان بمێنێتەوە و ژیانمان ئاڕاستە بکات.

ئەوەی ئەمڕۆ درکی پێدەکرێتت و بەئاشکرا بۆتە روخسارێکی کولتوری و ناسنامەی شارستانی ئێمە، ئەوەیە کە ئیسلامیزم بەجۆرەکانیەوە لە سەلەفیزمەوە بیگرە تا فۆرمە کاڵەکانی تری ئاییندارى، هەموو بەجۆرێك سەرگەرمی ‹ئەسیمیلەیشن› تواندنەوەی کولتوری ئێمەن. جۆرە هەوڵێکی شێلگیرو سەرتاپاگیر لەئارادایە کە هەڵگری گوتاری گەرانەوە بۆ رەسەن و رزگارکردنی ئێمەی

کوردە. ئەم پرۆسە ئاییندارییکردنە لەخۆیدا جۆرێك ستەم بەرهەمدەهێنێت کە کوشتنی دەنگ و ڕەنگی جیاوازە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئایین و ئاییندارى ئەمڕۆ کراوەتە ئامرازی تۆڵەکردنەوەو سوکایەتی پێکردن و بڵاوکردنەوەی نالێبوردەیی، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کاتێك ئایین بووە ئامرازی تۆڵەو رقوکینەو هەڕەشەو مەترسی، ئیتر نەخواپەرستی و نەمرۆڤدۆستی و نەچاکەیە، بەڵکو قەسابخانەی ئەهریمەنێکە کە لە خوێنڕشتن و گێرەشوێنییدا وەستایی خۆیی بەکاردەهێنێت. ئەمەشمان لە دڕندەیی سیستماتیکی داعشدا بینی کە لوتکەی خواپەرستی و ڕێگەی بەهەشتی لەسەربڕین و ئەتکردنی ئابڕوو و کوشتوبڕدا گرتەبەر.

دەمەوێت ئەوەش وەبیر خوێنەران بهێنمەوە، کە من ئایین و ئاییندارى لە کوردستاندا وەك دەرکەوت و دیاردە شرۆڤە دەکەم، لەبەرئەوەی ئەگەر لە هەندێك جێگەدا ڕەنگە پشتم بە پسپۆڕ و نوسەرێك بەستبێت، بەڵام لە هەندێك شوێندا بە لێکدانەوەی خۆم شرۆڤەکاریی دیاردەکەم کردووە، ئەگەر لە هەندێك جێگەشدا ڕەخنەم لەو میتۆد و دید و بۆچوونانەی کە بۆ نموونە، باس لە ‹داعش› دەکەن، گرتبێت، ئەوە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی وتوێژ و ڕای بەرامبەر نەبووە، بەڵکو جۆرێکە لە قایلبوون، کە ئەو جۆرە تێگەیشتنانە چیدیکە ناتوانن هاوکارمان بن لە تێگەیشتن و لێکدانەوەدا.

ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەی، کە ناکرێتت هەمیشە و هەر جارێك بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕووداو دیاردەیەك خێرا پشت بە وەڵامە ئامادەکراوەکان ببەستین. بۆیە ئەمە یەکێك بووە لە ئامانجی ئەم کتێبە، کە دەبێتت ئێمە، جا ئەوە ڕۆشبیر و نوسەران بن، یان ئەکادیمیست و توێژەران، خۆبەخۆ لەسەر بابەتێك بدوێین، کە ڕەگوڕیشەی قووڵی لە خۆماندا (کۆمەڵگەو کولتوورەکەماندا) داکوتاوە. ئەگەرچی خوێندنەوەی خۆماڵییانەی دیاردە و دەرکەوتێکی خۆمانەیی، کارێکی ئاسان و هەروا بانگەشەیەکی سەرپێی نییە. سەرەڕای ئەوەی مەترسی و ڕیسکەکانیش لەولاوە بوەستێت، لەبەرئەوە توێژینەوە و پرسیارکردن لە دیاردەیەکی وەك ئایینداری و توندوتیژی بەبێ بەربەرەکانی و گرفت نابێتت.

دواجار بەم باس و لێکدانەوانە دەرگەی گفتوگۆو لێکدانەوەو شرۆڤەکاری دەخرێتە سەرپشتن نەك داخستنیان. ئێمە دەبێت لەو دۆگمایەی نووسینیش خۆمان رزگارکەین کە تاقە وتارو کتێبێك هەموو تانوپۆی بابەتەکە رووماڵکات و بخاتەبەردەست. نەخێر، هەموو کتێب و وتارێك سەرەداوێکە، هەڵبژاردنی گۆشەنیگایەکی ترە بۆ سەررێخستنی وتوێژو گفتوگۆی زیاتر لەبارەی بابەتێکەوە.

## سەرچاوەکان:


1. Benjamin Barbar . In 11 september het keerpunt . Atlas . 2001

2. Het International Status van de Recht van demens . Verenigde Naties . Newyork ، 1978

3. Barry .A . (2001) “Demonstration ; Sites and Sights ; in” Political Mechines . The Athlone press . London، pp . 175-196.

4. Michael Ignatieff “Mensenrechten en terreur” Damon 2002

5. KarL Popper: Open Society and its Enemy.

6. Michel Focoualt ، “What are the Iranians dreaming ? Translated by

7. Michiel Leezenberg vanuit Le Nourel obser vateur no 727 . October . 161978 . 22-

8. “The Future of Political Islam». Foreign Affairs March \ Graham Fuller. April -32002

9. Man and his symbols: Carl G. Jung. P. 83 1998

10. ‹مدخل الى حقوق الانسان فى كوردستان العراق›. د . صلاح محمد عزيز . 2000 . ASK.

11. ‹خوێندنەوەیەك بۆ مافی مـرۆڤ لە دەقـە ئیسلامی و مرۆڤیەکانەوە›. بکر حمە سدیق . ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی . 2002

12. لوك بینوا: اشارات، رموز و اساطیر، ٥. عویدات للنشرو الطباعە. بیروت .ت. فایز کم نقش٢٠٠١

13. تیری ئیگڵتن: الٲرهاب المقدس. ت: اسامە اسبر (٥-٦). بدایات للطباعە و النشر و التوزیع. سوریە، ط ١ ، ٢٠٠٧.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2014 | لوقمات رووف | | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | 23 |
| 2014 | کۆمەڵێك نوسەر | | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | 24 |
| 2014 | کۆمەڵێك نوسەر | | ئاشنابوون بە درێدا | 25 |
| 2013 | ماجد خەلیل | | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | 26 |
| 2014 | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | ماو تسی تۆنگ | کتێبی سور | 27 |
| 2014 | ستران عەبدوڵڵا | | سەیران بۆ سەرێکانی | 28 |
| 2014 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | گەندەڵی | 29 |
| 2015 | پێشەوا فەتاح | کۆمەڵێك نوسەر | یوتۆپیا | 30 |
| 2015 | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | 31 |
| 2015 | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | 32 |
| 2015 | ڕێکەوت ئیسماعیل | بریتا بولەر | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | 33 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | | داعش و داعشناسی | 34 |
| 2015 | ماجید خەلیل | | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | 35 |
| 2015 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | سەجعان میلاد ئەلقزی | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان ئەو ڕوداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | 36 |
| 2015 | ئەرسەلان حەسەن | | ئاشنابوون بە بێرکلی | 37 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | | ئاشنابوون بە باشلار | 38 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | | ئاشنابوون بە دیکارت | 39 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | | ئاشنابوون بە هایدگەر | 40 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | 41 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون به ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون به سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون به پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون به دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون به دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون به لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون به لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون به لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون به ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون به بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون به پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون به پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون به ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون به رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون به رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون به کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون به تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | ئاشنابوون به تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بەمانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان‌حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارەتیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |